حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتیی زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

بەشی زمانی کوردی

# خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا

## (ژەهری زمانیی) بە نموونە

تێزێکە

**پێشکەوت مەجید محەمەد**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە
پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ.د.مهاباد کامل عەبدوڵا**

(٢٧٢٢)ی کوردی

(٢٠٢٢)ی زایینی

# ڕاپۆرتی سەرپەرشت

ئەم تێزە بە ناونیشانی (**خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا (ژەهری زمانیی) بە نموونە**)، بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

ناوی سەرپەرشت:

پ.د.مهاباد کامل عەبدوڵا

ڕۆژ: ٨ / ٩ / ٢٠٢٢

بەپێی ئەو پیشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ.ی.د.محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ١٨ / ١٠ / ٢٠٢٢

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم تێزەمان بە ناونیشانی **(خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا (ژەهری زمانیی) بە نموونە)** خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکار (پێشکەوت مەجید محەمەد) گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە، بە پلەی ( ) بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

پ.د.شهاب طيب طاهر

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.د.ئومێد بەرزان برزۆ

ئەندام

ڕۆژ: ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.د.شیلان عومەر حسێن

ئەندام

ڕۆژ: ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ئەندام

ڕۆژ: ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.ی.د.مزگین عبدالرحمان احمد

ئەندام

ڕۆژ: ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٢

پ.د.مهاباد کامل عەبدوڵا

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ١٥ / ١٢ / ٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلێجی زمان

ڕۆژ: ١٩ / ١٢ / ٢٠٢٢

## پێشکەشە بە

* گیانی پاکی باوکی کۆچکردووم.

* دایکم، کە بە نزاکانی پاڵپشتی سەرکەوتنەکانمان بووە.

* هاوسەرەکەم (پرشنگ) و منداڵەکانم (دانیار، ژیار، ژیلا).

* خوشک و براکانم.

* هەموو ئەوانەی، کە لە خەمی پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردیدان.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینم بۆ:

* بەڕێز (پ.د.مهاباد کامل عەبدوڵا)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزەکەی گرتەئەستۆ، پێبەپێی لێکۆڵینەوەکە، دڵسۆزانە هاوکاریی زانستی کردووم، سوپاسی متمانە و ماندووبوونی دەکەم.

* خێزانەکەم (دایک و هاوسەر و خوشک و برا و منداڵەکان)م، کە لە قۆناغەکانی خوێندندا پێمەوە ماندووبوون و کاتەکانی ئەوانم بە خوێندنەکەم بەخشیبوو.

* سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی، کە پیشەییانە و دڵسۆزانە هاوکارمانبوون.

* دکتۆری زۆر بەڕێز (مستەفا ڕەزا مستەفا)، کە بە پێدانی سەرچاو و پێداچوونەوەی زانستی هاوکارمبووە.

* هەموو ئەو مامۆستایانەی، کە لە قۆناغەکانی خوێندندا زانست و زانیارییان پێبەخشیوم.

* هەموو ئەوانەی، کە لە ڕێگەی پێدانی سەرچاوە و وەرگێڕان و بەدەستخستنی ئامارەکان، هاوکارمبوون.

# فەرهەنگی زاراوەکان

| بە زمانی ئینگلیزی | بە زمانی کوردی |
|---|---|
| Abbreviation | کورتکردنەوەی تاک پیتی/ئەلفبێی |
| Acronym | کورتکردنەوە |
| Bilateral borrowing | خواستنی دووسەرە/دوولا |
| Bilingualism | جووتزمانی |
| Blending | تێکەڵاوکردن/ئاوێتەکردن |
| Borrowing patterns | تەرزەکانی وشەخواستن |
| Clipping | پارچەکردن |
| Code Mixing | کۆدتێکەڵکردن |
| Code switching | کۆدگۆڕین |
| Compounding | لێکدان/دووڕەگ |
| Direct borrowing | خواستنی ڕاستەوخۆ |
| Donor language | زمانی بەخشەر |
| Elevation in the meaning | بەرزبوونەوەی واتا |
| Extension in the meaning | فراوانبوونی واتا |
| Extinct Languages | زمانە لەناوچووەکان |
| Global Language | زمانی جیهانی |
| Grammatical borrowing | ڕێزمان-خواستن |
| Head-final | سەرکۆتا |
| Head-initial | سەرسەرەتا |
| Indirect borrowing | خواستنی ناڕاستەوخۆ |
| Individual borrowing | خواستنی تاکەکەسی |
| Language Change | گۆڕانی زمان |
| Language clash | بەریەککەوتنی زمانیی |
| Language Community | کۆمەڵگای زمانیی |
| Language conflict | ململانێی زمانیی |
| Language Death | مردنی زمان |
| Language Globalization | جیهانگیریی زمانیی |
| Language Planning | پلانی زمانیی |
| Language politics | سیاسەتی زمانیی |

| | |
|---|---|
| Language Shift | زمانگۆڕین |
| Learned Word borrowing | خواستنی زاراوە پسپۆڕییەکان |
| Linguistic borrowing | خواستنی زمانیی |
| Linguistic Knowledge | کۆزانیاریی زمانیی |
| Linguistic suicide | پاکتاوکردنی زمانیی |
| Linguistic toxicity | ژەهری زمانیی |
| Loan Blending | وشەی خواستراوی (تێکەڵاو/ئاوێتە) |
| Loan exchange | گۆڕینەوەی وشەی خواستراو |
| Loan interpretation | گوزارشتکردن لە وشەی خوازراو |
| Loan shift | گۆڕینی وشەی خواستراو |
| Loan translation | وەرگێڕانی وشەی خواستراو |
| Loan translation and interpretation | وەرگێڕان و گوزارشتکردنی لە وشەی خواستراو |
| Loan word | وشەخواستن |
| Lower Language | زمانی ژێردەستە/ نزم |
| Language Maintenance | پاراستنی زمان |
| Meaning Borrowing | واتاخواستن |
| Mother Language Attrition | داخورانی زمانی دایک |
| Narrowing in the meaning | تەسکبوونەوەی واتا |
| Pejoration in the meaning | نزمبوونەوەی واتا |
| phone borrowing | دەنگخواستن |
| phonological borrowing | خواستنی فۆنۆلۆجی |
| Potentially Endangered Languages | هەڕەشەی لەناوچوونی زمان |
| Re-borrowing | خواستنەوەی وشەی خوازراو |
| Recipient language | زمانی وەرگر |
| Second Language | زمانی دووەم |
| Second Language Learning | فێربوونی زمانی دووەم |
| Seriously Endangered Languages | مەترسی گەورەی سەر زمان |
| Transliteration | وەرگێڕان |
| Unilateral borrowing | خواستنی یەک سەرە/ یەکلا |
| Upper Language | زمانی سەردەستە/زاڵ |
| Viable Languages | توانای بەردەوامبوونی زمان |

# پێڕستی هێڵکارییەکان


| ناونیشانی هێڵکاریی | ژمارەی هێڵکاریی | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ | (١) | ٦ |
| هۆیەکانی دروستبوونی جیهانگیریی زمانیی و زمانی جیهانی. | (٢) | ١٦ |
| بەریەککەوتن و ململانێی زمانیی | (٣) | ٢٢ |
| جۆر و شێوازەکانی مردنی زمان | (٤) | ٦٢ |
| وشەی پوکاوە و نوێیەکانی کەرەستەکانی ڕووناککردنەوە | (٥) | ٧٠ |
| واتاخواستن | (٦) | ٧٥ |
| واتاخواستن لە زمانی کوردیدا | (٧) | ٧٦ |
| شێوازەکانی واتاخواستن | (٨) | ٧٦ |
| پەیداکردن و سازکردنی فۆرم بۆ واتای خوازراو. | (٩) | ٧٧ |
| گوزارشتکردن لە واتای وشەی خوازراو. | (١٠) | ٩٠ |
| خواستنی وشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. | (١١) | ٩٦ |
| ڕێگاکانی وشەسازکردن لە زمانی کوردیدا | (١٢) | ١١٢ |
| دروستبوونی هاوواتایی بەهۆی وشەی خوازراوەوە. | (١٣) | ١٢٩ |
| سەرچاوەکانی هاتنەناوەوەی فۆنێمی /ح Ḥ/ بۆ ناو زمانی کوردی. | (١٤) | ١٣٧ |
| سەرچاوەکانی هاتنەناوەوەی فۆنێمی/ق Q/ بۆ ناو زمانی کوردی. | (١٥) | ١٣٩ |
| خواستنی بۆتەی فرێز | (١٦) | ١٥٥ |
| پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی فرەزمانیی | (١٧) | ١٨٢ |
| خستنەڕووی ڕێژەی ئەو قوتابیانەی، کە بە زمانی یەکەم یان زمانی دووەم خوێندوویانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩)دا. | (١٨) | ١٩١ |
| خستنەڕووی ڕێژەی ئەو قوتابیانەی، کە بە زمانی یەکەم یان بە زمانی دووەم خوێندوویانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)دا. | (١٩) | ١٩١ |
| زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابیانەی، کە بە زمانی دووەم دەخوێنن لە نێوان ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢)دا. | (٢٠) | ١٩٢ |
| کەمکردنی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە کوردییەکانی شاری کەرکوک لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢)دە. | (٢١) | ١٩٤ |
| کەمکردنی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە کوردییەکانی شاری خانەقین (بازنەی یەکەم) لە نێوان ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بۆ (٢٠٢٢-٢٠٢٣) | (٢٢) | ١٩٦ |

# پێڕستی خشتەکان


| ناونیشانی خشتە | ژمارەی خشتە | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| ئەو وشانەی، کە لە ڕێگەی ئاینەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (١) | ٩٧ |
| ئەو وشە خوازراوانەی پەیوەستن بە خوێندنەوە. | (٢) | ٩٧ |
| زاراوە خوازراوەکانی پسپۆڕی زمان. | (٣) | ٩٨ |
| ناوی پسپۆڕییە خوازراوەکان. | (٤) | ٩٨ |
| ئەو وشانەی، کە لەڕێگەی دراوسێیەتییەوە خوزاراون. | (٥) | ٩٩ |
| ئەو وشانەی،کە لە ڕێگەی داگیرکارییەوە هاتونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (٦) | ٩٩ |
| ئەو وشەخوازراوانەی، کە لە ڕێگەی بابەتە ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەرییەکانەوە هاتوونەناو زمانی کوردییەوە. | (٧) | ٩٩ |
| ئەو وشە خوازراوانەی، کە لە ڕێگەی کۆچکردنەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (٨) | ١٠٠ |
| ئەو وشانەی، کە لە ڕێگەی فرەزمانییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (٩) | ١٠٠ |
| ئەو وشانەی، کە لە ڕێگەی جووتزمانییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (١٠) | ١٠٠ |
| ئەو وشانەی، کە لە ڕێگەی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و کەرەستە و داتاکانیان هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (١١) | ١٠٢ |
| ئەو وشانەی، کە لە ڕێگەی ئەنتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (١٢) | ١٠٢ |
| وشە خوازراوەکانی بۆاری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | (١٣) | ١٠٣ |
| وشە خوازراوەکانی بواری بازرگانی و بەرهەمە پیشەسازییەکان | (١٤) | ١٠٣ |
| خواستنی ناوی کۆمپانیا و جۆر و کەرەستە پێکهێنەرەکانی ئۆتۆمبیل | (١٥) | ١٠٤ |
| خواستنی ناوی گیانەوەران | (١٦) | ١٠٤ |
| ناوی شوێنە بازرگانی و گەشتیاری و میوانخانەکان | (١٧) | ١٠٥ |
| ئەو وشانەی، کە لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (١٨) | ١٠٥ |
| ئەو وشانەی، کە بەهۆی ڕووداوێکانی وەکو جەنگ و نەخۆشی...هتد، هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (١٩) | ١٠٥ |
| وشە وەرزشییە خوازراوەکان | (٢٠) | ١٠٦ |
| وشەخوازراوەکانی بواری ڕامیاری | (٢١) | ١٠٧ |
| وشە خوازراوەکانی بواری تەندروستی | (٢٢) | ١٠٧ |
| خواستنی ناوی کانزا و پرۆتین و ڤیتامینە جیاوازەکان...هتد. | (٢٣) | ١٠٨ |
| ئەو وشانەی، کە بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیانەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە. | (٢٤) | ١٠٨ |

| | | |
|---|---|---|
| وشەخوازراوەکانی کەرەستەکانی پاککەرەوە | (٢٥) | ١٠٨ |
| ناوی سەوزە و میوە و دار و درەخت و بەروبوومە خوازراوەکان. | (٢٦) | ١٠٩ |
| ناوی کەرەستەکانی ناو ماڵ و خانوو | (٢٧) | ١٠٩ |
| دروستبوونی هاوواتایی بەهۆی وشەی خوازراوەوە | (٢٨) | ١٢٨ |
| فریزی خوازراو | (٢٩) | ١٥٩ |
| ئەو وشانەی، کە دەرخەری کولتوری کۆمەڵی کوردین | (٣٠) | ١٦٧ |
| ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە حکومی و ناحکومییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەنێوان ساڵانی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢) | (٣١) | ١٩٠ |
| ژمارەی قوتابیانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوکی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢) | (٣٢) | ١٩٣ |
| ژمارەی قوتابیانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خانەقینی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بۆ (٢٠٢٢-٢٠٢٣) | (٣٣) | ١٩٤ |
| ژمارەی قوتابیانی بازنەی یەکەم، کە پۆلەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی خانەقین لەنێوان ساڵانی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بۆ (٢٠٢٢-٢٠٢٣) | (٣٤) | ١٩٥ |

## پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١-٣ | **پێشەکی:** |
| ١ | ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوکە |
| ١ | ٢/٠) گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٣/٠) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٤/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٥/٠) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٦/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢-٣ | ٧/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە |
| | **بەشی یەکەم:** |
| ٤-٦٥ | ١)گۆڕان و ململانێ و مردنی زمانەکان: |
| ٤-١٣ | ١/١) گۆڕانی زمان پەیوەست بە کۆمەڵەوە: |
| ٤ | ١/١-١) زمان و کۆمەڵ |
| ٧ | ١/١-٢) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی |
| ١٠ | ١/١-٣) گۆڕانی زمانیی: |
| ١٢ | ١/١-٣-١) گۆڕانە ناوەکییەکان/ زمانییەکان |
| ١٢ | ١/١-٣-٢) گۆڕانە دەرەکییەکان/ نازمانییەکان |
| ١٤-٢٠ | ٢/١) جیهانگیری و زمانی جیهانی: |
| ١٤ | ٢/١-١)جیهانگیریی زمانیی |
| ١٦ | ٢/١-٢) زمانی جیهانی |
| ٢١-٤٦ | ٣/١) ململانێی زمانیی |
| ٢٦ | ٣/١-١) هۆکارەکانی دروستبوونی ململانێی نێوان زمانەکان: |
| ٢٦ | ٣/١-١-١) جوگرافی |
| ٢٧ | ٣/١-١-٢) فرەزمانی |
| ٢٨ | ٣/١-١-٣) داگیرکاری |
| ٢٩ | ٣/١-١-٤) سیاسی |
| ٣٢ | ٣/١-١-٥)کۆچکردن |
| ٣٣ | ٣/١-١-٦) ئابوری و بازاڕی کار |
| ٣٥ | ٣/١-١-٧) ڕاگەیاندن |
| ٣٦ | ٣/١-١-٨) ڕۆشنبیری |
| ٣٧ | ٣/١-١-٩) ئایین |
| ٣٨ | ٣/١-١-١٠) پەروەردە و خوێندن |
| ٣٩ | ٣/١-١-١١) تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریی ئەلیکترۆنی |
| ٤٠ | ٣/١-٢) ئەو هۆکارانەی کار لە ئەنجامی ململانێی زمانەکان دەکەن: |
| ٤٠ | ٣/١-٢-١) ڕەچەڵەکی زمان |

| | |
|---|---|
| ٣/١-٢-٢) ژمارەی ئاخێوەر | ٤١ |
| ٣/١-٢-٣) ژێرخانی ڕۆشنبیری و کولتوری | ٤١ |
| ٣/١-٢-٤) ژمارەی کۆچەر | ٤١ |
| ٣/١-٢-٥) پلانی زمانیی | ٤٢ |
| ٣/١-٣) ململانێ و هەژموونی زمانەکانی دیکە لەسەر زمانی کوردی: | ٤٢ |
| ٤/١) مردنی زمانیی | ٤٧-٦٥ |
| ٤/١-١) جۆری زمانەکانی جیهان: | ٤٧ |
| ٤/١-١-١) زمانی زیندوو | ٤٧ |
| ٤/١-١-٢) زمانی مردوو | ٤٨ |
| ٤/١-٢) شێوازەکانی مردنی زمان: | ٥٢ |
| ٤/١-٢-١) مردنی سروشتیی زمان: | ٥٢ |
| ٤/١-٢-١-١) نەمانی ئاخێوەر | ٥٣ |
| ٤/١-٢-١-٢) پشتکردن لە زمانی دایک | ٥٤ |
| ٤/١-٢-١-٣) بایەخپێنەدانی زمانی دایک لە لەلایەن حکومەتەوە | ٥٤ |
| ٤/١-٢-٢) پاکتاوی زمانیی: | ٥٦ |
| ٤/١-٢-٣) ژەهری زمانیی: | ٦٢ |
| ٤/١-٤) پۆلێنکردنی زمانەکان لە ڕووی بێوەییەوە: | ٦٤ |
| **بەشی دووەم:** | |
| ٢) خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا: | ٦٦-١٣٥ |
| ١/٢) خواستنی زمانیی: | ٦٦-٧٧ |
| ١/٢-١) دەنگخواستن | ٦٨ |
| ١/٢-٢) وشەخواستن | ٦٩ |
| ١/٢-٣) ڕێزمان-خواستن | ٧٣ |
| ١/٢-٤) واتاخواستن | ٧٥ |
| ٢/٢) پاڵنەرەکانی خواستنی زمانیی: | ٧٨-٨٣ |
| ٢/٢-١) پێویستیی زمانیی | ٧٨ |
| ٢/٢-٢) سەرپشکییانە یان لاساییکردنەوە | ٧٩ |
| ٢/٢-٣) تابۆ | ٨٠ |
| ٢/٢-٤) سەپێنراو/ ناچاری | ٨٣ |
| ٢/٢-٥) زاراوە پسپۆڕییەکان | ٨٣ |
| ٣/٢) تەرزەکانی خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا: | ٨٤-٩٥ |
| ٣/٢-١) وشەی هاوردە/ خواستن بەبێ دەستکاری | ٨٤ |
| ٣/٢-٢) وشەی کوردێنراو/ وەرگرتن بە دەستکارییەوە | ٨٥ |
| ٣/٢-٣) وەرگێڕان | ٨٧ |
| ٣/٢-٤) گۆڕینی وشەی خوازراو | ٨٨ |
| ٣/٢-٥) گوزارشتکردن لە واتایی وشەی خوازراو | ٨٩ |

| | |
|---|---|
| ٦-٣/٢) وەرگێڕان و گوزارشتکردن لە واتایی وشەی خوازراو | ٩٠ |
| ٧-٣/٢) لێکدان/دووڕەگ | ٩١ |
| ٨-٣/٢) تێکەڵکردن/ئاوێتەکردن | ٩١ |
| ٩-٣/٢) خواستنەوەی وشەی خوازراو | ٩٢ |
| ١٠-٣/٢) گۆڕینەوەی وشەی خوازراو | ٩٢ |
| ١١-٣/٢) خواستنی ڕاستەوخۆ | ٩٣ |
| ١٢-٣/٢) خواستنی ناڕاستەوخۆ | ٩٤ |
| ٤/٢) ڕێگاکانی هاتنەناوەوەی وشەی خوازراو بۆ ناو زمانی کوردی: | ٩٦-١٠٩ |
| ٥/٢) لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا: | ١٠٩-١٣٤ |
| ١-٥/٢) کاریگەریی وشەی خوازراو لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا: | ١٠٩ |
| ٥/٢-١-١) جۆرەکانی فەرهەنگ: | ١١٠ |
| ٥/٢-١-٢) پێگەی وشەی خوازراو لە نێو ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا: | ١١٣ |
| ٥/٢-١-٢-١) داڕشتن | ١١٣ |
| ٥/٢-١-٢-٢) لێکدان/دووڕەگ | ١١٥ |
| ٥/٢-١-٢-٣) وشەی خوازراوی (تێکەڵاو/ئاوێتە) | ١١٦ |
| ٥/٢-١-٢-٤) کورتکردنەوە | ١١٧ |
| ٥/٢-١-٢-٥) وردکردنەوە | ١١٨ |
| ٥/٢-١-٢-٦) گۆڕانی واتای وشەی خوازراو: | ١١٩ |
| ٥/٢-١-٢-٦-١) تەسکبوونەوەی واتا | ١١٩ |
| ٥/٢-١-٢-٦-٢) فراوانبوونی واتا | ١٢٠ |
| ٥/٢-١-٢-٦-٣) بەرزبوونەوەی واتا | ١٢١ |
| ٥/٢-١-٢-٦-٤) نزمبوونەوەی واتا | ١٢١ |
| ٥/٢-١-٢-٧) دروستبوونی فرەواتایی | ١٢٢ |
| ٢-٥/٢) لایەنە نەرێنییەکانی وشەخواستن: | ١٢٣ |
| ٥/٢-٢-١) لایەنە نەرێنییەکانی ناوەوەی زمان: | ١٢٣ |
| ٥/٢-٢-١-١) پەکخستنی یاساکانی وشەسازکردن | ١٢٣ |
| ٥/٢-٢-١-٢) پوکانەوەی وشە خۆماڵییەکان | ١٢٥ |
| ٥/٢-٢-١-٣) دروستبوونی هاوواتایی | ١٢٦ |
| ٥/٢-٢-١-٤) دروستبوونی هاوبێژی | ١٢٩ |
| ٥/٢-٢-١-٥) خواستنی هێما و کورتکراوە و ئیمۆجییەکان | ١٣١ |
| ٥/٢-٢-١-٦) ڕێگری لە نوێبوونەوەی زمان | ١٣٢ |
| ٥/٢-٢-٢) لایەنە نەرێنییەکانی دەرەوەی زمان: | ١٣٣ |
| ٥/٢-٢-٢-١) ونبوونی تێڕوانین و پێشینەی ئاخێوەران | ١٣٣ |
| ٥/٢-٢-٢-٢) دوورخستنەوەی زمان لە دەربڕینی زانست | ١٣٣ |
| ٥/٢-٢-٢-٣) مەترسی لەسەر ناسنامەی نەتەوە | ١٣٤ |

| | |
|---|---|
| **بەشی سێیەم:** | |
| ٣) ڕەنگدانەوەی ژەهری زمانیی لە زمانی کوردیدا: | ١٣٥-١٩٦ |
| ١/٣) ژەهری زمانیی لە ئاستەکانی زماندا: | ١٣٥-١٥٩ |
| ١/٣-١) لە ئاستی دەنگسازیدا | ١٣٥ |
| ١/٣-١-١) فۆنێمی خوازراو: | ١٣٥ |
| ١/٣-١-٢) دەربڕینی ئەو دەنگە بیانییانەی، کە پلەی فۆنێمیان پێنەدراوە | ١٤١ |
| ١/٣-٢) لە ئاستی وشەسازیدا: | ١٤٦ |
| ١/٣-٣) لە ئاستی ڕستەسازیدا: | ١٥٣ |
| ١/٣-٣-١)خواستنی بۆتەی ڕستە | ١٥٣ |
| ١/٣-٣-٢) ڕێزبوونی کەرەستە لە فرێزدا | ١٥٤ |
| ١/٣-٣-٣) خواستنی فرێزی کاری | ١٥٩ |
| ٢/٣) کاریگەری ژەهری زمانیی لەسەر بیر و کولتور و پڕۆسەی ناونان لە زمانی کوردیدا: | ١٦٠-١٧٤ |
| ٢/٣-١) ژەهری زمانیی و بیر | ١٦٠ |
| ٢/٣-٢) ژەهری زمانیی و کولتور | ١٦٤ |
| ٢/٣-٣) ژەهری زمانیی و ناونان | ١٦٧ |
| ٣/٣) ڕێگاکانی هێنانەئارایی ژەهری زمانیی لە زمانی کوردیدا: | ١٧٥-١٨٤ |
| ٣/٣-١) وەرگێڕان | ١٧٥ |
| ٣/٣-٢)ڕاگەیاندن | ١٧٧ |
| ٣/٣-٣) فرەزمانی | ١٧٨ |
| ٣/٣-٤) کۆد تێکەڵکردن | ١٧٩ |
| ٣/٣-٥) فێربوونی زمانی دووەم | ١٨١ |
| ٤/٣) ژەهری زمانیی و داخورانی زمانی دایک: | ١٨٤-١٩٦ |
| ئەنجامەکان: | ١٩٧ |
| پێشنیاز: | ١٩٩ |
| سەرچاوەکان: | ٢٠٠ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی | ٢٠٩ |
| پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | ٢١٠ |

# پێشەکی

## ١/٠) ناونیشانی لێکۆڵینەوکە:

لێکۆڵینەوەکە بۆ (خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا (ژەهری زمانیی) بە نموونە) تەرخانکراوە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی جۆر و شێواز و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا، هەروەها دیاریکردنی ئەو کەرەستە زمانییە خوازراوانەی، کە دەبنە ژەهری زمانیی و کاریگەرییان لەسەر بونیادی زمان و بیر و کولتور و ئایندەی زمانی کوردی دەبێت.

## ٢/٠) گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە:

گرنگی و بایەخی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە وشەی خوازراو بەشێکی فەرهەنگی زمانی کوردی پێکهێناوە، بە بەردەوامیش لە زیادبووندان و وشەی دیکە دێتەناو زمانی کوردییەوە، چونکە لە مێژە بە هۆکارەکانی دراوسێیەتی و داگیرکاری...هتد و ئێستاش بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە، چەندین وشە و کەرەستەی زمانیی هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، لەلایەکەوە فەرهەنگی زمانەکەیان دەوڵەمەندکردووە و لەلایەکی دیکەشەوە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر زمانەکە هەبووە، لە لێکۆڵینەوەکەدا بە وردی جۆری خواستنە زمانییەکان و پاڵنەرکانی خواستنیان و شێواز و ڕێگاکانی هاتنەناوەویان و لایەنە ئەرینی و نەرێنییەکانی لە زمانی کوردیدا خراونەتەڕوو، هەروەها ئەو کەرەستە و یاسا و ڕێسایانەی زمانەکانی دیکە دیاریکراوە، کە لە ڕێگەی خواستنی زمانییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە بوون بە ژەهر لە زمانەکەدا و کاریگەرییان لەسەر بونیادی زمانەکە و بیرکردنەوە و کولتوری ئاخیوەران دەبێت، سەرەڕای خستنەڕووی هەڵکشانی خوێندن بە زمانی دووەم لە ڕێگەی ئامارەوە و مەترسییەکانی سەر زمانەکە لەڕووی پشتکردن لە خوێندن بە زمانی دایک.

## ٣/٠) ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

١. پێگەی زمانی کوردی لە نێو ململانێ زمانییەکاندا و خستنەڕووی کاریگەریی جیهانگیریی زمانیی لەسەر زمانی کوردی.
٢. دیاریکردنی جۆر و شێواز و پاڵنەر و ڕێگاکانی هاتنەناوەوە و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا.
٣. ڕەنگدانەوەی دیاردەی ژەهری زمانیی لە ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیدا و کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوە و کولتوری ئاخێوەرانی زمانی کوردی.
٤. دیاریکردنی ڕێگاکانی هێنانەناوەوەی ژەهری زمانیی و ئەو هۆکارانەی، کە مەترسی لەسەر ئایندەی زمانی کوردی دروستدەکەن.

## ٤/٠) گرفتی لێکۆڵینەوەکە:

لەلایەکەوە بەهۆی زۆری و هەمەجۆری و تەمەندرێژی وشەخوازراوەکانەوە، لە ڕێگەی زانستی ئیتیمۆلۆژییەوە نەبێت، ناتوانرێت پەی بە هۆیەکانی خواستنی بەشێک لە وشەخوازراوەکان و ئەو گۆڕانانەی لەڕووی فۆرم و واتاوە بەسەریانداهاتوون لەگەڵ ئەو زمانەی، کە بۆ یەکەمجار وشەکەی لێوە خوازراوە، بەرین، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی هاوخێزانی و هاوبەشی لە چەندین وشە و کەرەستە و یاسا و ڕێسای زمانی کوردی لەگەڵ چەند زمانێکی دیکەدا بە تایبەتی زمانی فارسی، ناتوانرێت ڕەسەنی وشەیەک یان کەرەستەیەک یان یاسا و ڕێسایەک بدرێتەپاڵ زمانێک، هەروەها نەبوونی سەرچاوەی زانستی لە زمانی کوردیدا، کە بەوردی و بە شێوەیەکی گشتگیر ئەو کەرەستە و یاسا و ڕێسا زمانییانەی زمانەکانی دیکەی دیاریکردبێت، کە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە و بوون بە ژەهری زمانیی لە زمانەکەدا، گرفتێکی دیکەی بەردەم لێکۆڵینەوەکە بوو.

## ٥/٠) سنور و کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە لە چوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدایە، زاری ناوەڕاستی زمانی کوردی وەکو نموونە وەرگیراوە، لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەو کەرەستە زمانییانە بەکارهێنراون، کە بەسەر زاری ئاخێوەرانی ئێستای زمانی کوردییەوەن، هەروەها کار لەسەر ئەو دەنگ و مۆڕفێم و یاسا و ڕێسایانەی زمانەکە کراوە، کە لە ڕێنووس و دەنگسازی و ڕێزمانی زمانەکەدا بەکاردێن.

## ٦/٠) ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە بە ڕێبازی (پەسنی شیکاریی) ئەنجامدراوە، ئەو وشە خوازراوانەی، کە لە ئێستای زمانی کوردیدا بەکاردێن و چالاکن، لە لێکۆڵینەوەکەدا بەکارهێنراون، هەروەها لە ڕێگەی شیکردنەوەیانەوە جۆر و شێواز و لایەنە ئەرێنی ونەرێنییەکان و ئەو کەرەستانەی دەبنە ژەهری زمانیی لە زمانەکەدا دەستنیشانکراون، لە تەوەرێکی لێکۆڵینەوەکەدا ڕێبازی (ئاماری-شیکاریی) بۆ خستنەڕووی ئامارەکان بەکارهێنراوە.

## ٧/٠) ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و پێشنیاز و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە سێ بەش پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم بە ناونیشانی (گۆڕان و ململانێ و مردنی زمانەکان)ەوەیە، کە بەشی تیۆریی لێکۆڵینەوەکەیە، لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان

کۆمەڵ و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی کراوە، هەروەها گۆڕانی زمان و ئەو هۆکارانەی گۆڕان بەسەر زماندا دەهێنن، دەستنیشانکراوە، لە تەوەری دووەمدا باس لە جیهانگیریی زمانیی و مەترسی سەرهەڵدانی زمانی جیهانی کراوە، کە ئێستا بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە بەرۆکی زۆربەی زمانەکانی جیهانی گرتووە، لە تەوەری سێیەمیشدا ململانێی زمانیی و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی و پێگەی زمانی کوردی لەنێو ئەو ململانێیانە دیاریکراوە، لە تەوەری چوارەمیشدا جۆری زمانەکانی جیهان و شێوازی مردنی زمان و ئەو هۆکارانەی زمان لەناودەبەن، دەستنیشانکراوە.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا)یە، کە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باسی جۆرەکانی خواستنی زمانیی، وەکو: (دەنگخواستن، وشەخواستن، ڕێزمان خواستن، واتاخواستن) کراوە، لە تەوەری دووەمدا ئەو پاڵنەرانەی، کە لە پشت خواستنی کەرەستەی زمانییەوەن دیاریکراون، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا سەرجەم ئەو شێوازانەی، کە زمانی کوردی لە پرۆسەی وشە خواستندا پەیڕەوییاندەکات، خراونەتەڕوو، لە تەوەری چوارەمدا هەموو ئەو ڕێگایانە دیاریکراون، کە لە ڕێیانەوە وشەی زمانەکانی دیکە دێنەناو زمانی کوردییەوە، لە تەوەری پێنجەمیشدا لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خواستنی زمانیی لە زمانەکەدا دەستنیشانکراون.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ژەهری زمانیی لە زمانی کوردیدا)یە، کە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەمدا باس لە ژەهری زمانیی لە ئاستەکانی (دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی) کراوە، لە تەوەری دووەمدا کاریگەریی ژەهری زمانیی لەسەر بیرکردنەوەی ئاخێوەران و کولتوری کۆمەڵ و پرۆسەی ناونان خراونەتەڕوو، لە تەوەری سێیەمدا ڕێگاکانی هینانەئارای ژەهری زمانیی لە زمانی کوردیدا، دیاریکراون، لە تەوەری چوارەمیشدا باس لە ژەهری زمانیی و داخورانی زمانی دایک کراوە، لەم ڕوانگەیەوە مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی بەهۆی بایەخدان بە خویندن بە زمانی دووەم و پشتکردن لە زمانی دایک، بە بەڵگە و ئامار خراونەتەڕوو.

## ١) (گۆڕان و ململانێ و مردنی زمانەکان)

### ١/١) گۆڕانی زمان پەیوەست بە کۆمەڵەوە:

### ١-١/١) زمان و کۆمەڵ:

پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی هەمبەرییە، لەلایەکەوە پەیوەندییەستن و لەیەکترگەیشتنی مرۆڤەکان، کە بناغەی دروستبوونی بە کۆمەڵ ژیانە و لە ڕێگەی زمانەوە دێتەئاراوە، لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵ تاکە ناوەندی بە کۆمەڵایەتیبوونی زمانە، بە واتە (زمان چالاکییەکی مرۆییە و لەناو کۆمەڵدا بەکاردێت و تەنها لە ژینگەی مرۆییەوە گەشەدەکات، بەبێ کۆمەڵ ڕۆڵی نامێنێت، مرۆڤیش بەهۆی زمانەوە دەتوانێت لەناو کۆمەڵدا بژێت و بمێنێتەوە. پلەوپایەی زمانی هەر کۆمەڵێکیش لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەو زمانە پێڕەوێکی دیاریکراوی ڕێزمانی بە دەستدەهێنێت و ئەو کۆمەڵەش ڕێز لەو پێڕەوە دەگرێت و پارێزگاری لێدەکات، وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەی دووچاری ئەو زمانە دەبێتەوە) (عەلی، ٢٠٠٥: ٧)، بەهەمانشێوە (تاکەکانی کۆمەڵیش، کۆمەڵێک پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوانیاندایە و بەرژەوەندیی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە، کە پەیوەستن بە کۆمەڵێک دابونەریت و خووڕەوشتەوە و لە باو و باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە و زۆرێک لە چالاکییەکانیان لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدەن و پەیوەندی بەیەکەوەدەکەن، واتە زمان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە زیاتر لەوەی هۆیەک بێت بۆ هەستدەربڕین و زانیاریی گەیاندن) (فەتاح،٢٠١٠: ١٣٧)، ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، لە گەشەکردن و سستبووندا بە یەک ئاڕاستەی هاوشانن، چونکە زمان ناسنامەی کۆمەڵە، ئامرازی بیرکردنەوەکانێتی و لە ڕێگەیەوە دنیای دەرەوە دەبینێت و پەیوەندی پێکەوەدەکەن، کۆمەڵیش بە شێوەیەکی توندوتۆڵ وابەستەی زمانەکەیەتی و پێبەپێی لەگەڵیدا هەنگاودەنێت و هەوڵی پاراستن و مانەوەی دەدات، لەگەڵ پێشکەوتن و گەشەکردنیدا ئەویش پێشدەخات، زمانی دەوڵەمەند نیشانەی پێشکەوتوویی کۆمەڵە لەڕووی (ڕۆشنبیری و کولتوری و زانستی و...هتد)ەوە، بە پێچەوانەشەوە دواکەوتوویی کۆمەڵ یان داگیرکاری و ڕێگەگرتن لە گەشەکردنی، کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لە گەشەکردن ڕایدەگرێت، هەروەها بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە دەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە دەست بەسەر بیرکردنەوە و ناسنامەی کۆمەڵی خاوەن زماندا بگیرێت، بەهەمانشێوە بە قەدەغەکردنی زمانی کۆمەڵێک، زمانەکە بەرەو لەناوچوون و مردن دەچێت.


زمان لە جێبەجێکردنی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لە کاردایە، هەر لە (سڵاوکردن و بەیانی باش و جێخۆشکردن و مامەڵەکردن و ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکانی ناسیاو و نەناسیاو لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان و بۆنە ئایینی و فەرمییەکاندا، هەر بەهۆی زمانەوە

بەسەر دەوروبەرماندا زاڵدەبین، لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا لە ڕێگەی تۆمارکردن لەناو ژیریی و بیرماندا، یان لە ڕێگەی نووسینەوە ئایین و کولتور و ئەدەب لە فەوتان دەپارێزین و نەوە بۆ نەوە دەیگوێزینەوە، هەروەها لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە هەستەکانمان دەکەین و بیرەکانمان دەردەبڕین) (خرما، ١٩٧٨: ٢٠٩-٢١٥)، واتە زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە و کۆمەڵ زمان هەڵدەسوڕێنێت و دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە و چۆنی بوویێت ئاوا ئاڕاستەیدەکات، بۆیە هەموو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، کە ئەمانەن (فەرەج، ٢٠١١: ٨):

١. کاریگەرییە جێگیرەکان: بۆ نموونە (نەژاد، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی (باگراوندی کۆمەڵایەتی).
٢. کاریگەرییە گۆڕدراوەکان: وەکو (خوێندن، تەمەن، ژینگەی کۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئاخاوتن، مۆدێلی قسەکردن).
٣. کاریگەرییە هەنوکەییەکان/دەوروبەر: ئەمەیان پەیوەستە بە بارە کۆمەڵایەتییە هەنوکەییەکانەوە (کارکردن، ماڵەوە، کۆمەڵی ئاخێوەران...هتد).

لەو بۆچوونانەی سەرەوەوە دەردەکەوێت، زمان و کۆمەڵ پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، کە وەکو دوو ڕووی یەک دراون، هێندە گرنگن یەکتر تەواودەکەن، (پەیوەندیی ئەم دوانە هێندە بەهێزە، هەندێکجار زمانیش وەکو بونەوەر دادەنرێت، چونکە زۆربەی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ لە گەشە و گۆڕان، پوکانەوە و نەمان، فرەجۆری، فرەدەنگی، فرەڕەنگی، پەرەسەندن و بەکارنەهێنان...هتد، لە زمانیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە) (عەلی، ٢٠١٥: ٧). ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بووەتەهۆی ئەوەی، کە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەبێت، بە پێچەوانەشەوە، واتە هەر گۆڕانێک، کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدات، کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵیدا زمانیش دەگۆڕێت، بۆیە (گۆڕانکارییە زمانییەکان پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بە واتە گۆڕانی مەرجەکانی ژیان و فۆرمەکانی ژیان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاردەکەنەسەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات) (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٩٠). (مرۆڤ بە سروشتی گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بە درێژایی سەردەمەکان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانی ئەنجامداوە، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا یەکتریان ناسیووە و گفتوگۆیان کردووە و سودیان لە شارەزای و ئەزموونی یەکتر بینیووە، پێکەوە ڕۆڵیان لە گۆڕان و گەشەپێدانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە) (الزیادی و سلمان، ٢٠٠٠: ٦٢)، ئامرازی دەربڕینی ئەم گۆڕانانەش زمانە، چونکە (زمان وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ دەوروبەردا و دەربڕینی بیر و گەیاندنی، کاردانەوەیەکی پێویستە، هەروەها زمان هەوڵێداوە بۆ دەربڕین و پاراستن و مانەوەیان تۆماری ئەو پێشکەوتنانە بێت) (حەسەن، ٢٠٠٨: ١٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە، ئەو گۆڕانانەی، کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن، دیاردە زمانییەکانیش لەگەڵیاندا دەگۆڕێن،

به بەردەوامی چەندین وشە و دەستەواژەی نوێ دێنەناو زمانەوە، لەهەمانکاتیشدا چەندین وشە و زاراوە دەپوکێنەوە و لەناودەچن، چونکە (سروشتی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆر و چەشنی بیروباوەڕ و بیرکردنەوەیان بە گوێرەی سەردەم، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، وشەکانی زمانیش، زایە و ئاوێنەی هۆش و بیری سەردەمی جوداجودان و هەمووشیان پێکەوە، فەرهەنگی زمان، پێکدەهێنن) (سدیق، ٢٠١١: ٦١)، زمانیش بە شێوەیەکی سەرەکی لە (خزمەتی پرۆسەی پەیوەندی–لەیەکگەیشتن، گەیاندن و کار لەیەککردنە کۆمەڵایەتییە سەردەمی و زیندووەکانی ناوکۆمەڵدایە، کە مەرجەکانی ئەم گۆڕان و گۆڕانکاریانەی ئەم پرۆسانە گۆڕان و گۆڕانکارییان بەسەردا هات، جێکەوتە و بەهاو و پایەی هۆی دەربڕینی دەربراوەکانیشیان دەگۆڕێن و وەک خۆیان نامێنن) (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٩٣–٩٤)، هەروەکو لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (١) پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ

گۆڕانە بەردەوامەکانی کۆمەڵ، کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەت و بیرکردنەوە و تێڕوانینە نوێیەکانی مرۆڤ بۆ ژیان، ڕوودەدات، دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی بەردەوامی کۆمەڵایەتی و بیریی، کە لە داهێنانی پێویستییەکانی ژیان و بەلاوەنانی ئەو کەرەستانەی، کە مرۆڤ پێویستی پێیان نامێنێت، لێدەکەوێتەوە، لە ئەنجامدا چەندین کەرەستە و بیری نوێ سەرهەڵدەدەن، یان دەگۆڕێن، یان لەناودەچن. ئامرازی دەربڕینی ئەم گۆڕانانەش زمانە، واتە (زمان زۆر بە ڕوونی و

وردی وێنە جیاواز و فرەلایەنەکانی ئەم گۆڕانانەی کۆمەڵمان بۆ تۆماردەکات، هەر لە شارستانی و بیروباوەڕ و سیستەم و ئاڕاستە هزری و ڕۆشنبیری و زانستی و هونەری و ئابورییەکان...هتد) (ضامن، ١٩٨٩: ٣٧)، بۆیە (هەر گۆڕانێک لە کۆمەڵدا ڕوودبات، کاریگەری لە سەر زمانی ئەو کۆمەڵە دەبێت، هەروەها گۆڕین و گۆڕانکاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە بەسەر گەنجینەی وشەدا دێت، لە گۆڕینەکەدا هەڵسوکەوتیش دەگۆڕێت و لە گۆڕینی نەوەکانیشدا جۆری هەڵسوکەوتی نوێ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دروستدەبن و فۆرمی تایبەتی هەڵسوکەوتی زمان لە کۆمەڵدا دێنەئاراوە) (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٩١-٩٣). بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و کۆمەڵدایە، مرۆڤ زۆرێک لە چالاکییەکانی هەر لە گوزارشتکردن لە بیروڕاو و دەربڕینی هەستەکانی و جیهانبینی، لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدات، هەروەها (کۆمەڵ هەر لە ڕێگەی زمانەوە پارێزگاری لە کولتور و دابونەریت و ڕۆشبیری و بەها کۆمەڵایەتییەکان...هتد دەکات، نەوە بۆ نەوە دەیانگوێزێتەوە و گەشەیان پێدەدات، هەر لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندیی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و بازرگانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەبەستێت، واتە لە ڕێگەی زمانەوە نەوەی نوێ فێری کولتور و بەهای کۆمەڵایەتی دەکرێت و بۆ چوونەناو کۆمەڵ ئامادەدەکرێن) (هدسون، ١٩٨٧: ١٧٢)، بە پێچەوانەشەوە هەر گۆڕانێک، کە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە بە سەر کۆمەڵدا دێت، لەگەڵیدا دیاردە زمانییەکانیش دەگۆڕێت، بەڵام (ئەوەندەی کە کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر زمان هەیە، زمان ئەوەندە ناتوانێت کاریگەریی بەسەر کۆمەڵدا هەبێت و خۆی بسەپێنێت، چونکە زمان بۆ مرۆڤە و مرۆڤیش بۆ پەیوەندی لەناو کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێت .کەواتە سروشتی وایە، بکەوێتەژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە و بۆ مرۆڤ و لە خزمەتی مرۆڤدا بێت) (عارف، ٢٠١٢: ١٠).

## ٢-١/١) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی:

ئەو زانستەکەی، کە لە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە، بریتییە لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی/کۆزمانەوانی، زانستێکە تێکەڵاو لە زانستەکانی زمانەوانی و کۆمەڵناسی، چونکە هەردووکیان لە کارکردنیاندا کۆمەڵ بە بنەما دادەنێن، بەهۆی ئەوەی کۆمەڵناسی بریتییە (لە زانستی ناسینی کۆمەڵ و دەزگاکان و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و یاساییانەی پەرەسەندنی کۆنترۆڵدەکەن، کارەکەیشی لێکۆڵینەوەی بابەتییانەیە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی زادەی پێکەوە ژیان و کۆبوونەوەی کۆمەڵێک خەڵک و بەشێوەیەکی زانستییانە ڕاڤەکردنیان، هەروەها دەیەوێت ڕاڤەیەکی سروشتی پێڕەو و فەوزای کۆمەڵایەتیش بکات، واتا ئامانجی گەیشتنە بە دۆزینەوە و پەیبردن بە ئەوەی، کە لە سروشتدا پێڕەوێک هەیە و دەتوانرێت بدۆزرێتەوە، پەسنی بکرێت، لێیشی تێبگەین) (حەسەن، ٢٠١١: ٨٨)، بە بڕوای سۆسێریش (زمان بوونێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو واتایەی زمان بەردەوام پێوەندی

نێوان تاکێک و تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ دروستدەکات، بە واتایەکی دیکە زمان لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە، جگە لە ڕێکخستن و پێکهێنانی پێوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، هیچ ئەرکێکی دیکەی نییە، بۆیە دەبێت بۆ دەرخستن و پەیبردن بە دیاردە و گۆڕانە زمانییەکان، دەبێ بچین لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو زمانە بخوێنینەوە، چونکە زمان ڕاستییەکی کۆمەڵایەتییە، تاکە هۆکارێک بۆ لێکدانەوەی گۆڕانە زمانەوانییەکان، گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانن) (موحسین، ٢٠٠٨: ١١٣). پەیبردن بەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان کۆمەڵناسی و زمانەوانیدا هەیە، دوای ئەوە بوو، کە دەرکەوت سێ سیفەتی هاوبەشی پەیوەست بە چۆنیەتی کارکردنیان لە نێواندایە، ئەوانیش (وافی، ١٩٨٣: ٣-٤):

١. ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانەی، کە کۆمەڵناسی کاری لەسەردەکات، چەند یاسایەکن، سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتییان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان، بەشداری لە جێبەجێکردنیدا دەکەن، بە هەمانشێوە زمانی هەموو کۆمەڵێکیش پێڕەوێکی گشتییە، تاکەکانی هاوبەشن لە بەکارهێنانیدا، بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان و ڕێکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا دەیکەنە بنچینە.

٢. یاسا کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تاکە کەسەوە دروستنەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێک هێناویەتییە ئاراوە، خۆی دەخزێنێتە نێو ژیانی ئەو کۆمەڵەوە، زمانیش لەلایەن تاکێکەوە دروستنەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێک دروستیکردووە و لە ژیانی ئەو کۆمەڵەوە سەرچاوەیگرتووە،

٣. دەرچوونی هەر تاکێک لە یاسا کۆمەڵایەتییەکان، لەلایەن تاکەکانی ئەو کۆمەڵەوە توشی سزا و بەرەنگاربوونەوە دەبێت، زمانیش یەکێکە لەو دیاردانەی، کە هەموو کەس ناچارە لە یاساکانی دەرنەچێت، دەرچوونی هەر تاکێک لە بەکارهێنانی یاسا زمانییەکان، دەبێتەهۆی لێکتێنەگەیشتن و بەرەنگاربوونەوەی لەلایەن کۆمەڵەکەیەوە.

لەم بۆچوونانەی سەرەوەوە دەردەکەوێت، کە (جیاوازی نێوان زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی کۆمەڵناسیی زمان، جیاوازی لە ڕەگەزەکانیاندا نییە، بەڵکو لە تەوەری گرنگیپێدانەکانیاندایە، کە گرنگیدەدەن بە زمان یان کۆمەڵ، زانستی زمان لێکۆڵینەوە لە زمان پەیوەست بە کۆمەڵەوە دەکات، بەڵام زانستی کۆمەڵناسیی زمان لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵ لە ڕێگەی زمانەوە دەکات) (هدسون، ١٩٨٧: ٢٢)، واتە زمان چەقی لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش لە دوو لایەنەوەیە (موحسین، ٢٠٠٨: ١١٣):

١. لایەنی ئاسۆیی: مەبەست لە لێکۆڵینەوەیە لە باری ئێستای زمانی کۆمەڵێک، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییەکانی ژینگە و گروپە کۆمەڵایەتییەکان و بەها و ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە، وەکو دوو ژینگەی جیاواز و دوو جوگرافیا و زار یان شێوە زاری جیاوازی زمانێک، کە جیاوازی لە ئاخاوتنیاندا دروستدەکات.

٢. لایەنی ستوونی: وەکو زمانی چینەکانی سەرەوە و خوارەوەی کۆمەڵ، خوێندەوار و نەخوێندەوار، پیر و لاو، ژن و پیاو، کەسایەتی ئایینی و کەسایەتی سیاسی، شوانێک و بازرگانێک ...هتد، لە ئاخاوتنندا لە یەک جیاوازن، هۆکاری جیاوازی زمانی ئەو چین وتوێژە جیاوازانە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتییانە و پێویستی و ئامانجی ژیانی کۆمەڵایەتی بەو شێوەیە دابەشی کردوون.

بەمپێیە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە (دیاریکردنی ڕۆڵی زمان لە کۆمەڵدا و کاری ژیانی کۆمەڵایەتی لەسەر زمان، گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی خەڵکی و هەستیان بەرامبەر زمانەکەی خۆیان، هەستیان بەرامبەر زمانەکانی دیکە، هەستیان بەرانبەر ئەو زارانەی بەکاری دەهێنن و زارەکانی دیکەی زمانەکە، هەستیان بەرامبەر پایەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی زمانەکە، یان زمانەکانی دیکە...هتد، هەروەها خەریکی لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەیە، کە لەنێوان هەڵوێستی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردنی زمان یان زاردا هەیە، هەوڵی ئەوە دەدات تێمان بگەیەنێت چۆن خەڵکی دەتوانن کەڵک لە کانگای زمانییان وەرگرن و بەپێی ئەو دەورەی لە کۆمەڵدا دەیبینن سەرنجیان بگۆڕن) (فەتاح، ٢٠١٠: ١٣٩)، ئامانجیشی ئەوەیە، هەموو ئەو بابەتانەی، کە زمان پێیەهەڵدەستێت و کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و دەکەونە دەرەوەی کاری زمانەوانی، بخاتەڕوو، وەکو ( دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی، کە ڕەفتاری زمانەوانی بەڕێوەدەبەن، بە ئامانجی دووبارە بیرکردنەوە لەو بابەت و جیاوازییانەی، کە ڕێساکانی کاری زمانەوانی بڕیاری لەسەردەدەن، ڕوونکردنەوەی پێگەی زمان لە ژیانی مرۆڤدا، گرنگیدان بە سروشتی باری زمان و شێوازە جۆربەجۆرەکانی و چۆنیەتیی هەڵوێستی ئاخێوەر و گوێگر لە ئاخاوتندا) (نهر، ١٩٨٨: ٢٤)، بەواتە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوە لە بوارێکی فراوانی زمان پەیوەست بە کۆمەڵ دەکات، هەموو ئەو گۆڕانە زمانییانە دەخاتەڕوو، کە پەیوەست بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە. بۆ دیاریکردنی سنوری گرنگیدانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی، دەتوانیین پشت بە پۆلێنەکەی (هالیدای) ببەستین، بەمشێوەیە (نهر، ١٩٨٨: ٢٥):

١. جووتزمانی و فرەزمانی و فرەزاری.

٢. پلاندانان و گەشەپێدانی زمانیی.

٣. دیاردە و جۆراوجۆری زمانیی.

٤. زانستی زارە کۆمەڵایەتییەکان (جۆراوجۆری بێ پێوەر).

٥. زمانەوانی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و فێرکردن.

٦. لێکۆڵینەوەی پەسنی بۆ بارودۆخی زمان (ڕێباز و شێوازی ئاخاوتن).

٧. تۆماری ئاخاوتنی ڕۆژانەی زمانەکان و گوێزانەوەیان بۆ یەکتر لە ڕێگەی کاریگەرییان لەسەر یەکتر.

٨. کاریگەریی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر زمان لەڕووی گۆڕانی دەنگ و یاسا و ڕێساکانی ڕستە.

٩. زمان و کۆمەڵ و پەیوەندییان بە شارستانییەتەوە.

١٠. تیۆری ئەرکی و پێڕەوی زمانیی.

١١. فێربوون و گەشەسەندنی زمان لای منداڵ.

١٢. زمانە نەریتییەکان.

١٣. لێکۆڵینەوە لە دەقەکان.

## ٣-١/١) گۆڕانی زمانیی:

زمان، کە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، هۆیەکە بۆ دەربڕینی هەست و نەست و ڕاییکردنی کاروبارە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، هەروەها ئامرازی لە یەکترگەیشتن و دروستکردنی پەیوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە، بۆیە (وەکو دیاردەکانی دیکەی کۆمەڵ، فۆرم و وێنەیەکی نەگۆڕی نییە و هەموو کات لە دۆخی گۆڕان و گەشەکردندایە) (ئەحمەد، ٢٠١١: ٣٠)، واتە بە تێپەڕبوونی کات، لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕانی بیر و پێشکەوتنی شارستانیەت و داهێنانە زانستی و تەکنەلۆژییەکان...هتد، زمانیش بۆ ئەوەی دەربڕی پێویستییەکانی کۆمەڵەکەی بێت و لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییانەدا هەنگاوبنێت، گۆڕانی بەسەرردادێت، ئەو گۆڕانانەی، کە بەسەر زماندا دێت، هەندێکیان زمانیین، کە لە هەناوی زمانەکە خۆیەوە دروستدەبن، هەندێکی دیکەیان نازمانین بە هۆکارەکانی دەرەوەی زمان ڕوودەدەن، گۆڕانە زمانییەکانیش، یان زمان بەرەو گەشەکردن و دەوڵەمەندبوون دەبەن و بە بەردەوامی فەرهەنگەکەی نوێدەکەنەوە و وشەی نوێی تێدەڕژێنن، یان بەرەو سستبوون و مردن ئاڕاستەی دەکەن.

گۆڕان لە هەموو ئاستەکانی زماندا بە پلە و ڕێژە و ماوەی خایاندنی جیاواز بۆ ڕوودانی، ڕوودەدات، هەرچەندە هەموو زمانێک کەرەستە و یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئاخێوەرانی پێڕەویدەکەن، بەڵام لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا بەپێی جۆری پێکهاتە زمانییە جیاوازەکان بە ڕێژەی جیاواز، گۆڕانیان بەسەرردادێت، دەنگ و یاسا ڕێزمانییەکان، کە مۆرک و

بناغەی پارێزگارین لە زمان، بە دەگمەن دەگۆڕین و کەم و زیاد دەکەن، بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری تییاندا هەمبەر بە گۆڕانە لیکسیکییەکان ماوەیەکی زیاتریان دەوێت، گۆڕانە لیکسیکییەکان لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بەردەوام لەڕووی سازکردن و خواستنی وشە و پوکانەوەی وشەکانی فەرهەنگی زمانەکەوە، دەگۆڕێن، وەها لە زمانەکە دەکەن، خۆی نوێبکاتەوە، یان بە پێچەوانەوە دەبن بە سەرەتایەک بۆ مردنی زمانەکە، ئەمەش پەیوەستە بە توانای ئاخێوەرانی زمانەکە خۆیەوە لەڕووی پێشکەوتنیان لە بوارەکانی ژیان و بۆچوونیان بەرامبەر بە زمانەکەی خۆیان.

زمان بەپێی پێویستیی کۆمەڵ گۆڕانی بەسەردا دێت، وەکو لە دەربڕینە جیاوازەکانی بیرکردنەوە و هەستدا دەردەکەون، بەمەش (زمان بەردەوام قەوارەی لە زیادبووندا دەبێت، ئەمەش پێویستی و خواستنی تێکڕای کۆمەڵ دەیهێنێتەئاراوە و پەسەنددەکرێت، واتە سروشتی گۆڕانی زمان لەوەدایە، کە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بەشدارن لەو شێوازانەی، کە بە لەبار و بەجێ لای هەمووان دابنرێت و ئامانجی تێکڕای کۆمەڵ بهێنێتەدی. زمان ڕەوشتی وایە، کە بەپێی پرەنسیپی بەکارهێنانی هێزی کەم، یاخود ئیکۆنۆمی ڕێکدەخرێت) (ساڵح، ٢٠١٢: ٢٩-٣٠)، لەبارەی گۆڕانی زمان دەبێت سێ ڕاستی لەبیرنەکەین (فتاح، ٢٠١١: ١١٨-١١٩):

١. هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە، ئەم گۆڕانە ڕابگرێت، یان کەمیبکاتەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێت، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.

٢. مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لەناوچوون بەرێت، لەوانەیە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزەپارێزبێت.

٣. گۆڕان بەپێی یاسا و دەستوور ڕوودەدات و لەخۆوە نییە، تەنها چەند جۆرێک گۆڕانیش لە زمانی مرۆڤدا ڕوودەدات.

سەرەڕای ئەو گۆڕانانەی، کە بەسەر زماندا دێت، (زمان هەرچۆنێک بگۆڕێت، لە گەوهەروبونیدا هەر زمان خۆی دەمێنێتەوە، کە پێڕەوێکی بە بەرهەمی کردەی پەیوەندی-لەیەکگەیشتنە و بۆ پێویستیەکانی ئاخێوەرانی، وەک پێڕەویش تا ڕادەیەکی زۆر چەسپاو و نەگۆڕە) (مەحویی، ٢٠١٠: ١١٧). گۆڕانە زمانییەکانیش دوو جۆرن:

## ١/١-٣-١) گۆڕانە ناوەکییەکان/زمانییەکان:

ئەو گۆڕانانەیە، لە ناوەوەی زمان خۆیەوە دروستدەبن و پەیوەستن بە خودی سیستەمی زمانەکە خۆیەوە، کە (لە ئەنجامی پرۆسەی پێشکەوتنی زمان بەپێی یاسای گەشەسەندنی سروشتیی زمان، لە گرانییەوە بەرەو ئاسانیی دەجووڵێت، وشەی درێژ کورتدەکرێتەوە، ڕستەی زۆر بڕگە کەمدەکرێتەوە بۆ تاک بڕگە) (ساڵح، ٢٠١٢: ٢٥)، ئەم جۆرەی گۆڕان، (ئارەزووی مرۆڤە بۆ وزەپاراستن، لە ڕێگەی ئاسانکردنی دەربڕینەوە، بە مەبەستی سوککردنی ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەر ئەندامەکانی ئاخاوتن، وەکو: تواندنەوە و کرتاندن و جیابوونەوە و جێگۆڕکێی دەنگەکان و بەرزبوونەوە و سووکبوونی واتا و گۆڕان لە ڕیزبوونی کەرەستەی ڕستە و پەیدابوون و لەناوچوونی ئامراز...هتد) (فتاح، ٢٠١١: ١٢٩)، واتە هۆکارە ناوەکییەکانی گۆڕانی زمان ئەوانەن، کە پەیوەندییان بە خودی زمان خۆیەوە هەیە و لەناوەوە زمان دەگۆڕن، کە ئەوانیش (کات و وزەن، مەبەست لە کاتی خایاندنی زنجیرەی دەنگەکانە، بۆ گەیاندنی واتای مەبەست، وزەش ئەرک و ماندوبوونی ئاخێوەرە، تاوەکو دەنگەکان دروستدەکات و واتاکانی لێباردەکات، هەروەها ماندوبوونی گوێگریشە، تاوەکو دەنگەکان شیدەکاتەوە و واتاکانیان لێدادەگرێت، واتە هەرچەندە واتای زۆرتر لەسەر زنجیرە دەنگی کورتتر باربکرێت، ئاخێوەر و گوێگر وزە و کاتیان بۆ دەگەڕێتەوە) (ڕەسوول، ٢٠١٥: ٣٤٥). لە زمانی کوردیدا چەندین گۆڕان ڕوویداوە، گۆڕانەکانیش زیاتر لە پێناو ئابوورییکردن و پاراستنی وزە و پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئاخێوەری زمانەکە بووە، گۆڕانە دەنگییەکانیش ئەمانەن: (تیاچوونی دەنگ (دەسماڵ، مامۆستاکە...هتد)، دەنگگۆڕکێ (کانێکە، هاتۆتەوە...هتد)، جێگۆڕکێ (جەرگ، تەرزە...هتد)، دروستبوونی دەنگی نوێ (کانییەکە، بنووسەرەوە...هتد)...هتد).

## ١/١-٣-٢) گۆڕانە دەرەکییەکان/ نازمانییەکان:

ئەو گۆڕانانەیە، کە بە بەردەوامی و بە خێرایی کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، ئەم جۆرەی گۆڕان پەیوەستە بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵدا دێت، بەدوایدا گۆڕانکاری لە زاراوەکان و پێکهاتەی زمانیشدا ڕوودەدات، تاوەکو لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵە بڕوات و کەلێنە زمانییەکانی ئاخێوەرانی پڕبکاتەوە، چونکە (هەر زمانێک لە زمانە زیندووەکان، بریتییە لە سیستەمێکی دیاریکراو لە سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، کە دەچێتەژێر کاریگەری کولتورێکی دیاریکراوەوە، بەم ئەگەرەش زمان بۆ پەرەسەندن و گۆڕانی مەرجدار ملکەچە، کە پەیوەستە بە پەرەسەندن و گۆڕانەکانی ئەو کۆمەڵەی قسەی پێدەکەن) (معاذ، ٢٠٠٩: ١١٢). بەلای (هامبۆڵت)ەوە (هەر زمانێک بەرهەمهێنراوێکی ناوازەی نەتەوەیەکی دیاریکراوە، بە وردبوونەوە لە پێکهاتەی

ناوەوەی زمان، دنیابینی و بیرکردنەوەی ئەو نەتەوەیە دەردەکەوێت، بۆیە پێویایە گەشەکردن و پەرەسەندنی زمانێکی دیاریکراو ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە چۆنیەتی بیرکردنەوە و کولتور و تێڕوانینی گشتی ئەو نەتەوەیە بۆ ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن) (إفیتش، ٢٠٠٠: ٦٤–٦٧)، بە واتە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە ئەنجامی پێشکەوتن و پێکدادانی شارستانییەتەکان و گۆڕانی بیرکردنەوە و شێوازی ژیان و داهێنانی زانستی و تەکنەلۆژیا و ئابوری و خوێندن و گۆڕانە کولتوری و ڕۆشنبیرییەکان و تەمەن و ڕەگەز...هتد، دروستدەبن، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی زمان دەبێت و گۆڕانکاری بەسەردادەهێنن، چونکە زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کاریگەردەبێت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر دەردەکەوێت، ئامرازی سەرەکیی دەربڕینی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتیانەش زمانە، هەر بابەتێکی نوێ لە ژیاندا بێتەئاراوە بۆ ئەوەی ببێتە بەشێک لەنێو کۆمەڵ، یان کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی بیناسن و پێی ئاشنابن، وشەی تایبەتی بۆ دادەنێن.

زمانی کوردی بەهۆی هۆکارە نازمانییەکانەوە چەندین گۆڕانی بەسەرداهاتووە، لەلایەکەوە بەهۆی گۆڕان و بیرکردنەوە و دنیابینی کۆمەڵی کوردەوارییەوە، چەندین بیری نوێ لە زمانەکەدا سەریانهەڵداوە، بە پشتبەستن بە یاسا و ڕێسای زمانەکە خۆی، وشە و دەربڕاوی نوێی، وەکو (ڕۆڤار، ئەنفالانە، ئەنفالکراو، گەندەڵی، بندیوار، نانبڕاو، ڕوبعەموچە، نیوموچە، پاشەکەوتی موچە...هتد) بۆ سازکراوە، یان چەندین وشە، کە ناوبوون بۆ ئەو کەرەستانەی بەکارهێنانیان لەلایەن کۆمەڵەوە کەمبووەتەوە، بەرەو پوکانەوە دەچن، وەکو: (فتیلە، شەربە، گڵێم، هیزە...هتد)، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ بەشێکی زۆری ئەو کەرەستە و بیرە نوێیانەی، کە لە زمانەکانی دیکەدا سەریانهەڵداوە، وشەی خواستووە، وەکو: (کۆمپیوتەر، موبایل، مۆلیدە، فەیسبوک، ئەنتەرنێت، فایل، فەیسبوک، یوتوب، نیسان، ئایفۆن، مۆرفۆلۆژی، حکومەت، مایکرۆ، سەلاجە، کافتریا، پیتزا، کەمالیات، قۆزی، گۆڵ، لایمەن، دیموکراسی، تەڵاق، حەج، سلیکۆن، کۆرسترۆڵ، مەعدەنووس، سپلیت...هتد)، یان خواستنی /–ات/ی نیشانەکانی کۆی زمانی عەرەبی و /–ەها، –ها/ی زمانی فارسی، کە چەند ناوێکیان لە زمانی کوردیدا پێ کۆکراوەتەوە (باخات، دێهات، ساڵەها، دەیەها...هتد)، هەروەها هاتنەناوەوەی یاسای ڕیزبوونی پێکهاتەی فرێزی زمانی ئینگلیزی بۆ ناو زمانی کوردی، وەکو لە فرێزەکانی (هێمن گروپ، کورد بازاڕ...هتد)دا دەردەکەوێت، هەروەها پەیڕەوکردنی یاساکانی سینتاکسی زمانی عەرەبی لە دەربڕینی ڕستەی (هەستان بە ئەنجامدانی چالاکییەک)دا (بڕوانە: (٤/٢)، ( ١/٣).

## ٢/١) جیهانگیری و زمانی جیهانی:

### ٢/١-١)جیهانگیریی زمانیی:


شۆرشی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا و زانست و داهێنان و خێرایی هۆیەکانی پەیوەندیگرتن و ڕاگەیاندن و هاتوچۆ...هتد، کۆمەڵگای مرۆییان بەرەو بەجیهانیبوون بردووە و شارستانییەتە جیاوازەکانیان ڕووبەڕووی یەکترکردووەتەوە، وەکو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوری و هزرییەکان. ئەنجامەکانی ئەم گۆڕانکارییانەش بە جیهانگیری ناونراوە، کە بریتییە (لە دیاردەی تەسککردنەوەی کات و شوێن، کە لە ئەنجامی پێویستیی مرۆڤەکان بە یەکتر لە جیهاندا، بە شێوەیەکی هۆشیارانە کۆمەڵگا جیاوازەکان دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵی جیهانی، بەمشێوەیە زۆرێک لە سنورە جوگرافی و سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان لەناودەچێت، یان کەمدەبێتەوە) (برزو و محەمەد، ٢٠١٩: ٣). بەمەش کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەرەو یەک شارستانیی جیهانیی نوێ ئاڕاستەدەکات، لەمڕۆدا (بە جیهانیبوون و تەکنەلۆژیای نوێ، ڕۆڵی خۆیان بە شێوەیەکی زۆر چست و چالاک و خێرا لە هەموو پەیوەندییەکانی کۆمەڵدا دەبینن، میللەتان و زمانەکەشیان، لە کارتێکردنی تەواودان بۆ سەر یەکتری) (سدیق، ٢٠١١: ٥٤). زمانە جیاوازەکانیش، کە هەریەکەیان لە سنوری جوگرافیایەکی دیاریکراودا لەلایەن نەتەوە و گروپێکی تایبەتەوە بۆ گفتوگۆکردن و پەیوەندیی نێوانیان و گواستنەوە و تۆمارکردنی زانیارییەکان بەکاردەهێنرێت، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی و کولتوری و ڕۆشنبیری و زانستییەکانیانە، کە پێکەوە دروستکەری شارستانیەتی تایبەت بەو نەتەوە و گروپانەن، نەوە بۆ نەوە ئەزموون و بەها و بیرکردنەوەکانیان پێدەگوێزنەوە و لە لەناوچوون دەیانپارێزن، ئەمەش بە پێچەوانەی جیهانگیرییەوەیە، (کە پشتدەبەستێت بە شێوازێکی نوێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی شارستانییەتەکان، کە دژی ناسنامەی گەلان و ڕۆشنبیری و کولتوریانە، بە مەبەستی سەپاندنی باڵادەستی یەک کولتور و ملکەچپێکردنی جیهان بۆ دەسەڵاتی شارستانییەتی تاکلایەنانە، ئەمەش دەبێتەهۆی نەمانی ناسنامەی کەسایەتی و هەستی نیشتمانی و سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ناسنامە و کەسایەتییەکی نوێی جیهانی) (کەلاری، ٢٠٠٩: ٢٧–٢٨)، لەم ڕوانگەیەوە کارلێککردنی شارستانییەتەکان و بەرەو بەجیهانیبوونی کۆمەڵە جیاوازەکان، بەریەککەوتن و ململانێی لە نێوان زمانەکاندا دروستکردووە، لەڕووی باڵادەستی و فراوانبوونی هەندێک زمان بە پاڵپشتی هۆکارەکانی جیهانگیریی، مردن و لەناوچوونی زمانە لاوازەکان بە کاریگەری ئەو هۆکارانە و وازهێنانی ئاخێوەران لە زمانی دایک و هاندانی خەڵکی بۆ گۆڕینی زمانەکەیان لەپێناو دەستکەوتنی کار و سودوەرگرتن لە زانست و زانیارییە نوێیەکان و خۆگونجاندن لە کۆمەڵە زمانییە نوێیەکاندا، ئەمەش بووەتەهۆی هاتنەناوەوەی چەندین وشە و زاراوە بۆ سەر زەویی زمانە جیاوازەکان، چونکە هاوکێشەی شارستانیەت و پاراوی زمان بە یەک ئاڕاستە دەڕۆن،

هیچ شارستانیەتیەک بەبێ وەرگرتنی بیروڕای شارستانیەتییەکانی دیکە بونیادنانرێت و بیروڕاش بەبێ زمان و زاراوەکانی وەرناگیرێت، بۆیە (ئەگەر شارستانیی جیهانی سەرهەڵبدات، ئەو کات دەبێت ویستی هەبوونی زمانێکی جیهانی و ئایینێکی جیهانیش لە ئارادابێت) (پ.هانتینگتۆن، ٢٠٠٥: ٥٤).

لەبەرئەوەی زمان ئامرازی سەرەکی پەیوەندیگرتن و بەجێگەیاندنی ئەو هۆکارانەیە، کە جیهانیان بەرەو بەجیهانیبوون بردووە، بۆیە زمان لەلایەکەوە ڕۆڵی لە دروستکردنی جیهانگیریدا هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە خۆشی بەرەو جیهانگیریی زمانی هەنگاودەنێت. ئەگەر لە پێشوودا وڵاتە گەورە و بەهێزەکان لە ڕێگەی داگیرکاری و ڕۆشنبیری و ئایینی و سیاسییەوە هەوڵی فراوانکردن و سەپاندنی زمانەکەکانیان بەسەر زمانی گەلانی دیکەدا دابێت، ئێستا وڵاتانی خاوەن پیشەسازییە بەهێزەکان و هێزە سیاسییە گەورەکان، هەوڵی ئەوە دەدەن، زمانەکەیان لە ڕێگەی زانست و تەکنەلۆژیا و داهێنان و ڕۆشنبیری و ئابوری و پەروەردە و خوێندنەوە بە سەر زمانەکانی دیکەدا زاڵ و فراوانبکەن، چونکە (زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە بە هەموو گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێویستییەکانی ئەو کۆمەڵەدا بڕوات، دەبێت گۆڕانکاری لە زاراوە و پێکهاتەکانیدا بکات، بۆ نموونە ئەگەر پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا توانی کولتوری باو بگۆڕێت، ئەوە پەنا بۆ زمان دەبرێت، تا زاراوە و گۆکراوی نوێ بەرهەمبهێنێت، یان گۆڕانکارییان تێدابکات) (معاذ، ٢٠٠٩: ١١٢).

جیهانگیری لە جیاتی ئەوەی زمانە کەمینە و لاوازەکان بەهێزبکات و وەکو بەشێک لە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بەشداریان لە بڵاوبوونەوە و نزیککردنەوەی نێوان گەلاندا پێبکات، بەپێچەوانەوە بەرەو لەناوچوونیان دەبات، بەمەش زیان بە شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەگات، چونکە (زمانەکان ئاڵۆزترین داهێنراوی عەقڵی مرۆڤن، هەر زمانێک لە دەنگەکانیدا و لە پێکهاتە و شێوازی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی لە زمانەکانی دیکە جیاوازە، کاتێک زمانێک لەناودەچێت، ئەوە بە تەنها زمانەکە خۆی لەناوناچێت، بەڵکو لەبەرئەوەی هەر زمانێک پەیوەست و گرێدراوە بە کولتور و وێژەیەکی دانسقەوە، چ نووسراوبێت، یان نەنووسراو، بۆیە بە مردنی هەر زمانێک کۆتایی بە بیرکردنەوە و داهێنان و ئەزموونەکانی بەشێک لە مرۆڤایەتی دێت) (کەمرێ و دایەمەند و ...، ٢٠٠٧: ٧٨). (سبیرۆنی)ی زمانەوان لە کتێبەکەیدا داکۆکی لە بیرۆکەی یەکسانی نێوان زمانەکان دەکات و دەڵێت: (هەموو زمانەکان لە یەک سەرچاوەوە وەرگیراون و بنەچەکەیان یەکە، بەڵام بە درێژای ڕۆژگار هەندێک لەو زمانانە لەوانی دیکە گەشەسەندووتر و دەوڵەمەنتر بوون، چونکە زۆر بە ڕێکوپێکی ڕێکخراون، ئەم دیاریدەیە بۆ سروشتی خودی زمانەکە خۆی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ زیرەکی و لێهاتوویی ئاخێوەرانی دەگەڕێتەوە) (کالفی، ٢٠١٢: ٦٨). لە پێشبڕکێی گەیشتن بە لوتکەی زمانی جیهانی لەڕووی بایەخپێدان و بڵاوبوونەوەی بە سنوری جوگرافیای زمانە تایبەتەکانی کۆمەڵە جیاوازەکان، (ئەو زمانانەی، کە بایەخی سیاسی و ئابوری و زانستییان هەیە، وەکو زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ڕوسی و ئیسپانی و چینی لە ئاستی نێودەوڵەتی دەرکەوتوون و بایەخیان

پێدەدرێت) (خرما، ١٩٧٨: ٤٧-٤٨)، ئەو هۆکارانەی، کە دەبنەهۆی جیهانگیریی زمانیی و دروستبوونی زمانی جیهانی، لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە خراونەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٢) هۆیەکانی دروستبوونی جیهانگیریی زمانیی و زمانی جیهانی.

## ٢-٢/١) زمانی جیهانی:

هەموو زمانێک لە بنەڕەتدا زمانی دایکی کۆمەڵێک یان وڵاتێکی تایبەت و دیاریکراوە و ئاخێوەرانی بۆ پەیوەندیگرتنی نێوانیان بەکاریدەهێنن، بەڵام (ئەگەر زمانێک لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕۆڵی تایبەت بگێڕێت و وەکو زمانی سەرەکی و بەهادار لە ئاستی نێو نەتەوەییدا لەلایەن وڵاتانی دیکەوە بەکاردبهێنرێت، ئەوە بە زمانی جیهانی دادەنرێت (یەعقووبی، ٢٠٠٧: ١٠١)،

بڵاوبوونەوەی هۆیەکانی گواستنەوە و پەیوەندیگرتن و تەکنۆلۆژیا، جیهانی بە شێوەیەک بچووککردووەتەوە، کە ڕووداوێک لە شوێنێک ڕوودەدات، کاریگەریی لەسەر شوێنەکانی دیکە دەبێت، هەروەها (ڕوودانی جەنگە گەورە جیهانییەکان و دامەزراندنی دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش...هتد، بوون بە هۆکارێک بیر لە بەکارهێنانی زمانێکی سروشتی، یان دەستکرد بکرێتەوە وەکو زمانێکی جیهانی، کە ببێتەهۆی لێکگەیشتن لەنێوان نوێنەرانی وڵاتە جیاوازەکان، ئەمەش بووەهۆی ئەوەی ئەو زمانانەی، کە بایەخی سیاسی و ئابوری و زانستییان هەیە وەکو زمانەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕوسی و ئیسپانی و چینی لە ئاستی نێودەوڵەتی دەربکەون و بایەخیان پێبدرێت، هەروەها زمانی ئیسپرانتۆش (Esperanto) وەکو زمانێکی دروستکراو بایەخی پێدرا) (خرما، ١٩٧٨: ٤٧-٤٨)، بە پاڵپشتی ئەو هۆکارە نازمانییانەی، کە ڕۆڵیان لە دروستکردنی جیهانگیریدا هەیە، ئێستا چەندین زمان لەڕووی بایەخپێدان و بڵاوبوونەوەی بە سنوری جوگرافیای زمانە جیاواز و تایبەتەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکان، لە پێشبڕکێی گەیشتنن بە ترۆپکی زمانی جیهانی، (ئەو زمانەی، کە دەیەوێت ڕۆڵی زمانی جیهانی ببینێت، دەبێت سەرەڕای ئەوەی زمانی دایکی چەند وڵاتێکی جیهان بێت، لە ئاستی نێونەتەوەیشدا لە وڵاتانی دیکەش کاریگەر و بایەخداربێت، لەو وڵاتانەی زمانی دایکییان نییە، وەکو زمانی دووەم لە بوارەکانی سیاسەت، یاساگەلی دادوەری، ڕاگەیاندنە گشتییەکانی پەیوەندیگرتن و سیستەمی ڕاهێنان کەڵی لێوەربگیرێت، لەلایەکی دیکەشەوە وەکو زمانی بیانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتانە بۆ بەرەو پێشبردنی مەبەست و ئامانجە بازرگانی و ئابوری و کۆچکردن و ڕاهێنان و فێرکردن...هتد، هۆگریی خۆیان بۆ فێربوونی نیشانبدەن) (یەعقوبی، ٢٠٠٧: ١٠١-١٠٢)، واتە دوو کۆمەڵە هۆکار دەبن بە پاڵپشتی بۆ ئەوەی زمانێک وەکو زمانێکی جیهانی ڕۆڵبگێڕێت و بە خێرایی بە وڵاتانی دیکەدا بڵاوبێتەوە و سنوری زمانەکانی دیکە ببەزێنێت:

١. بەشێکیان هۆکاری نازمانیین، وەکو (پێشینەی مێژووی و ڕۆشنبیری و کولتوری و سیاسی و ئابوری و زانست و داهێنان و تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و خوێندن و حەز و ئارەزوو لە فێربوونی ئەو زمانە...هتد)، هەر کۆمەڵێک لەو بوارانەدا سەرکەوتووبێت، ئەوە بەهەمانشێوە زمانەکەشیان سەرکەوتوودەبێت و شانبەشانی بڵاوبوونەوەی ئەو بوارانە بڵاودەبێتەوە.

٢. بەشێکی دیکەیان هۆکاری زمانیین و پەیوەستن بە خودی زمانەکە خۆیەوە، وەکو تایبەتمەندی خێرا فێربوون و هۆگری و خۆشەویستی بۆ زمانەکە.

ئێستا چەندین زمان بە پاڵپشتی ئەو هۆکارانە لە هەوڵی گەیشتنن بە زمانی جیهانی، لەوانە زمانی (ماندارین)ی چینی بە پاڵپشتی زۆری ژمارەی ئاخێوەر و زانست و تەکنەلۆژیا، زمانی فەرەنسی بە هۆکاری داگیرکاری و سیاسی و کولتوری و پلانی زمانی لە بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا و ئەفریقا بەکاردەهێنرێت، زمانی عەرەبیش بەهۆی ڕۆشنبیری و بڵاوبوونەوەی ئایینی

ئیسلام، کە زمانی فەرمی ئایینەکەیە، لە زۆرێک لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بەکاردەهێنرێت، زمانی ئینگلیزیش بەهۆی پێگەی ڕۆشنبیری و ئابوری و سیاسی و داگیرکاری و زانست و تەکنەلۆژیا و خوێندنەوە، لە بوارە جیاوازەکاندا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت و لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەکاردەهێنێت، زمانی ڕوسیش لە زۆربەی وڵاتانی یەکێتی سۆفیەتی کۆن بەکاردەهێنرێت، زمانەکانی ئیتالی و ئیسپانی و پورتگالیش بەهەمان شێوە، بە پاڵپشتی سیاسی و ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژیا لە ئاستی نێودەوڵەتی بەکاردەهێنرێت. بە شێوەیەکی گشتی هەریەکە لەم زمانانە بە پلە و ڕێژەی جیاواز، زمانی دایکی یان زمانی فەرمی یان زمانی دووەمی زۆربەی وڵاتانی جیهانن، بەڵام لەسەروی هەموویانەوە (ئەو زمانەی لوتکەی بەکارهێنانی لە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی گرتووە، زمانی ئینگلیزییە، بەشێوەیەک زمانە پێشکەوتووەکانی دیکەی خستۆتە مەترسییەوە) (سدیق، ٢٠١١: ٥٤)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک هۆکار، لەوانە:

١. سانابوون و ڕێسابوونی ڕێزمانی زمانی ئینگلیزی، کەڵک وەرگرتن و کارایی و فراوانی، بوونی ژمارەیەکی سنوردار لە پێشگر و پاشگر و نەبوونی جیاوازی لە ڕەگەزی نێر و مێ و خۆش ئاهەنگی دەربڕین و ڕوونی دووربوون لە لێڵی ڕێزمانی و واتایی...هتد) (یەعقوبی، ٢٠٠٧: ١٠٤).

٢. سەرکەوتنی کۆمەڵی ئەمریکی لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا نوێیە پەرەسەندووەکان، کە بە زۆری زمانی بە زمانی ئینگلیزی کەرەستە و داتاکانی بڵاودەکەنەوە.

٣. یەکێکە دیکە، کە لە پشت بە خێرایی بڵاوبووەنەوە و پەسەندبوونی زمانی ئینگلیزییەوەیە، پرۆسەی فێرکردنە، (کە یەکێکە لە ڕێگا گرنگەکانی جیهانگیریی زمانی، سیاسەتی فێرکردنی زمانی بیانی سیاسەتێکی جیهانگیرییە، کە هانی زمانەکان دەدات بە ئازادانە سنورە نیشتمانییەکان تێپەڕێنن، ئێستا زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردەی زۆرێک لە وڵاتاندا بەکاردەهێنرێت) (برزو و محەمەد، ٢٠١٩: ١١).

٤. یەکێکی دیکە لە هۆکارە گرنگەکان بەکارهێنانی ئەنتەرنێتە، چونکە زۆربەی خستنەڕووی داتاکان و زمانی بەکارهێنراو تیایدا زمانی ئینگلیزییە، ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە، ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان لە جێی گۆڕینی داتاکان و وشە و زاراوە ئینگلیزییە وەرگیراوەکان بۆ سەر زمانەکانی خۆیان، زۆربەیان هەوڵی فێربوون و بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی دەدەن.

٥. پیشەسازیی فیلم و پرۆگرامە تەلەفزیۆنییەکان و گۆرانی، کە ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرەکی تێدا دەگێڕێت و بە شێوەیەکی سەرەکی بە زمانی ئینگلیزی بەرهەمەکانیان بڵاودەکەنەوە، بە تایبەتی لە بواری فلیمدا، کە دەزگای هۆلیۆدی ئەمریکی جڵەوی بە دەستەوە گرتووە، ڕۆڵێکی گرنگی لە بڵاوکردنەوەی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا هەیە (یانسۆن، ٢٠١٩: ٣١٧–٣١٨).

ئەم هۆکارانەی سەرەوە زمانی ئینگلیزییان بەرەو بە جیهانیبوون بردووە، ئێستا ئەو زمانەیە، کە خەڵکی لە کۆمەڵە جۆربەجۆرەکانی جیهاندا بۆ پەیوەندییەکانی خۆیان کەڵکی لێوەردەگرن، (دیپلۆماتەکان، بازرگانان، زانایان، گەشتیاران، ڕێکخراوە خزمەتگوزارییەکان، فڕۆکەوانان، لێپرسراوی کۆنترۆڵکردنی ترافیکی ئاسمانی...هتد، پێویستییان بە ئامرازێکی لەبارە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا، ئەم ئامرازە ئێستا بە شێوەیەکی فراوان زمانی ئینگلیزییە، کە ئامرازێکە بۆ پەیوەندیی نێوان کولتورەکان) (پ.هانتینگتۆن، ٢٠٠٥: ٥٤–٥٥). ئێستا (زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێکی کارگێڕی و ئاخاوتنی ڕۆژانە لە زیاتر لە (٦٠) وڵاتی جیهاندا کەڵکی لێوەردەگیرێت، هەروەها زمانی فەرمی (٢٠) وڵاتە، لە (٦) کیشوەردا ڕۆڵی سەلمێنراوی هەیە، زمانی پڕفرۆشترین ڕۆمانەکانی جیهانە، زمانی کۆنترۆڵی هاتوچۆی ئاسمانی، بازرگانی نێونەتەوەیی، کۆنفرانسە جیهانییەکان، تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، زانیاری دەماری، سیاسەت، وەرزشە، زیاتر لە دوو لەسەر سێی زاناکانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی بابەت و کتێب دەنووسن، سێ لەسەر چواری نامە ئەکادیمییەکانی جیهان بە زمانی ئینگلیزی دەنووسرێت، لە(٩٠%)ی پەیوەندییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی ئینگلیزییە) (یەعقوبی، ٢٠٠٧: ١١٨).

بە جیهانیبوونی زمانی ئینگلیزی بەهۆی هۆکارەکانی جیهانگیرییەوە، وەکو زۆربەی زمانەکانی دیکەی جیهان، باڵی بەسەر زمانی کوردیشدا کێشاوە و لە فراوانبوون و پاوانخوازیدایە، هەرچەندە لەلایەکەوە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەنددەکات، لەلایەکی دیکەوە مەترسی دەخاتەسەر ئایندەی زمان لەڕووی وازهێنان لە فێربوونی زمانی دایک و بێبایەخکردنی لە ناوەندە زانستی و ئابوری و سیاسییەکاندا، ئێستا (زمانیی ئابوری و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیاری و سەرچاوە و توێژینەوە زانستییەکان و فیلم و داتاکانی کۆمپیوتەر و مۆبایل و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و تابلۆی دوکان و شوێنەکان و زانیارییەکانی سەر کەرەستە پزیشکی و خواردەمەنی و جوانکاری و پێویستییەکانی ناوماڵ...هتد)ە، لە ڕێگەیەوە چەندان وشەو زاراوە و دەربڕاو هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، وەکو (دیموکراسی، پەرلەمان، ڕیفراندۆم، بایۆمەتری، سیمینار، کۆنفراس، کۆنگرە، پلینۆیم، پاسپۆرت، ئەنتەرنێت، ستۆدیۆ، موبایل، تەلەفون، باڵانس، فیدیۆ، فۆتۆ، ئەلیکترۆنی، سۆشیال میدیا، ڕیکلام، سکوریتی، دیزاین، ڕۆتین، ئۆرجیناڵ، براند، کوالیتی،


ڤیستیڤاڵ، ماراسۆن، فەیسبوک، تۆیتەر، تیلیگرام، ڤایبەر، سناپ چات، ئیمێڵ، یاهو، جی مەیڵ، ویکیپیدیا، یوتوب، ئەکاونت، سایت، چات، لایک، ئەکتیڤ، مێنشن، تاگ، کۆمێنت، سکایپ، ئەدمین، تیکتۆک، مۆڵ، مارکێت، سۆپەرمارکێت، ڕیستۆران، دلیڤەری، فرێش، ساندویچ، پیتزا، کنتاکی، فنگر، مەیکەپ، فاشیۆن، فیلەر، بۆتۆکس، شۆ، ئەکشن، سوپرایس، فۆتۆشوپ، ئۆنلاین، کلاس ڕووم، گروپ، کویز، کۆرس، بۆلۆنیا، ئۆڤەر، تێست، ڕێست، ئۆف، بلۆک، تێنس، پەرنارتی، بایکۆت، کافتریا، کافی، فاست فود، نیسکافە، کاپوچینە، دی ڤیدی، سیدی، فلاش، لاپتۆپ، ئایپاد، میمۆری، کۆپی، گەیم، ڕیکۆرد...هتد) (بڕوانە: (٢/٤)، هەرچەندە لەلایەکەوە فەرهەنگی زمانی کوردی دەوڵەمەندکردووە و کەلێنێکی ئەو بوارە نوێیانەیان پڕکردووەتەوە، بووە بە هۆکاری دانەبڕانی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە زانست و زانیاری و سودوەرگرتن لە داهێنان و گۆڕانە نوێیە جیهانییەکان، کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمانە زیندووەکان، هیچ زمانێکی جیهان لەم کاریگەرییانە بەدەر نییە، لەلایەکی دیکەشەوە مەترسییەکی ڕاستەقینەی خستووەتەسەر زمانی کوردی، بە جۆرێک زمانی ئینگلیزی زمانی بەشێکی زۆری پڕۆگرامەکانی خوێندنە لە زانکۆکاندا، هەروەها زمانی یەکەمی ئەو منداڵانەیە، کە لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە ناحکومییەکان دەخوێنن (بڕوانە: (٤/٣)، سەرەڕای ئەمەش زۆرێک لە ئاخێوەرانی زمانی کوردی بۆ وەرگرتنی زانیاری و دەستکەوتنی کار و دانەبڕان لە دنیای دەرەوە، بایەخێکی گەورەی پێبدەدەن، لە جیاتی دانانی زاراوە و وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی بەرەو فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەڕۆن، بۆیە ڕۆژبەڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندایە، ڕەنگە لە داهاتوودا شانبەشانی زمانی کوردی لە سەر زەوی جوگرافیای زمانی کوردی بڵاوبێتەوە و ببێتە زمانی دووەم و بکەوێتە ململانێی توندی زمانی کوردی، لەڕووی بایەخپێدانی لە جیاتی فێربوونی زمانی دایک و بەکارهێنانی لە کاروباری ڕۆژانە و ڕامیاری و سیاسەت و ڕاگەیاندن و خوێندن، بەمەش کاریگەریی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵی کوردی بۆ دەوروبەر دروستدەکات و ناسنامە و ئەزموون و کولتور و ڕۆشنبیری و مێژو و زانیارییە تۆمارکراوەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەرەو لەناوچوون دەبات.

## ٣/١) ململانێی زمانیی:

ململانێی زمانیی، کە بەهۆی کۆمەڵێک هۆکار لە نێوان زمانەکانی کۆمەڵە جیاوازەکاندا بەرپادەبێت، (دەچێتە خانەی لقێکی دیاریکراوەوە لە زانستی زمان، کە بە زمانەوانیی بەریەککەوتن ناودەبرێت، لێکۆڵینەوە لەم لقە نوێیەی زمانەوانی بۆ یەکەمجار لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەریهەڵدا، کە بۆ لێکۆڵینەوەکانیان میتۆد و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییان بەکارهێناوە) (نێلدە، ٢٠١٠: ١٢٨–١٣٠). زمانەوانی بەریەککەوتن (سێکوچکەیەکە پایەکانی بریتین لە زمان و بەکارهێنەرانی زمان و کایەی زمان، کە لە لێکۆڵینەوەکانیدا چەند ئاستێکی زمانەوانی لەخۆدەگرێت، لەوانە فۆنۆلۆژی و سینتاکس و فەرهەنگ لەلایەک و شیکردنەوەی گوتار و شێوازگەری و پراگماتیک لەلایەکی دیکەوە، لەپاڵ ئەمانەش چەند فاکتەرێکی دەرەکی هەن، وەکو نەتەوە و کۆمەڵی زمانیی و سنوری زمان و کۆچ و فرەزمانی...هتد) (سەرچاوەی پێشوو: ١٣٣). بەریەککەوتنی زمانەکان (مێژویەکی کۆنی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغە سەرەتاییەکانی جیابوونەوە و دروستبوونی زمانە جیاوازەکان، بۆ نموونە لە یۆنانی کۆندا مامەڵەکردنی تایبەتی و ململانێی وشە لەگەڵ زمانە جیاوازەکان کراوە، هەرکەسێک بە زمانی گریک قسەی نەکردایە، ئەوە بە نامۆیان لە قەڵەم دەدا و بە (بەربەر)یان دادەنا، ئەم زاراوەیە لە دەمارگیری و جوداخوازییەوە سەریهەڵدابوو، کە بەلایانەوە هەرکەسێک بەو زمانە قسەی بکردبا، بەلایانەوە شەرم و عەیبە بوو، نەدەبووایە چاوپۆشیی لێبکرایە، لاتینیەکان پێیانوابوو زمانی هەموو گەلان جگە لە زمانی ئەوان و گریگ، بەربەرن) (کالفی، ٢٠١٢: ٦٦).

هەروەک چۆن لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا، تیرە و هۆز، گەل و نەتەوە و دەوڵەتانی جیهاندا، چەڵەمە و ململانێ و ناخۆشی و جەنگ ڕوودەدات، بەهەمانشێوەش لەنێوان زمانە جۆربەجۆرەکانی گەلانی جیهانیشدا، ئەو گرفتانە ڕوودەدات (عەزیز، ٢٠٠٥: ٣٧). کۆمەڵی مرۆڤایەتی هەمیشە لە گۆڕان و وەرچەرخاندایە و کۆمەڵەکان بە شێوەی جیاواز و بە هۆکاری جۆراوجۆر لە ڕەهەندی جیاوازی (کولتوری و زانستی و سیاسی و جوگرافی و ئابوری و ڕامیاری و پەروەردە و فێرکردن...هتد)ەوە بەریەکدەکەون، زمانە جیاوازەکانیش وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەریەکدەکەون و کاریگەری لەسەر یەکتر دروستدەکەن، بۆیە دەبێت (بەریەککەوتنی زمانی بە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی بەریەککەوتن و پەیوەندییە نازمانییە درێژماوە، یان کورتماوەکان دابنێین) (مدرسی، ١٣٩١: ٧٧)، چونکە زمان یەکەمین و سەرەکیترین و بەرکارترین و دەرکەوتووترین ئامرازی پەیوەندی و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵی زمانە جیاوازەکانە، بۆیە زۆرترین کاریگەری لەسەر دەردەکەوێت. زمانەوانیی بەریەککەوتن، (زمان وەکو نیشانەیەکی لاوەکی دەبینێت لە پاڵ هەندێک هۆکاری سەرەکی، وەکو ململانێی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئایینی و مێژوی، واتە بەریەککەوتنەکان لە نێوان

ئاخێوەرانی کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکاندا هەیە، نەک لەنێوان خودی زمانەکان خۆیان) (عمر و عمر، ٢٠١٧: ٤٥-٤٦)، وەکو لەم هێڵکارییەدا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٣) بەریککەوتن و ململانێی زمانیی

ململانێ بریتییە (لە پێکدادانی هەندێ بەرژەوەندی و بەها، بەجۆرێک ترسێکی ڕاستەقینە، یان ڕووکەشیانە بەرهەمبهێنێت، بۆئەوەی بەرژەوەندییەکانی لایەنێک بپارێزرێت، پێویستە ڕێگری لە ئامانجەکانی لایەنی بەرامبەر بکرێت، یان هیچ نەبێت کپبکرێت و سنوریان بۆ دابنرێت) (نێڵدە، ٢٠١٠: ١٣٦)، واتە هەر کاتێک دوو کۆمەڵی جیاواز یان زیاتر بەریەککەوتن، چەندین کەرەستە و دیاردەی بەرجەستە و بیر لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕییان پێدەکرێت، یەکێک لە کاریگەرییەکانی ئەم بەریەککەوتن و ئاڵوگۆڕکردنە، لەسەر زمان دەردەکەوێت، چونکە لەپاڵ بەریەککەوتن و پەیوەندیی کولتوری و سیاسی و زانستی نێوان کۆمەڵەکاندا، ململانێی زمانیش دێتەئاراوە، کە تیایدا (بەشێک لە بنەما زمانییەکان لەنێو ئەو کۆمەڵانەدا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، دەرئەنجام دەبێتەهۆی ئەوەی بەشێک لە ئاخێوەرانی زمانەکان فێری زمانی بەرانبەر ببن، یان هیچ نەبێت، بەشێک لە یەکەکانی زمانەکە وەربگرن و بە هۆیەوە فەرهەنگی زمانەکەیانی پێ دەوڵەمەندبکەن و لە شوێن و کاتی جیاوازدا بەکاریانبهێنن)( برزو و حەمید، ٢٠١٧: ٢٣٩)، یان دەبنەهۆی شێواندن و لەناوچوونی زمانەکە. ململانێی زمانی (بۆی هەیە لە هەر شوێنێک سەرهەڵبدات، کە بەریەککەوتنی زمانی تێداهەبێت بە تایبەتیش لە کۆمەڵە فرەزمانەکاندا، کە لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی بەها و بۆچوونی جیاجیادا دروستدەبێت و کاریگەریی بەهێزی لەسەر وێنەی کەسی و پەروەردە و خوێندن و هۆشیاری

کۆمەڵیش دەبێت) (نێڵدە،٢٠١٠: ١٤٢). (دەکرێت ململانێ لەنێوان دوو زاری زمانێک (بەتایبەتی زمانی ستاندارد و زاری ناوچەیی)، یاخود زمانی نەتەوەیەک لەگەڵ زاری نەتەوەیەکی دیکەدا ڕووبدات، زارەکانی زمانی کوردی باشترین نموونەی ئەم لایەنەی ململانێی زمانەکانن، بۆ نموونە زاری ناوەڕاست لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ زمانی فارسی و لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ زمانی عەرەبی، هەروەها زاری ژوورو لە باکور و ڕۆژئاوای کوردستان لەگەڵ هەردوو زمانی تورکی و عەرەبی) (ئەحمەد، ٢٠١٦: ٢٨).

لەکاتی بەریەککەوتنی زمانەکاندا، هەر زمانێک بە پاڵپشتی هۆکارەکانی وەکو داگیرکاری و سیاسی و ڕامیاری و ژێرخانی ڕۆشنبیری و ئابوری و کولتوری و جوگرافیا و ژمارەی ئاخێوەران...هتد، هەوڵی سڕینەوە و لەناوبردنی زمانەکەی دیکە دەدات، یان لە باشترین حاڵەتیشدا هەردووکیان سەرەڕای کاریگەری دانان لەسەر یەکتر گەشەدەکەن، یان سستدەبن، چونکە زمان وەکو ئایین و کولتور و بوارە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی بە تاکی ئاخێوەر خۆیەوە هەیە، لە هەمانکاتیشدا بەبێ پەیوەندی بە تاکەکانی دیکەوە سودی نابێت، واتە (هەرکاتێک دوو کۆمەڵگا بە هۆکاری جۆراوجۆر بەریەککەوتن و پەیوەندی لە نێوانیان دروستبوو، ئەوە زمانەکانیشان بەریەکدەکەون و لە پەیوەندیدا دەبن، ئەنجامی ئەمەش هەمەجۆر دەبێت، لەوانە مردنی زمانێکیان، پەیدابوونی زمانی نوێ، زمانی تێکەڵاو، گۆڕانی زمانیی، جووتزمانی، خواستنی زمانی، نزیکبوونەوە و دەستتێخستن و کاریگەرییان لەسەر یەکتری) (مدرسی، ١٣٩١: ١٠٩).

لەپێشودا زمانەکان بە هۆکارەکانی جوگرافیا و دراوسێیەتی و داگیرکاری و ئایینی و ڕۆشنبیری و ئابوری بەریەکدەکەوتن، وەکو بەریەککەوتنی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی...هتد، بەڵام لە قۆناغەکانی دواتردا بەهۆی (پێشکەوتنی شارستانییەت و ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی پەیوەندیگرتن و کۆچکردن و گەشتوگوزار و زانست و ...هتد)، زمانەکان هەر جێکەوتەی خۆیانەوە بەر زمانانێک دەکەون، کە دراوسێیەتی و داگیرکاری بەیەکیانەوە نابەستێتەوە، وەکو بەریەککەوتن و ململانێی زمانی ئینگلیزی لەگەڵ زۆربەی زمانەکانی دیکەی جیهان. (هەتاوەکو تێکەڵاوی لەنێوان زمانەکان زیاتر و فراوانتربێت، زیاتر لەیەکتر نزیکدەبنەوە و کەرەستەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن، ئەمەش دەبێتەهۆی نزیکبوونەوەی هەردوو زمانەکە و ململانێ لە نێوانیاندا، هەر زمانێکیان زیاتر کەرەستە ببەخشێت، ئەوە بە زمانی زاڵ دادەنرێت و بە پێچەوانەشەوە هەر زمانێکیان کەرەستە زیاتر وەربگرێت، ئەوە بە زمانی بەزیو دادەنرێت) (ڕەسوول، ٢٠١٥: ٢٣١). بەشێکی زۆری ململانێی زمانەکان (لە ئەنجامی هەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتیی جیاواز و مامەڵەی حکومەتە، کە مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵ زمانی باڵادەست دەکات بەدەر لە زمانەکانی دیکە، لەم بارانەشدا ترس و دڵەڕاوکێ و نائومێدی گروپە لاوازەکەی کۆمەڵ لە هەموو ئاستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەروونیدا، وادەکات، ململانێی زمانیی دروستببێت) (نێڵد، ٢٠١٠: ١٣٩). هۆکارێکی دیکەی ململانێی زمانەکان

(جیاوازی زمانی نێوان گروپەکانی نەتەوەیەک، یان دەوڵەتێک، یان قەوارەیەکی سیاسییە، کە هەریەکەیان دەیانەوێت بە شێوەیەکی فەرمی بناسرێت، یان بپارێزرێت، یان گەشەی پێبدرێت، بە تایبەتی لەو کاتانەی زمانێک یان چەند زمانێک، کە لەلایەن کۆمەڵێکەوە، یان حکومەتێکەوە پشتگیری دەکرێت، یان ڕەتدەکرێتەوە، گرتنەخۆی زمانێکی دیاریکراویش پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بە ناسنامەی نەتەوەیی و هەرێمییەوە هەیە) (Richards & Schmidt, 2002: 288). ئەو ململانێیانەی زمان، کە هەرەشە لە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی گەلان دەکەن، مەرج نییە، هەمیشە لە ئاکامی ململانێ مێژووییە درێژخایەنەکانی نێوان کەمینە زمانەکانەوە بن، بەڵکو سیستەمە نوێیەکانی جیهان و دووبارە بونیادنانەوەیان لەو ساڵانەی دواییدا، سەرچاوەی زۆرێک لە ململانێیەکانی ئێستان) (نێڵدە، ٢٠١٠: ١٤٧). لە مێژووی ململانێی نێوان زمانەکاندا (دوو جیاوازی گەورە لەنێوان شەڕی زمانەکان لە کۆندا لەگەڵ شەڕی نێوان زمانەکانی ئێستادا هەیە، شەڕە کۆنەکان بێ ویستی ئاخێوەرانی زمان و بەبێ ئاگایی، یان وەکو بەرەنجامێکی پلە دوو دەردەکەوتن، شەڕی نێوان زمانانی ئێستا، پێشتر بە وردی نەخشەی بۆ کێشراوە و ئامرازەکانی بردنەوە و سەرکەوتنی بۆ دابینکراوە، هەر لە بەکارهێنانی چەک و ڕەشەکوژی و کۆچپێکردن تا دەگات بە سودوەرگرتن لە نوێترین تەکنەلۆژی و ئامرازی گەیاندن) (هەرشەمیی، ٢٠٢٠: ٨٥)

لە ململانێی نێوان زمانەکاندا چەند مەرجێکی سەرەکی، بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێکە و زاڵبوونی زمانێکیان بەسەر زمانەکەی دیکەدا هەن ، کە ئەمانەن (بەرزنجی و قادر، ٢٠١٣: ٢٤):

١. تێکەڵبوونەکە دەبێت ماوەیەکی زۆر بخایەنێت و ململانێکە بە لایەنی کەمی دوو سەدە بەسەربەرێت.
٢. خاوەنی یەکێک لە زمانەکان دەبێت بپەڕێتەوە بۆ سنوری ئەوی دیکە و تێکەڵبن.
٣. لە کاتی تێکەڵبوون لایەنی بەرجەستە و ڕۆشنبیری و کولتوری بگرێتەوە .
٤. (بنەچە/خێزان)ی زمانەکان.

ئەنجامی بەریەککەوتن و ململانێی زمانەکان بە جۆر و ماوەی خایاندنی ململانێکەوە پەیوەستە، (کاتێک دوو زمان بەهۆی شەڕ و داگیرکاری و بازرگانی و کۆچکردنەوە لە یەکتر دادەبڕێن، یان تێکەڵدەبن و دەکەونە ململانێ، یەکێکیان دەبێت بە سەردەستە و ئەوی دیکەیان تا ماوەیەک لە کاردەخات و سستیدەکات، یان ئەوەتا دەیکات بە پاشکۆی زمانێکی دیکە و لە قۆناغێکی دیکەوە، وەکو زمانێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە، یان ئەوەتا ململانێکە بە هیچ لایەکدا ناکەوێت و هەردوو زمانە ناکۆکەکە سەربەخۆی خۆیان دەپارێزن) (سەرچاوەی پێشوو: ٢١-٢٢)، بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی ململانێی نێوان زمانەکاندا سێ حاڵەت لە نێوان زمانی کۆمەڵی داگیرکراو و زمانی داگیرکەر ڕوودەدات، کە بریتیین لە (مدرسی، ١٣٩١: ٨٠-٨٣):

١. مانەوە و پارێزگاری لەخۆکردنی زمانی ژێردەستە:

بەهۆی دەوڵەمەندی کۆمەڵی داگیرکراو لەڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە، زمانەکەیان بەرامبەر بە زمانی سەردەستە بەرگریدەکات و پارێزگاری لە خۆی دەکات، وەکو زمانی دایکی کۆمەڵەکە دەمێنێتەوە و زمانی گەلی داگیرکەر ڕەتدەکرێتەوە، دوای ماوەیەک زمانی داگیرکەر دەخرێتەلاوە، سەرەڕای مانەوەی شوێنەواری هەردوو زمانەکە لەسەر یەکتر، بە تایبەتی شوێنەواری زمانی سەردەستە، هەرچەندە هەندێک ئاخێوەر لە کۆمەڵی داگیرکراو و ڕەوەندی زمانە سەردەستەکە دەبنە دووزمان، بەڵام دوای ماوەیەک  بۆ زمانی دایکی خۆیان دەگەڕێنەوە، بۆ نموونە زمانی فەڕەنسی بەهۆی هێرشی نۆرمەنەکان بۆ بەریتانیا و داگیرکردنی لە سەدەی یازدەیەمدا، بوو بە زمانی سەردەستە، بەڵام دوای چەند سەدەیەک زمانی ئینگلیزی سەرلەنوێ بووەوە بە زمانی سەردەستەی خەڵکی بەریتانیا.

٢. سڕینەوەی زمانی ژێردەستە:

بەهۆی بەهێزی لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی زمانی سەر دەستە، زمانی داگیرکەر دەبێتە بە زمانی سەرەکی کۆمەڵی داگیرکراو، دوای دوو سێ نەوەیەک زمانە ڕەسەنەکە دەسڕێتەوە، یان بێبایەخی دەکات و خۆی جێگەی دەگرێتەوە، لەم حاڵەتەدا کاریگەری و شوێنەواری زمانە ژێردەستەکە لەڕووی تێڕژاندنی وشە و دەربڕاو بۆ ناو فەرهەنگی زمانە سەردەستەکە لەو سنورە جوگرافیایە زیاترە، بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی زمانەکانی ئینگلیزی و ئیسپانی و پورتوگالی لە ڕێگای داگیرکاریی سەربازییەوە لە کیشوەری ئەمریکا، بوونەهۆی سڕینەوەی چەندان زمانی سەرەکی گروپ و نەتەوەکانی ئەو کیشوەرە.

٣. مانەوە و بەکارهێنانی هەردوو زمانەکە:

هەندێکجار هەردوو زمانەکە (زمانی ژێردەستە و زمانی سەردەستە) شانبەشانی یەکتر و زیاتر هەریەکەیان لە سنورێکی جوگرافیای دیاریکراودا بەکاردێن، سەرەڕای کاریگەرییان لەسەر یەکتر، بەڵام هیچ کامیان ناتوانن ئەوی دیکەیان بسڕنەوە، بۆ نموونە زمانی تورکی بەرامبەر زمانی فارسی لە سنوری دەوڵەتی ئێران، کە بەهۆی داگیرکاری چەند سەدەی تورکەکانەوە، تاوەکو ئێستاش هەریەکەیان لە سنوری جوگرافیای دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن.

## ١-٣/١) هۆکارەکانی دروستبوونی ململانێی نێوان زمانەکان:

### ١-٣/١-١) جوگرافی:

**١.** یەک جوگرافیای دیاریکراو:

هەر زمانێک لە جیهاندا کۆمەڵێک ئاخێوەر وەکو زمانی دایک لە هەرێمێکدا بەکاریدەهێنن، کە (قورسایی چالاکییەکانی خۆی دەهاوێژێتە ئەو هەرێمە تایبەتەوە، دەکرێت وەکو پایتەختی هەرێمی زمانەکە سەیربکرێت، گرۆتینی زمانەکە لەوێ کۆدەبێتەوە، هەر لەوێشەوە شەڕی پاراستنی سیما سەرەکییەکانی زمان دەکرێت و پاراوتردەبێت لەڕووی بەکارهێنانی زمانەکەوە) (بەرزنجی و قادر، ٢٠١٣: ٢٢)، کاتێکیش بە هۆکارەکانی داگیرکاری و ڕامیارییەوە، گۆڕانی سنورە جوگرافییەکان دروستدەبێت، یان زمانەکان خۆیان بە هۆکارەکانی ئایینی و ئابوری و ڕۆشنبیری...هتد، بەربەستە جوگرافییەکان دەبەزێنن، دەبێتەهۆی ئەوەی دوو زمانی جیاواز لە هەمان سنوری جوگرافیای دیاریکراودا بەکاربهێنرێت، واتە (هۆکاری جوگرافی شێوەی فراوانبوونی زمانەکان دەستنیشاندەکات، کاتێک بڵاودەبنەوە، بە درێژایی هێڵەکانی سروشت، هەوڵدەدەن ئاستەنگ و بەربەستەکان ببەزێنن، ئەمەش کارێکی ئاساییە، ڕەوشی جوگرافی ڕەنگە ببێت بە سەرچاوەی پەیوەندی و تێکەڵاوی و فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی زمانەکان) (کالفی، ٢٠١٢: ١٢٩)، (هەرکاتێک دوو زمان لەنێو کۆمەڵێکدا هەبوون، ئەوکاتە هەریەکەیان کاریگەریی بەسەر ئەویتریانەوە دەبێت، بەمەش ئەوە ڕوودەدات، کە پێی دەگوترێت ململانێی زمان، کە بەهۆیەوە زمانێکی سەرکەوتوو و زمانێکی بەزیو پەیدادەبێت، مەرج نییە لە هەموو بارێکدا ئەمە دروستبێت، بەڵکو دەکرێت هەردوو زمانەکە شانبەشانی یەکتر بژین، بەڵام ئەوە ڕێگرنابێت لەوەی بەریەکبکەون و کار لە یەکتر بکەن، هەروەها زمانی سەرکەوتووش لە کاریگەربوونی بە زمانی بەزیو بێوەینابێت ، ئەمەش شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە دەبێت زۆرێک لە دەستەواژە و پێکهاتە و وێنەی زمانی بەزیوی بخزێتەناوی) (سلێمان، ٢٠١٤: ٤٢)، وەکو شاری کەرکوک، کە دانیشتوانەکەی لە نەتەوەی جیاواز پێکهاتووە، هەریەکەیان خاوەن زمانی دایکی و نەتەوەی خۆیانن، لە ئەنجامی ئەو پەیوەندییەی لە کاروباری ڕۆژانە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان، زمانەکانیش بەریەکدەکەون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، هەریەکە لەو نەتەوانە زمان وەکو ناسنامە و پارێزگاری و فراوانکردنی هەژموونی نەتەوایەتی خۆیان لەو شارە بەکاردەهێنن، بە هێزەوە پارێزگاری لە زمانیان دەکەن و هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی دەدەن، وەکو جۆرێک شۆڕش و بەرەنگاری لە دژی یەکتر بەکاریدەهێنن، چونکە زاڵبوونی زمانێکیان بە واتای زاڵبوون و خاوەنداریەتی ئەو شارەیە بۆ ئەو نەتەوەیە، گرنگترین هۆکاری ئەوەی هیچیان نەیانتوانیوە تاوەکو ئێستا ئەوانی دیکە بتوێننەوە و بە تەواوەتی بەسەر زمانەکانی دیکەدا زاڵبن، ئەم سێ زمانە لە سێ کۆمەڵە خێزانە زمانی جیاوازن.

٢.دراوسێیەتی:

دوو زمانی جیاوازی دوو کۆمەڵی دراوسێ لەڕووی جوگرافیاوە، بە هۆکارەکانی وەکو (ئابوری و ئایینی و کەلتوری و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ...هتد) پەیوەندی و تێکەڵاوی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، ئەو دوو زمانە دەکەونە ململانێ و کاریگەرییان لەسەر یەکتری دەبێت، تاوەکو تێکەڵاوی و پەیوەندییەکەیان پتەوتربێت، زیاتر دەکەونەژێر کاریگەری یەکترەوە. (لە ململانێی نێوان دراوسێ زمانەکاندا، ئەو زمانەیان ژمارەی ئاخێوەری زۆرترە، یان خاوەن ژێرخانی ڕۆشنبیری و کولتوری و ئەدەبی دەوڵەمەندبێت، کاریگەری لەسەر زمانەکەی دیکە زۆرتردەبێت، جاری وا هەیە، ئەنجامی ململانێکە دەگاتە ئاستی هەڵمژینی زمانەی دیکە، لەڕووی ژمارەی ئاخێوەرەوە، بۆ نموونە زمانی ئەڵمانی توانی زمانی ناوچەکانی نزیک خۆی لە سویسرا و پۆلۆنیا و نەمسا بگۆڕێت) (معاذ، ٢٠٠٩: ١١٤). لە ئەنجامی دراوسێیەتی نێوان دوو زمانی جیاواز، ئەگەرێک لەم دوو ئەگەرە بە دیدێت (عبدالعانی، ٢٠١٦: ٩٧):

١-یەکێک لە زمانەکان سەردەکەوێت بەسەر ئەوی دیکەدا و دەبێت بە زمانی باو و فەرمی.
٢-لە بەهێزییدا یەکسان دەبن، هەر یەکێکیان تایبەتمەندی خۆی دەپارێزێت.

زمانی کوردی بەهۆی دراوسێیەتی لەگەڵ زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی) لە ململانێی بەردەوامدایە، کاریگەریی هەریەکە لەو زمانانە بە ڕێژەی جیاواز لەسەر زمانی کوردی دەرکەوتووە، بە پێچەوانەشەوە.

## ٣/١-١-٢) فرەزمانی:

لە زۆربەی دەوڵەتەکانی جیهاندا زیاتر لە زمانێک بەکاردەهێنرێن، چونکە لە گروپ و نەتەوەی خاوەن زمانی جیاواز دروستبوون، سەرەڕای هەبوونی زمانی ستانداردی تایبەت بەو دەوڵەتە، بەڵام هەریەکە لە ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان لە هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی زمانەکەیاندان، واتە (کاتێک ئاخێوەرانی زمانێک پێگەیەکی بەهێزیان دەبێت، زمانەکەیان بۆ پەیوەندیی نەتەوەیی، یان نێونەتەوەیی، یان لە بواری بازرگانی و ئابوری و پەروەردە و فێرکردن بەکاردێت، بەمەش وا دەکات، ڕۆڵی زمان لە دامەزراندنی ناسنامەی کۆمەڵایەتیدا، شتێکی دیکە بۆ ململانێی زمانەکە زیادبکات، بۆیە زۆرجار هەبوونی فرەزمانی لە کۆمەڵدا لێکەوتەی نەخوازراوی دەبێت بۆ زمانەکە لەڕووی ئەرکەوە بۆ زمانی جۆری نزم و باڵا دابەشیاندەکات) (سلێمان، ٢٠١٤: ٤١). لە (زۆربەی دەوڵەتەکاندا، ژمارەی دانیشتوان لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان یەکسان نین، ئەگەر نەتەوەیەک ژمارەی دانیشتوانی لە ژمارەی نەتەوەکانی دیکە زیاتربێت، زۆرجار بە نەتەوەی باڵادەست دەناسرێت، کە هاوکات زمانەکەش باڵادەستدەبێت، لەو کاتەدا دەستدەگرێت بەسەر دەزگاکانی دەوڵەت لە هەموو کایە گرنگەکانی ژیان،

ناسنامەی زمانی نیشتمانی و فەرمی بە زمانەکەیان دەدرێت، هاوکات زمانەکانی دیکەش بە زمانی پلە نزم سەیردەکرێن) (عەزیز، ٢٠٠٥: ٤٤)، ئەگەر (ژمارەی ئاخێوەرانی زمانە ناوچەییەکە لەو زمانە بەرزەی لە کاروبارەکاندا بەکاردێت، زیاتربوو، ئەوە زمانە ناوچەییەکە کاردەکاتەسەر زمانە بەرزەکە و دەیشێوێنێت، هەرچەندە کەرەستەی زۆری زمانە بەرزەکە دەخرێتەناو زمانە ناوچەییەکەوە، بۆ نموونە لە هندستان بەهۆی زۆری ژمارەی ئاخێوەرانی زمانی (ئوردو)، کاریکردووەتەسەر زمانی ئینگلیزی لەو وڵاتە و شێواندویەتی، هەرچەندە زمانی ئینگلیزی بەرزتر و پایەدارتربووە) (فتاح، ٢٠١١: ١٣٣-١٣٤)، (بەکارهێنانی دوو زمان یان زیاتر لە کۆمەڵێکدا لەم سەردەمەدا کارێکی تەواو ئاساییە، بەڵام زۆرجار وا ڕوودەدات، کە ئەم کۆمەڵانە بە قۆناغی زمان گۆڕینەوەدا دەڕۆن و پاش ماوەیەک یەکێک لەم دوو زمانە جێگا بە زمانەکەی دیکەیان لەقدەکات و هەموو بوارەکانی لێدەگرێت و وەهای لێدێت کۆمەڵەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەر یەکێک لەم دوو زمانە و ئەویتریان وازلێدێنێت) (فتاح، ٢٠١٠: ١٤٥). پێشهاتێکی خراپی فرەزمانی ئەوەیە، کە لە ڕێگەی بە جیاواز سەیرکردنی خەڵکانی دیکەوە، هاندەری نانەوەی کێشەی نێوان کۆمەڵە جیاوازەکانە، هێڵەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییانەی، کە ئەمڕۆ زۆری وڵاتانی هەڵوەشاندووەتەوە، بە جیاوازی زمانی جیاکراونەتەوە (کەمرێ ودایەمەند و...، ٢٠٠٧: ٧٥)، بۆ نموونە وەکو ململانێی نێوان زمانەکانی عەرەبی و کوردی لە دەوڵەتی عێراقدا، کە بەپێی دەستوری نوێی عێراق دەوڵەتێکی فرەزمانە.

## ٣/١-١-٣) داگیرکاری:

هۆکارێکی دیکەی ململانێی نێوان زمانەکان لە ئەنجامی جەنگ و داگیرکارییەوە دروستدەبێت، کاتێک زمانی گەلی داگیرکەر و داگیرکراو لە یەکتر جیاوازبن، بە تێپەربوونی کات ململانێی نێوان هەردوو زمانەکە سەرهەڵدەدات، (مەرجیش نییە ئەنجامی کۆتایی ململانێکە هاوشێوەی ئەنجامی داگیرکارییەکە بێت، ئەگەر گەلی داگیرکراو لەڕووی ڕۆشنبیری و کولتوری و زانستەوە پێشکەوتووتربن، یان ئاخێوەرانی پەیوەستتربن بە بەکارهێنانی زمانەکەیانەوە، ئەوە زمانەکەیان بەسەر زمانی گەلی داگیرکەردا زاڵدەکەن، بە پێچەوانەشەوە زمانەکەیان هاوشێوەی خاکەکەیان خۆی بە دەستەوەدەدات و کاریگەریی زمانی گەلی داگیرکەری لەسەر دەردەکەوێت) (عبدالعانی، ٢٠١٦: ٩٧). لەبەرئەوەی زمان ناسنامەی نەتەوەیە و پەیوەستە بە گەشەی ئەو نەتەوەیەوە، یەکەم هەنگاوی داگیرکەر، قەدەغەکردن و لاوازکردنی زمانی گەلی ژێردەستەیە، چونکە بەم هەنگاوە هەوڵدەدەن، ئەو گەلە لە گەشەکردن و پێشکەوتن ڕابگرێت، هەروەها هەوڵدەدات لە ڕێگەی زمانە سەپێنراوەکەی خۆیانەوە دەستبەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانی ئەو گەلەدا بگرن و شێوازی بیرکردنەوەیان بگۆڕن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان هەڵبوەشێننەوە، بۆیە (زمانی نەتەوەی ژێردەستە دژی ئەم داگیرکارییەی زمانی داگیرکەر دەوەستێتەوە و دەکەوێتە ململانێی و کۆڵنادات و سەردانانەوێنێت، لە

پێناوی مانەوە و ژیاندا، داکۆکی لەخۆی دەکات، تاوەکو لە دەست زۆرداریی نەتەوەی باڵادەست و توانەوەی زمانەکەی، لە بۆتەی زمانی نەتەوەی داگیرکەردا، خۆی دەربازبکات) (عەزیز، ٢٠٠٥: ٣٧-٣٨)، ئەو نەتەوانەی ژێردەستە و داگیرکراون، واتە خاوەنی هەرێم یان دەوڵەتی نەتەوەیی و دەسەڵاتی سیاسی خۆیان نین، هەمیشە لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە هەروەک چۆن ئازادی و سەربەخۆییان لێزەوتکراوە، بە هەمانشێوەش ڕێگەیان پێنادرێت بە زمانی دایکی خۆیان قسەبکەن، زمانی خۆیانیان لە کاروبارەکانی خوێندن و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن...هتد بەسەردا دەسەپێنن، ڕێگە لە گەشەی زمانە داگیرکراوەکە دەگرن و بەرەو سستبوون و تواندنەوە دەبەن.

زمانی کوردی بەهۆی داگیرکارییەوە، چەندین سەدەیە لەژێر فشار و کاریگەریی زمانەکانی نەتەوەی داگیرکەردایە، بە تایبەتەی زمانەکانی (عەرەبی و تورکی و فارسی)، لە ڕێگەی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە کاروباری (ڕامیاری و خوێندن و ڕۆشنبیری و...هتد)ەوە، هەوڵی لەناوبردنی زمانەکەیان داوە و زمانی خۆیانیان بەسەر ئاخێوەرانی کورد زماندا سەپاندووە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە.

## ٣/١-١-٤) سیاسی:

لە نێوان ململانێی سیاسی و ململانێی زمانییدا پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە، ململانێی هەریەکەیان دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێی ئەوی دیکەیان، واتە دەکرێت ململانێی زمانەکان ململانێی سیاسی لە نێوان گروپ و و نەتەوە جیاوازەکان دروستبکات، بە پێچەوانەشەوە ململانێی سیاسی ببێتەهۆی سەرهەڵدانی ململانێی زمانیی، چونکە لە کۆمەڵە فرەزمانەکاندا گروپی باڵادەست لەڕووی ڕامیارییەوە، هەوڵدەدات زمانەکەشی باڵادەستبکات، باڵادەستبوونی زمانیش باڵادەستبوونی بەکارهێنانی لەڕووی سیاسییەوە دەگەیەنێت، (دەسەڵات ئەگەر زمانەکەی جیاواز بوو لە زمانی ئەو میللەتەی حوکمی دەکات، ئەوا هەموو ڕێگایەک، دەگرێتەبەر بۆ سەپاندنی زمانەکەی خۆی و کارکردنە سەر زمانەکانی دیکە، تەنها برەو بە بەکارهێنانی زمانەکەی خۆی دەدات و بواری بۆ دەڕەخسێنێت و تەنگ بە ئەوانی دیکە هەڵدەچنێت، یەکەم هەنگاویشی بۆ ئەو مەبەستە، تێڕژاندنی وشە و زاراوەیە بۆ زمانی میللەتە ژێردەستەکە) (سدیق، ٢٠١١: ٥٢)، واتە (باری سیاسی وەها دەکات نەتەوەیەک، یان هۆزێک لەنێو نەتەوەیەکی دیکە بتوێتەوە، چونکە هەر گرنگی بە زمانی نەتەوەی باڵا لە سیاسەت دەدرێت و زمانی نەتەوەی ژێردەستە بەلاوەدەنرێت) (مستەفا، ٢٠١٢: ٢٧).

هەڵوێستی سیاسی گرنگییەکی گەورەی لە ململانێی زمانییدا هەیە، (هەندێک لە گەلان بەهۆی پاڵنەری سۆزی نیشتمانییەوە، یاخود هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، یاخود ڕقبوونەوەیان لە

دەوڵەتێکی هاوسێیان، دەست بە زمانەکەیانەوە دەگرن، وەکو ئەوەی لە ئیرلەندا و بەلقان هەیە، بە شێوەیەک بزاڤی نیشتمانی ئاڕاستەدەبێت بەرەو ژیانەوەی زمانی کۆنی وڵاتەکە، ئەمەش بە مەبەستی ڕزگاربوونیان لە زمانی دوژمنەکەیان، کە زمانی ئینگلیزییە) (سلێمان، ٢٠١٤: ٤٨)، کەواتە ململانێی زمانیی دەشێت بەهۆی هەندێک گۆڕانەوە دروستببێت، کە لە پێرەوێکی کۆمەڵایەتیی فراوانخوازدا ڕوودەدات، کاتێک بەریەککەوتن هەبێت لە نێوان چەند گروپێکی زمان جیاوازدا، (گروپی باڵادەست، کە زمانەکەشی باڵادەستە، کۆنترۆڵی جومگە گرنگەکانی دەسەڵات لە بوارەکانی کارگێڕی و ئابوری و ڕامیاری دەکات و لە کاروبار و دامەزراوەکانیدا ئەو خوازیارانە پێشدەخات، کە بە زمانی گروپی باڵادەست قسەدەکەن، گروپی ژێردەستەش ڕێگەی بەرەنگاری دەگرێتەبەر، ئەو گروپە زمانییانەی، کە لەڕووی ژمارەوە کەمن، زیاتر بەرەو تواندنەوە دەچن، ئەو گروپە زمانییانەی، کە لەڕووی ژمارە و ژێرخانی مێژووی و کولتورییەوە چۆنیەکن، ملنادەن و ڕێگەچارەی بەرەنگاریی سیاسی بە باشتردەزانن، کە شێوازێکی ئاسایی ڕێکخستنی ململانێی زمانەکانە لەم سەدەیەدا) (نێڵد، ٢٠١٢: ١٣٦-١٣٧). زۆرجار ململانێی زمانیی (توانای شاراوە بۆ نائارامی سیاسی هەڵدەگرێت، باشترین نموونەی سەدەی بیستەم، زۆربەی ناکۆکییەکان لەبارەی ئەو ڕێگایانەن، کە لە ڕێگەی زمانەوە لە سیاسەتی دەوڵەتی هیندا پاش سەربەخۆیی لە بەریتانیا کێشراون، هەروەها ڕۆڵی سیاسەتی فەرەنسا و بەریتانیا لە ژیانی خەڵکی کەنەدا لە ڕێگەی زمانەکانیانەوە) (Richards & Schmidt, 2002: 288)، هەروەها (ئاخێوەرانی کەمینە زمانەکان ململانێی ئەوە دەکەن، کە زمانەکەیان بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی داوای ئازادی پێبکەن، بەبێ ئەوەی بکوژرێن، سەرکوتبکرێن، یان بچەوسێنرێنەوە لەپێناوی پیادەکردنی ئازادییاندا) (کەمرێ و دایەمەند...و، ٢٠٠٧: ٧٥).

(کلاوس بۆشمان)ی زمانەوانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بەراوردی نێوان سیاسەتی زمانەوانی لە چەند وڵاتێکی فاشیستدا دەکات و لە ململانێی زمانەکاندا چوار خەسڵەت دەخاتەڕوو(کافی، ٢٠١٢: ٢٥٨):

١. پێداگری بە پاکی و پەتیی زمانی نیشتمانی و ڕق و کینە بەرامبەر زمانەکانی دیکە.
٢. ناوەندگەراییەکی (سەنترالیزمێکی) دژ بە شێوازەکان.
٣. ناوەندگەراییەکی (سەنترالیزمێکی) دەمارگیریی نیشتمانی دژ بە کەمە نیشتمانییەکان.
٤. ئارزوومەندی بەرەو ئیمپریالیزم، یان هەر فراوانکارییەکی زمانەوانی لە دەرەوەی سنور.

ململانێ سیاسییەکانیش بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبن (سلێمان، ٢٠١٤: ٤٧):

**١. ململانێی سیاسیی دەرەکیی:**

لەم جۆرەدا، کۆمەڵێکی زمانی دەکەوێتەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی کۆمەڵێکی دیکەی زمانییەوە، بەم جۆرە ژمارەیەکی زۆر وشە و دەنگ و بۆتەی ڕێزمانی لە زمانی زاڵەوە دەچێتەناو زمانی ژێردەستەوە، وەکو هاتنەناوەوەی دەیان وشەی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی (جەیش، هارب، حکومەت، مدیر، فیرار، مەکتەب، دائیرە، موفەوەز، عەقید، لیوا، هاوەن، ناحیە، بەعس، سەیتەرە، مەنع تەجەول، تەئمیم، موختار، تەرحیل، عەسکەر، ئەمن، تعریب...هتد).

**٢. ململانێی سیاسیی ناوخۆیی:**

لە ئەنجامی سیاسەتی ناوخۆییەوە دروستدەبێت، بۆ نموونە شەڕی ناوخۆ و ململانێی نێوان پارتە سیاسییەکان لەگەڵ یەکتردا و جیاوازی بیروبۆچوونی نێوان حیزبە سیاسییەکان، ڕەنگدانەوەی لەسەر زمان بە گشتی و پڕۆسەی ناونان بە تایبەتی هەبووە، ئەویش بە حزبیکردنی چەند وشەیەکی تایبەت بە خۆیان، کە هۆکارێکە بۆ فرەزاراوەیی، بەهۆی ئەوەی ناوی کادیر و ڕێکخراو و شوێن و بارەگاکان...هتد، بە ناوی جیاوازەوە ناونراون، بۆ نموونە:

- (قوتابی، خوێندکار، فێرخواز)
- (خوێندنگە، قوتابخانە، فێرگە)
- (کۆمیتە، ناوچە، بازنە)
- (مەکتەبی سیاسی، سەرکردایەتی، خانەی ڕاپەڕاندن، جڤاتی نیشتمانی)
- (مەڵبەند، لق، مەکۆ)
- (ئافرەتان، ژنان، خوشکان)
- (لاوان، گەنجان)

### ٣/١-١-٥)كۆچكردن:

ڕێكارە سیاسی و سەربازییەكانی وەكو داگیركاری و هەڵكوتانە سەر خاكی گروپ و نەتەوەكانی دیكە و ناچاركردنیان بە كۆچی زۆرەملێ، یان كۆچكردن لە پێناوی بەدەستهێنانی هەلی كاركردن و خوێندن و هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوونی باشتر، لەو هۆكارانەن، كە دەبنەهۆی ململانێی زمان و سەرەنجام زمانگۆڕین، چونكە (كۆچەران پاش ماوەیەک دوای جێگیربوونیان لەو شوێن و وڵاتە نوێیەی، كە كۆچیان بۆ كردووە، لەو ڕاستییە دەگەن، كە دەبێت جگە لە زمانەكەی خۆیان زمانی هەواری نوێشیان فێربن، ئەمەش لەبەر دوو هۆكار (فتاح، ٢٠١٠: ١٤٧-١٤٨):

١. وەک زمانێک بۆ تێگەیشتن نەک هەر لەگەڵ خەڵكی وڵاتە نوێیەكان، بەڵكو لەگەڵ ئەو كۆچەرانەش، كە وەكو ئەمان لە وڵاتی دیكەوە دێن و بە زمانی جیاجیا لە قۆناغی یەكەمدا قسەدەكەن.

٢. وەک دەرووەیەک بۆ پێشكەوتن لە باری ئابوری و ڕامیاری و كۆمەڵایەتی، زۆرجار ئەم پێشكەوتنە و تەنانەت پارە پەیداكردنیش بەندە بە فێربوونی زمانە نوێكەوە، بۆ نموونە وەكو كۆچی ئەو هیندییانەی لە بەریتانیا جێگیربوون و ئەو كرێكارە جەزائیرییانەی لە فەڕەنسا دادەنیشن و ئەو كوردانەی لە توركیا هەڵدێن بۆ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و ئەوروپا.

كۆچەرەكان ناچارن بۆ دابینكردنی كار و بژێوی ژیانیان و ئەنجامدانی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانیان، فێری زمانی خاوەن خاكە نوێیەكە ببن، بە پێچەوانەشەوە كاریگەریش لەسەر زمانی خاوەن خاكە ڕەسەنەكە دروستدەكەن، بۆ نموونە لە پێشوودا بەهۆی زۆری ژمارەی نەتەوەی كورد لە شاری كەركوک، سەرەڕای داگیركردنی شارەكە و سەپاندنی زمانی عەرەبی، بەهۆی ناهاوسەنگی لە ژمارەی ئاخێوەر زمانی عەرەبی نەیدەتوانی بە تەواوەتی بەسەر زمانی كوردیدا زاڵببێت، بەڵام دوای كۆچی زۆرەملێی كوردان و هێنانی ئاوارەی نەتەوەی عەرەب بۆ شارەكە، ئێستا زمانی عەرەبی لە كاروباری كارگێڕی و پرۆسەی خوێندن و ناونانی شوێنەكاندا دەركەوتووترە، هەرچەندە نەیتوانیوە بەسەر زمانی كوردیدا سەربكەوێت، بەڵام تاڕادەیەک مۆركێكی زمانی عەرەبی باڵی بەسەر شارەكەدا كێشاوە، هەروەها هۆكارەكانی وەكو سیاسی و گەڕان بەدوای كار و چوون بۆ خوێندن و هەڵبژاردنی شوێنی باشتر بۆ ژیان، هەزارن تاكی نەتەوەی كوردی ناچار بە كۆچكردن بۆ دەرەوە بە تایبەتی بۆ وڵاتانی ئەوروپا كردووە، بەمەش كورد زمانەكان كەوتنەژێر كاریگەریی زمانی ئەو وڵاتانەوە، كە لە كاتی گەڕانەوەیان بۆ كوردستان بە ئاشكرا هەست بەو گۆڕانە دەكرێت و چەندین وشە و زاراوەی ئەو زمانانە لە ئاخاوتندا بەكاردەهێنن، بۆ نموونە (بەهۆی بڵاوكراوە و كۆڕەكانی ئەو كوردانەی لە هەندەران خوێندنێكیان تەواوكردووە، زاراوە بیانییەكانی وەكو ئەڵتەرناتیڤ، ئەڵتەرناسیۆن، ترادیسیۆن و...هتد، یان هێنایە ناو زمانەكەوە) (كۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٩١-٩٣)، ئەگەر ژمارەی كۆچەرانی زمانێک زۆربن و پێكەوە لە كۆمەڵگایەكی وڵاتە نوێیەكە

بژین و پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت، ئەوە سەرەڕای فێربوونی زمانی ئەو وڵاتە، بەڵام زمانی دایکیشیان هەر دەمێنێتەوە و تەنانەت بۆ نەوەکانیشیان دەیگوێزنەوە، چونکە زۆری ژمارە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و قسەکردن بە زمانی دایکی لە ماڵ و بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینی و نەتەوەییەکان، یان قسەکردن لەگەڵ ئەندامانی دیکەی خێزانەکانیان و هاتوچۆ و سەردانیکردنیان لە وڵاتەکانی خۆیان، دەبنەهۆکاری ئەوەی زمانەکەیان لەبیرنەچێتەوە.

## ٣/١-١-٦) ئابوری و بازاڕی کار:

گەشەکردن و فراوانبوونی جموجوڵی ئابوری لە نێوان گەلانی جیهان و دروستبوونی پەیوەندیی نێوانیان، هۆکارێکی خێرا و ڕوونی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان گەلانە بە شێوەیەکی گشتی و زمان بە تایبەتی، ئەگەر (بە شێوەیەکی سروشتی بازاڕی کار دەستنیشانبکەین و وێنەیەکی ڕاستەقینەی بۆ بکێشین لە ڕادەی پەیوەندی بە ململانێی زمانەوە، دەبێت درک بەوە بکەین، کە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکان، بیرکردنەوە لە بەدەستهێنانی سودی مادیی پەتی، زاڵ و دەسەڵاتدارە بەسەر بازاڕی کاردا و پاراستنی زمانی نەتەوەیی لە پەراوێزدایە) (البیان، ١٤٢٧: ١٠). بازاڕەکان هۆکارن بۆ دروستبوونی فرەزمانیی، لەبەرئەوەی (ژمارەی ئەو زمانانەی، کە لە بازاڕدا بەکاردێن زۆرن، ئەو تێکەڵییەی زمانەکانیش خۆی دەبینێتەوە لە (پڕوپاگەندەکردن/ڕیکلامکردن بۆ کەلوپەل، بانگەوازی کڕیار، پرسیارکردن لە نرخ، سەوداکردن لەسەر بەها و نرخ...هتد)، ئەمانە هۆکارن بۆ ئەوەی بازاڕ ببێت بە شوێنی بەڕێوەبردنی فرەزمانیی، ڕەنگە چەندین زمان لە هەوڵی ئەوەدابن، دەسەڵاتی خۆیان بەسەر بازاڕدا بسەپێنن، کە لە شوێنێک یەکێکیان سەردەکەوێت و لە شوێنێکی دیکە زمانێکی تر) (کالفی، ٢٠١٢: ١٠٦). وڵاتە خاوەن ئابورییە بەهێز و پیشەسازییە گەورەکان، سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ناردنی کەرەستە و کاڵاکانیانەوە دەستیان بەسەر وڵاتانی دیکەدا گرتووە و کاریگەرییان لە هەموو ڕوویەکەوە دیارە، بە هەمانشێوەش کاریگەرییان کردووتەسەر زمانی وڵاتانی خاوەن ئابوریی لاواز، چونکە زمان یەکەمین هۆکاری پەیوەندیی نێوان گەلانە.

زمانەکانی دیکە لە ڕێگەی ئابوری و بازاڕی کارەوە کاریگەرییان کردووەتەسەر زمانی کوردی، هەروەک چۆن هاتنی کەرەستە و کاڵا بیانییەکان بازاڕەکانیان تەنیوە، بە هەمانشێوەش زمانەکانی خاوەن بەرهەمەکان چەندان وشە و زاراوە و دەربڕاویان ناردووەتەناو زمانی کوردییەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی زمانەکانی دیکە لە کارە بازرگانییەکان و تابلۆ و ڕیکلام و ڕێنمایی و زانیارییەکانی سەر کەرەستەکان، کە هۆکارێکی دیکەن بۆ ململانێی زمانی کوردی، بۆ نموونە لەم ڕێگەیەوە ناوی سەدان کەرەستە و کۆمپانیای بەرهەمهێنەر هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، وەکو (نیدۆ، تایت، فاس، تایگەر، بیبسی، فانتا، ئاڵتونسا، مەراعی، تویۆتا، نیسان، سامسۆنگ، گالاکسی، جەنراڵ...هتد) (بڕوانە: (٤/٢)، واتە (کۆمەڵگایەک ئەگەر لەڕووی ئابورییەوە بەهێز و دەوڵەمەندبێت، ئەوە لەڕووی سیاسیشەوە

باڵادەستی خۆیان بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا دەسەلمێنێت، هێزی ئابوری و سیاسی پێکەوە ئەگەر لە ئاستێکی باڵادا بن، ئەوە دەتوانن کۆمەڵگای لاواز و بچووکتر لەم ڕوانگەیەوە، بخەنەژێر کاریگەریی خۆیان و ببن بە سەرچاوە بۆ زمانەکانیان) (باطنی، ١٣٧٣: ٩٠).

شۆڕشی پیشەسازی زۆرجار کرێکارەکان ناچاردەکات، کە واز لە شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و زمانەکەی خۆیان بهێنن و فێری شێوە کۆمەڵایەتی و زمانی کۆمەڵگا نوێیەکان ببن (فتاح، ٢٠١٠: ١٥٣). (ڕەنگە لای زۆرێک لەوانەی لە بازاڕی کاردا کاردەکەن پەیوەندی بازاڕی کار بە ململانێی زمانییەوە نامۆبێت، بەڵام دانانی ئەو مەرجانەی، کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار و مەرجی پەیوەندیکردن بە بازاڕەکانەوە، کە گرنگترینیان مەرجی زانینی زمانی ئینگلیزی و بەکارهێنانی لە بەڕێوەچوونی مامەڵەکان لەگەڵ کەسانی خاوەن زمانە جیاوازەکان و تابلۆ و کەرەستەکان، ڕۆڵی بازاڕی کار لە دروستبوونی ململانێی زمانیی دەردەخات) (البیان، ١٤٢٧: ١٠)، بۆ نموونە زۆربەی ئەو هەلی کارانەی لە هەرێمی کوردستاندا ڕادەگەیەنرێت، لە مەرجە سەرەکییەکاندا زانینی زیاتر لە زمانێکە بە تایبەتی زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی، ئەمەش بووە بە هۆکارێک بۆ ڕووکردنە فێربوونی زمانی دیکە لە پێناوی دەستکەوتنی هەلی کار و هاندان بۆ وازهێنان لە خوێندن بە زمانی دایک و فێربوونی زمانی بیانی، کە پاڵنەرێکی کردنەوەی چەندین قوتابخانە و زانکۆی تایبەتە، کە خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانیە بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی، ئەمە لە لایەکەوە زیان گەیاندنە بە زمانی دایک و لە لایەکی دیکەشەوە ڕێگرە لە گەشەکردن و دەوڵەمەندبوونی فەرهەنگەکەی، چونکە ئەگەر خوێندن بە زمانی کوردی ببووایە، ئەوە پێویستی و ناچاری دەبوونەهۆکاری سازکردنی چەندین زاراوە لە بوارە جیاجیاکان و ڕێگردەبوون لە هاتنەناوەوەی بە لێشاوی زاراوە بیانییەکان. فرۆشیارەکان بۆ ئەوەی کاڵا و کەلوپەلەکانیان بفرۆشن، ئەوا پێویستییان بەوە دەبێت، کە جگە لە زمانەکەی خۆیان بە زمانی کڕیارەکانیش قسەبکەن و وەڵامی کڕیارەکانیان بدەنەوە، زانیارییان لەسەر بەها و نرخ و جۆری کوالێتی کەلوپەلەکان و چۆنیەتی بەکارهێنان و سود و زیانەکان...هتد، بۆ کڕیارەکان ڕوونبکەنەوە، بۆیە لە زۆربەی وڵاتان کۆمپانیاکان ناچاردەکرێن ئەو کەلوپەلانەی هاوردە دەکرێن، زانیارییەکان بە زمانی ئەو وڵاتە بنووسرێن، ئەمەش لەلایەکەوە بۆ پاراستن و دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیە و لەلایەکی دیکەشەوە ئاشناکردنی هاوڵاتییانە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستە و ئامێرەکان، بۆ نموونە ئەو کاڵایانەی بۆ وڵاتە عەرەبییەکان هەناردەدەکرێن بە زمانی عەرەبی لەسەریان نووسراوە، زۆرجار ناوەکانیشیان هەر بەو زمانەیە، بۆ زمانەکانی دیکەش بە هەمانشێوەیە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا زمانەکانی دیکە بە تایبەتی (ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی ,فارسی هتد) بەسەر بازاڕی کاری کوردستاندا باڵادەستن و هیچ چاودێرییەکیان لەسەر نییە، هەموو ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان دروستدەکرێن و هاوردەدەکرێن، هیچ نووسراوێکیان بە زمانی کوردی لەسەر نییە، ئەمە لەلایەکەوە بە سوک سەیرکردنی زمانی کوردییە و سەپاندنی

زمانی خاوەن بەرهەمەکەیە، لەلایەکی دیکەشەوە هۆکاری چەندان کێشەی تەندروستی و شارەزانەبوون لە بەکارهێنانیانە، بۆ نموونە بەپێی ئەو داتایانەی لە بازاڕی سۆرانەوە وەرگیراوە، کە گەورەترین هەرزان بازاڕە لە شاری کەلار، لە زیاتر لە (٣٢) هەزار کەرەستەی هەمەجۆری بازاڕەکە، تەنها چەند کەرەستەیەکی دروستکراوی ناوخۆیی، ناو و زانیارییەکان بە زمانی کوردی نووسراون، وەکو (ئاوی کانزای بانیخێلان، مریشکی زیندووی ڕانیە، صاصی سلێمانی، ئاوتەماتەی شارەزوور، نانی ساجی کوردەواری، ماستی خۆماڵی، چکلێتی چەمچەماڵ، چلورەی دەربەندیخان، بنێشتی کوردی دارەبەن، شەکری کلۆی ماڵی خانم، گەزۆی سلێمانی...هتد، هەروەها بەرهەمی کارگەکانی خواردنەوە گازییەکانی هەولێر و کاروانجی لە کەرکوک، وەکو: (کۆکاکۆ، ڤانتا، دیو، میرەندا، سەڤن ئەپ، تازج...هتد) زانیارییان بە زمانی کوردی لەسەر تۆمارکراوە، بۆیە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار کۆمپانیاکان ناچاربکات، بە زیادکردنی زمانی کوردی بۆ ئەو کەلوپەلانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی و ناساندنی لە بازاڕی کاردا و ڕوونکردنەوەی شێوازی بەکارهێنان و سود و زیانی کاڵاکان، بە هەمانشێوە زمانی زانیاری سەر کەلوپەلەکانی دەرمانسازی بە دەگمەن زمانی کوردی لەسەرە، هاووڵاتیان سود نابینن لە لیستی زانیارییە هاوپێچکراوەکان (کەتەلۆک)، کە کەرەستە پێکهێنەرەکانی دەرمانەکە و شێوازی بەکارهێنان و سود و زیانەکانی تێدا تۆمارکراوە، لە ناو هەزارەها کەرەستە و ناوی دەرمان، تەنها چەند بەرهەمێکی هەردوو کۆمپانیای (ئاوامیدیکا و پایۆنییر) لە هەولێر و سلێمانی، زانیارییەکانی سەر چەند دەرمانێک بە زمانی کوردی نووسراوە، کەرەستەکانی خواردنیش بە هەمانشێوەیە، لەم ڕێگەیەوە چەندین وشە و زاراوەی بیانی تایبەت بەم بوارانەدا هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە (بڕوانە: (٤/٢).

### ٣/١-١-٧) ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵدا لەڕووی سیاسی و ئابوری و ژینگەیی و ڕۆشنبیری کولتورییەوە هەیە و شوێنێکی گرنگی لە ژیانی خەڵکی داگیرکردووە، ئێستا بە دەسەڵاتی چوارەم دادەنرێت، (بەکارهێنانەکانی هۆ و کەرەستەکانی زمان لەلایەن هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە هۆکاری دینامیکیین و دەبێت لە تێڕوانیین و لێوردبوونەوە لە زماندا ڕەچاوبکرێن، چونکە زمان وەک جفرە گشتییەکەش لەو ڕێیەوە لەژێر کاریگەرێتیی و کارتێکردنی گۆڕانی تایبەتیدایە) (کۆمەڵێک زمانەوان، ٢٠٠٩: ٩٩)، (زمانەکان هەرچەند لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و خوێنراو بەکاربهێنرێن، ئەوا پتر دەبوژێنەوە) (جامباز، ٢٠٠١: ٢٩٢)، بۆیە زۆربەی حکومەتە دیکتاتۆرەکان ڕێگە بە ڕاگەیاندنی ئازاد بە زمانی گەلی داگیرکراو نادەن، ئەگەر هەر بڵاوکراوەیەک یان کەناڵێکی تەلەفزیۆنیان هەبێت، ئەوە لەژێر چاودێری خۆیاندایە و تەنها بۆ گەیاندنی ئایدیای حکومەتە و لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاریدەهێنێت، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن

ببێت بە مەیدانی ململانێی زمانەکان، هەر زمانێک دەیەوێت لە ڕێگەیەوە خۆی فراوانبکات و کاریگەری لەسەر زمانەکانی دیکە دروستبکات، هەندێکجاریش بۆ گەیاندنی پەیامی داگیرکەر ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی گەلی داگیرکراو دراوە، بۆ نموونە ئەو بڵاوکراوە و بەرنامە تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیانەی لە سەردەمی حکومەتەکانی پێشووتری عێراق لە سەدەی ڕابردوودا، کە بە زمانی کوردی بڵاودەکرانەوە و پێشکەشدەکران، پەیامەکانی حکومەتیان دەگەیاندە هاوڵاتییانی نەتەوەی کورد، تەلەفزیۆنی (سەحەر)یش، کە بە زمانی کوردی بەرنامەکانی پێشکەشدەکات، زیاتر بۆ گەیاندنی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ئێران، ڕێگە بە بەکارهێنانی زمانی کوردی دراوە، بە هەمانشێوەش تەلەفزیۆنی (TRT6)ی تورکیش، کە بە دیالێکتی کرمانجی ژووری زمانی کوردی بەرنامەکانی پێشکەشدەکات، زمانحاڵی حکومەتی تورکیایە بە زمانی کوردی، ئەگینا لە تورکیادا بەکارهێنانی زمانی کوردی بە یاسا قەدەغەکراوە و بەکارهێنەرانی ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەکەنەوە.

### ٣/١-١-٨) ڕۆشنبیری:

هەر نەتەوەیەک ڕۆشبیری تایبەت بە خۆی هەیە، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە ڕۆشنبیریی نەتەوەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، (ڕۆشنبیران دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە لە پرۆسەی بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و جێگیرکردنی کۆڵەکەکانیدا ببینن، چونکە زمان بە گرنگترین و بنەڕەتترین کۆڵەکەی هەر ڕۆشنبیرییەک دادەنرێت) (لحلوحی، ٢٠١٨: ٥٤)، ئەگەر هاتوو ڕادەی ڕۆشنبیریی نەتەوە، یان گروپێکی خاوەن زمان بەرز و پێشکەوتووبێت، ئەوە کاریگەری دەکاتەسەر ڕۆشنبیریی نەتەوە و گروپەکانی دیکە، بەمەش ململانێی نێوان ئەو ڕۆشنبیرییە جیاوازانە دروستدەبێت و پەلدەهاوێژێت بۆ ململانێی زمانیی، چونکە (زمانی خاوەن ڕۆشنبیریی بەهێز، کاریگەری بەسەر زمانەکانی دیکەوە زیاتر دەبێت، تەنانەت ئەگەر لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە بێهێز و لاوازیش بێت، بە پێچەوانەشەوە، بۆ نموونە گریکەکان هەرچەندە ژێردەستەی ڕۆمانەکان بوون، بەڵام لەبەرئەوەی لەڕووی ڕۆشنبیری و شارستانییەتەوە لە پێشتر و سەرکەوتووتر بوون، زمانی ڕۆمانی نەیتوانیووە بەسەر زمانی گریکدا زاڵبێت) (وافی، ٢٠٠٤: ٢٣٧). بایەخی ڕۆشنبیری لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوە، هۆکاری ئەوە بووە، کە وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە توندی ڕووبەڕووی بوارە ڕۆشنبیری و کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەی کورد بوونەتەوە، ڕێگەی ئەنجامدانی چالاکییە ڕۆشنبیری و کولتورییەکانیان لێگرتووە، لەوانە جەژنە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەکان، هەروەها ڕێگریکردن لە بڵاوکراوەکانی ئەم بوارانە، چونکە ئەو پەیوەندییە توندتۆڵەی لەنێوان زمان و ڕۆشنبیریدا هەیە، کە پێکهێنەری ناسنامەی نەتەوەکانن، ئامرازی پارێزگاریکردنن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

### ٣/١-١-٩) ئایین:

ململانێی نێوان ئایینەکان، یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ململانێی نێوان زمانەکان، چونکە ئایین وەکو پەیام لە ڕێگەی زمانێکی دیاریکراوەوە  بە کۆمەڵە جیاوازەکان دەگەیەنرێت، لە قۆناغی یەکەمدا پەیامە ئایینیەکە دەگات و دواتر زمانی ئایینەکە، یان ئایین پێویستی بە ڕوونکردنەوە و لێکتێگەیشتن هەبووە، بۆ ئەوەی لە واتاکەی بگەیت، پێویستە شارەزایی لە زمانی ئایینەکەدا هەبێت، بەمەش زمانی ئایینەکە دەکەوێتە ململانێی زمانیی ئەو کۆمەڵەی ئایینەکەی وەرگرتووە، چونکە (بواری دین، لای مرۆڤ، هەمیشە بوارێکی پیرۆز و بەرز و پڕبەها و موقەدەسە، بۆیە ئەو وشانەی لەم بوارەدا بەکاردەهێنرێن، ڕاستەوخۆ کاردەکەنە سەر عەقڵ و هۆش و بیروباوەڕ و هەست و نەست، لەبەر پیرۆزییان خەڵکی بە گڕوتین و خواست و ئارەزو و شەوقەوە، بەرەو ڕوویان دەچن و دڵ و دەرونییان بۆ دەکەنەوە و هەوڵدەدەن، کە لە واتاکانیان بگەن و فێریان ببن، تاوەکو لە ئەرک و مەراسیمی دینیدا، بتوانن بە باشی و چاکی و بە ڕاستی و بە جوانترین شێوە بەکاریانبهێنن) (سدیق، ٢٠١١: ٥٣)، بۆ نموونە (ئەزموونی زمانی یوگسلافی (سرب و کرۆات و بۆسنایی)، کە بەیەک زمان قسەیان دەکرد، بەڵام هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی یوگسلافی بوو بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەو زمانە بۆ سێ زمان، (زمانی کرۆاتی، زمانی سربی، زمانی بۆسنایی)، کە لەسەر بنەمای ئایینی لە یەکتر جیابوونەوە) (ناوخۆش، ٢٠١٣: ٥٩)، هەروەها ئایینی ئیسلامیش نموونەیەکی زیندووی بەریەککەوتنی زمانی عەرەبیە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا، زمانی عەرەبی کە زمانی قورئانی پیرۆزە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و وەرگرتنی لەلایەن ئەو کۆمەڵانەی لەڕووی زمانە و نەژادەوە جیاوازبوون، ڕاستەوخۆ زمانی عەرەبیش کەوتە ململانێی زمانی ئەو گەلانە، (زۆر میللەت هەن لە پێناو ئاییندا دەستبەرداری زمانی زگماکی خۆیان بوون، بۆ نموونە ئارامییەکانی بیابانی شام لە ماوەیەکی پێوانەییدا بە سودی زمانی عەرەبی دەستبەرداری زمانی ئارامی بوون) (هەرشەمی، ٢٠٠٩: ٥٧).

زمانی عەرەبی لە ڕێگەی ئایینەوە کاریگەریی کردووەتەسەر زمانی کوردی، لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی (حوجرەی کوردی مەڵبەندی هزری و ڕوناکبیری کوردی بووە، بەجۆرێک بە دەگمەن دەقێکی ئەدەبی درکپێدەکرێت لەو مەڵبەندە هزرییە نەنووسرابێت، ئەمەش دیاریدەیەکی زمانەوانی گرنگی لێکەوتووەتەوە، وەکو نووسینی فەرهەنگی ئایینی، لەوانە فەرهەنگی (نۆبارە بچوکان)ی ئەحمەدی خانی و فەرهەنگی (ئەحمەدی)یەی شێخ مارفی نۆدەیی، کە زیاتر بۆ تێگەیشتن بووە لە قورئان، هەروەها ڕاڤە و تەفسیری قورئان، وەکو (تەفسیری مەلای گەورە) و (تەفسیری مەلا محەمەدی خاڵ...هتد)، سەرەڕای ئەمانەش نووسینی ئەلفوبێی کوردی لەو حوجرانە، لەو کاتەدا عەقڵی مەعریفی کوردی بیری لەوە کردووەتەوە، کە ئەلفوبێیەک لەسەر ئەلفبێی قورئان دابرێژێت، کە مۆرکی نەتەوەی

کوردی هەبێت و بتوانێت گوزارشت لە زمانی کوردی بکات) (ناوخۆش، ٢٠١٢: ٧٩-٨٣)، ئەمەش بە سەرەتای کاریگەریی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی دادەنرێت، هەروەها زۆرجاریش لەژێر پەردەی ئایینی ئیسلامەوە، زمانی عەرەبی هێرش و فشاری خستووەتەسەر زمانی کوردی، بۆ نموونە کاتێک داوای گۆڕینی ناوی گەڕەک و و شەقام و قوتابخانە و کتێبخانە و مزگەوت و شارۆچکەکانیان دەکرد، داوایان دەکرد ناوەکە لە ناوی کوردی بگۆڕن بۆ ناوی ئیسلامی، بەمجۆرە ئایین لە ناوخۆی وڵاتێکی فرەنەتەوە و فرەئایین و فرەزمان یان لە نێوان وڵاتاندا ڕۆڵ و پێگەی هەیە بۆ نزیکردنەوەی نەتەوە و ئایین و زمانەکان لە یەکتری، یان بە پێچەوانەوە، لە دروستکردنی دووبەرەکی و ململانێی نێوانیاندا، ئەمەش دەبەسترێتەوە بە ڕادەی تێگەیشتنی بڕوادارانەوە) (سلێمان، ٢٠١٤: ٥٦)، بڕوانە: (٣-٢/٣).

## ٣/١-١-١٠) پەروەردە و خوێندن:

سیستەمی پەروەردە و خوێندن لەلایەکەوە پەرە بە زمانی دایک دەدات و لە فەوتان دەیپارێزێت، لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگەیەکە بۆ هێنانە ئارای ململانێی زمانەکان و پەلکێشکردنی زمانی بیانی بۆ ناو جوگرافیای تایبەتی زمانێکی دیاریکراو، لە ڕێگەی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنەوە دەتوانرێت گەشە بە زمانی دایک بدرێت و نەوە بۆ نەوە بگوازرێتەوە، گروپ یان نەتەوەی خاوەن زمانەکەش بپارێزێت، چونکە (زمانی دایک، بە سەرچاوەی بنەڕەتی و کرۆکی بەدەستهێنانی بیر و بەها و کۆزانین و فێربوون و پەیوەندیگرتن...هتد، دانراوە، بۆیە زمان بە دیاریکەری مەعریفە و دنیابینی و ئەزمون و تێکۆشان و ڕەفتار و کەسێتی جیهانی ئاخێوەرانی دەستنیشانکراوە) (حسێن، ٢٠٢١: ٢٦١). داگیرکەران لە ڕێگەی قەدەغەکردنی خوێندنی زمانی دایکەوە هەوڵی لەناوبردن و تواندنەوەی ناسنامەی گەلی ژێردەستە دەدەن، هەر لە ڕێگەی خوێندنەوە دەتوانرێت زمانی بیانیش بەدەستبهێنرێت و بۆ سودوەرگرتن لە زانست و ئاشنابوون بە کولتور و شارستانییەتی گەلانی دیکە، کە لە ڕێگەیەوە کۆزانیاریی زمانی تاکەکان دەوڵەمەنددەبێت، ئەمەش دەبێت بەپێی پلان و سیاسەتی زمانیی بێت، کە کاریگەری نەکاتەسەر زمانی دایک.

گرنگی پەروەردە و خوێندن بۆ زمان لەم ڕوانگانەوەیە (ئەحمەد، ٢٠١٦: ٦٠):

١-بەهۆی یەک سیستەمی خوێندنەوە دەتوانرێت یەکێتیی زمان و نەتەوە بپارێزرێت، بە پێچەوانەشەوە.
٢-ئەو جیاوازییە زمانییانەی لەنێوان ئاخێوەرانی یەک زماندا هەیە، لە ڕێگەی یەک زمانی خوێندنەوە دەتوانن لێکبگەن و جیاوازییەکانیش بڕەوێننەوە.

بەهۆی قەدەغەکردنی خوێندنی زمانی دایک لە قوتابخانە و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان، لە مێژەوە هەوڵی لەناوبردن و تواندنەوەی زمانی کوردی دراوە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، بەجۆرێک مەترسییەکی گەورەیان خستبووە سەر زمانەکە، بەڵام دوای ئازادبوونی خاکی باشوری کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی خوێندن کرا بە زمانی کوردی، ئەمەش بووەهۆی بوژاندنەوەیەکی گەورەی زمانی کوردی و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی داگیرکاری، کە بەهۆی سەپاندنی خوێندن بە زمانی عەرەبی باڵی بەسەر زمانی قسەکردن و بیر و فەرهەنگی تاکەکاندا کێشابوو، هەروەها بووەهۆی لێکنزیکردنەوەی شێوەزارەکان و هەنگاونان بۆ دروستبوونی زمانی ستانداردی کوردی، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا بەبێ پلانێکی زانستی و زمانەوانی، چەندان قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆی ناحکومی/تایبەت کراونەتەوە، کە بەرژەوەندیی دارایی لە پێشەوەی ئامانجە پەروەردەی و نیشتمانییەکانداپە، بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردییان لە پرۆگرامەکانیان پشتگوێخستووە و بە زمانی بیانی بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی وانەکان دەخوێنن (بڕوانە (٤/٣)، هەروەها لە زۆربەی بوارە ئابوری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان و کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفرانس و توێژینەوە و بڵاوکراوەکان...هتد، هەر زمانی بیانی بەکاردەهێنرێت و زمانی کوردی پشتگوێخراوە، ئەمەش ململانێیەکی نوێی بۆ زمانی کوردی دروستکردووە، کە ڕەنگە داهاتووی زمانی کوردی وەکو زمانی زانست و ڕۆشنبیری بخاتە مەترسییەوە، چونکە ئەگەر ناوەندە زانستی و ڕۆشنبیری و ئابوری و سیاسییەکان پشتگیری زمان بکەن، ئەوا زمان بەرەو گەشەکردن و فراوانبوون و دەوڵەمەندبوون دەچێت، واتە هەموو زمانێک دەتوانێت زمانی زانست و پێشکەوتن بێت، ئەگەر ئاخێوەرانی بە شێوەیەکی زانستی و بە پلانی زمانیی خزمەتییبکەن.

## ٣/١-١-١١) تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریی ئەلیکترۆنی:

سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریی ئەلیکترۆنی، گۆڕانکارییەکی نوێی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دروستکردووە و سنورە جوگرافی و ڕامیارییەکانی نێوان گروپ و نەتەوە جیاوازەکانی بەزاندووە، ململانێیەکی بەربڵاوی لە زۆربەی بوارە کولتوری و زانستی و ڕۆشنبیری و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان...هتد)دا هێناوەتەئاراوە، بوونەتەهۆی لەیەک نزیککردنەوە و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکان و پێکەوەکارکردنی هاوبەش بەبێ جیاوازیی نەتەوە و ئایین و زمان و ئایدۆلۆژیا و لایەنی کۆمەڵایەتی. هۆیەکانی وەکو (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و فلیم و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و کۆمپیوتەر و موبایل و... هتد)، ڕێگەیەکی نوێی خێرایی گواستنەوەی زانیارین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لەم ڕێگەیەوە وڵاتانی خاوەن ئەم جۆرە نوێیانەی پیشەسازیی تەکنەلۆژیا، لە هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی ناسنامە و بیر و کولتور و زمانی نەتەوەکاندان، چونکە لە دووتوێی پرۆگرام و داتای ئامێرەکانەوە زمان و بیر و کولتور و

ڕۆشنبیریی خۆیان دەگوێزنەوە و ناچاریاندەکەن بۆ سودوەرگرتن لە زانیارییەکان و بەکارهێنانیان، خۆیان فێری زمانی خاوەن بەرهەم و داتا و زانیارییەکان بکەن، بەم شێوەیەش زمان ترۆپکی ئەو ململانێ و کاریگەرییانەی لەسەر دەرکەوتووە، لەلایەکەوە لەڕووی هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی بوارەکە بۆ ناو زمان و لەلایەکی دیکەشەوە بایەخدان بە خوێندن و فێربوونی ئەو زمانانە و بە لاواز سەیرکرنی زمانی دایک.

زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی دیکە کاریگەری زمانی تەکنەلۆژیای لەسەردەرکەوتووە بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی، بە جۆرێک بووەتەهۆی سەرهەڵدانی زمانێکی بیانی لەسەر جوگرافیای زمانی کوردی بڕوانە: (٤/٣)، بەهۆی ئەوەی تاوەکو ئێستا نەتوانراوە زمانی کوردی بۆ زمانی ئامێرەکان و داتاکان زیادبکرێت، بۆ نموونە دوای چەندین ساڵ لە بەکارهێنانی موبایل و ئەنتەرنێت و ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان هێشتا زمانی زانیاری و داتاکان بە زمانەکانی دیکەن، بە تایبەتی ئینگلیزی و عەرەبی، ئەمەش بووەتەهۆی هاتنەناوەوەی بە لێشاوی وشە و زاراوەی بیانی (بڕوانە: (٤/٢)، کە هەندێکیان وشەی زمانی کوردی بەرامبەریان هەیە، بەڵام بەهۆی زیاتر بەکارهێنانی وشە بیانییەکانەوە وشە خۆماڵییەکە فەرامۆشکراوە، وەکو: (فرێند) بەرانبەر (هاوڕێ)، (مەسج)، بەرامبەر (پەیام/نامە). ئێستا بە هەوڵی تاکەکەسی، زمانی کوردی لە بواری وەرگێڕانی ئەلیکترۆنیدا بەرەو پێشچوونێکی باشی بەخۆیەوە بینیوە، توانراوە لەناو ڕستی زمانەکانی کۆمپانیای گۆگڵ، کە گەورەترین و بە ناوبانگترین کۆمپانیای بواری ئەنتەرنێتە، جێگیربکرێت، لەم ڕێگەیەوە لە داهاتوودا دەتوانرێت سەرجەم داتا و پرۆگرامی کەرەستە و ئامێرەکانی بوارەکانی ئەنتەرنێت و کۆمپوتەر و موبایل، وەربگێڕێتەسەر زمانی کوردی.

## ٣/١-٢) ئەو هۆکارانەی کار لە ئەنجامی ململانێی زمانەکان دەکەن:

## ٣/١-٢-١) ڕەچەڵەکی زمان:

هەر زمانێک سەرەڕای هاوبەشی لە کۆمەڵێک کەرەستە و یاسا و ڕێسای زمانیی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا بە گشتی و زمانە هاوخێزانەکانی بە تایبەتی، کۆمەڵێک تایبەتمەندی زمانی تایبەت بەخۆشی هەیە، کە تاوەکو خێزانی زمانەکان لە یەکتر دوورتربن، جیاوازییەکانیش زیاتردەبن. ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی خۆبەدەستەوەنەدانی زمان لە ململانێی زمانەکاندا، واتە (ئەگەر ڕەچەڵەکی ئەو زمانانەی لە ململانێدان لە یەک خێزانە زمان بوون، یان لەیەکەوە نزیکبوون، ئەوە زمانە زاڵەکەیان زووتر دەتوانێت دەست بەسەر زمانەکەی دیکەدا بگرێت، یان زۆرترین کاریگەری خۆی لەسەر جێبهێڵێت، بە پێچەوانەشەوە) (وافی، ٢٠٠٤: ٢٣٠)، بۆ نموونە (زاڵنەبوونی زمانی عەرەبی بەسەر زمانی ئیسپانیدا دیارترین بەڵگەیە، سەرەڕای مانەوەی عەرەب بۆ ماوەی حەوت سەدە لە ئەندەلوسدا،

بەڵام نەیتوانی بە سەر زمانی ئیسپانیدا سەرکەوێت، چونکە هەردوو زمانەکە لە دوو خێزانی زمانی جیاواز بوون، بە هەمانشێوەش دەسەڵاتی عوسمانی لە نیشتیمانی عەرەبیدا بۆ چەند سەدەیەک، نەیتوانی زمانی عەرەبی لەناوبەرێت و زمانی تورکی شوێنی بگرێتەوە) (عبدالعانی، ٢٠١٦: ٩٨)، گرنگترین هۆکاری زاڵنەبوونی زمانەکانی عەرەبی و تورکی، پاش چەند سەدە لە داگیرکاری و کاریگەریی بەسەر زمانی کوردیدا، بەهۆی ئەوەوە بووە، کە ئەم زمانانە لە خێزانی جیاوازن.

### ٣/١-٢-٢) ژمارەی ئاخێوەر:

زۆری ژمارەی ئاخێوەرانی ئەو دوو زمانەی دەکەونە ململانێ، ڕۆڵی لە زووتر یەکلاییکردنەوەی ململانێکەدا هەیە، بەجۆرێک ئەو زمانەی ژمارەی ئاخێوەری زۆرتربێت، بەسەر زمانەکەی دیکەدا زاڵدەبێت، بە تایبەتی لە ململانێی ئەو زمانانەی، کە سەربەیەک خێزانە زمانین، یان لە یەکەوە نزیکن، بۆ نموونە (کاتێک ئەنگلۆسەکسۆنەکان، لە ناوەڕاستی ئەوروپاوە، بەرەو ئینگلتەرا کۆچیانکرد، لەبەرئەوەی ژمارەیان لە ژمارەی ئاخێوەرانی زمانە سەڵتییەکانی خانەخوێ زۆرتربوون، بۆیە توانییان زمانە سەڵتییەکان لەناوبەرن و جێگەیانبگرنەوە) (وافی، ٢٠٠٤: ٢٣٢).

### ٣/١-٢-٣) ژێرخانی ڕۆشنبیری و کولتوری:

پێشکەوتووی لایەنی ڕۆشنبیری و کولتوری کۆمەڵێکی دیاریکراوە، ڕۆڵی لە ئەنجامی ململانێی نێوان زمانەکان هەیە، گەلی هەر زمانێک لەڕووی شارستانییەت و ڕۆشنبیری و ئەدەبەوە پێشکەوتووتر و بەهێزتربوو، کاریگەریی زیاتر لەسەر زمانەکەی تر دەبێت، ئەگەرچی لەڕووی سەربازییەوە لاوازتر بێت، بۆ نموونە (زمانی لاتینی نەیتوانی بەسەر زمانی گریکدا زاڵبێت، هەرچەندە زمانی گەلی زاڵی سەربازی بوو، چونکە گریکەکان لەڕووی شارستانییەت و کولتورییەوە کۆنتر و پێشکەوتووتر بوون و زمانەکەشیان گەشاوەتربوو، کە بە پێچەوانەی ئەنجامی داگیرکاریی سەربازییەوە، زمانی لاتینی کەوتەژێر کاریگەریی زمانی گریکی و ژمارەیەکی زۆر وشەی ئەدەبی لێوە وەرگرت) (معاذ، ٢٠٠٩: ١١).

### ٣/١-٢-٤) ژمارەی کۆچەر:

لە کاتی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئاخێوەری کۆچەری زمانێکی داگیرکەر لەناو نەتەوەیەکی ژێردەستەدا، کۆچەرەکان هەوڵی پاراستنی زمانەکەیان دەدەن، سەرەڕای تێکەڵاوبوونی بەردەوامیان لەگەڵ ئاخێوەرانی نەتەوە ژێردەستەکە، زۆری ژمارەی کۆچەرەکان و بەهێزییان لەڕووی شارستانیەت و ئابوری و ئایینی و نزیکی ڕەچەڵەکی ئەو دوو زمانە لە یەکتری، لە زاڵبوونی زمانەکەیان لە ململانێکەدا یارمەتیدەر دەبێت، بۆ نموونە (زمانی عەرەبی بەهۆی ئەو هۆکارانەی سەرەوە توانی بەسەر زمانە حامییەکاندا زاڵبێت، وەک (قیبتی و ئەمازیغی و کوشی)، تا وایلێهات

زمانی عەرەبی لە زۆرینەی هەرە زۆری ئەفریقا، لە نووسین و کاروباری دەوڵەت و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا ببێت بە زمانی فەرمی) (وافی، ٢٠٠٤: ٢٣٣).

### ٣/١-٢-٥) پلانی زمانیی:

پلانی زمانیی و سیاسەتی زمانیی هۆکارێکی گرنگن بۆ یەکلایکردنەوەی ململانێی نێوان زمانەکان، بۆیە سیاسەتی زمانیی دەوڵەتێکی دیاریکراو، هۆکارە بۆ ئەوەی لە ناوەوە و دەرەوەی سنوری جوگرافیای زمانەکە، پەرە بە زمانەکە خۆیان بدەن و نەوەکانی لە مەترسی زمانگۆڕین و نەمانی هەستی نەتەوایەتی بپارێزن، بۆ نموونە (فەڕەنسییەکانی شاری (مۆنتریال)ی ناوچەی (کیوبیک) لە کەنەدا، هەرچەندە بە زمانی ئینگلیزی دەورەدراون، بەڵام لە قوتابخانە سەرەتاییەکان و دەزگا ئایینییەکانی ناوچەکە هەر زمانی فەڕەنسی بەکاردێنن، تەنانەت لە قوتابخانە ناوەندی و دواناوەندییەکانیشدا تەنها منداڵی ئەو دەوڵەمەندە فەڕەنسییانە فێری زمانی ئینگلیزی دەبن، کە بە پارە دەخوێنن، ئەمەش لەژێر چاودێریی دەزگا ئەکادیمی و زمانەوانییە فەڕەنسییەکاندایە، بۆیە منداڵی فەڕەنسی تا ژیانی لە چوارچێوەی ماڵەوە و کەنیسە و دراوسێدا بەسەربەرێت، زمانی فەڕەنسی تاکە زمانی ئاخاوتنی نێوانیانە، تەنها مەگەر فەڕەنسییەک بیەوێت خوێندنی باڵا تەواوبکات، ئەوکاتە بە ناچاری پێویستی بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەبێت، هەر لەبەرئەمەیە کۆمەڵگا فەڕەنسییەکان بە فەڕەنسی دەمێننەوە، هەرچەندە خەڵکەکەی شارەزای دوو زمانیش بن) (فتاح،٢٠١٠: ١٤٩-١٥٠).

## ٣/١-٣) ململانێ و هەژموونی زمانەکانی دیکە لەسەر زمانی کوردی:

### ٣/١-٣-١) زمانی کوردی و زمانی عەرەبی:

بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە، بوارگەلێکی زۆر بۆ دروستبوونی ململانێ لەنێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبی ڕەخسا، ئەمەش بووەهۆکاری ئەوەی، کە هەردوو زمانەکە کاریگەرییان بە ڕێژەی جیاواز لەسەر یەکتر هەبێت، کە گرنگترینیان بواری ئایینی بوو لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە، کە بە (فتوحاتی ئیسلامی) ناسراوە، (زمانی عەرەبی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئایینەوە دوای دەستبەسەرداگرتنی خاکی نەتەوە و گروپە جیاوازەکان کەوتووەتە ململانێی زمانی ئەو نەتەوە و گروپانە، بۆ نموونە زمانی ئارامی لە سوریا و لوبنان و عێراق و زمانی قیبتی لە میسر و بەربەری لە باکووری ئەفریقا و فارسی لە ئێران و تورکی لە هەموو خاکی ئیسلامدا) (عبدالعانی، ٢٠١٦: ٩٨-٩٩). سەرهەڵدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و گەیشتن و بڵاوبوونەوەی بەناو نەتەوەی کورددا، بووەهۆی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگای کوردیدا و کاریگەری لەسەر بیر و جیهانبینی تاکی کورد دروستکردووە، بەهۆی ئەوەی هەموو ئایینێک پێڕەوێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ژیان و مردن و

نوێژ و پاڕانەوە و سروتە ئایینییەکان و ئەرک و ماف...هتد، هەروەها بەهۆی بەهێزی هەستی ئایینییەوە، بە لێشاو وشەی زمانی عەرەبی هاتنەناو زمانی کوردییەوە (بڕوانە: (٤/٢) و (٢/٣-٣))، وەکو ناوی ئەرکەکان و ڕێنمایی و ناوەکانی خوا و پێغەمبەران و شوێنە پیرۆزەکان و ڕووداوەکان و بۆنە ئایینی و جۆر و شێوازی پۆشینی جلوبەرگ...هتد، هەموو ئەمانە لە قورئاندا بە وشەی زمانی عەرەبی دەربڕاون، ئەمەش ململانێیەکی درێژخایەنی لەگەڵ زمانی کوردی دروستکردووە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە و کاریگەرییەکانی دیارن، واتە (ستراکچەری کولتوری عەرەبی لەناو زمانەکەیدا ئامادەیە، کاتێک ئەم کولتورە جیهانبینییەکی تایبەت لەناو دینی ئیسلامدا بەرجەستەدەکات، ئەم ئایینەش وەکو ئایینێکی جیهانیی سنوری زۆرێک لە کولتور و زمانی جیاوازی بڕیوە، بۆیە زۆرێک لەو وشانەی زادەی ئەم ئایینەن، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی خۆی گەیاندووە بە ئەو زمانانەی، کە ئەم ئایینەیان وەرگرتووە) (نەریمان، ٢٠١٣: ١٦)، لەم ڕوانگەیەوە دەبینین، کە بە پیرۆز سەیرکردنی قورئان، زمانی عەرەبیشی پیرۆزکردووە، لە دوای بڵابوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەدا، گەلی کوردیش وەکو گەلانی دیکە کەوتەژێر کاریگەری زمانی عەرەبییەوە، لەو کاتەدا هەمبەر بە گەلانی دیکەی ناوچەکە لەڕووی ئەدەب و زانست و کەلتورەوە پێشکەوتووتربوون و بەهۆی دەسەڵاتی ئیسلامیشەوە کاروبارەکانی ڕامیاری و کارگێڕیش هەر بە زمانی عەرەبی بوون، بۆیە هەوڵدراوە بۆ باشتر تێگەیشتن لە ئایین و بەرنامەکانی و زانست و ئەدەب...هتد، خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن، وەکو لە مێژوو و ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردیدا دیارە، تاوەکو پێش سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی، زمانی عەرەبی زمانی شاعیران بوون و ئەگەر بە کوردیش شعرییان هۆنیبێتەوە زۆربەی وشەکانیان بە زمانی عەرەبی بووە، زمانی خوێندنیش هەر زمانی عەرەبی بووە، چونکە مزگەوت و خانەقا و تەکییەکان، کە ڕۆڵی قوتابخانەی ئەم سەردەمەیان بینیووە، زمانی عەرەبییان بەکارهێناوە، ئەمەش بووەهۆی هاتنەناوەوەی چەندین و وشە و دەبڕاوی زمانی عەرەبی بۆ ناو زمانی کوردی.

سەرەڕای ئەمانەش بەهۆی پیرۆزی قورئانی پیرۆزەوە وشە دینییەکان لە هەندێک شوێندا جێیان بە وشە ڕەسەنە کوردییەکان لێژکردووە و بەرەو ئەوپەڕی پووکانەوەیان بردوون، یان مەگەر بە ناوی شوێنەوە، یان لە ئیدیەمێکدا مابنەوە، یان هەر نەماون، بۆ نموونە (وشەی (پیر) زاراوەیەک بووە وا دەردەکەوێت پێش هاتنی ئیسلام، بەهێزەوە لەناو کۆمەڵدا لەکاردا بووە، چونکە پێگەیەکی تایبەتی پیاوی ئایینی ڕابەری ڕوحیی دیاربووە، ئێستاش زۆرێک لە نزرگەکان بەناوی (پیر) ماونەتەوە، وەکو (پیرمەنسوور، پیرمەگرون، پیریۆنیس، پیربابۆڵ...هتد)، بەڵام دوای هاتنی ئایینی ئیسلام وشەی (شێخ) ململانێی لەگەڵدا کردووە و جێگەی پێلێژکردووە، ئێستا وشەی (شێخ) لە ناوە نوێکانی نزرگەکان لەکاردایە، وەکو: (شێخ عەباس، شێخ محێدین، شێخان، شێخەڵا، شێخ حەسەن...هتد) (نەریمان، ٢٠١٣: ٣٣).

دراوسێیەتیش یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی ململانێی زمانی عەرەبی و زمانی کوردی، چونکە کاتێک دوو زمانی جیاواز لەڕووی جوگرافییەوە دراوسێ بن، ئەوا دەرفەتی ململانێی هەردوو زمانەکە بە هۆکارەکانی کولتوری و ڕۆشنبیری و زانست و بازرگانی و کۆمەڵایەتی...هتد دروستدەبێت، هەتاوەکو تێکەڵاوبوونی نێوان هەردوو گەلەکە زیاتربێت، کاریگەرییەکەی لەسەر زمان زیاتردەبێت. زمانی کوردی سنورێکی فراوانی لەگەڵ زمانی عەرەبیدا هەیە، تێکەڵاوی و پەیوەندیی نێوان هەردوو گەلەکە ڕەنگدانەوەی لەسەر زمانەکانیان هەبووە، چەندان وشە و زاراوەیان لە یەکتری وەرگرتووە، بە تایبەتی زمانی عەرەبی بەهۆی پێگەی ئایینی و سیاسی و ڕۆشنبیریەکەیەوە کاریگەریی زیاتر لەسەر زمانی کوردی هەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی هەردوو زمانەکە لە دوو خێزانە زمانی جیاوازن، کاریگەرییەکە نەگەیشتووەتە تواندنەوە و لەناوبردنی زمانێکیان. زۆربەی ئەو وشە و زاراوانەی دەچنە بواری ڕامیاری و کارگێڕی و ئابورییەوە بەهۆی دراوسێیەتییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە.

داگیرکردنی خاکی کوردان لە قۆناغە مێژووییەکانی سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام و داگیرکاریی سەفەوی و عوسمانییەکان لەلایەک و دابەشکردنی نەتەوەی کورد لە (پەیماننامەی سایکس بیکۆ) بەسەر وڵاتانی (عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران) لەلایەکی دیکەوە، بووە بە هۆکاری دروستبوونی ململانێی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی، بۆ نموونە لەم ساڵانەی دواییشدا بەهۆی داگیرکاری و هێرشە سەربازییەکانی حکومەتەکانی عێراق و بە سەربازگەکردنی خاکی کوردستان، چەندان وشە و زاراوەی بوارەکانی سوپا و کەرەستە سەربازییەکانی زمانی عەرەبی هاتونەتەناو زمانی کوردییەوە، کە تاوەکو ئێستاش بەکاردەهێنرێن، وەکو: (نەقیب، مولازم، لیوا، عەمید، ساروخ، دۆشکە، قەناس، هاوەن، مەخزەن، قازیفە، کیمیاوی، فەوج، فەیلەق...هتد)، هەروەها لەڕووی کارگێڕییەوە زمانی عەرەبی سەپێنرابوو بەسەر زمانی کوردیدا، بۆیە بە لێشاو وشە و زاراوەی ئەم بوارەش هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، لە کاروبارەکانی حکومەتدا بەکاردەهێنران، وەکو وشەکانی (حکومەت، مەعاش، عەلاوە، تەرفیع، مدوير، مەکتەب، کتاب، قەڵەم، نفوس، موڵک، میرات، تاپۆ، خزمەت، قەزا، ناحیە، قایمقام، دەوڵەت، دائیرە، غەرامە، حیزب، ستراتیجی، ئیرهاب، ئینتخابات، سیاسەت...هتد).

بەهۆی پێشکەوتوویی زمانی عەرەبی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر و کاریگەریی لەسەر نووسەر و شاعیرانی کورد، زمانی عەرەبی لەم بوارەدا کاریگەری لەسەر زمانی کوردی هەبووە، تەنانەت سەردەمانێک نووسەر و شاعیران بە زمانی عەرەبی بەرهەمەکانیان بڵاوکردووەتەوە، لەلایەکەوە بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە و لەلایەکی دیکەشەوە بە کەم سەیرکردنی زمانی کوردی بە جۆرێک بە زمانی زانست و ڕۆشنبیری و ئەدەب و هونەر دانەنراوە، بۆیە چەندین وشە و زاراوەی ئەم بوارە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، وەکو

(ئەدەب، شیعر، قەسیدە، قافیە، عەروز، فەلسەفە، مۆسیقا، شاعیر، بەلاغە، دیوان، غەزەل، خەیاڵ، ئیلهام، کتێب...هتد).

## ۲/۳-۳-۲) زمانی کوردی و زمانی فارسی:

زمانی کوردی و فارسی لەبەرئەوەی لەلایەکەوە لە یەک خێزانە زمانن، کە بنەماڵەی زمانە هیندۆئێرانییەکانە، لەلایەکی دیکەشەوە دراوسێ زمانن، بۆیە کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، سەرەڕایی هاوبەشی ئەو زمانانەی، کە لە یەک کۆمەڵە خێزانن لە ڕووی وشە و مۆرفێم و یاسا و ڕێسای زمانیی، سەرەڕای ئەم هاوبەشییە، وشە و زاراوەیان لە یەکترەوە وەرگرتووە، وەکو وەرگرتنی ئەم وشانەی زمانی فارسی لەلایەن زمانی کوردییەوە (وەرزش، میهرەبان، خانەوادە، سروشت، بەد(بەدڕەوشت)، تەندروست، مەرز، زەمینلەرزە، فالودە، ڕۆشن...هتد)، هەروەها چەند مۆرفێمێکیش لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون (بڕوانە: (۳/۱-۲) و (۳/۱-۳).

## ۱/۳-۳-۳) زمانی کوردی و زمانی تورکی:

سەرەڕای دراوسێیەتی، بەهۆی داگیرکاری و ڕامیاری و زانست و هونەر و ڕۆشنبیری ...هتد، هەردوو زمانی کوردی و تورکی چەند قۆناغێکی ململانێیان تێپەڕاندووە، (بەهۆی داگیرکاری لە سەردەمی حوکمڕانی عوسمانیدا، وشە هاتووەتەناو فەرهەنگی زمانەکەمانەوە، بەڵام دوای ڕوخانی ئەو دەوڵەتە، پرۆسەی فراونبوونی فەرهەنگەکەمان بە وشەی تورکی گرژبووەتەوە بە تایبەتی لە دیالێکتی کرمانجی خواروو، ئەو وشە کوردییە بە ڕەسەن تورکی و مەغۆلیانە لە بواری جیاوازی ژیاندا بەکارهێنراون، ئێستاش لە کاردان، وەکو: قاچ، هێواش، یاسا، یاقووت، قاوش، قات، قوت، قوڕ...هتد) (سدیق، ۲۰۱۱: ۵۷-۵۹)، لە ڕێگەی پرۆسەی ناونانیشەوە ناوی زۆرێک لە شوێنەکان بە زمانی تورکییەوە ناونراون، کە تاوەکو ئێستاش کاریگەرییەکانی ماون و هەر بە ناوە تورکییەکانەوە بانگدەکرێن، وەکو (قەرداخ، بیرکێ، قەرەبڵاغ، قەرەهەنجیر، قوشتەپە، قەرەتەپە، قەرەناو، ئاڵتوون کۆپری، قەرەچەم...هتد). لە سیاسەتی دەوڵەتی نوێی تورکیاشدا، بە ڕێگای جیاواز کەوتوونەتە ململانێی زمانی کوردی و دەیانەوێت ڕاستەوخۆ زمانەکە بنبڕبکەن، (کاتێک کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی لە ساڵی ۱۹۰۸ و دواتریش کەمالیستەکان لە ساڵی ۱۹۲۳ لە تورکیا هاتنەسەر کار، زمانی کوردی لە باکوری کوردستان زۆر بە توندی هەوڵی ڕیشەکێشکردنی درا، لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کولتوری و پەروەردەی قەدەغەکرا، هەروەها لە نووسین و چاپەمەنییەکانیشدا ڕێگەی پێنەدەدرا، سەرەڕای ئەمەش بە پاکتاوکردنی ڕەگەزی و کوشتنی بە کۆمەڵ و ڕاگواستن هەوڵیاندەدا ژمارەی کوردزمانەکان کەمبکەنەوە و لە یەکتریان دابڕن، ئەوەبوو لە ساڵی ۱۹۱۵ زیاتر لە (۷۰۰) هەزار کوردییان بۆ ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ گواستەوە بە جۆرێک بۆ هەر (۱۰) کوردێک (۱۰۰)

تورک هەبێت، بۆئەوەی ناچارییان بکەن بە تورکی قسەبکەن، ئەم سیاسەتە تاوەکو ئێستاش هەر بەردەوامە) (ڕەسول، ٢٠١٤: ٥٠-٥١).

ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی کەمالیستی تورک، بە مەبەستی دابڕانی نەتەوەکانی دیکەی نێو تورکیا لە ڕابردووی کولتوری و ئەدەبی و مێژوویيان، ئەلفوبێی عەرەبییان بە ئەلفوبێی لاتینی گۆڕی و دیالێکتی ئەستەمبووڵیان کردە زمانی ستانداردی نوێی تورکیا و بەسەر زمانی نەتەوەکانی دیکەدا سەپاندیان، بەم شێوەیە (کوشتن و تواندنەوەی زمانەکانی دیکە دەستیپێکرد، تەنانەت زمانی تورکی عوسمانی، کە پڕبوو لە وشەی عەرەبی و فارسی و کوردی کۆتایی پێهێنرا، پڕۆسەکەش پشتی بە هەردوو ئامرازی دەستوور و زەبروزەنگ دەبەست، لە نیسانی ساڵی ١٩٢٥ یەکەمین دەستوری تورکیا پەسەندکرا و زمانی تورکی بە تاکە زمانی فەرمی دانپێدانراوی دەوڵەتی تورکیا دانرا، زمانەکانی دیکە بە تایبەتی زمانی کوردی قەدەغەکرا، هەروەها لە ڕێگەی زەبروزەنگ و کوشتنی بە کۆمەڵی کوردەوە دەستی بە کوشتنی زمان و کولتوری کورد کرد) (سابیر، ٢٠١٣: ٩٣-٩٤).

## ٣/١-٣-٤) زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی:

زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێکی جیهانی بە هۆکارەکانی ئابوری و ڕۆشنبیری و تەکنەلۆژیا و ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هۆیەکانی پەیوەندیگرتن و خوێندن و هەلی کار...هتد، کەوتووەتە ململانێی زمانی کوردی، بۆیە لەڕووی وەرگرتنی وشە و زاراوە و پێکهاتەی دیکەی زمانەوە کاریگەری لەسەری دروستکردووە، ڕۆژبەڕۆژیش کاریگەرییەکە فراوانتر و زۆرتردەبێت (بڕوانە: (٤/٢). زۆربوونی ژمارەی قوتابخانە تایبەتەکان، کە زۆربەیان بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن و ڕووکردنە فێربوونی ئەم زمانە، لە داهاتوودا کێشە بۆ زمانی کوردی دروستدەکات. بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندن و داتاکانی کۆمپیوتەر و موبایل و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و سەرچاوە و توێژینەوە زانستییەکان، ئاخێوەرانی زمانی کوردی ناچار بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی کردووە بڕوانە (٤/٣).

## ٤/١) مردنی زمانیی:

## ٤/١-١) جۆری زمانەکانی جیهان:

### ٤/١-١-١) زمانی زیندوو:

مەبەست لەو زمانانەیە، کە ژمارەیەک ئاخێوەر لە جوگرافیای زمانەکەدا وەکو زمانی دایک بۆ پەیوەندیگرتن و لێکگەیشتنی نێوانیان لە کاروباری ڕۆژانەی ناوماڵ و بازاڕ و قوتابخانە و ڕاگەیاندن و زانست و کاروباری ڕامیاری...هتد، بەکاریدەهێنن و نەوە بۆ نەوە دەیگوێزنەوە، لەگەڵ پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانیشدا پێشیدەخەن و لە لەناوچوون دەیپارێزن، (ئەگەر زمانێک لەگەڵ پێویستیی ژیان و پێشکەوتنی مرۆڤدا شانبەشان ڕۆیشت و وێنەیەکی ڕاست و تەواوی بیر و هۆش و هونەری خاوەنەکەی دەرخست، ئەوا زمانێکی ساغ و زیندووە) (حیلمی، ١٩٧٥: ١٥٨). (زمانی زیندوو هەمیشە لە گەشە و گۆڕاندایە، بەهۆی ئەو هێزە ناوەکییەی هەیەتی دەیەوێت گۆڕانکارییەکانی ناوخۆیی، بەپێی پێڕەوە ناوەکییەکەی خۆی بێت، هەرکات ئەو پێڕەوە ناوەکییەی ناو زمان، لەلایەن زمانێکی دیکەوە کۆنترۆڵکرا، ئەوە مەرگی زمانە کۆنترۆڵکراوەکە ڕاگەیەنراوە، بۆیە بۆ زمان مەترسییە کۆنترۆڵی خۆی بە تەواوەتی بداتەدەست زمانێکی دیکەوە) (نەریمان، ٢٠١٣: ٣٢)، ئەوەی گرنگە بۆ زیندوویەتی زمان، نەوە بۆ نەوە بگوێزرێتەوە و لە کاروباری ڕۆژانە و ڕامیاری و خوێندن و ڕاگەیاندن و نووسیندا بەکاربهێنرێت و تۆماربکرێت، هەروەها خۆی لە مەترسییەکانی زمانەکانی دیکە بپارێزێت و فەرهەنگەکەی بەپێی پێویستییەکانی ئاخێوەرانی بە وشە و زاراوە سازکردن و وەرگرتن دەوڵەمەندبکات، هەرچەندە زۆری ژمارەی ئاخێوەران بە مەرجی سەرەکی زیندوویێتی زمان دانانرێت، بەڵام هۆکاریکی گرنگە بۆ تەمەن درێژی زمانەکە، ئەگەرچی (زیاتر لە (٦٠٠٠) هەزار زمان لە جیهاندا هەیە، بەڵام لەڕووی ژمارەی ئاخێوەرەوە ناهاوسەنگن، نزیکەی (٩٦%)ی دانیشتوانی جیهان بە (٤%)ی زمانەکانەکان قسەدەکەن، هەروەها نزیکەی نیوەی دانیشتوانی جیهان بە (٢٠) زمانی جیاواز قسەدەکەن، لەو ژمارەیە نزیکەی (٢.٤) دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن کەس (٨) زمان بەکاردەهێنن، ئەوانیش زمانەکانی (ماندارین، ئیسپانی، ئینگلیزی، بەنگالی، هندی، پورتوگالی، ڕووسی، ئەڵمانین) (Crystal, 2003: 14).

بە شێوەیەکی گشتی سێ هۆکار لە پاراستنی زمان و بە زیندوو هێشتنەوەی، بایەخی گەورەیان هەیە، ئەوانیش (کریستاڵ، ٢٠٢٠: ١٧٣-١٧٤):

١. خۆشویستنی زمانەکە لەلایەن ئاخێوەرانییەوە، بە شێوەیەک وەکو زمانی دایکی خۆیان بایەخی پێبدەن و ڕێگا لە مەرگی بگرن.

٢. حکومەت ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی زماندا هەیە.

٣. هەوڵی بوژاندنەوە و گەشەپێدان و دەوڵەمەندکردنی بدرێت، لە ڕێگەی دابینکردنی پارەی پێویست بۆ دیکۆمێنتکردنی زمانەکە، لەڕووی نووسینەوە و تۆمارکردنی ڕێزمان و دانە فەرهەنگییەکانەوە، هەروەها دانانی بەرنامەی خوێندن و ڕاهێنانی مامۆستا و چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبی تایبەت و بەکارهێنانی لە نووسینی تابلۆکان و پێکهێنانی ئەنجومەن و ڕێکخراوە تایبەتمەندەکان...هتد.

## ٤/١-١-٢) زمانی مردوو:

لە تایبەتمەندییەکانی زمان گۆڕانێتی، (زمان بوونەوەرێکی زیندووە بە درێژایی تەمەنی تووشی لەناوچوونی تەواوەتی، یان مردنی چەند خانەیەکی جەستەی دەبێتەوە، هەروەها گیانیشی بەبێ وەستان نوێدەبێتەوە و خانەی نوێ لە دایکدەبێت) (کالفی، ٢٠١٢: ٢٥٥). گۆڕان لە سەرجەم زمانە زیندووەکاندا هەرچەندە جیاوازیش بێت دیاردەیەکی سروشتی بەردەوامە، بەهۆی ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی بە کۆمەڵەوە هەیەتی، کە ئاوێنەی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەیە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن. ئەو گۆڕانە گەورە و خێراییەی، کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، لەگەڵیدا زمانیشی گۆڕیوە، جا گۆڕان بێت بەرەو گەشەسەندن و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی و زیاتربوونی ژمارەی ئاخێوەران و گواستنەوەی نەوە بۆ نەوە، کە نیشانەی زیندوویەتی زمانە، یان بە پێچەوانەوە سستبوون و پوکانەوەیەتی لە ئەنجامی وازهێنانی ئاخێوەرانی لە بایەخدان بە زمانەکە و کەمبوونەوەی ژمارەی ئاخێوەر و کاریگەریی زمانەکانی دیکە لەسەری، کە ڕێگەی بەرەو لەناوچوونی زمانەکەیە.

هۆیەکانی جیهانگیری لە ڕوانگەی پێشکەوتووی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و زانست و بایەخی خوێندن و گەشەی ئابوری و...هتد، بوون بە هۆکاری ئەوەی بەریەککەوتن و ململانێی نێوان زمانەکان توندبوونی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت، زمانە گەشەسەندوو و دەرکەوتووەکان بە پاڵپشتی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، تەنگیان بە زۆرێک لە زمانەکانی دیکە بە تایبەتی زمانی کەمینەکان هەڵچنیووە و خۆیان لە سەر حسابی ئەوان لەلایەکەوە لەڕووی ژمارەی ئاخێوەر و لەلایەکی دیکەشەوە لەڕووی سنوری جوگرافیای بەکارهێنانی زمانەکەوە فراوانکردووە، بەمەش کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر خێرا مردنی زمانەکان دروستکردووە، چونکە (پەرەسەندن و گەشەکردنی زمانێکی سروشتی وەکو زمانی جیهانی، دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر، ستراکچەری ڕێزمانی و وشەگەلی دیکەی زمانەکانی جیهان توشی گۆڕان بکات، دەکرێت ئەم گۆڕانە کاریگەربێت و ژەهرێکی کوشندە بێت بۆ لەناوبردنی هەندێ زمان) (سەعید، ٢٠١٥: ١١٧).

ئەگەر لە پێشوتردا سنورە جوگرافی و سیاسی و نەتەوەیی و کولتورییەکان لەبەردەم پاراستنی زمان بەربەستبووبن و لە مردن و لەناوچوونی زمان ڕێگربوون، ئەوە ئێستا هۆیەکانی پەیوەندی و ئاسانبوونی هاتوچۆ و تێکەڵاویی نێوان تاکەکانی زمانە جیاوازەکان ئەو بەربەستانەیان شکاندووە، بە جۆرێک ئەگەر لە پێشوودا زمانێک بۆ باڵادەستبوونی پێویستی بە داگیرکردنی خاکی

زمانێکی بندەست هەبووایە، ئەوە ئێستا زمانە گەورە و گەشەسەندووەکان هەر لەسەر زەوی جوگرافیای خۆیانەوە ململانێ لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا دەکەن و کاریگەرییان لەسەر جێدەهێڵن، واتە (جاران ئاخێوەرانی زمانێک، بەهۆی شەڕ و داگیرکاری یان ڕاگواستن یان هۆکاری گۆڕینی ئایین و باوەڕ، بەرەبەرە و بە خۆشی خۆیان، یان بە ناچاری، وایان بە پێویست دەزانی، تا بە زمانی داگیرکەرەکە، یان ئەو شوێنەی کۆچیان بۆ کردووە، یان بە زمانی ئایینە تازەکە بدوێن، واتا زمانگۆڕینەکە، وەک بەرەنجامی گۆڕانی دی گەورە، لە ژینگەی ژیانیان دەهاتەکایەوە، بەڵام ئێستا کۆڵۆنیالیست و داگیرکەران، بە هەموو قورساییەکیانەوە، زمانی گەلانی ژێردەستە دەمرێنن، زمانی خۆیان دەکەن بە زمانی خوێندن و ئاخاوتن، دوا پێشکەوتنی زانستی تەکنەلۆژیاش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنن) (هەرشەمیی، ٢٠٢٠: ٨٥)، بەمەش زیان لە بەشێک لە شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەدەن، چونکە (زمان تەنها بریتی نییە لە کۆمەڵێک لایەنی وشەسازی و ڕێزمانی و تەنها بۆ گفتوگۆکردن و پەیوەندی نێوان تاکەکان بەکاربهێنرێت، بەڵکو هەموو زمانێک سیستەمێکی زانیاریی سروشتی و کولتوری لەناودایە، کە بەرەنجامی گەشەکردووی بیری مرۆڤە، وەکو سەرچاوە و بەڵگە بۆ تێگەیشتن لە مێژووی مرۆڤایەتی پێویستە) (Isa & Ahmed &…, 2014: 46).

سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریی ئەلیکترۆنی، گۆڕانکارییەکی نوێی لە کۆمەڵی مرۆڤایەتییدا دروستکردووە و سنورە جوگرافی و ڕامیارییەکانی نێوان گروپ و نەتەوە جیاوازەکانی بەزاندووە، ململانێیەکی بەربڵاوی لە زۆربەی بوارە کولتوری و زانستی و ڕۆشنبیری و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکان...هتد)، دروستکردووە. بوونەتەهۆی لەیەکنزیککردنەوە و دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکان و پێکەوە کارکردنی هاوبەش بەبێ جیاوازی نەتەوە و ئایین و زمان و ئایدۆلۆژیا و لایەنی کۆمەڵایەتی. هۆیەکانی وەکو (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئەنتەرنێت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و فلیم و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و کۆمپیوتەر و مۆبایل و داتاکانیان... هتد)، ڕێگەیەکی نوێی خێرایی گواستنەوەی زانیاریین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لەم ڕێگەیەوە وڵاتانی خاوەن ئەم جۆرە نوێیانەی پیشەسازی، لە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی ناسنامە و بیر و کولتور و زمانی نەتەوە لاوازەکانی دیکەن، چونکە لە دووتوێی پرۆگرام و داتای ئامێرەکانەوە زمان و بیر و کولتور و ڕۆشنبیریی خۆیان دەگوێزنەوە و ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە ناچاردەکەن بۆ سودوەرگرتن لە زانیارییەکان و بەکارهێنانیان، خۆیان فێری ئەو زمانە بیانییانە بکەن، بەمشێوەیەش زمان ترۆپکی ئەو ململانێ و کاریگەرییانەی لەسەر دەرکەوتووە، لەلایەکەوە لەڕووی هاتنەناوەوەی وشە و زاراوەی بوارەکە بۆ ناو زمان و بایەخدان بە خوێندن و فێربوونی زمانی بیانی و بە لاواز سەیرکردنی زمانی دایکییان، لەلایەکی دیکەشەوە هۆکاری لەناوچوون و مردنی زمانەکانن.

زمانی مردوو (ئەو زمانەیە، کە کەسێک لە جیهاندا نەمابێتەوە وەکو زمانی دایک قسەی پێبکات، خەڵک لەبیریان چووبێتەوە و بەکارینەهێنن، هەیانە بە تەواوەتی لەناوچووە و شوێنەوار و بەڵگەنامەی لە دوا بەجێنەماوە و تەنها ناوی زمانەکە ماوەتەوە، هەشیانە دوای مردنیان بەڵگەنامەیان لەدوا جێماوە و لێکۆڵەر و پسپۆڕان بۆ خوێندنەوەی تێکستە کۆنەکان بەو زمانانە ئیشی لەسەردەکەن، یان کاهیین و پیاوە دینییەکان بۆ پاراستنی تێکستە کۆنەکانیان سوودی لێ وەردەگرن، وەکو زمانەکانی بابلی کۆن و میسری کۆن و سۆمەری و ئیغریقی کۆن و زمانی قیبتی کۆن...هتد) (مستەفا، ٢٠١٢: ٥١–٥٢)، زمانەکان لە خۆیانەوە نامرن، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوەیە، وەکو(داگیرکاری و سیاسەت و دراوسێیەتی و کۆچ و شەڕ و ڕووداوە سروشتییەکان...هتد)، لەلایەک و هەروەها (سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەی ئابوری و کەڵەکەبوونی سەرمایە لە شارەگەورەکان و کۆچکردنی خەڵکی لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بۆ مەبەستی کارکردن، فراوانبوونی ڕێگاوبانەکان و ئاسانکاریی هاتووچۆ لە نێوان شار و گوندەکان...هتد) لەلایەکی دیکەوە، کە بوونەتەهۆی لێکنزیکبوونەوە و تێکەڵاوی لەنێوان تاکەکانی گروپ و نەتەوە جیاوازەکان، بەریەککەوتنیان لەنێوان زمانەکان هێناوەتەئاراوە و سنورە دیاریکراوەکانی نێوانیانیان بەزاندووە، بۆیە زۆرێک لە زمانەکان مەیدانی جوگرافیای ئاخێوەرانی خۆیان بۆ زمانی خاوەن ئەو هۆکارانە چۆڵکردووە، هۆکارێکی دیکەی مردنی زمانەکان دەگەڕێتەوە بۆ (کۆنبوون و دوورکەوتنەوەی زمانی نووسین و ئاخاوتنی لە یەکتری، ئەم جۆرە زمانانە لە ئەنجامی زۆربوونی ژمارەی ئاخێوەران و دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری و کەمی پەیوەندی نێوان ئاخێوەران، جیاوازی زمانی لە نێوانیاندا دروستدەبێت و لە قۆناغی یەکەمدا چەند دیالێکتێکی ئەو زمانە، وردەوردە لە زمانە بنەڕەتییەکە دووردەکەونەوە، چونکە ناتوانێت وەکو زمانێکی زیندوو وەڵامی پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەرانی بداتەوە، یان دەبێت ئەو زمانە نوێبکرێتەوە، یان دەبێتە زمانێکی مردو و دیالێکتەکانی لە قۆناغی دواییدا دەبن بە زمانی سەربەخۆ، بۆ نموونە زمانی لاتینی ئێستا وەکو زمانێکی مردوو هەژماردەکرێت، بەڵام دیالێکتەکانی بوون بە زمانی سەربەخۆ، وەکو زمانەکانی (ئیتالی و ئیسپانی و فەرەنسی و ڕۆمانی و کەتەلۆنی) (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٣٤–٣٥ ). هۆکارێکی دیکەی مەترسییەکانی سەر زمان، (بەرفراوانبوونی میدیای جەماوەرییە، وەکو کەناڵەکانی سەتەلایت و گەیشتنیان بە هەموو شوێنێکی سەر ئەم زەوییە، هانی بڵاوکردنەوەی چەند زمانێکی دیاریکراو دەدات، ئینتەرنێتیش لەسەرتاسەری جیهان بابەتەکانی بە چەند زمانێکی هەڵبژێدراو بڵاودەکاتەوە، ئاخێوەرانی زمانە کەمینەکان ناچارن بۆ وەرگرتنی زانیارییەکان خۆیان فێری ئەو زمانانە بکەن) (کەمرێ و دایەمەند و...، ٢٠٠٧: ١٠٥)، هەروەها ئەو زمانانەی، کە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەن و شێوەی نووسینیان نییە، مەترسی مردنیان لەسەر، بۆ نموونە (نزیکەی (٨٠%) زمانەکانی کیشوەری ئەفریقیا تەنها زمانی زارەکین، ئەمەش مەترسی ڕووبەڕووی لەناوچوونیان دەکاتەوە، تێبینی نەبوونی هیچ خاڵێکی هاوبەش ناکرێت لەنێوان ئەم کەسانە و زمان و ڕۆشنبیریاندا،

هەر یەکێکیان سەر بە شوێنێکی جوگرافیای جیاوازە و دوور لە وڵاتی ئەوی دیکە، سەرەڕای ئەمە دەکرێت بگوترێت، کە تاکە خاڵی کۆکردنەوەیان، لە ناوچوونی ڕۆشنبیری و زمانەکەیانە دوای مردنیان) (محمد، ٢٠١٦: ٤٠).

جۆراوجۆری زمان و پاراستنیان لە فەوتان پێویستییەکی مرۆڤایەتییە، (کاتێک زمانێک دەمرێت، خەزێنەیەکی گرانبەها لە فۆلکلۆر، ئەفسانە، گۆرانی، دابونەریتی کۆن، ئایینی کۆمەڵەکە، گەلێک پەند...هتد، کە تێڕوانین و ئەزموونی تایبەتی ئاخێوەرەکانی ئەو زمانە بووە دەنێژرێت و نامێنێت) (یەعقووبی، ٢٠٠٧: ١١٢-١١٣)، بۆیە (ئەگەر ئاخێوەرانی زمانێک، زمانەکەیان خۆشبووێت و بیانەوێت لە مردن بیپارێزن، دەبێت بەکارییبهێنن، ئەگەر سیاسییەکان پشت لە زمان نەکەن و لە بایەخی زمان تێبگەن و پارە و بودجەی پێویستی مانەوە و گەشەپێدانی دابینبکەن، گومانی تێدانییە، زمان لە لێواری مەرگیشدا بێت، دەبوژێتەوە) ( کریستاڵ، ٢٠٢٠: ٣٣٤-٣٣٥).

هەندێک لەو هەنگاوانەی بۆ پارێزگاریکردن لە لەناوچوونی زمانەکان پێویستن، بریتیین لە ( Isa & Ahmed &…, 2014: 48):

١. جێگیرکردنی گەشەی ئاخێوەرانی زمان.

٢. پەرەدان بە ژیانی ئاسایی گوندنشینەکان.

٣. پەرەدان بە ژیانی ئاسایی خەڵکی هەژار لە وڵاتانی گەشەکردوودا.

٤. دەسەڵاتدان بە خەڵکی و دەستوەرنەدان لە ڕێگای ژیانیان و خۆ بەڕێوەبردنیان.

٥. ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی دەست لە پشتگوێخستنی زمانی کەمینەکان هەڵگرن، ئەوا لەناوچوونی زمان کەمتردەبێتەوە.

### ٢-٤/١) شێوازەکانی مردنی زمان:

### ١-٢-٤/١) مردنی سروشتیی زمان:

### ١-١-٢-٤/١) نەمانی ئاخێوەر:

تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەهۆی زمانەوە لە کۆمەڵدا دەژین، بە پێچەوانەشەوە زمان بەبێ ئاخێوەرەکانی ناژییێت، کاتێک زمانێک ئاخێوەری نامێنێت، یان بە زمانێکی دیکە بیگۆڕنەوە، ڕاستەوخۆ زمانەکەش دەمرێت، چونکە هیچ کەسێک نابێت بەو زمانە قسەبکات و بەکاریبهێنێت، هەروەها گەشەی پێبدات و لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵیشدا پێشیبخات و بیپارێزێت و تۆماریبکات، لە هەموو بەشەکانی جیهاندا چەندان زمان مردوون، یان لەسەرەمەگدان، (ئەوەش بەهۆی هەڵکشانی تەمەنی ئاخێوەران یان دوورکەوتنەوەیان لە یەکتری و هەڵبژاردنی شارستانییەتی نوێ و جیاواز، بە جۆرێک هیچ پەیوەندییەکیان بە یەکەوە نەمابێتەوە، بە تێپەڕبوونی کات نەوە لە دوای نەوە زمانی دایکییان لە بیردەچێتەوە و لای هەر یەکێکیان زمانێکی نوێ، یان دیالێکتێک لە زمانە کۆنەکە وەکو زمانی دایک دروستدەبێت) (محمد، ٢٠١٦: ٤١). یەکێکی دیکە لە هۆکاری نەمانی ئاخێوەر ئەوەیە، کە (خەڵکی دەست لەو زمانە ناوچەییانە هەڵدەگرێت، کە ژمارەی ئاخێوەرانیان کەمە و دەیگۆڕنەوە بە زمانێکی دیکە، کە ژمارەی ئاخێوەری زۆرترە و لە ناوچەیەکی فراوانتر بەکاردەهێنرێت، بەهۆی ئەوەی پەروەردەی خوێندنگە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان بڵاوبوەتەوە و زمانی ڕێنماییش یەکێکە لە زمانە گەورەکان، هەروەها گەشتکردن و بازرگانی و ڕاگەیاندنی گشتی و تەندروستی و کاری بەکرێ و باج و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی...هتد بە سودی زمانە گەورەکان شکاوەتەوە و بوون بە کێشە بۆ زمانە بچووکەکان) (یانسۆن، ٢٠١٩: ٢٩٨)، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی کۆمەڵی زمانێک بۆ پەیوەندیگرتن و خۆگەنجاندن لەگەڵ کۆمەڵی زمانەکانی دیکەدا، فێری زمانی تر ببن و پشت لە زمانەکەی خۆیان بکەن، بۆیە (ڕەنگە لە داهاتوودا ژمارەی زمانەکانی جیهان بە ڕێژەیەکی بەرچاو کەمببنەوە و زۆرێکیان لەناوبچن، چونکە زیاتر لە چارەکێکی زمانەکانی جیهان ژمارەی ئاخێوەرانیان لە (١٠٠٠) کەس کەمترە، هەروەها نزیکەی نیوەی زمانەکانی جیهان ژمارەی ئاخێوەرانیان ناگاتە (١٠٠٠٠)کەس، بەهۆی کەمی ژمارەی ئاخێوەرەوە تەنها لە ماوەی (١٥) ساڵدا (١٩٨١) بۆ (١٩٩٦) لە کۆی (٥٠) زمانی ڕەسەنی هەردوو کیشوەری ئەمریکا (٤٧) زمانیان لەناوچوون و تەنها زمانەکانی (ئینوکتیتوت (Inuktitut) و کری (Cree) و ئۆجیبوا (Ojibwa) ماونەتەوە. Crystal, 2003: 15-16). ئێستا (مردنی زمانەکان زۆر خێرایە و چەندان زمان هەن بە کەمبوونەوەی ژمارەی ئاخێوەران و نەگوێزانەوەی بۆ منداڵان لە لێواری لەناوچووندان، وەکو زمانی (ئێیاک)، کە یەکێک بووە لە زمانە هیندییەکانی کەناری باشوری ئەلاسکا و زمانی (ئووبیخ) لە باکوری ڕۆژئاوای قەوقاز و زمانی (کیوپی یۆ) زمانی هیندییەکانی باشوری کالیفۆرنیا...هتد، هەریەکەیان تاوەکو ساڵی (١٩٩٢) تەنها دوو

کەس مابوونەوە بەم زمانە قسەبکەن) (کەمرێ و دایەمەند و ...، ٢٠٠٧: ٦٧–٧٠)، هەروەها (لە ساڵی (١٩٩٢) چرای زمانی ئەوبیخ (Ubykhin ) لە تورکیا، کە زمانێکی قەوقازی کۆنبوو لەگەڵ مردنی دوا ئاخێوەری، کوژایەوە) (محمد، ٢٠١٦: ٣٩).

## ٤/١-٢-١-٢) پشتکردن لە زمانی دایک:

زمانی دایک بۆ مانەوەی پێویستی بەوەیە نەوە بۆ نەوە بگوێزرێتەوە، چونکە زمان پێویستی بە ئاخێوەرە، کە بەکاریبهێنن و پێشیبخەن و تۆماریبکەن، پاشگەزبوونەوەی ئاخێوەران لە زمانەکەی خۆیان و بڕوابوون بەوەی، کە زمانەکەیان دواکەوتووە و ناتوانێت شانبەشانی شارستانییەت هەنگاوبنێت، هەروەها فێرنەکردنی منداڵان بە زمانی دایک و نەگوێزانەوەی بۆ نەوەی داهاتوو و گۆڕینی بەو زمانە بیانییانەی، کە بایەخی سیاسی و زانستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەرزیان هەیە، دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ئاخێوەران و بەرەو لەناوچوونی، چونکە (بەپێی توێژینەوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ هەر زمانێک ڕێژەی (٣٠%)ی منداڵانی سەر بەو زمانە کەمتر قسەی پێبکەن، ئەوا ئەو زمانە لەسەر ڕێڕەوی مردن دەجوڵێت و وردەوردە بەرەو لەناوچوون دەچێت) (مستەفا، ٢٠١٢: ٥٤). لە ڕێگەی پڕۆسەی پەروەردە و خوێندنەوە دەتوانرێت گەشە بە زمانی دایک بدرێت و نەوە بۆ نەوە بگوازرێتەوە، گروپ یان نەتەوەی خاوەن زمانەکەش بپارێزێت، چونکە (زمانی دایک، بە سەرچاوەی بنەڕەتی و کرۆکی بەدەستهێنانی بیر و بەها و کۆزانین و فێربوون و پەیوەندیگرتن...هتد، دانراوە، بۆیە زمان بە دیاریکەری کۆزانیاریی و دنیابینی و ئەزمون و تێکۆشان و ڕەفتار و کەسێتی جیهانی ئاخێوەرانی دەستنیشانکراوە) (حسێن: ٢٠٢١، ٢٦١)، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە، کە داگیرکەران لە ڕێگەی قەدەغەکردنی خوێندنی زمانی دایکەوە هەوڵی لەناوبردن و تواندنەوەی ناسنامەی گەلی ژێردەستە دەدەن، هەر لەڕێگەی خوێندنەوە دەتوانرێت زمانی بیانیش بەدەستبهێنرێت و بۆ سودوەرگرتن لە زانست و ئاشنابوون بە کولتور و شارستانییەتی گەلانی دیکە، کە لە ڕێگەیەوە کۆزانیاریی زمانی تاکەکان دەوڵەمەنددەبێت، ئەمەش دەبێت بەپێی پلان و سیاسەتی زمانی بێت، کە کاریگەری نەکاتەسەر زمانی دایک.

لەم ساڵانەی دواییدا بەبێ پلانێکی زانستی و زمانەوانی، چەندان قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆی تایبەت کراونەتەوە، کە بەرژەوەندیی دارایی لە پێشەوەی ئامانجە پەروەردەیی و نیشتمانییەکاندایە، بە شێوەیەکی گشتی زمانی کوردییان لە پرۆگرامەکانیان پشتگوێخستووە و زمانی بیانی بە تایبەتی زمانی ئینگلیزی بەکاردەهێنن، ئەمەش لەلایەکەوە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ئاخێوەرانی زمانەکە و نەگوێزانەوەی بۆ نەوەی داهاتوو، لەلایەکی تریشەوە نە خوێندنی زانست بە زمانی بیانی دەبێتەهۆی ئەوەی، کە خوێندکاران و کەسانی بەتوانا پشت لە زمانەکەیان وەکو زمانی زانست بکەن و بە لاواز و کەم توانا لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا و ئابوری و سیاسی و ڕۆشنبیری ...هتد

دایبنێن، هەر زمانێکیش بەشداری بەرهەمهێنانی زانین و زانست و داهێنان و ڕۆشنبیری و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان نەکات و نەتوانێت خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێنیت، ئەوە لەبەرامبەر زمانەکانی دیکە پاشەکشەدەکات و ناتوانێت دەربڕی بیرکردنەوەی تاکەکانی بێت، ئەمەش بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر زمان دادەنرێت (بڕوانە: (٤/٣).

## ٤/١-٢-١-٣) بایەخپێنەدانی زمانی دایک لە لەلایەن حکومەتەوە:

بایەخپێدانی زمانی دایک لەلایەن حکومەتەوە ڕۆڵێکی لە گەشەکردن و پاراستنی زماندا هەیە، (زۆرینەی زۆری حکومەتەکان لەو بڕوایەدان، دامەزراوەیەکی نموونەی سیاسی، دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە یەک گروپی ڕەگەزی و یەک زمان بە قازانجی وڵاتەکە دەگەڕێتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەو کێشانەی فرەزمانی دەیهێنێتەئاراوە لەڕووی ئاڵۆزی ڕێکخستنی وانەوتنەوە لە خوێندنگە بنەڕەتییەکان و نەگونجانی نووسینی یاسا و گفتوگۆی ناو پەرلەمان بە چەند زمانێک، هەروەها پەیدانەبوونی پۆلیس و فەرمانبەرانی تەندروستی، کە توانایان بەسەر هەموو زمانەکانی ئەو حکومەتەدا هەبێت. ئەم بیرۆکەیە لە ئەوروپا بەهێزبووە و گەلێک دەوڵەت بەم ئاڕاستەیە کاریان کردووە و گەلێک زمانیان لەناوبردووە، بۆ نموونە لە فەرەنسا و سوید سزای خوێندکاران دەدرا ئەگەر لە کاتی پشووی نێوان وانەکان بە زمانی دایکی خۆیان، کە جیاوازبێت لە زمانی فەرمی قسەیان بکردایە) (یانسۆن، ٢٠١٩: ٣٠٦-٣٠٧).

زۆرجار لە بەرامبەر فشارەکانی حکومەت لەسەر زمانەکانی دیکە لەلایەک و گرنگی و بایەخی زمانی دایک، وەکو بەشێک لە شوناسی ئاخێوەران لەلایەکی دیکەوە، خۆپیشاندان و ناڕەزایی لەسەر زمان دروستبووە و ڕووداوی نەخوازراوی لێکەوتووەتەوە، یەکێک لەو ڕووداوانە (لە (٢١)ی شوباتی ساڵی (١٩٥٢) ڕوویدا، کاتێک گروپێک لە قوتابیانی پاکستانی خۆرهەڵات، کە بەنگلادشی ئێستا دەکات، بۆ پشتیوانی زمانەکەیان (بەنگالی) و ناسینی وەکو زمانی فەرمی حکومەتی پاکستان لە پاڵ زمانی (ئۆردو)دا، پۆلیس بە چەک وەڵامیدانەوە و چەندان بریندار و کوژراوی لێکەوتەوە، ئەم ڕووداوەش بووەهۆی ئەوەی ڕێکخراوی یونسکۆ لە ساڵی (٢٠٠٠)دا ڕۆژی (٢١)ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەکو ڕۆژی زمانی دایک دیاریبکات) (کریستاڵ، ٢٠٢٠: ١١٥). زمانی کوردیش لەلایەن حکومەتە داگیرکەرەکانەوە، بە بەردەوامی هەوڵ قەدەغەکردن و تواندنەوەی دراوە.

## ٤/١-٢-٢) پاکتاوی زمانیی:

کۆمەڵێک هۆکار دەستیان لە پاکتاوکردنی زماندا هەیە، کە دەبنەهۆی ئەوەی هەندێک زمان بمرن و زمانی دیکە شوێنیان بگرنەوە، یەکێک لەوانە داگیرکارییە، چونکە بە لای داگیرکەرەوە یەکەمین هۆکاری دەستگرتن بەسەر تاکەکانی گروپ و نەتەوە جیاجیاکان، بە دەستگرتن بەسەر بیری

کەسەکاندا جێبەجێدەکرێت، تەنها ڕێگەش بۆ ئەمە گۆڕانی زمانەکەیانە، چونکە لە دووتوێیدا بەها و کولتور و ئایین و ئەزموون و مێژوو و ناسنامەیانی تێدا هەڵگیراوە، واتە (ونبوونی زمانی نەتەوەیەک لە نەتەوەکان ونبوونی ڕۆشنبیری خاوەنەکەیەتی و لە ئەنجامیشدا ونبوونی ناسنامەیەتی، چونکە زمان هەڵگری گرنگترین شێوەکانی پێکهێنەری ناسنامەی تایبەتی هەر نەتەوەیەکە، کە لەگەڵ ئاییندا بەشداردەبن لە دروستکردنی ڕۆشنبیری و شارستانی هەر نەتەوەیەک) (محمد، ٢٠١٦: ٧٩)، بەهۆی داگیرکارییەوە (نموونەی زمان گۆڕاوان و زمان دۆڕاوانی بۆڕخواردوو زۆرن، گەلانی ئاسیای بچوک (سریان، ئەرمەن و گرێک) زمانیان بووە تورکی، دەشتی شام و میسر، وازیان لە زمانی ئارامی و قیبتی هێناو بە عەرەبی دەدوێن، گەلانی پێست سوری ئەمریکا، دەستبەرداری زمانیان بوون، بە قازانجی ئیسپانی، پورتوگالی و ئینگلیزی، زمانە هاییتیەکان بە قازانجی فەڕەنسی) (هەرشەمیی، ٢٠٢٠: ٨٥–٨٦)، هەروەها (ژمارەی زمانەکانی بەرازیل لە ساڵی (١٥٣٠)دا پێش داگیرکاریی پورتوگالییەکان (٥٤٠) زمانی ناوخۆیی بوو، بەڵام دوای داگیرکردنی وڵاتەکەیان و مانەوەی داگیرکەران بۆ ماوەیەکی درێژ، سێ لەسەر چواری ئەو زمانانەی پێشوو لەناوچوون، ئێستا کەمتر لە (١٣٥) زمان ماونەتەوە، لە ئوستڕالیاش لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمدا، کە کەوتەژێر داگیرکاریی ئەورووپی (٢٥٠) زمانی ناوخۆیی هەبووە، بەڵام بەهۆی داگیرکارییەوە ئەو ڕێژەیە کەمیکرد و بەپێی ئامارەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، تەنیا (٢٠) زمان ماونەتەوە) (مستەفا، ٢٠١٢: ٥٤)

باری ڕامیاریش ڕۆڵی لە پاکتاوکردنی زمانەکاندا هەیە، چونکە (هێزی زمان لە بەهێزی خاوەنەکەیدایە، ئەوەش بە پلەی یەکەم پشتدەبەستێت بە پێگەی سیاسی و ڕۆشنبیری و زانستی و ئابوری و بەڵگە مێژووییەکانی، ڕوونە هیچ وڵاتێک پێشناکەوێت و شارستانییەت دروستنابێت، ئەگەر زانست و خوێندن لەو وڵاتە بە زمانی دایک نەبێت، گەر هێزی داهێنان وەستا لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، زمانیش دەوەستێت، گەر زمانیش وەستا ئەوە نەتەوە لەناودەچێت) (محمد، ٢٠١٦: ٣٠–٣١). بۆ نموونە بە هۆکاری سیاسی (زیاتر لە (١٤٩) زمان لە کۆی (١٨٧) زمانی هندییەکانی باکوری ئەمریکا لە لێواری لەناوچووندان و مردنیان نزیکە، ئەوەش بەهۆی ئەو سیاسەتە زمانییەی حکومەتی ئەمریکا بەرامبەریان پەیڕەویکردووە و ناچار بە فێربوونی زمانی ئینگلیزی کردوون) (کەمرێ و دایەمەند و...، ٢٠٠٧: ٧١). بەهەمانشێوە قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە ئاخاوتن و نووسین بەهۆکاری سیاسی لەلایەن حکومەتی تورکیاوە، مەترسی لەسەر کەمبوونەوەی ئاخیوەرانی زمانی کوردی لەو وڵاتە دروستکردووە، کە ئەگەر بەمشێوەیە بەردەوامبێت، ڕەنگە لە داهاتوودا بە تەواوەتی کۆتایی بە بەکارهێنانی زمانەکە بهێنێت، یان سنورداری بکات.

سەرهەڵدانی ڕووداوی نوێی وەکو کۆچی زۆرەملێ و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و شەڕی نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکان، دەبنە هۆکارێکی تری پاکتاوکردنی زمانیی، بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی

نەخۆشییەکی ترسناک لە شوێنێک، دەبێتەهۆی دەرچوونی خەڵکی ئەو شوێنە لە ناوچەکەی خۆیان و بڵاوبوونەوەیان بە ناوچەکانی دیکەدا، وەکو (بڵاوبوونەوەی ئەنفلەوەنزا لە یەکێک لە گوندەکانی سەر ڕووباری (کلیۆن) لە وڵاتی (فەنزەوێلا)، کە بە زمانی ( ترِوما )ی قسەیان دەکرد، وایکرد ژمارەیان بۆ (١٠) کەس کەمببێتەوە) (مستەفا، ٢٠١٢: ٥٤)، یان بەهۆی شەڕەوە سەرجەم ئاخێوەرانی زمانێک بکوژرێن، وەکو (پاکتاوکردنی زمانی (یاهی) لەلایەن دانیشتوانە سپی پێستەکانی کالیفۆرنیاوە لە نێوان ساڵانی (١٨٥٣–١٨٧٠)، کە سەرجەم ئاخێوەرانی زمانی (یاهی)یان کوشت و لەگەڵیشیاندا زمانەکەشیان مرد، هەروەها کوشتنی سەرجەم ئاخێوەرانی زمانە ڕەسەنەکانی (تاسمانیا) لە نێوان ساڵانی (١٨٠٣–١٨٣٥) لە لایەن کۆڵۆنیالیستەکانی بەریتانیاوە) (کەمرێ و دایەند و...، ٢٠٠٧: ٧١).

## ٤/١-٢-٣) ژەهری زمانیی*:

زمان وەک کەرەستەیەکی پێویستی دەستی مرۆڤ، دروستدەبێت و دەژێت و دەگۆڕێت و لە کاردەکەوێت و دەمرێت و دەبوژێتەوە، مانەوەی پەیوەستە بە سود لێوەرگرتنی و بەکارهێنانی و پاراستن و گەشەپێدانی، لە ململانێی نێوان زمانەکاندا، زمانەکان کاریگەریی دەکەنەسەر یەکتر، هەندێک لەو کاریگەرییانە ئەرێنین و زمان دەوڵەمەندەکەن و پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەران پڕدەکەنەوە، هەندێکی دیکەیان نەرێنین و زمانەکان توشی شێواندن و لەناوچوون دەکەنەوە. ژەهری زمانیی یەکێکە لەو کاریگەرییە نەرێنیانە، کە زمانەکان خۆیان یەکتر تووشدەکەن، ئەگەر چارەنەکرێت و درێژەبکێشێت و فراوانتربێت، ڕەنگە لە دوور مەودادا زمانی تووشبوو پەکبخات و لەناوی ببات، ئەم ژەهراوییبوونەی زمانیش کاتێک ڕوودەدات، کە (زمانێک وەرگرتنی زۆری لە زمانێکی دیکەوە دەبێت، دەشێت پێڕەوی زمانە لێوەرگیراوەکە کاربکاتەسەر ئەو زمانە، کە وەرگرتنەکەی کردووە) (مەحویی، ٢٠١٠: ١٣٤)، ئەمەش دەبێتەهۆی شێواندن و جێگرتنەوەی پێڕەوەی زمانە بۆ وەرگیراوەکە،

* لە زمانی کوردیدا سەرەڕای بەکارهێنانی دەربڕاوی ژەهری زمانیی، بڕوانە: (قادر، ٢٠١٨–٢٠١٩)، (عەبدولغەنی، ٢٠١٩)، (سەعید، ٢٠١٥)، (تواندنەوەی زمان)یش بەکارهێنراوە، بڕوانە: (ڕەسوڵ، ٢٠١٥)، هەروەها لە ڕێگەی وەرگێڕانیشەوە زاراوەی (هەڵمژین)یش، بڕوانە: (کالفی، ٢٠١٢) بۆ هەمان دیاریدەی زمانیی بەکارهێنراوە. بابەتی ژەهری زمانیی لە زمانی عەرەبیدا لەژێر ناونیشانی (موت اللغة بتسمم)، بڕوانە: (محمد، ٢٠١٦)، یان لە دوو توێی خواستنی زمانیی (الأقتراض اللغوي) و جۆرەکانییەوە (الاقتراض الصوتي، الاقتراض النحوي، الاقتراض الصرفي، الاقتراض الدلالي) باسکراوە بڕوانە: (زفنكي، ٢٠٢١)، (بن يونس، ٢٠٢٠)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا بەهەمانشێوە بابەتی ژەهریی زمانیی لە دووتوێی بابەتی خواستنی زمانیی (Linguistic borrowing) و جۆرەکانی خواستنی زمانیی (Phone borrowin , Borrowing word, Grammatical borrowing, Meaning borrowing) باسکراوە، بڕوانە: (Mackay, 1969)، (Haugen, 2009)، (Curnow, 2001)، (Haspelmath and Tadmor, 2009).

چونکە (هەر زمانێک پێڕەوێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تەرزی ڕێکخستنی لێما و لێکسیمەکانی تێدا تۆمارکراوە و ئاخێوەرانی هەوڵدەدەن لە ئاخاوتندا دەستیان پێبگات و چالاکیان بکەنەوە) (فەرەج و مەحموود، ٢٠١٣: ٨٥)، ئەم پێڕەوەش بە تایبەتمەندی زمانە جیاوازەکان دانراوە و هۆکاری لە یەکتر جیاکردنەوەیانە و وەکو (چوارچێوەیەک ڕێ لەو کۆسپانە دەگرێت، کە دێنەڕێی زمان و لە مردن دەیپارێزێت و نایەڵێت ڕەسەنی خۆی بدۆڕێنێت) (حیلمی، ١٩٧٥: ١٤٣-١٤٤)، تێکچوون و گۆڕینی ئەم پێڕەوەش، ژەهرێکی زمانیی کوشندەیە بۆ لەناوچوونی زمان.

ژەهری زمانیی بریتییە لە (گۆڕینەوەی ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی زمانی دایک بە ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی زمانی دووەم (Mackay, 1969: 109)، وەکو ئەو (یاسا و ڕێسایانەی زمانێک، کە دەچنەناو زمانێکی دیکەوە و بە تێپەڕبوونی کات تێکەڵ بە زمانە بۆ وەرگیراوەکە دەبن و کار لە یاسا و ڕێساکانی دەکەن و دواجار بەرەو مردن و لە ناوچوونی دەبەن) (سەعید، ٢٠١٥: ١١٢)، ئەمەش دەبێەهۆی تێکدان و شێواندنی بونیادی زمانێک لە ڕێگەی جێگرتنەوەی بە کەرەستە و یاسا و ڕێساکانی بونیادی زمانێکی دیکە، بەمەش تایبەتمەندییە جیاکەرەوەکانی زمانەکە لەکەداردەبێت و بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی زمانەکەش ژەهراویی دەکات، چونکە (کاتێک ئەو وشانەی بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو دێنەناو زمانێکەوە، وردەوردە دەچنەناو نەستی ئاخێوەری زمانەکەوە، کە چووشە ناو نەستەوە، ئەوا ئاخێوەر بەردەوام ئاخاوتنەکانی بەو وشانە دەبێت، لەبەرئەوەی سەرچاوەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ نەستە، بەمەش مرۆڤ تەنها گوتەکانی بەو وشە بێگانانە نابێت، بەڵکو بیرکردنەوەکانیشی، کە پرۆسەی سەرەکی پێش دەربڕینە/ قسەکردنە لای مرۆڤ هەر بە چەمکی ئەو وشە بێگانانە دەبێت) (قادر، ٢٠١٨-٢٠١٩: ٣٣).

ژەهری زمانیی کاتێک ڕوودەدات، کە (زمانێک، سیستەمی دەنگەکانی لەناو سیستەمی دەنگی زمانێکی دیکەدا دەتوێتەوە، هەروەها ڕستەکانی ئەو زمانە وێنەی ڕستەکانی زمانێکی دیکەن، لەو کاتەدا مەترسی هەڵمژین (ژەهراوییوون) دەستپێدەکات، چونکە دەنگ و ڕێزمان هەیکەلبەندی بونیادی زمانن) (کالفی، ٢٠١٢: ١٤٥)، هەرچەندە وشە خوازراو، کە هۆکاری دەوڵەمەندکردن و زیادکردنی توێشەبەرەی فەرهەنگن، هەموو زمانەکانیش لەسەر یەکدی خواستنەوەی نێوانیان ژیاون و پەرەیان سەندووە، نابن بە ژەهر لە زماندا، بەڵام نیشانەی نەخۆشییەکەن و دەروازەی هێنانەئارای ژەهرەکەن بۆ ناو زمان. لەبارەی (ئەو کێشە و گیروگرفت و گۆڕانە فۆنەتیکی و گراماتیکی و سیمانتیکییانەی، کە وشەی قەرزکراو لە زمانە قەرزکەرەکەدا، ڕووبەڕوویان دەبنەوە، (ئالیفرنیکۆ) نووسیویێتی: ئەم وشانە لە زۆر حاڵەتدا لە فۆنەتیک و گراماتیک و نیشانە سیمانتیکییەکانی، کە تایبەتن بەو زمانەی چوونەتەناوی جیاوازن، بە خاوەن بوونی ئەو تایبەتێتییانە، بەندن بەوەی تا چەند، دەتوانن خۆیان لەگەڵ یاسا دەنگییەکانی قەرزکەرەکەدا، ڕابهێنن و بگونجێن. ئەوانەشی، کە لە گراماتیکدا توشیان

دەبن، بریتین لە: گۆڕینی کلیتیک، سۆفێکس، فۆرمە ڕەگەزییەکان کە تایبەت نین بە زمانە قەرزکەرەکە) (سدیق، ٢٠٢٠: ٥٥-٥٦). ئەگەر وشە خوازراوەکان بە پاڵاوگەی فۆنۆلۆژی و دەستووری ڕێزمانی زمانەکەدا تێپەڕن و تەنگ بە وشە و زاراوە خۆماڵییەکان هەڵنەچنن و هێمای نوێ بن بۆ دیاردەیەکی نوێ لە زمانەکەدا، زمانەکە دەوڵەمەندتر دەکەن و نابنە ژەهری زمانیی، چونکە (هەڕەشەی هەڵمژینی زمانیی/ژەهری زمانیی لە کەمیی بایەخدانی زمانە، بە خۆگونجاندن لەگەڵ وشە خوازراوەکان لە سیستەمی دەنگ لەلایەک و لە مەیلی بەرەو داڕشتنی پێکهاتە ڕێزمانییەکەی لەسەر شێوەی پێکهاتەی زمانی زاڵ لەلایەکی دیکەوە) (کاڵفی، ٢٠١٢: ١٤٥).

لە گۆڕەپانی ململانێی نێوان زمانەکاندا، ڕەنگە زمان گیان لەدەستبدات و بمرێت، زمانی دۆڕاو لە ڕێگەی لەناوچوونی قۆناغێکی زۆر دەبڕێت، هەر قۆناغێک تایبەتمەند دەبێت بە ڕواڵەتێک لە ڕواڵەتەکانی هەڵوەشاندنەوە و لاوازی بەرگری، زمانی زاڵ لە یەکەم پێوەدانی بە زمانە بەزیوەکە وردەوردە ژەهری خۆی دەکاتە گیانییەوە، ئەگەر چارەسەرنەکرێت بەرەو لەناوچوون ئاڕاستەی دەکات و سەرئەنجام دەیکوژێت. ئەم کاریگەرییەی زمانی زاڵ لەسەر زمانە بەزیوەکە بە سێ قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت (وافی، ٢٠٠٤: ٢٣٦-٢٣٧):

لە قۆناغی یەکەمدا زمانی زاڵ ژمارەیەکی زۆر لە وشەکانی دەڕژێنێتەناو زمانە بەزیوەکەوە و هێرشدەکاتەسەر فەرهەنگی زمانەکە، بەمەش پێگە و کۆڵەکە بنەڕەتییەکەی تووشی لاوازی دەکات و زۆر پایەی لێبنکەندەکات، لەم قۆناغەدا زمانە بەزیوەکە پارێزگاری لە یاسا ڕێزمانییەکانی و سازگەی دروستبوونی دەنگەکان و شێوازی دەربڕینی وشەکان دەکات، دەستەواژە و گەردانکردنی وشەکانیان بەپێی یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی خۆیان دروستدەکەن، فۆنێمانە بیانییەکان، کە لەناو ڕیزی فۆنێمەکانی زمانەکەیدا نییە، دەیانگۆڕن بەو فۆنێمانەی، یان نزیک لەو فۆنێمانەی لەناو زمانەکە خۆیدا هەن، بەم شێوەیەش زمانەکە پارێزگاری لە سازگە و فۆنێمەکانی زمانەکە و یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی دەکات.

لە قۆناغی دووەمدا بەپێی بەهێزی زمانی زاڵ لە ململانێکەدا، دەنگەکان و سازگەی دروستبوونی دەنگەکان و شێوازی دەربڕینی وشەکانی زمانە زاڵبووەکە، دزە دەکەنەناو زمانە بەزیوەکەوە، لەم قۆناغەدا ئاخێوەرانی زمانە بەزیوەکە ئەو وشە و دەربڕاوانەی، کە لە زمانە زاڵەکەوە هاتووەنەتەناو زمانە بەزیوەکەوە کوتوموت وەکو خۆی یان نزیک لێیگۆدەکەن، بەمشێوەیەش پێڕەوی دەنگی زمانەکە بەرەو شیبوونەوە و تیاچوون و گۆڕان دەبەن، هەر لەم قۆناغەشدا زمانە بەزیوەکە لە بەرگریکردن لە یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان بەردەوامدەبێت و دژی هاتنەناوەوەی یاسا ڕێزمانییەکان دەوەستێتەوە و ڕێگە بە بنکەنکردنی پایەی سەرەکی زمانەکە نادات و وشە و ڕستەکانی بەپێی یاساکانی زمانەکەی خۆی دروستدەکات.

لە قۆناغی کۆتاییدا دوای تێکشکاندنی ئەو بەرگرییەی زمانە بەزیوەکە لە قۆناغەکانی پێشوتردا کردبووی، ئیتر توانای بەرگریکردنی لاوازدەبێت، ڕێزمانی زمانە زاڵەکە وردەوردە دەستدەگرێت بەسەر یاسا ڕێزمانییەکانی زمانە بەزیوەکەدا، هەتا لەناوی دەبات، ڕێزمان لە زمانی بەزیودا زۆر لەو قەڵایە دەچێت، کە لەشکرێکی شکستخواردوو، وەکو دوا پەناگە خۆیانی تێدا قایمدەکەن و تا دوا هەناسە دەجەنگن، بە داگیرکردنی قەڵاکەش، وڵات بە تەواوەتی دەکەوێتەژێر دەستی داگیرکەرەوە.

گرنگی یاسا ڕێزمانییەکانی زمان لەوەدایە، هەرچەندە دەنگ و وشە و دەربڕاو بێنەناو زمانەکەوە، ئەگەر بەپێی یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکە لە چوارچێوەی ڕستەدا ڕیزکران، ئەوە هێشتا زمانەکە زیندووە و گەڕانەوەی بۆ باری پێشووی ئاسانە، بۆ نموونە لەپێش ڕاپەڕیندا زمانی کوردی بە هۆکاری داگیرکاری و ڕامیاری قەدەغەکرابوو، زمانی عەرەبی سەپێنرابوو، نووسراو و بڵاوکراوەکان پڕبوون لە وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی، بەڵام لەبەرئەوەی یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردی پەیڕەوکرابوون، زمانەکە لەناونەچوو، دوای ماوەیەکی کەم بوژایەوە.

چەندین زمان بەهۆی بەریەککەوتن و ململانێی نێوانیانەوە، ژەهراویبوون و کاریگەرییەکان تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، بۆ نموونە (لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لە وڵاتی فارسدا، زمانی عەرەبی دزەی کردەناو زمانەکەیانەوە بە تێرژاندنی وشە و زاراوە و یاسا و ڕێسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان، زمانی فارسی ژەهراویکرد، بەکارهێنانی بە لاوازی تەنها لای کرێکار و جوتیارە دوورە دەستەکان مایەوە، ئەگەر بیرمەندە فارسەکانی، وەکو (فیردەوسی و خەیام و شیرازی)، بزوتنەوەی زیندووکردنەوەی زمانی فارسییان بەرپانەکردایە لە ڕێگەی وازهێنان لە بەکارهێنانی زمانی عەرەبی سەرلەنوێ نەیانبوژاندایەتەوە، ڕەنگە ئێستا زمانەکە لە ڕیزی زمانە مردووەکاندا بوایە) (محمد، ٢٠١٦: ٤٢-٤٣)، کە تاوەکو ئێستاش کاریگەرییەکانی ماون، بۆ نموونە (لەڕووی وشەکارییەوە زیاتر لە نیوەی زمانی فارسی، وشە و زاراوەی زمانی عەرەبییە، کاریگەری وشەکاریی زمانی عەرەبی بە جۆرێکە، کە هەندێکجار لە ڕستەیەکی فارسیدا، جگە لە ئامرازی پەیوەندی، هەموو وشەکان بە گۆڕانکاریی ڕێزمانیشەوە هەر عەرەبین، وەکو لە ڕستەی (تنظیم تظاهرات به منافع ملت است.)دا دەبینرێت، کە وشەکانی (تنظیم، تظاهرات، منافع، ملت) هەمووی عەرەبییە، تەنانەت ئامرازی کۆ (ات)ی دوای وشەی (تظاهرات) لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراوە، وشەی (منافع)یش، کە لە حاڵەتی کۆدایە وەکو خۆی لە زمانی عەرەبیەوە وەرگیراوە) (حمەڕەش، ٢٠١٣: ٢٩٧-٢٩٨)، بە هەمانشێوەش و بە ڕێژەیەکی کەمتر زمانی فارسیش کاریگەریی کردووەتەسەر زمانی عەرەبی، (سیوطی) پێیوایە (ئەو وشانەی زمانی عەرەبی، کە کۆتاییان بە (مج، ذج، زج) دێت، وەک لە وشەکانی (برنامج، ساذج، طازج...هتد)، لە زمانی فارسییەوە وەرگیراون، وەکو وشەکانی (برنامە، سادە، تازە...هتد) (حاجی مارف، ٢٠٠٠: ٢٩).

زمانی (کیشوا)ش یەکێکە لەو زمانانەی، کە بە زمانی ئیسپانی ژەهرابیووە، زمانەکە نزیکەی (١٠) ملیۆن هاووڵاتی لە شەش وڵاتی ئەمریکای لاتین قسەیپێدەکەن، لە سەدەکانی دوازدەهەم تا شازدەهەم زمانی کارگێڕی و بەڕێوبردنی ئیمپراتۆرییەتی (ئینکا) بووە لە ناوچەی (ئالانکا)، کاتێک ئیسپانیا لە سەدەی شازدەهەمدا (کۆزکۆ)ی پایتەختی (ئالانکا)ی داگیرکرد، دەستکرا بە سەپاندنی زمانی ئیسپانیا، بەمەش ململانێی نێوان زمانی ئیسپانی، کە زمانی گەلی داگیرکەربوو لەگەڵ زمانی (کیشوا)ی خاوەن خاک دەستیپێکرد، (ئەلیزابیس میشۆ) لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر زمانی (کیشوا) ئاماژەی بەوە کردووە، کە زمانی (کیشوا) بە کاریگەریی زمانی ئیسپانی بۆ دوو شێوەزار کەرتبووە بە ناوەکانی (کیشوا-١)، کە شێوەزاری جوتیارەکانی گوندەکانە و زمانێکی پاک و ڕەوانە لەڕووی کاریگەریی زمانەکانی دیکە لەسەری، هەروەها (کیشوا-٢)، کە شێوەزاری بەڕێوەبردن و ڕادیۆیە و زۆر وشە و زاراوە و یاسا و ڕێسای لە زمانی ئیسپانییەوە وەرگرتووە و لەڕووە کۆمەڵایەتییەکەیەوە گرانبەهاترە، ئاماژە بەوە دەکات، کە شێوەزاری (کیشوا-٢) بە زمانی ئیسپانی ژەهراوییووە و ڕێگەی لەناوچوونی گرتووەتەبەر، ئەمەش دوای ئەوەی تێبینی ئەوەیکردبوو، کە لە سیستەمی دەنگی (کیشوا-١)دا تەنها سێ فۆنی بزوێن (/i/,/a/,/u/)هەیە، کە دەتوانن دەنگی دیکەش (ژێرە) لە شێوەی {e} بۆ نموونە لە وشەی (orqe)، کە بە واتای (گرد) دێت بە (orqo)بنوێنێت، هەروەها (بۆر)یش لە شێوەی دەنگی {o} وشەی (qulqi)، کە بە واتای (پارە و زیو) دێت، لە شێوەی (qoslqi) بنوێنرێت، واتە دەنگەکانی {e} و {o} دوو فۆنێمی سەربەخۆ نین، بەڵکو ئەلۆفۆنی دەنگن، بەڵام لە شێوەزاری (کیشوا-٢)دا بە کاریگەریی زمانی ئیسپانی سیستەمی دەنگی شێوەزارەکە لە پێنج فۆنێمی بزوێن: (/i/، /u/ ، / a / ، / e / ، /o/ ) پێکدێت، هەردوو فۆنێمی (/e / ، / o/ ) لە وشە ڕەسەنەکانی زمانەکە و ئەو وشانەی لە زمانی ئیسپانییەوە وەرگیراون وەکو یەک، وەکو دوو فۆنێمی سەربەخۆ دەردەکەون، بۆ نموونە فۆنێمی /e/ لە وشەی (mesu)ی زمانی ئیسپانی و (perqa)ی وشەی شێوەزاری (کیشوا-٢) وەکو یەک دەردەکەون، بەمشێوەیە سیستەمی دەنگی زمانی ئیسپانی کاریگەری کردووەتەسەر زمانی کیشوا (کالفی، ٢٠١٢: ١٤١-١٤٢). بە هەمانشێوەش زمانی ئیسپانی کاریگەری کردووتەسەر سیستەمی ڕێزمانی شێوەزاری (کیشوا-٢)، بە جۆرێک لە شێوەزاری (کیشوا-١)دا، شێوەیەکی پەسەندتری هەیە و ڕستەی کورتی تێدایە و کۆتاییان بە (کار) دێت، بەڵام لە (کیشوا-٢) بە کاریگەریی سیستەمی ڕێزمانی زمانی ئیسپانی ڕستەکان درێژن و پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی ڕستە جۆرێکی دیکەن، بۆ نموونە ئەگەر ڕووداوێک بە هەردوو شێوەزاری (کیشوا) دەرببڕێت، بەمشێوەیە دەبێت:

لە (کیشوا-٢)دا دەگوترێت:

-ئەگەر بتەوێت ئەم ئالیکە بدەیتە مانگاکەت، کە پێشتر چارەسەرت کردووە، تاوەکو لە نەخۆشیەکەی ڕزگاری دەبێت، دەبێت سێ هەفتە چاوەڕوان بیت.

بەڵام لە (کیشوا-١)دا دەگوترێت:

-ئالیکەکە مانگاکەی چارەسەرکرد.


-دەتەوێت خۆراک بە مانگاکەت بدەیت.

-ئەو ئالیکەی مەدەرێ.

-دەبێت سێ هەفتە بۆ ئەم مەبەستە چاوەڕوانبیت.

ئەوەی تێبینیدەکرێت ڕستەکان لە (کیشوا-١) کورت و کۆتاییان بە (کار) هاتووە، بەڵام لە (کیشوا-٢)دا درێژن، بۆیە دەستتێوەردانی پێڕەوی فۆنۆلۆجی و ڕێزمانیی زمانی ئیسپانی لە (کیشوا-٢)دا بە تەواوەتی زاڵە و پێڕەوی دەنگی و ڕێزمانیی شێوەزاری (کیشوا-٢)ی ژەهراویکردووە و هەڕەشەی شێواندن و لەناوچوونی خستووەتەسەر، بەجۆرێک هەردوو شێوەزارەکەی زمانی (کێشوا) ئەوەندە لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە، کە هەندێکجار لە یەکتر تێناگەن (کالفی، ٢٠١٢: ١٤٣). (بەهۆی ژەهراوییوونی زمانی (کیشوا) بە زمانی ئیسپانی زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە بتوانێت ببێتەوە بە زمانی بڵاوی کەرتی گشتی دانیشتوان، لەمڕۆدا لە بازاڕدا کاتێک جووتیارێک، کە زمانەکەی (کیشوا) بێت و کڕیارەکەشی زمانی ئیسپانی، ئەوە هەردووکیان بە زمانی ئیسپانی قسەدەکەن (کەمرێ و دایەمەند و...، ٢٠٠٧: ١٢٨). زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانەکانی دیکەی جیهان، هەندێک کەرەستە و یاسا و ڕێسای بونیادی زمانەکانی دیکەی تێدا دەرکەوتووە، ئەو زمانانە ژەهری خۆیان ڕژاندووەتەناو زمانی کوردییەوە (بڕوانە: ١/٣ ، ٢/٣).

دەکرێت جۆری زمانەکانی جیهان لە ڕووی سەلامەتیی و ئەو هۆکارانەی دەبنەهۆی مردنی زمان لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە دەخرێنەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٤) جۆر و شێوازەکانی مردنی زمان

## ٤/١-٣) ئەنجامی مردنی زمانەکان:

### ١. مردنی زمان بە گۆڕانکاری:

ئەم جۆرە مردنە بەو شێوەیە، کە هەر جارێک کە شێوەزاری زمانێک پەرەدەسێنێت، لەڕووی جوگرافیشەوە جیاوازدەبێت، کاتێ خەڵک زیاددەکات و خێزانە زمانێکی دیکە سەرهەڵدەدات، هەروەک لە زمانی ڕۆمانیدا هەیە، عەرەبی پەتی لە ماوەیەکی کەمدا بە گۆڕانکاری بوو بە چەند شێوەزارێکی نوێ (کالفی، ٢٠١٢: ١٣٩)، بە واتە (زمانەکە بە تەواوەتی لەناوناچێت، بەڵکو وەکو خۆی نامێنێتەوە و دیالێکتەکانی لەیەک دووردەکەونەوە و هەریەکەیان دەبن بە زمانێکی سەربەخۆ، وەکو لەناوچوونی زمانی لاتینی و گۆڕانی دیالێکتەکانی بۆ زمانە سەربەخۆکانی (فەرەنسی و ئیتالی و ئیسپانی و ڕۆمانی) (فتاح، ٢٠١١: ١٥٧).

### ٢. مردنی زمان بە ژەهراویبوون:

گۆڕانی زمانێکە بە زمانێکی دیکە، لە ڕێگە شێوان و جێگرتنەوەی دەنگ و یاسا و ڕێسای زمانێک لەلایەن زمانێکی ترەوە، کاتێک زمانێکی ژێردەستە دەکەوێتەژێر کاریگەری زمانێکی زاڵەوە، بەمەش زمانە ژێردەستەکە بە شێنەیی ژەهراویدەبێت، لێرەدا هەرچەند زمانەکە بە تەواوەتی نامرێت، بەڵام بەهۆی کاریگەریی زمانێک لەسەر زمانێکی دەگۆڕێت بڕوانە: (٤/١-٢-٣) و (١/٣).

### ٣. مردنی تەواوەتی زمان:

لە ئەنجامی مردنی کۆمەڵە کەسێک، یان مردنی دوا ئاخێوەری زمانێک دەبێت، کە بە زمانێکی دیاریکراو قسەیان دەکرد، ئەم جۆرە مردنە لە بەرژەوەندی هیچ زمانێکی دیکەدا ناشکێتەوە نە بە گۆڕانکاری و نە بە جێگۆڕکێ، بۆ نموونە لە سەرەتای هەشتاکان لە ئەمازۆنیا و کەرتی نابۆدا، پیرەمێرد و پیرەژنێک دەژیان، کە بە زمانی (تت) قسەیان دەکرد، دوای مردنی هەردوکیان زمانەکەش لەناوچوو (کالفی، ٢٠١٢: ١٣٩).

### ٤. سەرلەنوێ بوژاندنەوەی زمان:

هەندێک زمان دوای مردنیشی سەرلەنوێ بوژێنراوەتەوە و هەوڵی زیندوکردنەوەی دراوە، بۆ پاراستنی زمان و هەلی دووبارە بوژاندنەوەی زمان، پێویستە هەموو زمانێک دۆکۆمێنتبکرێت، چونکە (کاتێک زمانێک دەمرێت، هەلی دۆکۆمێنتکردنی نامێنێت و شوێنەوارەکانی دیکەی لەناودەچێت، بۆ پرۆسەی دۆکۆمێنتکردنی ئەو زمانانەی، کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، یان هەر زمانێکی دیکە، کۆمەڵێک پرۆسە هەیە، کە دەتوانرێت پەیڕەوبکرێت، لەوانە پێویستە دۆکۆمێنتکردنەکە باوەڕپێکراوبێت و بە گشتگیری تەواوی زمانەکە بگرێتەوە و ڕەنگدانەوەی تەواوی زمانەکە بێت) ( Isa & Ahmed &...,  2014: 47)، بۆ نموونە (زمانی مانکس (Manx)، کە یەکێکە لە زمانە سیڵتییەکان ( Celtic Languages) لە جەزیرەی مان (Man) لە بەریتانیا، دوا کەسی ئاخێوەری ئەو زمانە لە ساڵی ١٩٧٤ دەمرێت و لەگەڵیشیدا زمانەکەش چووە ڕیزی لیستی زمانە مردووەکانەوە، دواتر بە هەوڵی حکومەتی (دورگەی مان) و ڕۆشنبیران هەوڵی بوژانەوەی زمانەکەیان داوە، هەندێک لە خەڵکی دورگەکە دووبارە فێری زمانەکە بوونەتەوە، خوێندنیش بە زمانەکە کراوە بە ئارەزوومەندانە. تاوەکو ساڵی (٢٠١١) زیاتر لە (١٦٨٩)کەس فێری زمانەکە بوونەتەوە) (ڕەسوڵ، ٢٠١٤: ٣٥-٣٦). بەهەمانشێوە (دوای ئەوەی ساڵی (١٩٩٢) دواهەمین ئاخێوەری زمانی کاورنا (Kaurna) کۆچیدوایکرد و زمانەکە بۆ چەند ساڵێک کوژایەوە، بەڵام لە ساڵانی دواتردا، ژمارەیەک لە کاورناییەکان بڕیاریاندا زمانەکەیان زیندووبکەنەوە، دەیانگوت زمانەکەمان نەمردووە، بەڵکو خەوی لێکەوتووە، بە سودوەرگرتن لەو پاشماوانەی زمانەکە، کە بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕایەوە،

زمانەکەیان زیندووکردەوە و ئێستا لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت) (کریستاڵ، ٢٠٢٠: ١٧٥). (شەڕی ساردیش، سەرلەنوێ ئەو زمانانەی زیندووکردەوە، کە پێشتر داپڵۆسێنرابوون یاخود فەرامۆشکرابوون، لەوانە زیندوکردنەوەی زمانە ناوچەییەکانی، وەکو (ئەستۆنی، لاتڤی، ئۆکرانی، گورجی و ئەرمەنی)، هەروەها پاشماوەی زمانەکانی (تورکی و عەرەبی)، کە لە سەردەمی ئیمپراتۆری عوسمانییەوە (٤٥٠) ساڵ لە ناوچەی (بەڵکان)دا باوبوون، ئێستا لە (بۆسنیا) برەویان سەندووەتەوە، زمانەکان سەرلەنوێ زیندوودەکرێنەوە تا لەگەڵ شوناس و شارستانییەکاندا بگونجێن) (پ.هانتینگتۆن، ٢٠٠٥: ٥٧-٥٨).

## ٤/١-٤) پۆلێنکردنی زمانەکان لە ڕووی بێوییەوە:

### ٤/١-٤-١) پۆلێنی ئەریکی کینکید (Areked Kincade classification):

(کینکید)ی زمانەوان، زمانەکانی لە نێوان قۆناغی (بێوەیی ڕەها) و (بێوەیی ناڕەها)، بۆ پێنج ئاست پۆلێنکردووە (Crystal, 2003: 20-21):

١. ئەو زمانانەی توانای بەردەوامییان هەیە:

ئەو زمانە پێشکەوتووانەن، کە خاوەنی کۆمەڵێک بنەمای زمانیی دەوڵەمەندن و توانای گەشەکردنیان هەیە، ئاخێوەرێکی زۆر قسەپێدەکەن، بە هیچ شێوەیەک هەڕەشە و مەترسی لەناوچوونیان لەسەر نییە.

٢. ئەو زمانە بچووکانەی توانای بەردەوامییان هەیە:

ئەو زمانانەیە، کە ئاخێوەرانی زیاترە لە هەزاران کەس، زیاتر ئەو زمانانەن، کە لە کۆمەڵە داخراوەکاندا و دوور لە کاریگەریی زمانەکانی دیکە، یان لەو کۆمەڵانەن، کە ڕێکخستن و سیستەمێکی بەهێزیان بۆ زمان هەیە، بە مەرجێک ئەم کۆمەڵانە درک بە گرنگی زمانەکەیان لە چەسپاندنی ناسنامەیاندا بکەن، بەمەش زمانەکە بە ڕەهایی لە دۆخێکی بێوەیی و جێگیردا دەبێت.

٣. ئەو زمانەی لە قۆناغی مەترسیدان:

ئەو زمانانەیە، کە خەڵکی بە ڕێژەیەکی دیاریکراو قسەپێدەکەن، دەکرێت بمێنێتەوە و بەردەوامبێت، ئەگەر کۆمەڵەکەی لە پشتگیریکردنی بەردەوامبن.

٤. ئەو زمانانەی لە (سەرەمەرگ/گیانەڵا)دان :

ئەو زمانانەیە، کە پێشبینی دەکرێت ئەو بنەما زمانییەیانەی تێدابێت، کە ئەگەری مانەوە و بەردەوامی پێبدات، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆربەی ئاخێوەرانی بەساڵاچووانن، لە لێواری لەناوچووندان، ئەگەر پشتگیری نەکرێت و بۆ نەوەکانی دواتر نەگوێزرێتەوە.

٥. زمانە لەناوچووەکان:

ئەو زمانانەیە، کە هیچ ئاخێوەرێکی نەماوە قسەیپێبکات، هەندێکیان بە تەواوەتی ونبوون و هەندێکی دیکەشیان شوێنەواریان لە دۆکۆمێنتەکاندا پارێزراوە.

**٤/١-٤-٢) پۆلێنی ستیفن ورم** (Stephen Wurm classification) :

(ستیفن ورم) زمانەکانی جیهان لە ڕووی بێوەییەوە پۆلێن دەکات بۆ (محمد: ٢٠١٦،٦٠-٦١):

١. ئەو زمانانەی هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە:

ئەو زمانانەیە، کە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا بەکارناهێنرێن، لەلایەن زمانەکانی دیکەوە فشاری خراوەتەسەر و لە گواستنەوەی بۆ نەوەکانی تری کۆمەڵەکەی ڕێگری لێدەکرێت.

٢. ئەو زمانانەی لە مەترسیدان:

ئەو زمانانەیە، کە کۆمەڵەکەی پشتیانتێکردووە بۆ منداڵەکانیان نایگوێزنەوە، بچووکترین ئاخێوەرانی لە هەرزەکارانن، لەگەڵ هەڵکشانی تەمەنی ئاخێوەرانی، زمانەکەش پیردەبێت و بەرەو لەناوچوون دەچێت.

٣. ئەو زمانانەی لە مەترسی گەورەدان:

ئەو زمانانەیە، کە ئاخێوەرانی تەمەنیان لەسەروی پەنجا ساڵەوەن و بە ڕەهایی قسەیپێدەکەن.

٤. ئەو زمانانەی لە سەرەمەرگدان:

ئەو زمانانەیە، کە بە تاکوتەرا ئاخێوەری بەساڵاچووی ماوە و بە کەمی لەنێوان خۆیاندا قسەی پێدەکەن.

٥. ئەو زمانانەی لەناوچوون:

ئەو زمانانەیە، کە کۆتا ئاخێوەری مردووە و هیچ کەسێکی دیکەی لەدوا بەجێنەماوە، کە قسەیپێبکات، چووەتەڕیزی زمانە مردووەکانی جیهانەوە.

## ٢) خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا:

### ١/٢) خواستنی زمانیی*:

سروشتی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ وەها دەخوازێت، لە گۆڕانی بەردەوامدا بن، کۆمەڵە جیاوازەکان سەرەڕای بوونی سامانێک لە مێژوو و کولتور و ڕۆشنبیری و هونەر و زانست و...هتد، تایبەت بەخۆیان، پێویستییان بە سودوەرگرتن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموونی یەکتریش هەیە، ئەمەش لە ڕێگەی زمانەوە بەدیدێت، چونکە (مرۆڤ لە دەوروبەر دابڕاو نییە، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، هەوڵیداوە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی لە پەیوەندیدا بێت، لەم تێکەڵی و پەیوەندییەدا لە هەموو بوارێکی ژیان کەرەستەی بەخشیوە و لە بەرامبەریشدا کەرەستەی وەرگرتووە، ئەمەش بۆتەهۆی بەرەو پێشچوونی زمانەکە و هەندێکجاریش تێکدانی یاساکانی و شێواندنی) (حەسەن، ٢٠٠٨: ٢٧)، هەتاوەکو تێکەڵاوی و پەیوەندیگرتن زیاتربێت، بەریەککەوتنی کۆمەڵە جیاوازەکان زیاتردەبێت، زمانەکانیش زیاتر کاریگەری دەکەنەسەر یەکتر، بەمەش قەبارەی ئاڵوگۆڕی کەرەستەی زمانیی نێوانیان فراوانتردەبێت، بۆیە (هەموو زمانەکان لە ماوەیەکی دیاریکراوی مێژووەکەیدا گۆڕانکاری بەسەردا دێت، گەلێک جار گۆڕینەکە هێندە لەسەرخۆیە، کە پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ هەستی پێدەکرێت و پێیدەزانرێت، کە دەشێت لە گشت لایەنەکانی زماندا لە دەربڕین و سینتاکس و فەرهەنگدا ڕووبدات، چەشنێکی ئەم گۆڕینەش وەرگرتنە)) (مەحویی،٢٠١٠: ١٢٧).

یەکێک لە ئەنجامەکانی بەریککەوتن و ململانێ زمانییەکان، خواستنی کەرەستەی زمانییە، کە بریتییە لە (هەڵگرتنەوە و بەکارهێنانی ئەو کەرەستە زمانییانەی، کە لە زمانێک، یان زارێکی دیکەدا بینراون) (فتاح، ٢٠١١: ١٣٣)، یان (پرۆسەی خواستنی وشە و دەستەواژەی زمانێکە لەلایەن زمانێکی دیکەوە، یان بەکارهێنانی دەنگ و پێکهاتەی ڕێزمانی زمانێکی دیکەیە) (Pei, 1966 :30-31)، (کاتێک ئاخێوەرانی زمانێک هەست بە کەموکورتی و کەلێنێک لە سەروەتی وشەکانیاندا دەکەن، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە، شانبەشانی سازکردنی وشەی نوێ لە زمانەکەی خۆیاندا، پەنادەبەنەبەر ئاسانترین و نزیکترین ڕێگە، کە خواستنە لە زمانەکانی دیکەوە) (ئۆڵمان، ١٩٨٧: ١٢٣)، کە بە ڕێگەیەکی دیکەی پاراستن و بە زیندوویی هێشتنەوەی زمان دادەنرێت، هەروەها پێویستییەکی سروشتییە و پەیوەستە بە ژیانی ئاخێوەرانییەوە، هیچ بەربەستێک ناتوانێت بیوەستێنێت و پێشیپێبگرێت، لە هەموو پێکهاتەکانی زمانیشدا بە ڕێژەی جیاواز کەرەستە لەنێوان زمانەکاندا ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت، (کریسین) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چەمکی خواستن پرۆسەی گواستنەوەی ئێلێمێنتی جۆراوجۆری زمانێکە بۆ یەکێکی دیکە، مەبەست لە ئێلێمێنتی جۆراوجۆر، دانە جیاوازەکانی

* خواستنی زمانیی هەمبەر بە (Linguistic borrowing)ی زمانی ئینگلیزی و (الأقتراض اللغوي)ی زمانی عەرەبی بەکارهێنراوە، کە مەبەست لە خواستنی هەموو کەرەستەیەکی زمانییە.

ئاستەکانی زمان وستراکچەری، وەک: فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، سینتاکس، لێکسیک، سیمانتیکە)) (سدیق، ٢٠٢٠: ٣٣–٣٤)، واتە (خواستنی زمانیی بە ڕێژەی جیاواز لە هەموو پێکهاتەکانی زمان، وەکو لە وشە و یاسا و ڕێسا و شێوازەکانیشدا ڕوودەدات، بەڵام زۆرجار کاریگەرییەکەی لە ئاستی وشەکاندایە، چونکە وشەکان ڕەنگدانەوەی گۆڕانە دەرونی و ماددی و کۆمەڵایەتییەکانن و بەردەوام لە گۆڕاندان، لە کاتێکدا یاسا و ڕێساکان تایبەتمەندن بە جێگیری و بەشێوەیەکی ڕێژەیی گۆڕان تێیاندا ڕوودەدات) (الزیادی و سلمان، ٢٠٠٠: ٦٣)، بەڵام (خواستنی وشە لە لووتکەی هەرەمی خواستنی زمانیدایە، پاشان خواستنی فۆنۆلۆجی سینتاکسیی) (Curnow ،2001 :425-426)، واتا (هەل زیاتر بۆ (وشە)یە و دوای ئەو بۆ (مۆرفیم) و ئینجا بۆ (فۆنیم) دەڕەخسێت، کە بتوانن خۆیان بخزێننەناو زمانانی دیکەوە، وشە دەتوانێت ڕاستەوخۆ بڕوات، بەڵام (مۆرفیم) و (فۆنێم) لە ڕێگای چەند بارەبوونەوەیان لە چوارچێوەی ئەو وشانەی، کە بەشێکن لە پێکهاتنیان، توانای پەڕینەوەیان هەیە، واتە ئەمان بە تەنها بۆیان نالوێت بچنەناو زمانی دیکەوە) (سدیق، ٢٠٢٠: ٦٣). خواستنی زمانیی دیاردەیەکی باو و جیهانییە، لە هەموو زمانێکدا بە ڕێژە و جۆری جیاواز کەرەستەی زمانیی خوازراو هەیە (Haspelmath & Tadmor, 2009: 55)، هیچ زمانێکیش لێی بێبەری و پارێزراو نییە و ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ تەنها بە پشتبەخۆبەست بەبێ پاڵپشتیی کەرەستەی زمانەکانی دیکە بۆ پەیوەندی و تێکەڵاوی بە دەرەوەی خۆیەوە بەردەوامبێت، بۆ نموونە (زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی گەشەسەندوو و دەوڵەمەند، کە زمانەکانی دیکە بە زۆری وشەی لێوە وەردەگرن، بە بەردەوامی بە خواستنی وشە لە زمانەکانی دیکەوە خۆی دەوڵەمەندتر دەکات) (کەمریَ و دایەمەند و ...، ٢٠٠٧: ١٠٠)، سەرەڕای وشە، یاسای ڕێزمانیشی لە زمانەکانی دیکەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە (بەهۆی داگیرکاری چەند سەدەی ئینگلتەرا لەلایەن فەرەنسییەکانەوە لە سەردەمی نۆرماندەکاندا، چەند لایەنێکی ڕێزمانی زمانی فەرەنسی خواستووە، بە تایبەتی وەرگرتنی ڕیزبەندی یەکە پێکهێنەرەکانی ڕێزمان، وەکو پێکهاتەی هەردوو فرێزی (attorney general) و (court martial)، لە زمانی ئینگلیزیدا، زۆرجار وەکو بەڵگە لە باسی خواستنی پێکهاتەی ڕێزمانیدا دەخرێنەڕوو، کە پەیڕەوی یاسای ڕێزمانی زمانی فەرەنسی کردووە، ئەویش هاتنی (ئاوەڵناو)ە لە دوای (ناو)ەوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بە پێچەوانەوەیە و (ناو) لە دوای (ئاوەڵناو)ەوە دێت، واتە یاسای (ناو+ئاوەڵناو) یەکەیەکی خوازراوی زمانی فەرەنسییە لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە) (مدرسی، ١٣٩١: ٩٩). جۆر و ڕێژەی کەرەستەی خوازراوی زمانیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە، ئەمەش بە جیاوازی سەردەم و ماوەی ململانێی نێوان زمانەکان و گۆڕانی ژیانی شارستانیەت و گۆڕانی زمانەکان خۆیانەوە پەیوەستە، هەتا تێکەڵاوی و پەیوەندیی نێوان کۆمەڵی خاوەن زمانەکان زیاتربێت، قەبارەی ئاڵوگۆڕی کەرەستەی زمانیی نێوانیان زۆرتر و فراوانتر دەبێت. جۆرەکانی خواستنی زمانییش، ئەمانەن:

## ١/٢-١) دەنگخواستن:

زمانەکان سەرەڕای هاوبەشییان لە چەندین دەنگ و فۆنێم و یاسای فۆنۆلۆژیدا، چەند تایبەتمەندییەکی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، کە یەکێکن لە بنەما جیاکەرەوەکانی زمانەکان لە یەکتری، زمان هەوڵی پارێزگاری لێکردنیان دەدات و ڕێگەنادات بە ئاسانی تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی دیکە، خۆیان بخزێننەناویانەوە و جێگەیان بگرنەوە، یان بیانشێوێنن و لە بەکارهێنان دووریان بخەنەوە، بۆیە (هەموو زمانانی جیهان لە کاتێکدا ئەگەر وشەی نامۆ بێتەناویان، دەنگی نامۆ بە دەنگی نزیک لە سازگەی دەنگەکە دەگۆڕنەوە) (دزەیی و محەمەد و...،٢٠١٣: ١٢١)، واتە لە کاتی چوونی دەنگێک، یان یاسایەکی دەنگی لە زمانی بەخشەرەوە بۆ زمانی وەرگر، ڕاستەوخۆ دەخرێتەژێر یاسای دەنگی زمانە وەرگرەکە و لەڕووی گۆڕینی دەنگ بۆ دەنگی بەرانبەری، یان دەنگی نزیک لێیەوە، یان تیاچوونی دەنگ گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت، بە شێوەیەک کە مۆری زمانە بەخشەرەکە لە دەستدەدات، چونکە (خواستنی وشە بەبێ گۆڕانکاری و خۆگونجاندنی لەگەڵ پێڕەوی دەنگی زمانە ڕەسەنەکە، کارێکی زۆر دەکاتەسەر زمان و بێهێزی دەکات) (سلێمان، ٢٠١٤: ٥٧)، ئەم گۆڕین و دەستکاریکردنەی وشەی خوازراو، ڕێگایەکە زمان بۆ پاراستنی لە ژەهراویبوون و لەناوچوونی دەیگرێتەبەر، چونکە وشە و فرێزە خوازراوەکان ڕێگەی هاتنەناوەوەی فۆنێم و یاسا و ڕێسای ڕێزمانیین، کە تایبەتمەندی جیاکردنەوەی زمانەکانن لە یەکتری.

سەرەڕای ڕێگرییە فۆنۆلۆژییەکانی زمانێک، بە هۆکاری ململانێی نێوان زمانەکان، پەیوەست بە ماوەی خایاندن و ڕادەی کاریگەریی زمانی زاڵ و سەردەستە، کار لە دەنگەکانی زمانی یەکتر دەکەن و دەنگی نامۆ دزەدەکاتە ناو ڕستی دەنگە تایبەتییەکانی زمانێکی دیکەوە، واتە دەنگخواستن بریتییە لە دەرکەوتنی دەنگی زمانێک لە ڕستی دەنگە تایبەتەکانی زمانێکی دیکەدا، کە لە ئەنجامی نەبوونی دەنگی بەرامبەری، یان نزیک لێی لە دووتوێی خواستنی پێکهاتەکانی دیکەی زمانەوە، بە هەمان فۆرم و تایبەتمەندییە دەنگییەکانی خۆیەوە، بە پاڵاوگەی فۆنۆتاکتیکی زمانی وەرگردا تێدەپەڕێت و خۆی دەخزێنێتە ڕستی دەنگەکانییەوە. (پەیدابوونی دەنگی تازەش لە زماندا، دیاردەیەکی سروشتییە و هیچ زمانێک نییە و نەبووە بەسەریدا نەهاتبێت و هەرگیز ناتوانێ خۆی لێ بپارێزێت) (ئەمین، ٢٠٠٩: ١٥)، واتە (کاتێکیش ژمارەیەکی زۆر لە فۆرم، کە هەڵگری فۆنێمی نامۆن، خۆیان دەکەن بە زمانە قەرزارەکەدا) (فتاح، ٢٠١١: ١٣٤)، (ماسولکەکانی دەم و قورگ و دەنگەژێکان لەسەر دەربڕینی دەنگە نوێیەکانی زمانە زاڵەکە (زمانی بەخشەر) ڕادێن و فێری گۆکردنیان دەبن، ئەمەش بە ترسناکترین قۆناغەکانی گۆڕانی زمان دادەنرێت، چونکە پتر سیمای زمانە بەزیوەکە (زمانی وەرگر) دەسڕێتەوە و زمانەکە دەتوێنێتەوە) (ڕەسوڵ، ٢٠١٥: ٣٣٤)، واتە (ئەگەر زمانێک، پێڕەوی دەنگەکانی لەناو پێڕەوی زمانێکی دیکەدا بتوێتەوە، لە ئەنجامی کەمی بایەخدانی زمانەکە بە خۆگونجان لەگەڵ وشە

خوازراوەکان لە پێڕەوی دەنگدا لەلایەک و مەیلی بەرەو دارشتنی پێکهاتە ڕێزمانییەکەی لەسەر شێوەی پێکهاتەی زمانی زاڵ لەلایەکی دیکەوە، لەو کاتەدا مەترسی و هەڕەشەی هەڵمژین/ژەهراوییبوون دەستپێدەکات، چونکە دەنگ و ڕێزمان هەیکەلبەندی بونیادی زمانن) (کالفی، ٢٠١٢: ١٤٥). بونیادی زمانیش، کە زانیارییە فۆنۆلۆژی و ڕێزمانییەکانن، ئاخێوەران لەکاتی زمانپژان بە زمانی دایکییان وەریاندەگرن، کە بنەمای ناساندن و لێکجیاکردنەوە و پاراستنی زمانن.

بە شێوەیەکی گشتی کاری دەنگخواستن لە دوو باردا پەیدادەبێت (فتاح، ٢٠١١: ١٣٤–١٣٥):

١. کاتێک لە ڕێگەی خواستنەوە ژمارەیەکی زۆر فۆرم، کە هەڵگری فۆنێمی نامۆ بن، خۆیان بکەن بە زمانە قەرزکەرەکەدا.
٢. کاتێک خواستنی فۆرم دەبێتەهۆی گۆڕانی چۆنیەتی ڕیزبوون و بە دواهاتنی فۆنیمەکانی زمانێک.


بەهۆی بەریەککەوتنی زمانەکانەوە، لەڕووی دەنگەوە کاریگەرییان کردووتەسەر یەکتر، بۆ نموونە هەردوو فۆنێمی /ژ/ و /ڤ/ دوو فۆنێمی ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی نین، بەڵکو لە ئەنجامی کارتێکردنی زمانی فەرەنسی کەوتوونەتەناو زمانی ئینگلیزییەوە (ئەمین، ٢٠٠٩: ١٥)، هەروەها (لە سەرەتادا دەنگی (ف) لە زمانی ڕووسیدا بە تایبەتی لەو وشانەدا هەبووە، کە لە زمانی بێگانەوە وەرگیرابوون، وەکو لە وشەکانی (فیلۆسۆڤ، فیڤرال (لە زمانی یۆنانییەوە)، فەنار، فۆرمە...هتد)، بە تێپەڕبوونی کات، دەنگی (ف) بوو بەوەی وەک شێوەی فۆنێمی نەتەوایەتی (ڤ) خۆی بنوێنێت، پاش ماوەیەک ژمارەیەک وشەی ڕووسی چوونەپاڵیان) (حاجی مارف، ١٩٩٨: ١٧٧)، (زاراوەی (mozart)یش، کە زمانی ئینگلیزی لە (motsart)ی زمانی ئەڵمانییەوە خواستوویەتی، لەمڕۆدا زیاتر وەکو دەربڕینە ئەڵمانییەکەی بەکاردەهێنرێت تاوەکو بە شێوەی دەربڕینە ئینگلیزییەکەی، هەروەها بەهۆی خواستنی وشەیەکی زۆری زمانی فەرەنسی لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە لە سەردەمی داگیرکاریی نۆرمەنەکاندا، دەنگی /ž/ لە زمانی فەرەنسییەوە چووەتەناو زمانی ئینگلیزییەوە و بووە بە دەنگێکی زمانەکە، بە هەمانشێوەش دەنگی /f/ زمانی ڕوسیش بەهۆی بوونی بە زمانی سەرەکی وڵاتی کازاخستان بۆ ماوەیەکی درێژ، چووتەناو زمانی کازاخییەوە) (مدرسی، ١٣٩١: ٩٦–٩٨)، بە هەمانشێوەش زمانی کوردی دەنگی لە زمانەکانی دیکەوە خواستووە (بڕوانە (١/٣–١).

## ٢-١/٢) وشەخواستن:

وشەخواستن ڕەنگدانەوەی لە هەموو زمانێکدا هەیە و پەیوەستە بە پێویستییەکانی ئاخێوەرانی زمانەوە، بۆ پەیوەندیگرتن بە دەرەوەی خۆیان و دانەبڕان لەو گۆڕانە بەردەوامەی بەسەر شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هاتووە و دێت، کە ئەمیش (بریتییە لە پرۆسەی کۆپیکردن و گواستنەوەی

وشە، لە زمانی بەخشەرەوە بۆ ناو زمانی وەرگر) (Haspelmath & Tadmor, 2009: 36)، ، چونکە لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی کەرەستە و بیری نوێ دێنەئاراوە، کە پێویستییان بە زمانی دەربڕینە. زمان بۆ ئەو کەرەستە و بیرە نوێیانەی، کە بەرهەمی گۆڕانی کۆمەڵەکەی خۆیەتی، بەپێی یاسا زمانییەکانی بۆ ناونانیان وشەی نوێیان بۆ سازدەکەن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشە و دەربڕاوەکانی (ڕاپەڕین، گەندەڵی، بندیوار، نیوموچە، ئەنفالکراو، ئەنفالانە، نانبڕاو...هتد) لە ڕێگەی یاساکانی زمانەکە خۆیەوە سازکراون، بەڵام کاتێک کەرەستەیەک، یان بیرێک دێتە کۆمەڵەوە، زمان سەرەڕای پشتبەخۆبەستن، ناچارە بە زۆریی بۆ ناونانیان ڕاستەوخۆ وشەکەشی بۆ بخوازێت، بۆیە وشەخواستن زۆرترین ڕەنگدانەوەی لە فەرهەنگی زماندا هەیە، چونکە وشەکانی فەرهەنگی زمان ناجێگرن و بە بەردەوامی لەڕووی ژمارە و جۆر و واتاوە لە گۆڕاندان، واتە (لیکسیک ئەو هەرێمەی زمانە، کە پلەیەکی گەورە بۆ هەر چەشنە کارتێکردنێکی دەرەکی ئامادە و کراوەیە و لە ناویاندا، هەر گۆڕانێک بەسەر ژیانی خەڵکی کۆمەڵدا بێت، تیایدا ڕەنگدەدەنەوە) (سدیق، ٢٠٢٠: ٣٧).

وشەکان ناون بۆ کەرەستە کۆنکریت و بیرە ئەبستراکتەکان، کاتێک کەرەستەیەک، یان بیرێک لە زماندا نەبوو، هیچ وشەیەکیش بۆ ناونانی نییە، بەڵام کە پەیدابوو، ناوی لێدەنرێت و بە نەمانی کەرەستەکەش ناوەکەی دەپوکێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت، یان گۆڕانی واتایی بەسەردا دێت و واتایەکی دیکەی لێباردەکرێت، یان لە پەند و ئیدیۆم و دەربڕاوەکاندا خۆیان لە فەوتان دەپارێزن، بۆ نموونە لە کۆندا چەند کەرەستەیەک بۆ ڕووناککردنەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا بەکارهێنراون، بەڵام دوای پەیدابوونی وزەی کارەبا، بەکارهێنانی ئەو کەرەستانە کەمبووەوە، ناوەکانیشان ئەو چالاکییەی جارانیان نەما و بەرەو پوکانەوە و لەناوچوون هەنگاودەنێن و چەند کەرەستەیەکی دیکە بۆ ڕووناکردنەوە جێگەیانیان گرتووەتەوە، کە بە وزەی کارەبا کاردەکەن، وەکو لەم هێڵکارییەدا خراونەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (٥) وشەی پوکاوە و نوێیەکانی کەرەستەکانی ڕووناککردنەوە

هەروەها پوکانەوەی چەندین ناو و چەمکی دیکە، وەکو (گۆزە، هیزە، کاسە، باراش، شەوە، ئاشی ئاو، جاجم، چەخماخساز، گڵێم (جۆرێک ڕاخەری چنراوە)، دەوار، دیزە، دەرخۆنە...هتد)، کە ئێستا بەهۆی بەکارنەهێنانی کەرەستەکان، ناوەکانیشیان وردەوردە بەرەو پوکانەوە چووە، وازهێنانی کۆمەڵ لە هەندێک بۆنە و دیاریدەی کۆمەڵایەتیش، ناوەکانیان و ئەو وشانەی، کە پەیوەستن پێیانەوە بەرەو پوکانەوە و لەناوچوون دەچێت، بۆ نموونە: (ژنبەژن، گەورە بە بچووک، ژن بۆ کردن، پا خەسوو، شیربایی...هتد) لە کۆمەڵی کوردەواریدا.

ئێستا بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیرییەوە بە خێرایی کەرەستە و بیر و چەمکەکان بە وڵاتاندا بڵاودەبنەوە، هیچ زمانێک ناتوانێت لەم مەیدانەدا دوورە پەرێزبێت و خۆی لە کاریگەریی زمانەکانی دیکە لەڕووی هاتنە ناوەوەی وشە و فراوانبوونی زمانەکانی دیکە لەسەر زەوی زمانەکە بپارێزێت، بۆ نموونە (زمانی کوردی هێندە وشەی لە زمانەکانی دیکەوە وەرگرتووە، کە گرانە ئاخێوەرێک بتوانێت بەبێ بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو هیچ چشتێک بڵێت) (مەحویی، ۲۰۱۰: ۱۲۷–۱۲۸)، چونکە بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و ڕەنگدانەوەی لە داهێنانەکان و پێشکەوتنی بوارەکانی پیشەسازییەوە، بوونەتەهۆی هاتنەناوەوەی هەزارەها کەرەستە و چەمکی نوێ بۆ ناو زمانی کوردی (بڕوانە: ٤/٢)، هیچ زمانێکیش ناتوانێت بە خێرایی وشەی نوێ بۆ هەموو، یان زۆربەی ئەو وشە بێگانانە سازبکات، کە دێنەناو زمانەکەوە. خواستنی وشە ئەگەرچی لەلایەکەوە پێویستییە زمانییەکانی ئاخێوەران پڕدەکاتەوە و فەرهەنگی زمان دەوڵەمەنددەکات (بڕوانە: (٥/٢–١)، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەبێ هۆ و بە لێشاو خواستنی وشە لە زمانەکانی دیکەوە بۆ ناو زمانی دایک، کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمان دەبێت و ئاسانکاری و ڕێگەخۆشکەرە بۆ لاوازکردنی زمان (بڕوانە: ٥/٢–٢).

بە تێڕوانین لە وشە خوازراوەکانی زمانی کوردی، ئەم ڕاستییانەمان بۆ دەردەکەوێت:

١. هەندێک لە وشەخوازراوەکان بە هەمان ئەو فۆرم و واتایەی، کە لە زمانی بەخشەردا هەیبووە، وەکو خۆی بەبێ دەستکاری هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە (بڕوانە: (٣/٢–١)، هەندێکی تریان بەپێی یاسا و ڕێسا فۆنۆلۆژی و ڕێزمانییەکان زمانی کوردی گونجێنراون (بڕوانە: (٣/٢–٢).

٢. زۆربەی وشەکان سەرەتا لەلایەن تاکە کەسێکەوە بۆ بوارێک، یان لەلایەن دەستە و دەزگا زانستی و زمانەوانییەکانەوە وەردەگیرێن، ڕەنگە دواتر لەلایەن کۆمەڵیشەوە بەکاربهێنرێن.

٣. هەندێک لە وشەکان لەلایەن کۆمەڵەوە دەخوازرێن، کاتێک ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو، هەست بە پێویستی زاراوەیەک، یان ئارەزووی لاساییکردنەوەی زمانێک دەکەن، هەر تاکێکی کۆمەڵ بە سەربەخۆیی بەبێ ئەوەی لە سەرەتادا هیچ ڕێکەوتنێک لە نێوانیاندا هەبێت، ئەم خواستنە

ئەنجامدەدەن (أنیس، ١٩٦٦: ١٠٣)، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا ئەو زاراوانەی پەیوەستن بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە وەکو (ئەنتەرنێت، ئەد، کۆمێنت، فەیسبوک، لایک...هتد)، بەهۆی بەکارهێنانی لەلایەن ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەوە لە ماوەیەکی کەمدا خوازراون.

٤. وشەی زمانێک بۆ ئەوەی بچێتەناو زمانێکی دیکەوە، تا ژمارەی فۆنیم و بڕگەکانی کەم بن، ئاسانتر بە پاڵاوگەی فۆنەتیکیی زمانە نوێکەدا تێپەڕدەبێت، بە وزە سەرفکردنێکی کەمیش، دەکەوێتەسەر زار، لێرەدا، ئابوریکردن دەوری خۆی دەبینێت (سدیق، ٢٠١١: ٥٢).

٥. وشەخواستن بە بوارێکی دیاریکراوەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بەپێی گرنگی و بایەخی بوارەکە لە زمانی وەرگر و ئاستبەرزی و پێشکەوتووی لە زمانی بەخشەردا، زمان وشە دەخوازێت، بۆ نموونە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامدا بە لێشاو وشە و دەربڕاوەکانی پەیوەست بە ئایینەکە هاتنەناو زمانی کوردییەوە، لەم ساڵانەی دواییشدا زیاتر ئەو وشانەی، کە دەچنەچوارچێوەی داهێنانە زانستییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بازرگانی و خوێندن و خواردەمەنی و کەرەستەکانی جلوبەرگ و ناوماڵ و جوانکاری...هتد، دەخوازرێن (بڕوانە (٤/٢).

٦. زمانی وەرگر هەموو کاتێک تەنها لە زمانێکی دیاریکراوەوە وشە ناخوازێت، بەڵکو بەپێی پێویستی ئاخێوەرانی لەو سەردەمەدا، وشە لە زمانی جیاوازەوە دەخوازێت، بۆ نموونە زمانی کوردی لەپێشوودا بەهۆی گرنگی و بایەخی بوارە ئایینی و ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری و زانستی و بازرگانی ...هتد، بە زۆری وشەی لە زمانی عەرەبییەوە، یان لە ڕێگەی ئەوەوە خواستووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی ئاسانکاری هۆیەکانی هاتوچۆ و چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و کۆچ و سیاسەت و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ڕووکردنە ڕۆشنبیری و زانستی ڕۆژئاوا و بایەخی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانێکی جیهانی، زۆربەی زۆری وشەکانی لە زمانی ئینگلیزییەوە، یان لە ڕێگەی ئەوەوە دەخوازێت (بڕوانە (٤/٢).

٧. ئەو وشانەی لەو زمانانەوە وەردەگیرێن، کە سەربەیەک خێزانن، بە ئاسانی و بە هەمان فۆرم و واتاوە جێگەی خۆیان لە زمانە نوێیەکەدا دەگرن، ئەمەش بەهۆی نزیکی هەردوو زمانەکە لەڕووی دەنگ و یاسا و ڕێسا زمانییەکانەوە (شقاقی، ١٣٩٢: ١٢٨)، بۆ نموونە وشەخواستن لە زمانی فارسییەوە بۆ ناو زمانی کوردی، یان بە پێچەوانەوە، زیاتر بە هەمان فۆرم و واتا و جێکردنەوەی لە هەمان پۆلی ڕێزمانیی زمانە بەخشەرەکە دەبێت، وەکو: (وەرزش، سروشت، ستایش، میهرەبان، خانەوادە، مەرز، پایان...هتد)، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو وشانەی لە زمانەکانی عەرەبی و تورکییەوە (مامەڵە، دەلاڵ، خزمەت، قاچ، باجی، یاپراخ...هتد ) هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، زیاتر گۆڕان لە فۆرم و واتاکانیان کراوە.

٨. وشە ئەگەر لە زمانەکەی خۆیدا، ناوی شتێکی بەرجەستەی نابوو، ئەوا لە زمانە نوێیەکەشدا، کە خەڵکی قسەپێدەکەن، هەر بە بینینی ئەو شتە و هەڵسوکەوتکردن لە گەڵیدا، بەرەبەرە شارەزایی دەبن

و ڕادێن لەگەڵیدا بە وشەیەکی فۆنەتیکیی تازەوە، دێتەمەیدان، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وشە نوێیەکە، ناوەخن و ناوەڕۆکەکەی بیر و چەمک بێت، ئەوا ماوەیەکی زیاتری دەوێت تا خەڵکی بتوانن لە دڵ و دەرونیاندا، جێی بکەنەوە و دواتر دەری ببڕن (سدیق، ٢٠١١: ٥٢).

٩. خواستنی سەدان وشەی بیانی، بە قەد خواستنی تەنها یەک دەنگ، یان یاسایەکی ڕێزمانی زیانی نییە، چونکە وشەی خوازراو تەنها بۆ یەک مەبەست و مانا بەکاردەهێنرێت، بەڵام دەنگ، یان مۆرفێمی بیانی لەگەڵ هەزاران وشە تێکەڵدەبێت و نۆرمی ئاسایی و کارکردنی زمانەکە تووشی گۆڕانی پێشبینی نەکراو دەکەن (رەحیمی، ١٣٨٨: ٢٨)، واتە ئەگەر هەموو وشەکانی ڕستەیەک بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، وشەی بیگانە بێت، بەڵام بەپێی یاسا و ڕێسای زمانەکە ڕێزکرابن، هەر بە ڕستەی زمانەکە دادەنرێت، بۆیە وشەی خوازراو خۆی زمان ژەهراوی ناکات، بەڵام زۆربەی ئەو کەرەستە و یاسایانەی زمانەکانی دیکە، کە زمان ژەهراوی دەکەن، لە ڕێگەی ئەمانەوە دێنەناو زمانەوە.

## ٣-١/٢) ڕێزمان– خواستن:

بریتییە لە خواستنی کەرەستەی ڕێزمانی وەکو مۆرفێمە ڕێزمانییەکان و بۆتەی ڕستە و یاسای ڕیزبەندی کەرەستە پێکهێنەرەکانی فرێز. خواستنی پێکهاتە ڕێزمانییەکان مشتومڕێکی زۆری لە نێوان زمانەوانەکاندا دروستکردووە، بە لاوازترین و نائاساییترین جۆری خواستنی زمانییان داناوە. (هویتنی) لەمبارەیەوە دەڵێت: (هەرگیز توێژەرانی زمان، ئەو زمانەیان نەناسیوە، کە تێکەڵەیەک لە یاسا ڕێزمانییەکان لە زمانی بەخشەر و خۆماڵی لەخۆگرتبێت، زمانێکی وەهای وەکو گیانەوەرێکی سەرسوڕهێنەر و مەحاڵ داناوە) (أنيس، ١٩٦٦: ٩٦)، چونکە (پێکهاتە ڕێزمانییەکان گرنگترین تایبەتمەندیی زمانن، کە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسا و کەرەستەی زمانیی هەستیارن، ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە بیر و چێژەوە، خاڵی جیاکەرەوەی بیر و زمانە جیاوازەکانن، بۆیە تێکدان و شێواندنی سیستەمی ڕێزمانی و فۆنۆلۆژی زمانێک و شوێنگرتنەوەی بە هی زمانەکانی دیکە، گەورەترین مەترسیین لەسەر زمان) (زفنكي، ٢٠٢١: ٨٥)، بەڵام (جسپرسن) ئەو وتەیەی (هویتنی) بە زیادەڕەوی داناوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (خواستن لەنێوان هەموو پێکهاتە زمانییەکاندا ڕوودەدات، ئەگەر بە شێوەیەکی کەم و دەگمەنیش بێت، تەنها لە چەند بەشە ئاخاوتنێکی زماندا نەبێت، بە تایبەتی ئەوانەی قوڵاییەکی مێژوییان هەیە، وەکو جێناو و ئامرازی لێکدەر و ژمارەکان، مەحاڵە خواستن ڕووبدات) (أنيس، ١٩٦٦: ٩٦–٩٧). هەمبەر بە پێکهاتەکانی دیکەی زمان، خواستی پێکهاتەی ڕێزمانی زۆر بە کەمی ڕوودەدات، ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە ئەم پێکهاتانە لە زماندا جێگیرن و ماوەیەکی دوور و درێژیان بۆ گۆڕانکاری دەوێت، لەلایەکی دیکەشەوە تایبەتمەندی جیاکەرەوەی نێوان زمانەکانن، بە شێواندن و جێگرتنەوەیان بە یاسای ڕێزمانی زمانی دیکە، زمانەکە لەناودەچێت، بۆیە (ڕێزمانی زمانەکان بە ئاسانی ناکەونەژێر کاریگەریی ڕێزمانی زمانەکانی دیکەوە،

ئەم جۆرە وەرگرتنە پێویستی بە ڕەخساندنی پەیوەندییەکی درێژماوە و بەردەوام هەیە لە نێوان دوو کۆمەڵگای زمانی لەڕووی کولتوری و سیاسی  و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە) (محمدی، ١٣٨٢: ٧٢)، چونکە (پلەوپایەی زمانی هەرکۆمەڵێک لەوەوە دەردەکەوێت، کە ئەو زمانە پێڕەوێکی دیاریکراوی ڕێزمانی بە دەستدەهێنێت و ئەو کۆمەڵەش ڕێز لەو پێڕەوە دەگرن و پارێزگاری لێدەکەن، وێڕای هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشڤەچوونەی دووچاری ئەو زمانە دەبێتەوە) (عەلی، ٢٠٠٥: ٧)، کە (ناتوانرێت بە ئاسانی بگۆڕدرێت و یاسای نوێی بۆ زیادبکرێت، یان لێی کەمبکرێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیزیدا تەنها ژمارەی تاک و کۆ هەیە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا تاک و جووت و کۆ هەیە، کە ناتوانرێت هاوشێوەی کوردی لێبکرێت و جووت لاببرێت، یان بە پێچەوانەوە) (باتنی، ٢٠١١: ١٧)، سەرەڕای ئەمەش لەو زمانانەی، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ململانێدابوون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، خواستنی پێکهاتەی ڕێزمانی لە نێوانیاندا ڕوویداوە، واتە بەریەککەوتن و ململانێی زمانەکان، دەبنەهۆی گواستنەوەی کەرەستە و یاسا تایبەتەکانی زمانێک بۆ زمانێکی دیکە، جا لە ئاستێکدا، یان زیاتر لە ئاستێکدا بێت، وەکو دەنگ، مۆرفیم، ڕێزمان، واتا، نووسین...هتد. کاتێک یاسا و ڕێسا دەنگی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی زمانێک کارییان لە پێڕەوی زمانێکی دیکە کرد، ئەوە ئەو زمانە ژەهراویدەکات، چونکە هەر زمانێک سیستەمێکی تایبەت بەخۆی هەیە و ئاخێوەرانی پێڕەویدەکەن و پەیوەندی پێکەوەدەکەن و لەیەکتردەگەن، سیستەمی زمانیش بریتییە لە بونیادی زمان، بە ژەهراوییبوونی بونیادی زمانیش، زمانەکە بەرەو بۆگەنکردن و شێواندن دەچێت، ئەگەر هەوڵی پاراستن و چارەسەرکردنی نەدرێت، ژەهرە زمانییەکە زیاتر دەبێت، ڕەنگە لە دوورمەودادا زمانەکە لەناوببات، سەرەڕای ئەمەش ئەو زمانانەی، کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە ململانێدابوون و کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبووە، خواستنی پێکهاتەی ڕێزمانی لە نێوانیاندا ڕوویداوە، وەکو (خواستنی چەند لایەنێکی ڕێزمانی زمانی فەڕەنسی لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە لە سەردەمی داگیرکاریی نۆرماندەکاندا، وەکو یاسای (ناو+ئاوەڵناو)، کە یەکەیەکی خوازراوی زمانی فەرەنسییە، لەلایەن زمانی ئینگلیزییەوە، یان وەکو بەکارهێنانی مۆرفیمی ڕێزمانی کۆ لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ئەو وشانەی، کە لە زمانەکانی لاتینی و یۆنانییەوە خوازراون هاوشێوەی زمانە بنەڕەتییەکە، نیشانەی کۆ، وەکو یەکەیەکی ڕێزمانی لەم زمانەدا خوازراوە، بۆ نموونە وشەی (phenomenon) لە ئینگلیزیدا بە شێوەی زمانە یەکەمەی خۆی کۆکراوەتەوە و بووە بە (phenomena) (مدرسی، ١٣٩١: ٩٩-١٠٠).

ئەم جۆرەی خواستنی زمانی ڕەنگدانەوەی لە زمانی کوردیشدا هەیە، بۆ نموونە مۆرفیمەکانی /-ات/ و /-ەها/. کە نیشانەیەکی کۆن لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی، لە زمانی کوردیدا چەند ناوێکی پێ کۆدەکرێتەوە، وەکو (باخات، مەڕوماڵات، دێهات، ساڵەها، سەدەها...هتد)، یان پەیڕەوکردنی سینتاکسی زمانی ئینگلیزی لە فرێزی (سەردار گروپ، هێمن کار...هتد)، کە ڕیزبەندی (سەرسەرەتا)ی


زمانی ئینگلیزی پەیڕەوکراوە بە پێچەوانەی زمانی کوردییەوە، کە پێڕەوی ڕیزبەندی (سەرکۆتا) دەکات (گروپی سەردار، کاری هێمن)، هەروەها پەیڕەوکردنی ڕیزبەندی کەرەستە پێکهێنەرەکانی زمانی عەرەبی، وەک لە ڕستەی ( هەستان بە ئەنجامدانی سیمینارێک.)، ئەمەش بە ڕێگەی شێواندن و لەناوچوونی زمانەکان دادەنرێت (بڕوانە: (٣/١-٢) و (٣/١-٣).

## ٢/١-٤) واتاخواستن*:

لەم جۆرەی خواستندا، بیرێک لە زمانێکی دیکەوە دەخوازرێت و فۆرمێکی نوێی لە زمانی وەرگردا بۆ پەیدادەکرێت، لەم پرۆسەیەدا (لایەنی وەرگر لە جەوهەردا، هیچ خۆی بە بونیاتی سیمانتیکی ئەو پێکهاتانەوە، کە ئالۆگۆڕیان پێدەکرێت، ماندونەکردووە، واتە بە ئامادەکراوی خراوەتە بەردەستی، ئەرکی سەرەکی وەرگرەکە تەنیا ئەوەندە بووە، کە لەڕووی ستراکچەرەوە بەرگێکی گونجاو و لەباری زمانەکەی خۆی بە بەریاندا بکات) (سدیق، ٢٠٢٠: ٧٧)، واتە چەمکێک، یان بەشێک لە چەمکێک لە زمانێکی دیکەوە وەردەگیرێت و فۆرمێکی نوێی لە زمانەکەدا بۆ پەیدادەکرێت، وەکو لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:

(زمانی بەخشەر)

(زمانی وەرگر)




بیر: لە مێشکدا هەڵگیراوە، (چەمک، ناوەڕۆک، بۆچوون...هتد) دەگرێتەوە.


فۆرم: قاوغی فۆنەتیکی وشەیە، لە زنجیرە دەنگێک پێکهاتووە.

تەن: شتی دەرەوەی زمانە، وەکو: (شت، کەس، ڕووداو...هتد).

هێڵکاریی ژمارە (٦) واتاخواستن

لە خواستنی واتاییدا، بیرەکە دەخوازرێت و لە زمانی وەرگردا فۆرمێکی نوێی بە بەردا دەکرێت **(بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٧)**، بەوەش لە خواستنی وشە جیادەبێتەوە، بڕوانە وشەکانی (حەج، سینەما...هتد)، کە قاوغی فۆنەتیکی و بیرەکە، پێکەوە ناخوازرێن.

* لە زمانی کوردیدا لەژێر ناونیشانی وەرگێڕان (loan translation) و کاڵکە (Calque)، باس لە واتاخواستن کراوە، لەبەرئەوەی هەموو خواستنێکی واتایی کوتومت وەرگێڕان نییە، ئەم ناونیشانەمان بە پەسەندتر دانا.




تەڵاق:   قاوغی فۆنەتیکی زمانی بەخشەرە.

جیابوونەوە:  قاوغی فۆنەتیکی زمانی وەرگرە.

هێڵکاریی ژمارە (٧) واتاخواستن لە زمانی کوردیدا


لە زمانی کوردیدا، واتا لە زمانەکانی دیکەوە، هەمیشە کوتومت وەکو خۆی بە وەرگێڕانی وشە بە وشە ناخوازرێت، بەڵکو چەند شێوازێک پەیڕەودەکرێت، وەکو لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:

شێوازی خواستنی واتا

| وەرگێڕانی وشەبەوشە | گوزارشتلێکردن | وەرگێڕان وگوزارشتلێکردن |
|---|---|---|
| وەکو: (بڵندگۆ) و (جەنگی سارد) لە وەرگێڕانی وشەبەوشەی (- loud speaker) و (الحرب الباردة)وە... بڕوانە: (٢/٤-٣) | وەکو: (هەفتە بازاڕ، هەرزان بازاڕ) بۆ (مۆڵ، مارکێت،سۆپەرمارکێت)... بڕوانە: (٢/٤-٥) | وەکو: (ئاسمانەوان) لە (spaceman) و (سەری ساڵی نوێ) لە ( new year day)هوە... بڕوانە: (٢/٤-٦) |

هێڵکاریی ژمارە (٨) شێوازەکانی واتاخواستن

لەڕووی پەیداکردنی فۆرمیشەوە بۆ واتای خوازراو، زمانی کوردی چەند شێوازێک پەیڕەودەکات، وەکو لەم هێڵکارییەدا ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاریی ژمارە (٩) پەیداکردن و سازکردنی فۆڕم بۆ واتای خوازراو

لە زمانی کوردیدا، بەشی هەرە زۆری قەرزی بیرەکان، بەپێی گەلاەکراوی {دەرخراو + /-ی/ + دەرخەر} سازێنراون، وەکو: (دامەزراندنی فەرمانبەران، بەڕێوەبەری پلاندانان، بەرێوەبەری ژمێریاری، ئەنجومەنی پارێزگا، لیژنەی لێکۆڵینەوە، کارتی نیشتمانی، هۆڵی خوێندن، لیژنەی گفتوگۆ، نەقابەی مامۆستایان، باخچەی ساوایان، نەخۆشخانەی فێرکاری، نەخۆشی درێژخایەن، هۆڵی نەشتەرگەری، عەمەلیاتی گورچیلە، پزیشکی پسپۆڕ، هێزی ئاسمانی، چەکی قورس، خزمەتی سەربازی، پۆلیسی هاتوچۆ، کامێرای چاودێری، غەرامەی سەرپێچی، جەژنی ڕەمەزان، نوێژی بەیانی، ژوری بازرگانی، تۆڕی کۆمەلایەتی، زیندانی سیاسی، دەسەلاتی گەل، سزای بە کۆمەڵ، فرێزی ناوی، ئەدەبی کلاسیکی، ڕەخنەی ئەدەبی، کارەساتی مێژوی، شەڕی سارد...هتد) (سدیق، ٢٠٢٠: ٧٨-٨٢).

## ٢/٢)پاڵنەرەکانی خواستنی زمانیی:

### ٢/٢-١) پێویستیی زمانیی:

بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و داهێنانی زانستی و ڕووداوە هەمەجۆرەکانەوە، بە لێشاو کەرەستە و بیری نوێ لە کۆمەڵدا سەرهەڵدەدەن، کە پێشتر نەبوون، یان گۆڕاون، زمانیش ئامرازی سەرەکی دەربڕینی ئەو گۆڕانانەیە، بۆیە لەگەڵیدا زمانیش دەگۆڕێت و هەوڵ بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی ئاخێوەرانی دەدات، چونکە (گۆڕین لە پێڕەوی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بە وشەی نوێ دەبێت، هەر زمانێکیش دەتوانێت بۆ خۆی ئەم پێویستییە، یان کەلێنە لە ڕێی داهێنانی ئایتمی لیکسیکیی نوێوە، لەتەک وەرگرتندا، پڕبکاتەوە) (مەحویی، ٢٠١٠: ١٣٣)، لە کاتێکدا (زمانێک بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی بۆ بابەت و چەمک و ناوی نوێ پەنادەباتە بەر خواستنی زاراوەی زمانەکانی دیکە، کە وشەکانی زمانەکەی خۆی لەو کاتەدا یارمەتی نادات بۆ داهێنانی زاراوەی نوێ) ( Langacker, 1973: 180)، چونکە هیچ زمانێک ناتوانێت بە خێرایی تەنها بە پشتبەستن بە یاسا و ڕێساکانی خۆی زاراوەی گونجاو بۆ هەموو ئەو کەرەستە و چەمکە خوازراوانە دابنێت.

ئەو وشە پێویستانەی زمانێک لە زمانێکی دیکەوە وەریدەگرێت، پەیوەندی بەو بوارانەوە هەیە، کە کۆمەڵی خاوەن زمانی بەخشەر تێیدا پسپۆڕن و بۆ زمانی وەرگریش جێگەی بایەخن، بۆ نموونە (زۆربەی ئەو وشانەی ئینگلیزەکان لە نۆرماندییەکانەوە وەریانگرتووە، تایبەتن بە بوارەکانی خواردن و چێشتلێنان، کە نۆرماندییەکان لەم بوارەدا فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەندتر بووە، هەروەها لەبەرئەوەی فینقییەکان لەڕووی دەریاوانییەوە پێشکەوتووبوون، زۆرێک لەو وشانەی تایبەتن بەم بوارە، گوێزراونەتەوە بۆ ناو زمانی یۆنانی و لەوێشەوە بۆ ناو زمانی لاتینی، بەهۆی لێوەشاوەیی گریکەکان لە بوارە فەلسەفی و بابەتە دینییەکاندا، زۆربەی وشەکانی ئەم بوارە گوێزراونەتەوە بۆناو زمانی لاتینی، هەروەها زۆربەی ئەو وشانەی تایبەتن بە بوارەکانی داد و ڕێسای کۆمەڵایەتی و سیاسەت، لە زمانی لاتینیەوە گوێزراوەتەوە ناو زمانە جێرمانییەکان و لەمیشەوە وشەکانی جەنگ بۆ زمانی فەرەنسی گوێزراونەتەوە) (وافی، ٢٠٠٤: ٢٥٥-٢٥٦)، زمانی کوردیش زۆرێک لەو وشانەی، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەریگرتووە دەچنە چوارچێوەی ئاینەوە، کە زمانی قورئانی پیرۆزە، وەکو (حەج، زەکات، زینا، کەعبە، زمزەم، عەیب، سەرفترە، واجب، فەرز، عومرە، قیامەت، جەهەنم، تەواف، خێر، سونەت، تەلاق، یوسف، محمد...هتد)، یان پێشکەوتووی زمانی عەرەبی هەمبەر بە زمانی کوردی لە ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ...هتد، وەکو: (قەسیدە، غەزەل، شیعر، قافیە، حکومەت، مەکتەب، کتاب، مدیر...هتد). ئێستاش بەهۆی پێشکەوتوویی کۆمەڵگای ئەمریکی و ناونان و بڵاوکردنەوەی زۆربەی داهێنانەکان و بەرهەمی کارگەکان و هونەر و ئەدەب و شێوازی ژیان و ئاسانکارییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ و سەربازی و سیاسی و بازرگانی...هتد، زۆربەی وشە و

دەستەواژە خوازراوەکانی زمانی کوردی لە زمانی ئینگلیزییەوە، یان لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، وەکو: (پەرلەمان، فیلم، ڤیدیۆ، کۆمپیوتەر، ئەنتەرنێت، کۆپی، موبایل، پیتزا...هتد) (بڕوانە: ٤/٢)

## ٢/٢-٢) سەرپشکییانە یان لاساییکردنەوە:

زۆرجار خواستنەکان بێ پاساون و هیچ کەلێنێکی زمانەکە پڕناکەنەوە، لەبەرئەوەی لە بەرامبەر وشەی خوازراو، وشەی ڕەسەنی زمانەکە هەیە و لە بەکارهێنانیشدا چالاکە، بەڵام هەندێک لە ئاخێوەرانی زمانێک بەبێ پێویستی و بە سەرپشکییانە و بە ئاگایانە بەهۆی کاریگەربوون بە بەهێزیی و بایەخی بوارە کۆمەڵایەتیی و زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسی...هتد زمانەکانی دیکە، لە ئاخاوتن و نووسیندا لە جیاتی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکانی زمانەکەی خۆیان، وشەکانی ئەو زمانانەی پێی کاریگەربوون دەخوازن و بەکاریدەهێنن، دواتر بەهۆی لاساییکردنەوەی ئاخێوەرانی دیکەی زمانەکەوە، دەبن بە پاڵنەری وشەخواستن، ئەمەش زیاتر بەهۆی ئارەزووی تاکەکەسییەوەیە بۆ خۆدەرخستن و لاساییکردنەوە، یان سەرسامبوون و کاریگەربوون بەو نەتەوە و گروپانەی زاراوەکەی لێوەردەگیرێت. (ستیڤان ئۆڵمان) لەم بارەیەوە دەڵێت: (یەکێک لە پاڵنەرەکانی خواستن، ئارەزووی سەرکەوتنە بە چاولێکەری نەتەوەکانی دیکە، هەروەها پێیوایە پێویستە ئەو نەتەوەیەی خواستنی لێوەدەکرێت، پێشکەوتوو و باڵابن لە سەرجەم بوارەکاندا، یان لە بوارێکی دیاریکراودا و شایستەی ئەوە بن لاساییانبکرێتەوە) (١٩٨٧: ١٦٢)، واتە (بۆ لاساییکردنەوەی زمانی پایەدار لەلایەن ئاخێوەرانی زمانی نزمەوە، بۆ خۆدەرخستن، یان بۆ خۆبردنەپێشەوە، یان بۆ بەرزکردنەوەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، یان بۆ دەستخستنی ئەو مافە زیادانەی، کە بەندە بە زانینی زمانە بەرزەکەوە) (فتاح، ٢٠١١: ١٣٥)، بە تایبەتی لەلایەن ئەو ئاخێوەرانەوە، کە دوو زمان دەزانن. زۆرێک لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانەی لە دەرەوە دەژین، یان پسپۆڕی بوارە زانستییەکانن، یان ئەو خاوەن بڕوانامە باڵایانەی زمانی خوێندنیان بە زمانەکانی دیکە بووە، یان زۆرێک لە هونەرمەند و ڕاگەیاندکار و سیاسییەکان...هتد، بە تایبەتی ئەوانەی زمانی دیکە بە باشیی دەزانن، زۆرێک لە زاراوەی زمانەکانی دیکە بەکاردەهێنن، کە پێویست نین و زاراوەی خۆماڵی بەرامبەری لە زمانەکەی خۆیدا هەیە، بەشێوەیەک لە گفتوگۆ و نووسینەکانیاندا تەنها یاسا و ڕێساکان هی زمانەکەی خۆیەتی و وشەکان خوازراون، واتە (غەریزەی خۆدەرخستن و شانازیکردن، هەندێکجار وا لە مرۆڤ دەکات، کە وشەیەکی بێگانە وەرگرێت و لە جێگەی وشەی زمانەکەی خۆی بەکاریان بێنێت، بۆ ئەوەی وای پیشانبدات، کە بە کۆمەڵ بلێت ڕۆشنبیرە و ئاگایی لە دنیا هەیە و لە زمانی دیکە دەزانێت) (محمد، ٢٠٠٧: ٣١). ئەم جۆرەی پاڵنەری خواستن کۆمەڵێک پاڵنەری تاکێتی هەیە بە مەبەستی هەنگاونان بەرەو شێوازی تاکەکەسی لە دەربڕیندا.

بەهۆی ئەم پاڵنەرەوە زمانی کوردی چەندان وشە و دەربڕاوی خواستووە، وەکو: (ڕیفۆرم، ئەجێندا، ئەڵتەرناتیڤ، ئەکتیڤ، نێگەتیڤ، پۆزەتیڤ، تەوالێت، پرەنسیب، فاکتەر، دیفاکتۆ، لۆبی، ئایدیا، فۆکس، ناسیۆنالیزم، ستریس، کلاس، ڕێست، تێست، سوپرایس...هتد)، کە هەندێکیان وشەی هەمبەری لە زمانەکەدا هەیە و چالاکە، ئەمەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانەکە بەجێدەهێڵێت، چونکە لەو کاتەدا هەردوو وشەکە شانبەشانی یەکتر دەڕۆن و ڕەنگە لە داهاتوودا ڕێچکەی جیاواز بگرن، یان یەکێکیان ئەوی دیکە دووربخاتەوە و بە تەنیا لە گۆڕەپانی زمانەکەدا بەکاربهێنرێت، یان بە کەمزانینی زمانی دایک هەمبەر بە زمانە باڵاکانی دیکە.

## ٣-٢/٢) تابۆ:

مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، تاک بۆئەوەی لەو کۆمەڵەدا بژێت، پێویستە خۆی بگونجێنێت و بەپێی یاسا و ڕێساکانی ئەو کۆمەڵەیە هەڵسوکەوت بکات و بیرەکانی دەربڕێت، چونکە هەر کۆمەڵێکی دیاریکراو خاوەنی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای کۆمەڵایەتی زاڵ و باوە، کە بەرهەمی بیری خۆیانە و لەسەری ڕێککەوتوون و ئەزموونیانکردووە، لەبەرئەوەی زمانیش دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەشێک لەو یاسا و ڕێسایانە پەیوەستن بە زمانەوە، یەکێک لەوانە تابۆی زمانییە، کە (بریتییە لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە دەربڕینییان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شیاونییە. ئەمەش لەلایەکەوە بە هۆی وابەستەبوونیان بە ئۆرگانەکانی ئادەمیزادەوە، یان کردە سێکسییەکان، یان نەخۆشی و شتە شوومەکان، لەلایەکی دیکەشەوە وابەستەی دەربڕینەکانە بە بابەت و شوێنە پیرۆزەکانەوە) (فەرەج، ٢٠١١: ٥٩)، یان (چەند وشە و زاراوەیەکن ڕۆژانە لە زمانەکانی دیکەوە دەچۆڕێتەناو زمانی ئاخێوەرانەوە، کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک لایەنی پەروەردەیی و باری دەروونی لەڕووی (شەرمکردن و نەریتی چەسپاو)، کە دەبێتە بەربەستێک بۆ ڕاگەیاندنی واتەکە بە زمانی ڕاستەوخۆ) (محمد، ٢٠٠٧: ٣١). وشە و دەربڕاوە تابۆییەکان لە هەموو زمانێکدا هەن، خاوەنی واتای ناپەسەند و ناخۆشن، بەکارهێنانیان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە شێوەیەکی ئاشکراو ڕاستەوخۆ ناپەسەند و قبوڵنەکراوە و ئاخێوەرانی تووشی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

هاوشێوەی کۆمەڵەکانی دیکە لە کۆمەڵی کوردەواریدا، کۆمەڵێک بابەت و وشە و دەربڕاو هەن، کە باسکردن و ناوهێنانیان قەدەغەیە، یان داپۆشراون، بەکارهێنان بەبێ گوێدانە بارودۆخی ئاخاوتنەکە و پەیوەندی نێوانیان لە ڕووی نزیکی ناسراویی و تەمەنەوە، دەبێتەهۆی توڕەیی بەرانبەر و سزایی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، لە کولتوری کوردیدا (چەندین دەربڕاو هەیە، کە تابۆن، بەهۆی کاریگەریی یاسا و ڕێسا ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، دەربڕینیان لەلایەکەوە پەیوەستە بە ڕەگەز و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی...هتد، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەستە بە کات و

بۆنە و شوێنی قسەکردن و پەیوەندی نێوان ئەو کەسانەی، کە تابۆ بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن لەڕووی دووری و نزیکی و هاوڕێیەتی و خزمایەتییەوە) (محەمەد، ٢٠١٣: ٣٩). سەرەڕای ئەمەش پێویستە تاک زیاتر بە لای بەکارنەهێنانیدا بڕوات و دووربکەوێتەوە لە زاڵبوونی هەستی تاکگەرایی و ملهوڕی، بۆئەوەی ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی نەبێتەوە و بە دەربڕاوەکانی (بێشەرم، بێئەدەب، بێڕەوشت، بێئسلوب، بێحەیا، زمانپیس و ...هتد) سەرزەنشت نەکرێت، ئەگەر ناچاریش بە بەکارهێنانی بوو، پێویستە ئەو ڕێگایانەی زمانەکەی بگرێتەبەر، کە زەمینەسازی بۆ بەکارهێنانی دەکەن و وەهایان لێدەکەن، پەردە بەڕووی لایەنە تابۆییەکەی وشەکەدا بدات و زیاتر واتا فەرهەنگییەکەی وشەکە بگەیەنێت، یان بچێتە چوارچێوەی بە جوانی دەربڕینی/ئەتەکێتی زمانییەوە، وەکو بەکارهێنانی دەربڕاوە داپۆشەرەکانی:

-دوور لەڕووتان/قەدرتان.

-عەیب نەبێت.

-بیلا مەعنا.

-پەرژینێکی قایم بێت لە ڕووتا.

-حاشا حازری.

-شەرع شەرمی نییە.

-ئێوەش وەک (برا/خوشک)م وان ...هتد).

زۆرجار کۆمەڵ بۆ ڕزگاربوون لەم کۆتوبەندە، هەوڵی دەرچەیەک دەدات هەمان واتا و ناوهێنانی شتەکان دەربڕێت، بۆ ئەمەش چەند ڕێگەیەک دەگرێتەبەر، لەوانە:

١. سازکردنی وشەی نوێ لە زمانەکەی خۆیدا بۆ وشە تابۆکە، کە هەمان واتای هەبێت و لەڕووی دەربڕینەوە ڕێگە پێدراوبێت، واتە لەژێر فشاری بەکارهێنەرانی زمانەکە خۆیدا بڕیار لە دانانی هێمایەکی دیکە بۆ وشە تابۆکە دەدەن، چونکە (ئەگەر تابۆ لەگەڵ کەرەستەیەکدا، یان بیرێک لە ڕووبەڕوونەوەدا بوو، ئەوە دەبێتەهۆی دروستبوونی وشەی نوێ بۆ ئەو کەرەستە، یان ئەو بیرە) (سەرچاوەی پێشوو: ٣٩)، وەکو:

-(سەرجێیی/جووتبوون/پێکەوەخەوتن) بۆ (گ...کردن)

-(دەست بەئاو گەیاندن/ سەرئاو/ دەستتشۆر) بۆ (ئاو دەست/ عەدەب)

-(دەرپێ) بۆ (کورتەشەرواڵ)

-(چووک) بۆ (ک...)

-(دامێن/ناوگیان/ زێ/ ناولەش) بۆ(ک/ق...)

-(لەشفرۆش) بۆ (ح...، ق....)...هتد.

٢. خواستنی وشە و دەربڕاو لە زمانەکانی دیکەوە و بەکارهێنانی لە جیاتی وشە خۆماڵییەکان، جۆرێک لە جوانی دەربڕینیان تێدایە، کە لە ڕێگەیەوە پەردە بەسەر لایەنە تابۆییەکانی هەندێک وشەدا دەدرێن، چونکە بەشێک لە نیشانە واتاییەکانی وشە خوازراوەکان ڕوون و ئاشکرا نین و هەمبەر بە وشە خۆماڵییەکە، بە تایبەتی ئەو وشانەی دەچنە چوارچێوەی تابۆی سێکسی و ئەندامەکانی مرۆڤەوە، ئەویش بە پەنابردن بۆ ئەو وشانەی، کە لە ئایینی ئیسلامدا باسکراون، یان ئەو وشانەی، کە دەچنە چوارچێوەی بوارە پزیشکییەکانەوە، ئەم دوولایەنە لە کۆمەڵی کوردەواریدا دوو بواری گرنگن و ڕێزی تایبەتییان لێنراوە، هەر وشەیەک بچێتە چوارچێوەی ئەم بوارانەوە بە هەند وەردەگیرێت و بەکارهێنانیان نابێتەهۆی سزادانی کۆمەڵایەتی.

زمانی کوردی بەهۆی ئەم پاڵنەرەوە چەندین وشەی لە زمانی دیکەوە خواستووە، وەکو:

-(ستیان) بۆ (مەمکدان/مەمکەلۆوەس/ سینەپۆش)

-(زەکەر) بۆ (ک...) ی ئەندامی نێرینە

-(زیناکەر) بۆ (گ...کەر)

-(عادە) بۆ (بێ نوێژی)

-(جنس/سێکس) بۆ (گ...)/ جووتبوون/خەوتن/ سەرجێیی

-(مەنع) بۆ (ڕێگریکردن لە منداڵبوون)

-(حامیلە/حەمل) بۆ (دووگیانی)

-(سپێرم) بۆ (تۆو/ئاو)ی نێرینەی مرۆڤ

-(WC/ تەوالێت) بۆ (سەرئاو/ئاودەست...)

-(لباس) بۆ (دەرپێی کورتی ژنان)

-(شۆرت) بۆ (دەرپێی پیاوان)

-(نایت کلاپ) بۆ (یانەی شەوانە)

### ٤-٢/٢) سەپێنراو/ ناچاری:

ئەو وشانە دەگرێتەوە، کە نە پێویستبوون و نە بە ئارەزووش خوازراون، بەڵکو بە زۆر سەپێندراون، بە زۆری ئەو وشانەن، کە دەچنەچوارچێوەی کارگێڕی و ڕامیاری و سەربازییەوە، یان گۆڕینی ناوی شوێن و ناوچە گرنگ و هەستیارەکان، یان لە ڕێگەی سەپاندنی زمانێکی دیکە لە ڕێگەی خوێندنەوە، وەکو هاتنەناوەوەی وشەی عەرەبی و تورکی بۆ ناو زمانی کوردی، تاوەکو ئێستاش هەندێکیان لە زمانەکەدا ماون و بوونەتەهۆی پوکانەوەی چەندان وشەی ڕەسەنی زمانەکە، لەوانە: (عەسکەر، حکومەت، سوڵتان، ئەمیر، ئیدارە، معاش، دیوان، زابت، جەیش، حاکم، والی، سەیتەرە، ئیستخبارات، ڕەئیس، سیلاح، مەفرەزە...هتد)، هەروەها سەپاندن و گۆڕینی ناوی شوێنەکان، وەکو: (یاخسەمەر، ئاڵتون کۆپری، قزقاپان، قەرەداغ، سابڵاخ، باشماخ، قوشتەپە، قەرەناو، قەراج...هتد)، گۆڕین و سەپاندنی ناوی شوێنەکانیش زیاتر بۆ جیاکردنەوە و سەپاندنی دەسەڵات بووە بەرامبەر بە گەلی داگیرکراو و داگیرکەرەکانی دیکە، بۆ نموونە ڕووباری سیروان لە ناوچەی گەرمیان، کە تا ماوەیەک سنوری نێوان هەردوو دەوڵەتی سەفەوی و عوسمانی بووە، بە درێژی ئەم بەری ڕووبارەکە ناوی شوێنەکان بۆ زمانی تورکی گۆڕاون، وەکو: (قەرەداخ، قەرەچەم، قەرەبڵاخ، قەرەتەپە، قەرەگۆل، قەرەیاتاغ، قاشتی، بیرکێ...هتد).

### ٥-٢/٢) زاراوە پسپۆڕییەکان:

بریتییە لەو وشە خوازراوانەی زمان، کە زیاتر لە بواری زانست و توێژینەوە جۆراوجۆرەکاندا بەکاردێن، ئەم زاراوانە بە زۆری بە جیهانیبوون و لە زۆربەی زمانەکاندا بەکاردێن، کە لە ڕێگەی نووسینەوە دێنە زمانەوە و کەمتر لە ڕووی فۆرم واتاوە گۆڕانیان بەسەردادێت، بە زۆری لەلایەن ئەو کەسانەوە دەخوازرێن، کە بە زمانی بیانی پسپۆڕییەکی دیاریکراو دەخوێنن، لە زمانی کوردیدا لە بوارە جیاجیاکاندا چەندان زاراوەی لەم جۆرە خوازراوە، وەکو:

١. ناوی زانستە جۆراوجۆرەکان، وەکو: (کۆمەڵناسی (sociology)، مرۆڤناسی (anthropology)، زیندەزانی (biology)، ئایدۆلۆجی (Ideology)، ئیتیمۆلۆجی(Etymology)، ئیکۆلۆجی(Ecology)، ئینسایکلۆپیدیا(Encyclopedia)، تێرمینۆلۆجی(Terminology)، سایکۆلۆجی(Psychology)، سۆسیۆلۆژی(Sociology )...هتد).

٢. ئەو زاراوانەی دەچنەچوارچێوەی زانستێکی دیاریکراوەوە، وەکو زاراوەکانی پسپۆڕی زمان: (سینتاکس(syntax)، سیمانتیک(semantics)، فۆنۆلۆژی(phonology)، فۆنەتیک(phonetics)، مۆرفۆلۆژی(morphology)، کۆنسۆنانت(consonant)، ڤاوڵ(vowel)، پراگماتیک(pragmatics)، سەبجێکت(subjective)، ئۆبجێکت(object)، ڤێرب(verb)، ئەدڤێرب (adverb)، دیالێکت(dialect)، ئیدیۆم(idiom)، پرپێۆرشن(proportion)، هۆمۆنیم(homonym)، میتافۆر(metaphor)...هتد).

## ٣/٢) تەرزەکانی خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا:

لە پرۆسەی خواستنی زمانییدا زمانی کوردی چەندین تەرزی پەیڕەوکردووە، وەکو:

### ٣/٢-١) وشەی هاوردە/ خواستن بەبێ دەستکاری:

بریتییە لەو خواستنەی، کە زمانێک وشەیەک کوتومت بەبێ دەستکاری لەڕووی دەنگ و واتاوە لە زمانێکی دیکەوە دەخوازێت، کە (بە هەمان دەنگ، یان نزیک لە دەنگی زمانە بەخشەرەکە لە زمانی وەرگردا بەکاردێن و ناسینەوەیان ئاسانە) (Haugen, 1950: 212)، ئەم وشانە هەرچەندە بە پاڵاوگەی فۆنۆتاکتیکی زمانی وەرگریشدا تێپەڕبوون، بەڵام پارێزگارییان لە فۆرم و واتاکانیان کردووە، ئەم شێوازەی خواستنەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە:

١. ئاسانی دەربڕین، بەهۆی ئەوەی بەڕێکەوت هەموو دەنگەکانی وشە خوازراوەکە لە زمانی وەرگردا هەیە و ئاخێوەرانی ڕاهاتوون بە دەربڕینی، لەڕووی واتاشەوە بۆ هەمان واتا خوازراوە، وەکو: (سینەما، ڕۆڵ، فایل، ئیمێڵ، تەسلیم، حەج...هتد).

٢. شارەزایی لە زمانی بەخشەردا هۆکارە بۆئەوەی وشەی خوازراوە وەکو خۆی دەرببڕێت، بۆ نموونە مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی و عەرەبی...هتد، هەوڵدەدەن وشەکانی ئەو زمانانە وەکو خۆیان لەڕووی دەنگەوە دەرببڕن، ئەمەش بۆ دەرخستنی توانایانە، چونکە هەڵە دەربڕین زۆرجار بەبێ توانایی ناودەبرێن.

٣. زۆرێک لەو وشانەی، کە دەچنە چوارچێوەی ئایینەوە، لەبەر پیرۆزی و بە گرنگ زانینیان، هەوڵدەدرێت وەکو خۆی بەبێ دەستکاری وەربگیرێن، وەکو: (زەکات، حەشر، قەبر، ڕەمەزان، جەهەنم، لەیلەتولقەدر، ...هتد).

٤. ئەو زاراوانەی، کە دەچنەچوارچێوەی بوارە پسپۆڕییەکانەوە، زۆربەیان وەکو خۆیان بەبێ دەستکاری لەڕووی فۆرم و واتاوە دەخوازرێن، چونکە ئەو زاراوانە بە زۆری بەجیهانییبوون و لەبەر ناسینەوەیان هەوڵدەدرێت، وەکو خۆیان دەرببڕێن، بۆ نموونە وەکو خواستنی ئەو زاراوانەی دەچنەچوارچێوەی زمانەوانییەوە: (سینتاکس، سیمانتیک، فۆنەتیک، کۆنسۆنانت، ڤاوڵ، مۆرفێم، فۆنێم، ڤێرب، مۆرفۆسینتاکس، دیالێکت، فرێز...هتد)، یان خواستنی ئەو زاراوانەی دەچنەبواری پزیشکییەوە وەکو جۆری نەخۆشییەکان و ناوی دەرمانەکان: (کۆرۆنا، تالاسیما، ڕۆمانتیزم، مەلاریا، ئەکزیما، ڤایرۆس، فلاجین، کۆرستۆڵ، پلازما، ئەسپرین، فلاجین، هیمۆفیلیا، میکرۆب، هۆرمۆن، ئیکۆ، فەتح صەدر، فەقەرات، ئەنتی بایۆتیک، ئەدۆڵ، ئەمۆکسلین...هتد)، هەروەها کانزا و گازە بەنرخەکان، وەکو: (کالیسۆم، پۆتاسیۆم، سۆدیۆم، ئەلەمنیۆم، زینک، یاقووت، مەڕمەڕ، کبریت، فۆسفات، فیتامین، پرۆتین، کلۆکۆز، پلاستیک، پترۆڵ، نایترۆجین، کاربۆهیدرات، ئۆکسجین، هیلۆم، ئۆزۆن...هتد).

٥. ناوی شوێن و کەس و کارگە و ڕێکخراوە جیهانییەکان لەبەر ناسینەوەیان، هەوڵدەدرێت، وەکو خۆیان دەرببڕێن: (لەندەن، پاریس، ڕۆما، دەوحە، نیودەلهی، عەلی، عومەر، کەریم، قەزافی، شکسپیر، چۆمسکی، ڤۆڵت، ئەدیسۆن، ئۆباما، ماکرۆن، جۆرج، کریستیانۆ، میسی، سامسۆنگ، ئەپڵ، یونسێف، یونسکۆ، ناتۆ، ئۆپیک...هتد).

## ٢-٣/٢) وشەی کوردێنراو/ وەرگرتن بە دەستکارییەوە:

هەموو زمانێک بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی سەرەڕای پشتبەخۆبەستن، وشەش لە زمانەکانی دیکەوە دەخوازێت، پڕۆسەی وشەخواستنیش هەڕەمەکی نییە، بەڵکو پرس بە یاسا و ڕێسا زمانییەکان دەکرێت و دەبێت بە پاڵاوگەی ئەواندا تێپەڕبن، ئینجا پەسەنددەکرێن و بەکاردەهێنرێن، واتە (هیچ زمانێک لە خۆوە و بەبێ بەرنامە و پلان وشە وەرناگرێت، بەڵکو بەپێی هەندێک مەرج پەسەندیاندەکات و دەیان هێنێتەناو زمانەکەوە) (مەحویی،٢٠١٠: ١٢٨). ئەو وشە خوازراوانەی، کە بەپێی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی زمانی وەرگر گۆڕانیان بەسەرداهاتووە و خۆیان لەگەڵیدا گونجاندووە، ناسینەوەی لەلایەن زمانی بەخشەرەوە ئاسان نییە. لەم شێوازەی خواستندا کاتێک (زمانی وەرگر وشەیەک لە زمانێکی دیکەوە وەردەگرێت، یاسا و ڕێسا دەنگی و مۆرفۆلۆژی و ڕێزمانییەکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت) (الشافعي، ٢٠٠٩: ٨)، بۆئەوەی وشە خوازراوەکە لەڕووی دەنگەوە وەهای لێبکرێت، کە ئەندامەکانی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی زمانی وەرگر بتوانن بە ئاسانی دەریببڕن، لەم پڕۆسەیەدا زمانی کوردی بەپێی تایبەتمەندییە فۆنۆلۆژییەکانی گۆڕان بەسەر فۆرمی وشەکە دەهێنێت و لە هەر دەنگێک، یان مۆرفیمێکی نامۆی زمانە بەخشەرەکە دادەماڵدرێن و ڕێگەی نادرێت لە دووتوێی وشە خوازراوەکەوە دزە بکەنەناو زمانەکەوە.

جۆر و ڕێژەی ئەو گۆڕانانەی بەسەر وشەی خوازراودا دەهێنرێت لە زمانێکەوە بۆ زمانی دیکە دەگۆڕێت، ئەمەش پەیوەستە بە خزمایەتی نێوان زمانەکان و زۆری فۆنێمی هاوبەش لە نێوان هەردوو زمانەکەدا، چونکە تاوەکو فۆنێمی هاوبەشیان زیاتربێت، گۆڕانە دەنگییەکان کەمتردەبنەوە، بە پێچەوانەشەوە، بۆ نموونە ئەو گۆڕانە دەنگییانەی بەسەر وشە خوازراوەکانی زمانی عەرەبیدا لەلایەن زمانی کوردییەوە هێنراوە زۆرترە هەمبەر بە زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە دوو خێزانە زمانی جیاوازن، تایبەتمەندییە زمانییەکانیان زۆرتر و جیاوازترن هەمبەر بەو زمانانەی سەربە یەک خێزانە زمانن، بۆ نموونە وەکو بوونی فۆنێمەکانی (ث/ط/ذ/ص/ض/ظ) لە فۆنۆلۆژی زمانی عەرەبیدا و نەبوونییان لە زمانی کوردیدا، بە پێچەوانەشەوە بوونی فۆنێمەکانی (پ/گ/ژ/ڵ/ڕ/ۆ/ێ/) لە زمانی کوردیدا و نەبوونیان لە زمانی عەرەبیدا، گۆڕانەدەنگییەکان لە زمانی کوردیدا، ئەمانەن:

**١. -دەنگگۆڕین:**

بریتییە لە گۆڕینی دەنگێکی زمانی بەخشەر بۆ دەنگێکی بەرامبەری، یان نزیک لێی لە زمانی کوردیدا، بۆ نموونە:

قرض ← قەرز　　　خدمة ← خزمەت　　　عصر ← عەسر

ذلیل← زەلیل　　　ذکر ← زکر　　　کتاب ← کتێب

ظالم ← زاڵم　　　عەقل ← عەقڵ　　　مقص ← مەقەس

طماطة ← تەماتە　　　الأن ← ئەلعان　　　أثار←ئاسار

ثروة←سەروەت

theory → تیۆری　　　method → میتۆد

Chemistry → کیمیا　　　chance → شانس

Archive → ئەرشیف　　　bus → پاس

**٢. -دەنگ لابردن:**

بریتییە لە لابردنی دەنگێک، یان زیاتری وشە خوازراوەکە:

أنبار ← عەمبار　　　Technical → تەکنیکی

مەعنا ← مانا　　　Lemon → لیمۆ

معاملة ← مامەڵە　　　campaing → کەمپین

**٣. -دەنگ زیادکردن:**

زیادکردنی دەنگێک، یان زیاتری زمانی کوردییە بۆ وشە خوازراوەکە، وەکو:

دولة ← دەوڵەت　　　هلاک ← هیلاک

فقر ← فەقیر　　　مسجد ← مزگەوت

پیتزا → Pizza (زیادکردنی فۆنێمی /ت/ بۆ وشەخوازراوەکە)

زەلاتە → Salad (زیادکردنی فۆنێمی /ە/ بۆ وشەخوازراوەکە)

### ٣-٣/٢)وەرگێڕان:

بریتییە لە وەرگێڕانی بێژەی وشەی خوازراوە بۆ بێژەی خۆماڵی بە هەمان واتا، یان نزیک لە واتاکەی، کە زیاتر لە ڕێگەی (وەرگێڕانی وشەبەوشەوە بۆ وشە بیانییەکە دەبێت، بەمەش فۆرمێکی خۆماڵی پێدەبەخشرێت و وەکو وشەیەکی نوێ لە زمانە وەرگرەکەدا بەکاردەهێنرێت) (باطنی، ١٣٧٣: ٩٧)، ئەم شێوازە (ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ داهێنانی ئایتمی نوێی گەنجی وشەکان لە ڕێی وەرگێڕانی مۆرفێمەکانی وشە بیانییەکانەوە بۆ مۆرفێمە خۆماڵییەکان) (مەحویی، ٢٠١٠: ١٥١-١٥٢). زمانی کوردی لەم ڕێگەیەوە بیرێکی زۆری خواستووە و بە وشەی خۆماڵی دەریبڕیوە و زمانەکەی دەوڵەمەندکردووە و مۆرکێکی کوردییانەی بە بەرداکردووە، وەکو وەرگێڕانی ئەم وشە و فرێزانەی خوارەوە:

- وشەی (دووربین) لە زمانی کوردیدا لە دروستەی (Fornrohr) ی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانی مۆرفێمە بیانییەکەوە بۆ سەر زمانی کوردی، وشەی (دوور) لە (Forn)ەوە و (بین)یش لە(rohr)ەوە (سەرچاوەی پێشوو: ١٥٢-١٥٣).

-بڵندگۆ → (loud-speaker)

-نەتەوە یەکگرتووەکان → (the United Nations Organization)

-کچەهاوڕێ → (girlfriend)

-سەرخان → (البناء الفوقي)

-دەستپاکی → (نظافة اليد)

-چوارگۆشەی زێڕین → (المربع الذهبي)

-جەنگی سارد → (الحرب الباردة)

سەرەڕای ئەم ڕۆڵەی وەرگێڕان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، لەلایەکی دیکەوە بە ڕێگەیەکی سەرەکی پەلکێشکردن و هێنانەناوەوەی یاسا و ڕێسای زمانەکانی دیکە دادەنرێت، بە تایبەتی لە وەرگێڕانی وشەبەوشەدا، چونکە هەر زمانێک چەند تایبەتمەندێتییەکی ڕێزمانی هەیە، کە جیاوازە لە زمانەکانی دیکە، واتە وەرگێڕان دەبێتەهۆی پەلکێشکردنی یاسا و ڕێسای زمانەکانی دیکە بۆ ناو زمانەکە، کە یەکێکە لە هۆکارەکانی ژەهراوییبوونی زمان (بڕوانە: ٣/٣-١)، وەکو پێڕەوکردنی یاسا و ڕێسای زمانەکانی دیکە لە وەرگێڕانی ئەم دەربڕاوانەی خوارەوە:

- فرێزی (فڕۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی) لە وەرگێڕانی وشەبەوشەی (مطار اربيل دولي)یە لە جیاتی (فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر)، کە پێڕەوەی یاسای ڕیزبوونی پێکهاتەی فرێزی زمانی عەرەبی، کراوە.

- له وەرگێڕانی وشەبەوشەی (شار دیكۆر)دا پێڕەوی یاسای ڕیزبوونی كەرەستەكان لە پێكهاتەی فرێزی زمانی ئینگلیزی كراوە، كە (سەرسەرەتا)یە، لە جیاتی (دیكۆری شار)ی زمانی كوردی، كە پێڕەوی ڕیزبوونی (سەركۆتا) دەكات.

## ٣/٢-٤)گۆڕینی وشەی خوازراو:

### ٣/٢-٤-١) گۆڕینی واتای وشەی خوازراو:

بریتییە لە خواستی بێژەی وشەی خوازراو بەبێ واتاكە، پێدانی واتایەكی جیاواز لەو واتایەی، كە لە زمانی بەخشەردا هەیبووە، ئەم پرۆسەیە پێچەوانەی خواستنە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، بۆ نموونە لە زمانی كوردیدا:

-وشەی (قوت) لە توركی كۆندا بە واتای (گیان، ڕۆح) دێت، بەڵام لە زمانی كوردیدا بە واتای (قوتی گەل، ئەرزاق) دێت (سدیق، ٢٠١١: ٥٨).

-وشەی (بەخیل) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (ڕەزیل)دێت، بەڵام لە زمانی كوردی بۆ واتای (حەسودی)، یان (پەككەوتە) بەكارهێنراوە، هەروەها وشەی (هیلاك) لە زمانی عەرەبیدا (هلاك) بە واتای (نەمان و لەناوچوون) دێت، بەڵام لە زمانی كوردیدا بۆ واتای (ماندوو) بەكارهاتووە (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ٤٥).

-وشەی خوازراوی (Drama) لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (شانۆگەری) دێت، بەڵام لە زمانی كوردیدا تەنها فۆرمەكەی وەرگیراوە و واتاكەی گۆڕاوە، كە مەبەست لە فیلمی زنجیرەییە.

-وشەی (قەول)، كە چاوگێكی زمانی عەرەبییە، بە واتای (قسە و گوتن) دێت، بەڵام لە زمانی كوردی واتایەكی جیاوازی پێبەخشراوە و واتای (پەیمان و بەڵێن) دەگەیەنێت (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٣١).

### ٣/٢-٤-٢) گۆڕینی (بێژە/قاڵبی فۆنەتیكی)ی وشەی خوازراو:

لەم جۆرە خواستنەدا بێژەی وشەكە ڕاستەوخۆ لە زمانێكی دیكەوە وەرناگیرێت، یان وەرگێڕانی وشەبەوشەی بۆ ناكرێت، بەڵكو تەنها واتاكەی وەردەگیرێت، لە بری سودوەرگرتن لە وشە بیانییەكە، سود لە وشەیەكی كۆنی زمانەكە وەردەگیرێت، كە وشەیەكی كۆن و پوكاوەیە، یان چالاك نییە، یان واتاكەی لە وشەیەكی دیكەی زیندووی زمانەكە باردەكرێت و واتاكەی فراواندەكرێت، یان فرەواتای بە وشەكە دەبەخشرێت، بۆ نموونە (لە زمانی فارسیدا لە كۆندا وشەی (یخچال) بەو شوێنە دەوترا، كە لە زستاندا ئاوی تێداكراوە، بۆ ئەوەی بیبەستێت، تاوەكو لە هاویندا سودی لێ ببینرێت، بەڵام دواتر بۆ دەزگای بەفرگر/سەلاجە (refrigerator) بەكارهێنرا) (باطنی، ١٣٧٣: ٨٣). هەڵبژاردنی ئەو وشەیە بۆ واتاكە، هەڕەمەكی نییە و پەیوەندی بە شێوازی بەكارهێنانی كەرەستەكە و

واتای وشەکەوە هەیە. جیاوازی ئەم جۆرەی خواستن لەگەڵ وەرگێڕاندا لەوەدایە، کە هەرچەندە لە هەردووکیاندا واتا دەخوازرێت، لە وەرگێڕاندا بێژەی وشەی خوازراو وەردەگێڕێتەسەر بێژەی بەرامبەری لە زمانەکەدا، بەڵام لەم جۆرەدا واتاکەی لە وشەیەکی زمانەکە خۆی یان وشەیەکی دیکەی خوازراو باردەکرێت، یان وشەیەکی کۆنی زمانەکەی بۆ زیندوودەکرێتەوە، لە زمانی کوردیدا بەم شێوازە چەندین واتا خوازراوە، بۆ نموونە:

-وشەی (پسپۆر) لە کۆندا بۆ ناوی کەسێک بەکارهێنراوە، کە شارەزای لە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتدا (ئاژەڵداری) هەبووە، بەڵام ئێستا بۆ ناونانی کەسێکی شارەزا لە بوارێکی زانستی یان پیشەیی لە بەرامبەر وشەی (expert)ی ئینگلیزی و (خبیر)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێت.

-لە پێشوودا (کورسی) تەنها بۆ ناوی کورسی دانیشتن بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا لە بواری ڕامیاری و خوێندنیشدا بۆ وشەی (مقعد)ی زمانی عەرەبیش بەکاردەهێنرێت، وەکو کورسی سەرۆکایەتی، کورسی پەرلەمان، کورسی خوێندن...هتد.


-وشەی (پۆست) لەسەرەتادا تەنها بەو پۆستانە دەوترا، کە فەرمانگەکانی پۆستە و گەیاندن هێنان و بردنیان بۆ دەکرد، بەڵام ئێستا بۆ پۆستی حکومی و پۆست لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش بەکاردەهێنرێت.

## ٥-٣/٢) گوزارشتکردن لە واتایی وشەی خوازراو:

بریتییە لە سازکردنی وشەیەکی نوێ بۆ واتایەکی خوازراو لە ڕێگەی گوزارشتلێکردنەوە، (لەسەر بنەمای شێوەی کارکردن و ئەو ڕۆڵەی وشەکە دەیگێڕێت، بە شێوەیەک، کە گوزارشتی لێبکات) (شقاقی، ١٣٩٢: ١٢٧-١٢٨)، بۆ نموونە:

- هەر دوو وشەی (بەرزەپرد، نزمەپرد) گوزارشت لە وشەکانی ئۆڤەرپاس (overpass) و ئەندەرپاس (underpass)ی ئینگلیزی دەکات، ئەوەی لە پرۆسەی ناوناندا لە زمانی کوردیدا سەرنج ڕاکێشە (بەرز و نزم)ی پردە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا نیشانەی سەرنجڕاکێش شێوازی تێپەڕبوونە بە (سەر و ژێر)ی پردا.

- گوزارشتکردن لە وشەکانی (مینی مارکێت، مارکێت، سۆپەرمارکێت، هایپەرمارکێت، مۆڵ)، بە (هەرزان بازاڕ) و (هەفتەبازاڕ) لەسەر بنەمای کار و ڕۆڵ و شێوازی وشە خوازراوەکانە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونی کۆمەڵی کوردی هەمبەر بەو وشە خوازراوانە، چونکە نیشانەی سەرنجڕاکێش بە لای کۆمەڵی کوردییەوە هەرزانیی نرخ و داشکاندنی هەفتانەیە، کە لە وشە کوردییەکان گوزارشتی لێکراوە، جیاواز لە نیشانەی سەرنج ڕاکێشی جۆرێتی و هەمەجۆری لە وشە خوازراوەکاندا، کە لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە بە نموونەوە ڕونکراوەتەوە:




هێڵکاری ژمارە (١٠) گوزارشتکردن لە واتای وشەی خوازراو

- گوزارشتکردن لە واتای (ring)ی زمانی ئینگلیزی بە (نووکە) لە تەلەفوندا، لە زمانی کوردیدا لە (نووکەنووک)دا هەیە، کە ناوی دەنگێکی سروشتییە و بۆ دەنگی گریانی منداڵ و پیرەژن بەکاردێت، هەروەها لە (نووکەپێ) بۆ بەرکەوتنی خێرایی نووکی پێ لە تۆپ یان شتێک بەکاردێت.

- گوزارشتکردن لە وشەی (اعدام)ی زمانی عەرەبی بە وشەی (لەسێدارەدان)، لە زمانی عەرەبی هەڵواسین و لە زمانی کوردیدا کەرەستەی هەڵواسینەکە، چاویلێکراوە.

## ٦-٣/٢) وەرگێڕان و گوزارشتکردن لە واتای وشەی خوازراو:

لەم جۆرەی خواستندا وشەیەکی خوازراوە بە تێکەڵکردنی هەردوو شێوازی وەرگێڕان و گوزارشتلێکردن دەخوازرێت، بە جۆرێک (واتای بەشێک لە وشە خوازراوەکە وەرگێڕانی وشەبەوشەی بۆ دەکرێت و بەشەکەی دیکەشی بەپێی کارای و تایبەتمەندیی وشەکە گوزارشتی لێدەکرێت (شقاقی، ١٣٩٢: ١٣٠)، وشەکە لەڕووی فۆرمەوە گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت و فۆرمێکی نوێی پێدەبەخشرێت، لەڕووی واتاشەوە بەشێکی واتاکەی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە وەکو خۆی دەخوازرێت و بەشەکەی دیکەی گوزارشتی لێدەکرێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

- بەرامبەر بە واتای وشەی (spaceman) وشەی (ئاسمانەوان)ی بۆ سازکراوە، کە بەشێک لە واتای وشەکە (space) لە زمانی ئینگلیزیدا وەرگێڕاوە بۆ وشەی (ئاسمان)ی بەرامبەری لە زمانی کوردیدا، هەروەها بەشێکی دیکەی واتاکەی بەپێی ئەرکەکەی گوزارشتی لێکراوە، ئەویش بە لەجێدانانی پاشگری /-وان/ی سازکەری ناوی پیشە، بەرامبەر وشەی (man)ی زمانی ئینگلیزی.

- بەکارهێنانی فرێزی (سەری ساڵی نوێ) لە بەرامبەر (new year day)دا، (ساڵی نوێ) وەرگێڕانی وشەبەوشەی (new year)ی ئینگلیزییە، بەڵام لە جیاتی وشەی (day) بە وشەی (سەر) گوزارشتی لێکراوە.

## ٧-٣/٢) لێکدان/دووڕەگ:

بریتییە لەو وشە نوێیەی، کە لە دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ سازکراوە، بە جۆرێک (وشە لێکدراوەکە لە زمانی وەرگردا، کە لە تێکەڵاوکردنی دوو وشەی ڕەچەڵەک جیاواز پێکهاتبێت، بەشێکی وشە لێکدراوە سازکراوەکە وشەیەکی بیانی و بەشەکەی دیکەی وشەیەکی خۆماڵی بێت) (بن یونس، ٢٨١:٢٠٢٠–٢٨٢)، وشە خوازراوەکانیش بە زۆری ئەوانەن، کە وەکو وشەیەکی خوازراوی سەربەخۆ لە زمانە وەرگرەکەدا چالاکن.

زمانی کوردی بەهۆی بوونی وشەیەکی زۆری خوازراو، بەم شێوازە وشەیەکی زۆری سازکردووە، وەکو: (کۆپیکردن، جملەفرۆش، عومرکورت، قورئانخوێن، زەکاتدان، دریم بازاڕ، کوردمیدیا، کوردفیلم، جوتساید، دژەتیرۆر...هتد) (بڕوانە: (٥/٢–١–٢–٢).

هەندێکجاریش بەشێکی وشەکە وەرگێڕانی بۆ دەکرێت، یان گوزارشتی لێدەکرێت و بەشەکەی دیکەی وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بۆ نموونە وەکو وشە (صرفيم) لە زمانی عەرەبیدا، کە بەشیکی لە (morpheme) وەرگێڕاوە و بەشەکەی دیکە ی وەرگێڕانە) (الشافعي، ٢٠٠٩: ٩)، لە زمانی کوردیشدا وەکو:

–ڕیفۆرمەیشن (reformation) ⟵ ڕیفۆرمخواز

–مۆدێرنزەیشن (modernization) ⟵ مۆدێرنە/ مۆدێرنخواز

## ٨-٣/٢) تێکەڵکردن/ئاوێتەکردن:

بریتییە لە سازکردنی وشەیەکی لێکدراو، لە تیکەڵکردنی دوو بناغە، (بۆ بەرهەمهێنانی تاکە یەک وشەی نوێ، کە تێیدا پڕۆسەکە بە وەرگرتنی تەنها سەرەتای وشەی یەکێکیانەوە و لکاندنی بە کۆتایی وشەکەی دیکەوە سازدەکرێت (مەحویی، ٢٠١٠: ١٥٨)، زمانی کوردی چەند وشەیەکی لەم جۆرەی بە ئامادەکراوی لە زمانەکانی دیکەوە خواستووە، وەکو:

–مۆرفیم + فۆنێم = مۆرفۆفۆنێم

–مۆرفۆلۆژی+ سینتاکس = مۆرفۆسینتاکس

–فۆنەتیک + تاکتیک = فۆنۆتاکتیک

–تیلیفۆن + کۆمپانیا = تیلیکۆم

–ڕادیۆ + تەلەفزیۆن = ڕادیۆن

–موبایل + تیلیفۆن = موبیتێل

-کافتریا + ئینتەرنێت = کافێ نێت

هەروەها چەند وشەیەکیشی لە زمانەکەدا بە تیکەڵی وشەی خۆماڵی و خوازراو سازکردووە، وەکو(بڕوانە: (٥/٢-١-٢-٣):

-زانکۆ + ئۆنلاین = زانکۆلاین

-کورد + ئەنتەرنێت = کوردنێت

## ٣/٢-٩) خواستنەوەی وشەی خوازراو:

بریتییە لە گەڕاندنەوەی وشەیەکی خوازراوی خۆماڵی لەلایەن زمانی بەخشەرەوە، بەکارهێنانەوەی لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆی بەو واتا و فۆرمەی لە زمانە بەخشەرەکەدا هەیە، واتە وشەی زمانێک لە سەردەمێکدا لەلایەن زمانێکی دیکەوە خوازراوە، بە پێڕەوی فۆنۆتاکتیکی زمانەکەدا تێپەڕیوە و گۆڕانی دەنگی و واتایی بەسەردا هێنراوە، دواتر زمانە ڕەسەنەکەی خۆی وەکو زمانی وەرگر وشەکە دەخوازێتەوە و وەکو وشەیەکی بیانی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، وەکو (گەڕاندنەوە وشەی (تفیدة)ی زمانی عەرەبی لە زمانی تورکییەوە، کە گوندنیشینە میسرییەکان بەکاریدەهێنن، لە بنەڕەتدا وشەی (توحیدة)ی عەرەبییە، کە لەلایەن تورکەکانەوە بۆ ناونانی ژنەکانیان خوازراوە، چونکە تورکەکان پیتی (و) بە (ف) دەردەبڕن و دەنگی (ح)یان نییە، وشەکە گۆڕدرا بۆ (تفیدة) و دووبارە گەڕێنرایەوە بۆ ناو زمانی عەرەبی) (عبدالتواب، ١٩٩٧: ١٤٨)، هەروەها (وشەی (budget)، کە زمانی فەرەنسی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگرتووەتەوە، لە بنەڕەتدا لە وشەی (bogete)ی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای (کیسەیەکی بچووک) هاتووە، کاتێک لە سەردەمی داگیرکاریی فەرنسییەکان چووەتەناو زمانی ئینگلیزییەوە، لە زمانە نوێیەکە گۆڕانی دەنگی و واتایی بەسەردا هێنراوە، پاشان دوای ماوەیەکی زۆر زمانی فەرەنسی وەکو زۆربەی زمانەکانی دیکە لە زمانی ئینگلیزییەوە بە فۆرم و واتای نوێوە گێڕاوێتییەوە) (فندریس، ١٩٥٠: ٢٤٨-٢٤٩))، زمانی کوردی چەند وشەی ڕەسەنی خۆی بەم شێوازە لە زمانەکانی دیکەوە خواستووەتەوە، وەکو:

- زمانی عەرەبی وشەی (جوز)ی لە وشەی (گوێز)ی زمانی کوردییەوە بۆ هەمان واتا خواستووە، بە هۆی نەبونی فۆنێمی /گ/ لە زمانی عەرەبیدا بە فۆنێمی /ج/ گۆڕیوەتەوە گۆڕانی فۆنۆتاکتیکی تێداکردووە، دواتر زمانی کوردی هەمان وشەی لە وشەی جۆزن (گوێزی هندی) لە وشەی (جوز الهند)ی عەرەبییەوە بە فۆرم و واتای نوێوە خواستووەتەوە.

## ٣/٢-١٠)گۆڕینەوەی وشەی خوازراو:

لەم شێوازەی خواستندا زمانی وەرگر وشەیەکی خوازراوی بەکارهاتوو دەگۆڕێتەوە بە وشەیەکی تری خوازراوی زمانێکی تر، کە هەمان واتایان هەبێت، یان (وشەیەکی خوازراوی نائاشنا

به وشەیەکی دیکەی خوازراوی ئاشنا و باوی جیهانی ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت (باطنی، ١٣٧٣: ٨٦)، وەکو گۆڕینی هەندێک لە وشە خوازراوە عەرەبییەکان بە وشە ئینگلیزییە باو و جیهانییەکان لە زمانی کوردیدا:

-مەجلس ← پەرلەمان

-دەبابە ← تانک

-کاس عالەم ← مۆندیال

-مەتعەم ← ڕێستۆرانت

-سەف ← کلاس

-فاسد ← ئێکسپایەر

-توجارەت ← بزنس

-مەلەف ← دۆسییە...هتد.

### ١١-٣/٢) خواستنی ڕاستەوخۆ:

بریتییە لە پرۆسەی خواستنی یەکەیەکی زمانی، ڕاستەوخۆ لە زمانی بەخشەرەوە (A) بۆ زمانی وەرگر (B)، دوای ئەوەی یاسا و ڕێساکانی زمانی وەرگری بەسەردا جێبەجێدەکرێت، لە زمانە نوێیەکەدا پەسەنددەکرێت. زمانی کوردی بەهۆی ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی بە چەندین زمانی جیاواز بە هۆکارەکانی دراوسێیەتی و داگیرکاری و بازرگانی و زانست و هۆیەکانی جیهانگیری...هتد، چەندان وشەی بە ڕاستەوخۆی لێیانەوە خواستووە، بۆ نموونە:

- لە زمانی عەرەبییەوە وشەکانی (حەج، زەکات، تەڵاق، عەقڵ، مامەڵە، خزمەت، جەیش، کەمالیات، مۆتە، شەربەت، کحول ...هتد) خوازراون.

- لە زمانی ئینگلیزییەوە وشەکانی (ڕۆڵ(role)، سینەما(cinema)، پرۆسە(process)، کۆمپیوتەر(computer)، ئایسکرێم(Ice-cream)، بانک(Bank)، پەرلەمان(Parliament)، پاسپۆرت(Passport)، بلیت(Billet)، تەلەفۆن (Telephone)، کۆد(Code)، ماسک(Masque)، ئینتەرنێت(internet)، کۆنترۆڵ(control)، پۆست(Post)، کۆپی(copy)...هتد) خوازراون.

- لە زمانی تورکییەوە وشەکانی: (قاچ، یاسا، یاقووت، قات، قاوش) (سدیق، ٢٠١١: ٥٨)، هەروەها (بازرگان، پیادە، باجی، خانم، دۆندرمە، یاپراخ، قاورمە، شاورمە، کنافە، بۆرەک...هتد) خوازراون.

- له زمانی فارسییەوە وشەکانی: (خانەوادە، ستایش، وەرزش، سروشت، مەیخانە، فالودە، مەرز، پاپوج، نارگیل، میدان، دەستور، سرخۆش، پایان (بێپایان)، فەراهەم، وشەی(بەد) لە (بەدڕەوشت، بەدبەخت، بەدناو)...هتد) خوازراون.

- لە زمانی فەرەنسییەوە وشەکانی: (تەوالێت(Toilrtte)، کارت (Carte)، کودەتا(coup detat)، ئاژانس(agence)، بلووز(blouse)...هتد) خوازراون.

- لە زمانەکانی لاتینی و یۆنانییەوە وشەکانی: (دراو، تاپۆ، ئەتڵەس، ئەڵماس) (حەمید، ٢٠٠٩: ١٠٨) و (هایدرۆجین(Hydrogen)، پرۆتۆکۆڵ(Protocole)...هتد) خوازراون.

- لە زمانی ئیتالییەوە وشەکانی : (پرۆڤە(Prova)، پاپۆڕ(Vapour)، کافتریا(Cafeteria)، گازینۆ(Casino)، ڤێلا(Villa)، باڕ(Bar)، پیتزا(pizza)...هتد) خوازراون.

- لە زمانەکانی ئەکەدی و سۆمەرییەوە وشەکانی: (ئەساس، ئومەت، ئینجانە، بەکرە، تەنوور، چەوەندەر، دوکان، شیعر، لۆبیا...هتد) خوازراون (سدیق، ٢٠٢٠: ٩٨-١٠٨).

- کورد وشەی (سەماوەر)ی ڕاستەوخۆ لە زمانی ڕوسییەوە وەرگرتووە (سام+ە+ڤار) (حاجی مارف، ٢٠٠٠: ١٩).

- لە زمانی سریانییەوە: (قەشە، یەڵدا، شەممە، خەبات، خشڵ...هتد) خوازراوە (حەمید، ٢٠٠٩: ١٠٨).

## ٣/٢- ١٢) خواستنی ناڕاستەوخۆ:

بریتییە لە پرۆسەی خواستنی یەکەیەکی زمانی بە ناڕاستەوخۆ لە زمانی بەخشەرەوە بۆ زمانی وەرگر لە ڕێگەی زمانێکی دیکەوە، بۆ نموونە (زمانی وەرگر(B) بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وشە لە زمانی بەخشەرەوە (A) لە ڕێگەی زمانێکی دیکەوە (C) دەخوازێت) (شقاقی، ١٣٩٢: ١٢٩)، وشە خوازراوەکە ڕاستەوخۆ لە زمانە بەخشەرە بنەڕەتییەکەوە نایەت، بەڵکو پێشتر زمانێکی دیکە خواستوویەتی و بەپێی یاسا و ڕێسای زمانەکەی خۆی گۆڕانی فۆنۆتاکتیکی بەسەرداهێنراوە، ئەمجا زمانی وەرگر لە دەستی دووەوە وەریدەگرێت و دووبارە دەیخاتەژێر فۆنۆتاکتیکی زمانەکەی خۆیەوە، بۆیە ئەو وشانەی بەم شێوازە دەخوازرێن، زیاتر لە جارێک گۆڕانی فۆنۆتاکتیکیان بەسەردا دەهێنرێت، وەهای لێدەکرێت بە ئاسانی لەلایەن زمانە بەخشەرە بنەڕەتییەکەوە نەناسرێتەوە، بۆ نموونە زمانی کوردی ناوی وڵاتەکانی وەکو (چین، ئۆرگوایی، چیچان)ی بە فۆرمی (سین، ئۆرغوایی، شیشان) لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتووە، کە بەهۆی نەبوونی فۆنێمەکانی (/چ/،/گ/) لە زمانی عەرەبیدا گۆڕانی فۆنەتیکییان بەسەردا هێنراوە، هەروەها وشەی (قۆپی)شی لە زمانی تورکییەوە خواستووە، کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (copy)ی زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، دوای ئەوەی زمانی تورکی گۆڕانی لە ڕووی فۆرم و واتاوە بەسەرداهێناوە. لەپێشوودا زمانی کوردی بەهۆی دراوسێیەتی و داگیرکاری و بازرگانی و کولتوری و ڕۆشنبیری ...هتد)ەوە، زۆربەی وشە

خوازراوەکانی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبیەوە خواستووە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە تایبەتی دوای ڕاپەڕینی گەلی کورد، کە بووەهۆی کرانەوەی گەلی کورد بەڕووی وڵاتانی دیکەی جیهان، بەهۆی هۆیەکانی پەیوەندیکردن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و هاتوچۆ و کۆچ و خوێندن و بازرگانی...هتد، وەکو زمانێکی بایەخپێدراوی جیهانی وشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە زمانی ئینگلیزییەوە دەخوازێت. زمانی کوردی بە شێوازی ناڕاستەوخۆ چەندین وشەی لە زمانەکانی دیکەوە خواستووە، وەکو:

-یۆنانی لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە: (ئیبلیس)...هتد (حەمید، ٢٠٠٩: ١٠٧).

-ئینگلیزی لە ڕێگەی تورکییەوە: (قۆپی(copy)...هتد).

-فەرەنسی لە ڕێگەی ئینگلیزییەوە: (بودجە(budget)، تێنس(Tennis)، هەروەها وشەی (جگەرە)ش لە (cigarette)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، بەڵام بنچینەی وشەکە فەرەنسییە (تاهیر، ٢٠١٢: ٢٥٨).

– ئینگلیزی لە ڕێگەی عەرەبییەوە: (فەلسەفە، سین، شیشان، شانس...هتد).

– فارسی لە ڕێگەی عەرەبییەوە: (باینجان(بادمجان)، جۆراب...هتد).

– عیبری لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە: (ئادەم، ئامین...هتد) (حەمید، ٢٠٠٩: ١٠٧).

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی زمانی عەرەبییەوە: (ئیبلیس(Evlipis)، بیتاقە (Pitakion)، بەتریق(Patrikio)، سابون(Sapon)، فەلسەفە(Philosophy)، دینار (Denarium)...هتد).

– چینی لە ڕێگەی ئەکەدی و ئارامییەوە: (برنج...هتد) (سدیق، ٢٠٢٠: ٩٩).

– هیندی لە ڕێگەی ئینگیزییەوە: (زمانی کوردی وشەی (بیجامە) لە وشەی (pyjama)ی زمانی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە، ئەویش لە زمانی هیندی خواستووە) (تاهیر، ٢٠١٢: ٢٥٨).


– لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی ئیتالییەوە: (پڕوپاگەندە(Propaganda)، ماکرۆنی(Macaroni)، باڵەکۆن(Balcony)...هتد).

– لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی فەرەنسییەوە: (ئەلبوم(Album)، ڕادیۆ(Radio)...هتد).

– تەتەری لە ڕێگەی زمانی ڕوسییەوە: (کورد وشەی (ئوتوو)ی زمانی تەتەری ناڕاستەخۆ لە زمانی ڕووسییەوە وەرگرتووە) (حاجی مارف، ٢٠٠٠: ١٩).

-لاتینی و یۆنانی لە ڕێگەی ئینگلیزییەوە: (تێلیفۆن(Telephone)، دیالێکت(Dialect)، فۆنەتیک(Phonetic)، کۆلیسترۆڵ(Cholesterol)، تراکتۆر(Tractor)، پاوەند(Pound)، تاکتیک(Tactic)...هتد).

له ڕێگەی ئەم هێڵکارییەی خوارەوە شێوازەکانی خواستنی وشە لە زمانەکانی ترەوە بە ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ دەخەرینەڕوو.




هێڵکاریی ژمارە(١١)خواستنی وشە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

## ٤/٢) ڕێگاکانی هاتنەناوەوەی وشەی خوازراو:

زمانی کوردی لە ڕێگەی جیاوازەوە بۆ کەرەستە و چەمکە نوێیەکان، وشەی لە زمانە جیاوازەکانی دیکەوە خواستووە، بە تایبەتی لە زمانەکانی (ئینگلیزی و عەرەبی)یەوە، کە تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، لەو ڕێگایانەش:

١. زمانی کوردی چەندان وشە و دەربڕاوی لە زمانی ئایینە جیاوازەکانەوە، بە تایبەتی ئایینی ئیسلام وەرگرتووە و تاوەکو ئێستاش بەردەوام وشەی نوێی ئەم بوارە دێتەناو زمانەکەوە، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| قورئان | ئینجیل | کاسۆلیک | کەنیسە |
| قەشە | کڵێسە | سەید | پیر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| حیجاب | ئیخوان | مەزهەب | نیقاب |
| سوبحانەڵا | لەیلەتول قەدر | ڕەمەزان | ماشەڵا |
| مریەم | عوسمان | مەلایکەت | علی |
| خەواریج | بیدعە | سونەت | ئەصحابە |
| ئیخوان | سەلەفی | وەهابی | مسیار |
| شەریعەت | هیدایەت | عیبادەت | فەتوا |
| تەڵاق | گوناح | ڕەمەزان | زەکات |
| عەمرە/عومرە | موحەڕەم | جەهەنم | تەورات |
| تەجوید | ڕەسول | شایەتومان | تەوحید |
| تەحیات | سوجدە | ڕکات | ڕکوع |
| نیکاح | حەج | ئوحود | مەککە |

خشتەی ژمارە (١)

٢. خوێندن بە زمانی جیاواز ڕۆڵێکی گرنگی لە هاتنەناوەوەی وشەی خوازراو هەیە، زمانی کوردی لەم ڕێگەیەوە چەندین وشەی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە، وەکو:

أ.  ئەو وشانەی پەیوەستن بە پڕۆسەی خوێندنەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەدرەسە | مەعریفە | سەبورە | دەرس |
| سیمپۆزیۆم | پانێڵ | سیمینار | کۆنفرانس |
| فاکەڵتی | فیستیڤاڵ | تێرم | فیناڵ |
| ڕیسێرچ | لیترێچەر ڕیڤیو | پلەیجێریزم | ئارتیکڵ |
| پەیپەر | ڕیجێکت | سابمیشن | ئەبسترەکت |
| کلاس | ئۆنلاین | کۆرس | سیمستەر |
| وۆرکشۆپ | ویبنار | ئیمپاکت فاکتەر | زەمالە |
| سکۆلارشیپ | فولبرایت | وایتبۆرد | پلاتفۆرم |
| دیبەیت | سکۆڵەشیپ | کویز | پریزینتەیشن |
| بۆڵۆنیا پرۆسیس | ئەسایمێنت | ڕێست | گروپ |
| جۆرناڵ | خەبیر علمی | پارالیێل | قبوڵ |
| پرۆگرام/مەنهەج | ناجیح/ پاس | ئۆف | بەکالۆری |
| مارک/ دەرەجە | ئیمتیحان/تێست | زانکۆلاین | ماستەر/ماجستەر |

خشتەی ژمارە (٢)

ب.ئەو زاراوانەی دەچنە چوارچێوەی پسپۆڕییەکی دیاریکراوەوە، بۆ نموونە زانستی زمان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سینتاکس | سیمانتیک | فۆنۆلۆژی | فۆنەتیک |
| مۆرفۆلۆژی | پراگماتیک | فۆنێم | مۆرفێم |
| ڤاوڵ | کۆنسۆنانت | ستاندارد | فریێز |
| ئەلۆفۆن | ئەلۆمۆرف | فۆن | مۆرف |
| ڤێرب | سەبجێکت | ستراکچەر | ئۆبجێکت |
| پارتیکەڵ | مۆرفۆسینتاکس | فۆنۆتاکتیک | مۆرفۆفۆنێم |
| دیالێکت | ئەلۆمۆرف | سەبجێکت | ڤێرب |
| ئەسپێکت | ئەدڤێربڵ | سینتاگما | پرۆ/Pro |
| کۆنجێکشن | ئیدیۆم | ئینتەرفێکس | پارادیگما |
| ئەنتۆنێم | ئەکرۆنیم | پریپۆزشن | پۆست پۆزشن |
| تابۆ | میتافۆر | هۆمۆنیم | پریفێکس |

خشتەی ژمارە (٣)

پ.ناوی پسپۆڕییە جیاوازەکان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بایلۆجی | ئایدۆلۆجی | جیۆلۆجی | جوگرافیا |
| سایکۆلۆجی | فەلسەفە | فیزیا | ئەنتۆپۆلۆجی |
| ئایدیۆلۆجی | ئێتیمۆلۆجی | ئیکۆلۆجی | ئینسایکلۆپیدیا |
| تێرمینۆلۆجی | سایکۆلۆجی | سۆسیۆلۆژی | تاریخ |

خشتەی ژمارە (٤)

٣. زمانی کوردی لە ڕێگەی دراوسێیەتییەوە وشەی لە زمانەکانی عەرەبی و و تورکی و فارسییەوە وەرگرتووە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاڵتون | یاپراخ | قاپی | باجی |
| قەرەباڵغ | بۆرەک | قۆپی | قاچ |
| جملە | مفرد | سەفرە | قافڵە |
| ئیسراحەت | مورافق | مەوعید | کەمالیات |
| مەرز | ستایش | خانەوادە | بەد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فەراهەم | سروشت | وەرزش | پۆزش |

خشتەی ژمارە (٥)

٤. كاریگەری زمانی گەلی داگیركەر و ئەو شەڕانەی ڕاستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەستبوون بە گەلی كوردەوە، لە ڕێگەیەوە چەندان وشە هاتوونەتەناو زمانی كوردییەوە، وەكو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| تیرۆر | تیرۆریست | میلان | تانك |
| هەمەر | كەتیبە | قاعیدە | بالیستی |
| ئاڕبیجی | مستەشار | هارب | ڕاجیمە |
| هاوەن | دۆشكە | جەیش | بیكەیسی |
| ئێم فۆر | ئێف 16 | باجەر | ئەتۆم |
| داعش | هەمەر | شەبەح | كلاشنكۆف |
| جەندرمە | جەنڕاڵ | درۆن | كۆلۆنێل |
| ڕادار | كۆماندۆ | پۆلیس | ڕۆكێت |
| مارشاڵ | لیوا | سارۆخ | ملازم |

خشتەی ژمارە (٦)

٥. لە ڕێگەی بابەتە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەرییەكانەوە، چەندین وشە هاتووتەناو زمانی كوردیەوە، لەوانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| گیتار | پرۆڤە | ئەكتەر | عود |
| ڕیالیزم | تراژیدیا | كۆمیدیا | ئیقاع |
| ئۆكسترا | سەمفۆنیا | گیتار | كامێرا |
| مۆسیقا | لەحن | ئیستاتیكا | دۆبلاژ |
| دراما | فیلم | ڕۆمانتیك | هایكۆ |
| تۆپیك | غەزەل | قەسیدە | ڕۆمان |
| هۆلێود | سینەما | ڕیتم | دۆبلێر |

خشتەی ژمارە (٧)

٦. کۆچکردن یەکێکی دیکە لە ڕێگاکانی وشەخواستن لە زمانی کوردیدا، وەکو گەڕانەوەی ئەو کوردانەی لە هەندەران دەژیان و لە کاتی گەرانەوەیان چەندان وشە و زاراوە هێنایەناو زمانی کوردییەوە، وەکو :

| | | | |
|---|---|---|---|
| قاچاخ | کەمپ | ئیقامە | لجوء |
| خاریج | بیمە | فامیلی | تراینەر |
| دەلیل | لۆبی | شفت | سۆشیال |

خشتەی ژمارە (٨)

٧. زانینی زمانی بیانی، یەکێکی دیکەیە لە ڕێگەکانی وشەخواستن بە شێوەیەکی ئاگایانە بێت، یان نائاگایانە، زمانزانەکە پەلکێشدەکات بۆ خواستنی وشە لە زمانی بێگانەوە بۆ ناو زمانی کوردی، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| جەواز | فول تایم | ڕێست | هۆم هۆرک |
| هۆلیدەی | فرێند | کەڵچەر | کویز |
| بیزنس | پرۆگرام | گرامەر | وایت بۆرد |

خشتەی ژمارە (٩)

٨ کاتێک دوو زمان لە یەک شوێندا بەکاردێت، ئاڵوگۆڕی وشە لە نێوانیاندا دەکرێت، وەکو بەکارهێنانی زمانی کوردی و عەرەبی لە وڵاتی عیراق بە گشتی و ناوچە کێشە لەسەرەکان بە تایبەتی، لەوانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەلەدیە | جیران | مەعنەوی | حکومەت |
| مەجلیس | مرەشەح | موزایدە | ئیمزا |
| سەفەر | ڕەسمی | سایەق | بیتاقە |
| ئینتخابات | جادە | مەدرەسە | جنسییە |
| عایلە | مەتعەم | سەیارە | حەدیقە |

خشتەی ژمارە (١٠)

٩. لە ڕێگە داهینانە زانستییەکانەوە چەندین وشە هاتووتەناو زمانی کوردییەوە، چونکە داهێنانەکان بۆناسین و لە یەک جیاکردنەوەیان ناودەنرێن، ناوەکانیشیان پەیوەستن بە زمانی کۆمەڵی خاوەن داهێنانەکەوە، کە بە ناوی کەسی داهێنەر یان کۆمپانیای دروستکەر یان وشەی زمانی خاوەن

بەرهەمن، زمانی کوردی بە پلەی یەکەم بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکانی لەم بوارانەدا پشت بە خواستنی وشە لە زمانەکانی دیکەوە دەبەستێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک، لەوانە:

أ. زۆربەی ناوی کەرەستە و ئامێرەکان، ناوی کەسی داهێنەر یان کۆمپانیای بەرهەمهێنەر یان وشەی زمانی خاوەن داهێنانەکانن، بە زۆری ئەو وشانە بە جیهانیبوون لە زۆربەی زمانەکاندا، وەکو خۆیان بە هەمان فۆرم و واتاوە بەکاردەهێنرێن.

ب. بە بەردەوامی وشەی ئەم بوارە دێتەناو زمانەکەوە، کە لە توانای هیچ زمانێکدا نییە بە خێرایی وشەی نوێ بۆ هەموو ئەو وشە خوازراوانە سازبکات.

پ. بەهۆی بەکارهێنانی ئامێرەکان و بەخێرایی بەدەست گەیشتنی کەرەستەکان و بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی فراوان لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانەوە، وشە خوازراوەکانیش ڕاستەوخۆ دەکەونەسەر زاری ئاخێوەران، بەو شێوەیەی لە زمانە بەخشەرەکەدا هەیە، لەڕووی فۆرم و واتاوە وەکو خۆیان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش جیاوازە لە زاراوەی بوارە پسپۆڕییەکان، کە سەرەتا لای پسپۆڕانی بوارەکە بەکاردەهێنران و وشە بۆ هەندێکیان سازدەکرا، یان گۆڕانیان بەسەردا دەهێنرا، پاشان هەندێکیان دەکەوتنەسەر زاری خەڵکی.

د. نەبوونی زمانی کوردی بۆ بەرهەمی داهێنانەکان، بە تایبەتی بۆ پرۆگرامی ئامێرەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کە زیاتر هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەکاردەهێنرێت، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی وشەی ئەو زمانانە بەکاربهێنرێت.

زمانی کوردی لەم جۆرانەی داهێنانە زانستییە نوێیەکان، وشەی زۆری خواستووە، وەکو:

أ. ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و کەرەستە و داتاکانیان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مایکرۆسۆفت | ئێچ پی | دێڵ | کانون |
| لایتۆپ | دیسکتۆپ | پاوەرپۆینت | کیبۆرد |
| ویندۆس | ڕام | ماوس | هارد |
| سکرینشوت | وۆرد | ئەکسڵ | فۆڵدەر |
| ئەپڵ | فایل – فۆڵدەر | بیت | بایت |
| گیگابایت | کیلۆبایت | تێرابایت | تولْبار |
| فۆتۆشۆپ | پی دی ئێف | دیلێکت | دیسک |
| شەداون | ستارت | ئۆپن | سەیڤ/ خەزن |
| هێدفۆن | داتاشۆ | کەیس | هاردوێر |
| هارد | فلۆپی | سیدی | دیڤیدی |
| میمۆری | فلاش | لەمس | ئینسێرت |
| پاسۆرد | داون لۆد | فۆنت | ئۆدیۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پرینتەر | یو ئێس بی | پەیج | کۆپی |
| کلۆز | سکرین | کەت | تاسکبار |
| ڤیو | ئنسێرت | درایڤ | پەیست |

خشتەی ژمارە (١١)

ب. بەهۆی پەیدابوونی ئینتەرنێت و سەرهەڵدانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە و بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی فراوان و خێرا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، زاراوەکانی پەیوەست بەم بوارە بە لێشاو هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، وشەکانیش بە هەمان فۆرم و واتای زمانە بەخشەرەکە خوازراون، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئیمێڵ | جیمێڵ | یاهوو | یوتوب |
| ئینستگرام | گۆگڵ | ڤایبەر | تۆیتەر |
| تیکتۆک | واتس ئەپ | سایت | ئەکاونت |
| ئۆنلاین | نێت | نێتوێرک | پەیج |
| ئەدرەس | شێر | بلۆک | هاک |
| تاگ | مەسج | مەسنجەر | فەیسبوک |
| داونلۆد/ تەحمیل | فۆلۆ | ئەکتیڤ | واڵ |
| زووم | شێر | هێڵپ می | هاککەر |
| پرۆفایل | پۆست | ئەپ | سکایپ |
| یوتوبەر | چات - گروپ چات | تاگ | مێنشن |
| سناپ- سناپچات | سێرچ | پاسۆرد | لۆگ ئین- سینگ ئین |
| سکایپ | سۆشیال میدیا | سەبسکراب | هاشتاگ |
| سەپۆرت | ڕووم | ستۆری | ئیمۆجی |
| فاست لینگ | فرێند | لایک | کۆمێنت/تعلیق |
| ئێس ئێم ئێس | ئەد | فۆرجی | تیلیگرام |

خشتەی ژمارە (١٢)

پ. پەیدابوون و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن بە تایبەتی تەلەفۆن و موبایل، بوونەهۆی هاتنەناوەوەی چەندین وشە بۆناو زمانی کوردی، وەکو ناوی ئامێر و کارگە و بەرنامە و ئەوانەی پەیوەندییان پێوە هەیە، لەوانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەلیفۆن/تەلەفۆن | موبایل | نۆکیا | سامسۆنگ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| گالاکسی | ئایفۆن | هەوایی | هۆنەر |
| ئاسیاسێڵ | کۆڕەک تیلیکۆم | زەین | کارت |
| باڵانس/وەحدە | سیم کارت | پاکێج | کەڤەر |
| تابلێت | لەمس | ئەلوو | ئەندرۆید |
| ئەپڵ ئایدیی | فەیس نەمبەر | شاشە | مێگاپیێکسڵ |
| درع | میسج کۆڵ/ موکالەمات | شەبەکە | زەبت/سێتینگ |
| هەزە | بلوتوس | ڕیسالە/ مەسج | نزام/سیستەم |
| تەتبیقات | ئایپاد | وای فایی | زووم |

خشتەی ژمارە (١٣)

١٠. جموجۆڵی بازرگانی و ئاڵوگۆڕکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان لەنێوان وڵاتان، بووەتەهۆی ئەوەی چەندین وشە بێتەناو زمانی کوردییەوە، چونکە ئەو کەرەستە و کەلوپەلانەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، بە زمانی کوردی لێیان نەنووسراوە، بەڵکو بە زمانی خاوەن بەرهەمەکەوە دێنەناوەوە، وەکو:

أ. ناوی کەرەستە و ئامێرە کارەباییەکان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| سێرکێت/سرکت | ئەمپێر | ڤۆڵت | مەحاویلە |
| بۆرد | سەعاتی کارەبا | کارەبای ڕەیسی | مۆلیدە |
| وات | حیمایەی کارەبا | سپلیت | موبەڕیدە |
| سەلاجە | مایکرۆ | غەسالە | مورەشە |
| ڤێر | ئوتو | کۆندیێشن | گیزەر |
| تەلەفزیۆن | عامود | کۆندیسەر | ماتۆڕ |
| پلاک | ڤۆڵتاج | کۆندێکتەر | پانکە |
| موجەمیدە | خەڵاتە | سەترلایت | فرن |
| بەڕاد | بلاجکتۆر | گڵۆب | هیتەر |

خشتەی ژمارە (١٤)

ب. ناوی کۆمپانیا و جۆر و کەرەستە پێکهێنەرەکانی ئۆتۆمبیل:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئۆتۆمبیل | نیسان | پاترۆڵ | سەنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تاکسی | پاس | گەلابە | پاسکیل |
| تۆیۆتا | لانسەر | کەییە | ڕیۆ |
| ئالتیما | فۆرد | کامیری | کۆرۆلا |
| تراکتۆر | شۆفڵ | ماتۆڕ | دەبڵ ئێکسڵ |
| بی ئێم دەبلیو | سۆناتا | هۆندا | ئۆپترا |
| سیراتۆ | ڕانجۆڤەر/ڕەینج ڕۆڤەر | ناڤارا | ئەڤەلۆن |
| پرادۆ | مۆنیکا | لاندگرۆزەر | ئەلەنتەرا |
| فیت پەمپ | جەک | ویل | سلاید |
| بەگ | بۆدی | پاتری | ئەی بی ئێس |
| کەپ | سپێر | گاعی | بەسمە |
| هاندبرێک | هایدرۆلیک | نۆزڵ | کەوەر |
| شاسی | دەعامی | بۆنید | سویچ |
| بانزین | گاز | هایدرۆلیک | ئەنتی فریز |

خشتەی ژمارە (١٥)

پ. ناوی گیانەوەران:

| | | | |
|---|---|---|---|
| نەعامە | کۆکتێل | تەیرول حوب | فنجس |
| غەندور | شالور | دووڕە | کۆنۆر |
| کاسکۆ | جاموس | کۆکاتۆ | هاجەرمۆ |
| سەلەمون | بادجی | قرش | زەڕافە |
| دۆلفین | کەڵەشێری هەراتی | شەمبازی | قازی (شام/بولغاری) |
| ڕۆبیان | کەناری | بەتریق | دۆلفین |

خشتەی ژمارە (١٦)

د. ناوی شوێنە بازرگانی و گەشتیاری و میوانخانەکان و ئەوانەی پەیوەستن پێیانەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| هۆتێل | مۆتێل | کافتریا | کافی |
| ڕێستۆرانت | پارک | مۆڵ | مینی مارکێت |
| مارکێت | سۆپەرمارکێت | هایپەرمارکێت | ڤی ئای پی |
| باڕ | نادی | مەتعەم | پاسپۆرت |
| بانک/بانق | براند | بلیت/پاس/تکت/وەرەق | پاسەپۆرت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بزنس | گازینۆ | گومرک | بزنسمان/تاجر |
| مارکە | مەخزەن | کافی نێت | ئەسڵ |
| موفرەد | بوفیە/بۆفییە | کۆمپانیا | توجارەت |

خشتەی ژمارە (١٧)

١١. زمانی کوردی چەندان وشەی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەوە خواستووە، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەناڵ/قەنات | دۆبلێر | ستۆدیۆ | مونتاژ |
| ڕیپۆرتاج | مانشێت | دوبلاژ | دۆکۆمێنت |
| ئەرشیف | ڕیکۆرد | مایک | سیناریۆ |
| کامێرامان | دیکۆر | لۆگۆ | ڕادیۆ |
| مۆنتێر | سەحن | سەتەلایت | سۆشیال میدیا |
| دیجیتاڵ | سپۆنسەر | سوپرایس | ڕیکلام |
| کامێرا | کەناڵ/قەنات | نیوز/ئیخبار | ڕاپۆرت |

خشتەی ژمارە (١٨)

١٢. بەهۆی سەرهەڵدانی ڕووداوێک وەکو جەنگ و نەخۆشی، چەندین زاراوەی تایبەت بەو بوارە سەرهەڵدەدەن و دێنەناو زمانەوە، یان لە زماندا چالاکدەبن، یان وشەی نوێیان بەرامبەر دروستدەکرێت، بۆ نموونە بەهۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە کۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٩)، بووەهۆی خواستنی چەندین زاراوەی پەیوەست بە نەخۆشییەکە لەلایەن زمانی کوردییەوە، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڤایرۆس | کۆڕۆنا/کرۆنا | کۆڤید١٩ | کەرەنتینە |
| ڤاکسین | ماسک/ کەمامە | کیت | مەناعە |
| پۆزەتیڤ | نێگەتیڤ | ئەنتی ڤایرۆس | دۆز |
| کۆرۆنای دەلتا | کۆرۆنای لامیدا | کۆرۆنای بێتا | کۆرۆنای ئۆمیکرۆن |
| ڤاکسینی فایزەر | ڤاکسینی سینۆفارم | ڤاکسینی ئاسترازێنیکا | ئەنتی ڤایرۆس |

خشتەی ژمارە (١٩)

١٣. وەرزش یەکێکە لەو بوارانەی، کە دوای پەیدابوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر ئاستی جیهاندا بایەخێکی گەورەی پەیداکردووە، ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی بایەخی ئابوری و

لەلایەکی دیکەشەوە وەک لایەنێکی چێژبەخش و ناساندنی شارستانییەتی کۆمەڵگا جیاوازەکان بە یەکتر، زمانی کوردی چەندین وشە لەم ڕێگەیەوە خواستووە، وەکو جۆری یاری و ناوی یاریزان و یانە و خولی یانەکان و ئەوانەی پەیوەندییان پێیانەوە هەیە، بۆ نموونە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| بلیارد | هەدەف/گۆڵ | فەریق/تیم | مەلعەب |
| زەڕبەجەزا/ پەنارتی | مدەڕب/کاپتن | لەعب | حەکەم |
| لالیگا | جامپۆنس لیگ | بۆندس لیگا | مەنزەدە |
| تایرە | باسکە | شەترەنج | تێنس |
| لایمەن | کۆڕنەر/زاویە | دیفاعی | گێم/ شەوت |
| گۆڵڤ | فوت بۆڵ | سانتیاگۆ بەرنابیۆ | دەورە |
| تەشکیلە | حوڕە | تەبدیل | کاس عالەم/مۆندیال |
| ئینزار | کاسیاس | ئەبتال | میسی |
| کریستیانۆ | ئەسێست | ڕیمۆنتادا | موبارات |
| هاتریک/سۆپەرهاتریک | ڤار | کارت | پاس |

خشتەی ژمارە (٢٠)

١٤. شێوازی نوێی ڕامیاری و دروستبوونی حکومەت و پەرلەمان و هاتنی باڵوێزخانە و کونسوڵخانەکان و پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی دیکەوە، لە زۆر لایەنەوە بۆ کۆمەڵگای کوردی ئەزموونێکی نوێ بوو، بۆیە وشەکانی ئەم بوارەش هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| پەرلەمان | ئۆپۆزیسیۆن | ڕیفراندۆم | فیدراڵی |
| حکومەت | جەلسە | کابینە | مەرکەزی |
| دبلۆماسی | دیموکراسی | حوکمی زاتی | وەفد |
| کونسوڵخانە | پرۆتۆکۆڵ | نوقتەی نیزامی | تەحالف |
| وەزیر | مودیر | معاون | سکرتێر |
| سەندیکا | پارت/حیزب | عەریزە | کەفالەت |
| قانون | مەحکەمە | تەمییز | سیاسەت |
| فاشیزم | دکتاتۆر | باڵوێزخانە | نیساب |
| کۆمیسۆن | پەرلەمانتار | ئۆتۆنۆمی | غەرامە |
| مەلەف | صادرە | عەلاوە | تەرفیع |
| مۆزەف | دائیرە | مشریف | قایمە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| قیدەم | بایکۆت | کاندید | مەدەنی |
| موعید | ئەوائیل | تەناوب | زەریبە |

خشتەی ژمارە (٢١)

١٥. بواری تەندروستی ڕاستەوخۆ به ژیانی هاووڵاتیانەوە پەیوەستە، فەرهەنگی ئەم بوارە بە بەردەوامی لە نوێبوونەوە و دەوڵەمەندبووندایە، لەلایەکەوە بەهۆی دۆزینەوەی داهێنانە پزیشکییەکان و چارەسەرە نوێیەکان، زمانی کوردی وشەیەکی زۆری لەم بوارەدا خواستووە، وەکو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆرۆنا | مەلاریا | ئەکزیما | جەڵتە |
| ڕۆمانتیزم | فەقەرات | فەتح صەدر | ئیکۆ |
| فەحس | ئیسپرین | پاراستۆڵ | فلاود |
| فلاجین/ فلاجیل | پرۆستات | کیس | تالاسیما |
| ڤایرۆس | قورعە | هیمۆفیلیا | شروب |
| نازور | پلازما | بەکتریا | ئایدز |
| دیتۆڵ | بەنج | عەیادە | کلینیک |
| کانولا | سۆنەر | ئەنعاش | ڤاکسین |
| لەوزەتێن | ڕەبوو | کەپسول | سرنج |
| پەنکریاس | کۆرستۆڵ | میکرۆب | هۆرمۆن |
| قەستەرە | کۆڵۆن | زەخت | سەرەتان |
| عەمەلیات | غودە | تەشەنوج | ئینزیلاق |
| موغەزی | لێزەر/لەیزەر | عیلاج | تەختیت |

خشتەی ژمارە (٢٢)

١٦. خواستنی ناوی کانزا و پرۆتین و ڤیتامینە جیاوازەکان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| پرۆتین | کالیسۆم | پۆتاسیۆم | تاقە |
| کلۆکۆز | مەڕمەڕ | یاقوت | سیرامیک |
| موگناتیس | قورقۆشم | زینک | کاربۆهیدرات |
| کالۆری | فۆسفات | فیتامین | ئەلەمنیۆم |
| پلاستیک | پترۆڵ | بەنزین | گاز |
| غاز | ئۆکسجین | نایترۆجین | هیلۆم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| یۆرانیۆم | سلیکۆن | سۆدیۆم | کبریت |
| ئۆزۆن | نەوت | نایترۆجین | فیتامین( D, B12, C... |

خشتەی ژمارە (٢٣)

١٧. گۆڕانی شێوازی ژیان و لاساییکردنەوەی کولتوری وڵاتانی دیکە، بووەتەهۆی هاتنەناوەی چەندان کەرەستەی جۆراوجۆر لە بوارەکانی پێویستییەکانی ناوماڵ و جلوبەرگ و خواردەمەنی جیاواز و بوارەکانی جوانکاریی ناوماڵ و ژنان...هتد، وەکو:

أ. ناوی جلوبەرگ و ناو کەرەستەکانی جوانکاریی ئافرەتان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەیک ئەپ | میکیاژ | فیلەر | بۆتۆکس |
| تاتۆ | عەزێ | صالۆن | لەیزەر |
| حەریر | مۆدە | جبە | فاشیۆن |
| کشمیر | کابۆ | تی شێرت | مەکسی |
| کودەری | مانتۆ | بەدلە | حیجاب |
| تەسریحە | تەخشیر | مێش | قەدیف |

خشتەی ژمارە (٢٤)

ب. کەرەستەکانی پاککەرەوە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| تایت | فاس | زایی | شامپۆ |
| فلاش | عملاق | دیتۆڵ | سابون |

خشتەی ژمارە (٢٥)

پ. ناوی سەوزە و میوە و دار و درەخت و بەرەکانیان:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئەڤاکادۆ | برۆکلی | لالەنگی | کێوی |
| جەرجیل | مەعدەنووس | کرەمتینە/کەرمتینە/کەمکەوات | کەستانە |
| زەنجەفیل | ئەکاسیا | سندی | سپێناخ |
| کاکی | هەنگی دونیا | فراولە/شلیک | ئەنەناس |
| نارگیل | بەمبەر | بەزالیا | مەعدەنوس |
| لۆبیا | زەنجەفیل | هێل | جۆزن |
| بندوق | بامبۆ | کەلەرەم | بلوبێری |
| مۆرت | مەتات | قرنابیت | فستق |

خشتەی ژمارە (٢٦)

د. ناوی کەرەستەکانی ناو ماڵ و خانوو:

| | | | |
|---|---|---|---|
| کەوانتەر | مەعرەزی ماڵ | کلیل دۆر | باڵۆن پرێس |
| سەقفی مەغریبی | دکتی موبەریدە | جبسن بۆرد | قەنەفە |
| مشتەمەلات | مساعد مەتبەخ | مەخسەلە | تەوالێت |
| تاوەر | نهۆم | بەیتونە | باڵکۆن |
| کاشی | قاعیدەی(غەربی/شەرقی) | ڤێلا | خەڵاتە |
| ئەسترۆپۆڵ | بلۆک | هۆڵ | مەدخەل |

خشتەی ژمارە (٢٧)

## ٥/٢) لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی خواستنی زمانیی لە زمانی کوردیدا:

### ٥/٢-١) کاریگەریی وشەی خوازراو لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا:

لە ئەنجامی تێکەڵاوبوون و دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان کۆمەڵ و گروپە جیاوازەکان، (زمانەکانی جیهان لە هەموو ڕوویەکەوە، هەمیشە کاردەکەنەسەر یەکتر، یەکێک لەو ئاستانەی، کە زووتر و خێراتر لە ئاستەکانی دیکە کاری تێدەکرێت، فەرهەنگە، کە بەردەوام بە پێی پێویستی وشەی تێدەڕژێت و لێشی دەردەچێت) (سدیق، ٢٠١١: ٤٩)، چونکە فەرهەنگی هەر زمانێک وەڵامدانەوەی ئەو گۆڕانانەیە، کە لەناوخۆی کۆمەڵەکەی، یان بە کاریگەری کۆمەڵەکانی دیکە سەرهەڵدەدەن. (بۆ پاراستن و مانەوە و گەشەکردنی هەر زمانێک، پێویستە زمانەکە لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕان و گەشەی کۆمەڵەکەیدا بڕوات، ڕێگەی جۆراوجۆری بۆ سازکردنی وشەی نوێ هەبێت، فەرهەنگی زمانەکەشی هەمیشە بەڕووی ئەندامی نوێی زمانەکەدا کراوەبێت و خۆشی نوێبکاتەوە) (بریغو و سابلیرو، ٢٠١٠: ٢٧)، بۆیە (زمان بە بەردەوامی وەکو ژیان لە فراوانبووندایە و وشەکان و دەربڕینەکان وشە و دەربڕینی نوێیان لێدەبێتەوە و وشەکان وشەی دیکە دەخەنەوە و پێویستییەکان وامان لێدەکەن، ناوی نوێ و دەربڕینی نوێمان هەبێت، بۆ دەوڵەمەندکردنی زمان، پێویستمان بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگەکەی هەیە، چونکە بە کۆی دانەکانی فەرهەنگ دەوترێت زمان، بەمپێیە زمان لە فەرهەنگ فراوانترە و بە تێکڕای وشەکانی زمان دەوترێت فەرهەنگی زمان، ئەویش بەهۆی بوونی پەیوەندییەکی بەتین و گرنگ لەنێوان زمان و فەرهەنگ) (عەبدوڵڵا، ٢٠١٣: ١٠)، فەرهەنگی زمان لە (کێڵگەکانی مۆرفیمەکانی پێکهاتووە، کە بەردەوام وشەی نوێیان بۆ دێت و تیایاندا هەڵدەگیرێن، چونکە هەرکە کەسانێکی زۆر، یان زۆربینە وشەیەکی نوێیان بەکارهێنا، وشەکە دەبێت

به بەشێک لە زمانەکە، ئیتر گرنگ نییە، سەرچاوەی وشەکە وەرگرتنە، لەیەکدانە، یان هەڵگواستنە) (مەحویی، ٢٠١٠: ١١٧).

زمان بەرانبەر بەو چەمک و واتایانەی، کە بێ وەستان بەرەو ڕووی دەبنەوە و پێویستیان بە دەربڕینە، دوو ڕێگەی سەرەکی دەگرێتەبەر(سدیق، ٢٠٢٠: دو-سێ):

یەکەم: پشتبەخۆبەستن، کە ئەم ڕێچکانەی لێدەبێتەوە:

أ-فراوانکردنی سیمانتیکی وشەکانی خۆی و بەکارهێنانەوەیان بە (میتافۆر).

ب-دوبارە سودوەرگرتن لە کەرەستە ئامادەکراوەکانی ناوخۆی و خستنەگەڕیان، ئەویش بە پەڕاندنەوەیان لە کەرەستەی ئاستێکەوە بۆ یەکێکیتر، وەک بە (لێکسیکبون) و بە (گراماتیکبون)ی کەرەستە زمانییەکان.

پ-سازکردنی وشەی نوێ بە گوێرەی ئەو دەستور و قانونانەی، کە بۆ ئەو مەبەستە کاریان پێکراوە.

دووەم: پشتبەستن بە دەرەوە، ئەمیش دەکرێت بە دوو بەشەوە:

أ-قەرزکردن، یا وەرگرتن، یا خواستنی وشە و پێکهاتەکانی تری زمانە دوور و نزیکەکان لێوەی.

ب-قەرزکردنی بیر و داڕشتنەوەیان بە کەرەستەی زمانەکە خۆی.

## ٥/٢-١-١) جۆرەکانی فەرهەنگ:

### ٥/٢-١-١-١) فەرهەنگی بنەڕەتی:


هەر زمانێک فەرهەنگێکی بنەڕەتی خۆی هەیە، کە کۆمەڵ لەسەری ڕێککەوتوون و تێڕوانین و دنیابینی ئاخێوەرانی بۆ ناولێنانی شت و دیاردەکانی دەوروبەر تێدا ڕەنگدەداتەوە، وشەکانی ئەم جۆرەی فەرهەنگ، ناسنامە و قەڵای پارێزگاریکردنن لە هەر زمانێکی دیاریکراو، چونکە (هەر لە سەرەتای پەیدابوونی زمانەوە لە کاردان و بە درێژای چەند سەدەیەک بە چەسپاوی و بێ گۆڕان ماونەتەوە، زۆرتر دەژین و چەسپاوترن، بە دەربڕینی کۆمەڵێک چەمک و بیرەوە بەستراون، کە لە ژیانی میللەتدا زۆر پێویست و گرنگن، تا ڕادەیەکی زۆر بە ژیانی کولتوری و مێژوی و بارودۆخی ئەو گۆڕانانەی بەسەر میللەتدا دێن نەبەستراونەتەوە، دەبنە بناغە بۆ دروستکردن و سازکردنی وشەی نوێ لە زماندا) (حەسەن، ٢٠٠٨: ٩-١٠)، بۆیە وشەکانی تا ڕادەیەک جێگیر و سنوردارن، چالاکن و بە بەردەوامی بەسەر زاری ئاخێوەرانەوەن، ناون بۆ کەرەستە و چەمکە پێویستەکانی ژیان و بناغەی دروستبوونی وشەی نوێن. هەندێک لەو کێڵگانەی وشەی فەرهەنگی بنەرەتی پێکدەهێنن، ئەمانەن (عەبدوڵا، ٢٠١٣: ١١-١٢):

١. ناوی خزمایەتی، وەک: ( دایک، باوک، خوشک، برا، ئامۆزا، خالۆزا...هتد) .
٢. ناوی ئەندامەکانی لەشی گیانلەبەر، وەک: (مێشک، چاو، دەست، دڵ، پێ...هتد).
٣. ناوی ئاژەڵی ماڵی یان دڕەندە، وەک: (مریشک، ئەسپ، کەروێشک، پڵنگ...هتد).
٤. ئەو ناوانەی کە پەیوەندیان بە شت و دیاریدە سروشتییەکانەوە هەیە، وەک : (شاخ، کێو، دەشت، ڕووبار، دەریا...هتد).
٥. ناوی خواردن و خواردنەوەی پێویست، وەک ( نان، گۆشت، شیر...هتد).
٦. کۆمەڵێک ئاوەڵناو، وەک : ( ڕاست، چەوت، کۆن، نوێ، خۆش...هتد).
٧. ڕەنگەکان، وەک : (سوور، سپی، شین، زەرد...هتد).
٨. ناوی شوێنی حەوانەوە، وەک : ( ماڵ، خانوو، ژوور، هەیوان...هتد).
٩. ناوی ژمارە، وەک : ( یەک، دوو، چواردە، بیست و سێ، سەدوشەشە...هتد).
١٠. چەکی خۆپاراستن و ڕاوکردن، وەک : (تەور، شیر، شمشێر، کێرد، داس، ڕم...هتد).
١١. ناوی ئامێری پیشەسازی، وەک : (ئاش، دەستاڕ...هتد).
١٢. ناوی بەروبومی کشتوکاڵی، وەک : (میوە، دارودرەخت، سێو...هتد).

سەرەڕای جێگیری و تۆکمەیی و تەمەندرێژی ئەندامەکانی فەرهەنگی بنەڕەتی، ئێستا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێراییەی، کە شارستانییەتی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە، لەڕووی ئاڵوگۆڕکردنی وشەوە، فەرهەنگی بنەڕەتیش لەم گۆڕانکارییە زمانییە بێبەشنەبووە و چەندین وشەی زمانەکانی دیکە، خۆی خزاندووەتەناو کێڵگەکانی فەرهەنگی بنەڕەتییەوە و فشاریان خستووەتەسەر ئەو وشانەی، کە هەزارەها ساڵە هەن، لەوانە ناوی ئەندامانی خێزان و گۆڕینیان بەو وشانەی بە کاریگەریی وەرگێڕانی وشەی بیانی هاتوونەتەناوەوە، وەکو بەکارهێنانی وشەکانی (دایەگەورە) لە جیاتی (داپیرە/دادا) و (باوەگەورە) لە جیاتی (باپیرە/بابا)، کە بە لاساییکردنەوە و لە وەرگێڕانی زمانەکانی دیکەوە وەرگیراوە، وەکو (grand mother) و (grand father)ی زمانی ئینگلیزی، یان وەرگێڕانی وشەبەوشەی (مادر بزرگ) و (پدر بزرگ)ی زمانی فارسی، کە بە کاریگەریی فلیمە دۆبلاژکراوەکانی زمانی فارسییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگی (گۆڵدین) لە جیاتی (ئاڵتونی، زێڕین) و خواستنی ڕەنگەکانی دیکەی وەکو: (بێجی، تبنی...هتد)، یان خواستنی ناوی سەوزە و میوەکان: (لالەنگی، کێوی، فراولە، گێلاس، ئەڤاکادۆ...هتد)، جۆرەکانی خواردن: (بریانی، پیتزا، تەشریب، فلافل، قۆزی...هتد)،)، باڵندەی ماڵی: (کۆکتێل، بەبەغا، فنجس، تەیرولحوب...هتد) و جۆرەکانی چەکی خۆپاراستن و ڕاوکردن: (بڕنەو، تاپڕ، لیپۆش، قەناس، کلاشنکۆف، دەمانچە...هتد)، هەروەها ئامێرە پیشەسازییەکانی دەستی هاوولاتیان: (تراکتۆر، دەڕاسە، غەسالە...هتد).

### ٢-١-١-٥/٢) فەرهەنگی وشەی سازکراو:

ڕێگایەکی سەرەکی دەوڵەمەندبوونی زمانی کوردی لە گشت قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەکردنیدا، داڕشتن و داتاشین و دروستکردن و هەڵهێنجانی وشەی نوێیە، کە بەهۆی ئەو دەستور و یاسایانەی لە خاسیەت و تایبەتێتی وشە داڕشتنی زمانی کوردیدا هەیە، دێتەئەنجام (حاجی مارف، ١٩٧٥: ٤٥)، هەر زمانێک کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای تایبەت بە خۆی بۆ سازکردنی وشەی نوێ هەیە، کە بە بەردەوامی بە سودوەرگرتن لە وشەکانی دیکەی زمانەکە و مۆرفیمە بەندە وشە داڕێژەکان، وشەی نوێ بۆ ئەو کەرەستە و چەمکانە سازدەکەن، کە دێنەناو زمانەوە. زمانی کوردی بەشێکی زۆری وشەکانی بەمشێوەیە سازکردووە و بەشێکی پێویستییەکانی ئاخێوەرانی پڕکردووەتەوە، (ئەم ڕێگایانەی وشە سازکردن بناغەی پاراستنی زمان و کۆمەڵن، چونکە ئەو وشانەی، کە بە یارمەتی ئەم ڕێگایانە، هاتوونەتەکایەوە ڕەنگ و ڕووی نەتەوایەتی و چەشنی بیروباوەڕ و هەستکردن بە دەوروپشت و تێڕوانین بۆ سروشتیان پێوە دیارە) (سدیق، ٢٠١١: ٤٩)، زمانی کوردی بۆ سازکردنی وشەی نوێ، پشتی بەم ڕێگانەی خوارەوە بەستووە، کە بە هێڵکاری خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی ژمارە (١٢) ڕێگاکانی وشەسازکردن لە زمانی کوردیدا

هەرچەندە وشە ڕەسەنەکان کەرەستەی سەرەکی وشە سازکردنن، بەڵام بە هۆی فراوانبوون و چالاکی وشەی خوازراوەوە، هەندێکیان لە فەرهەنگی وشەی خوازراوەوە پەڕیونەتەوە بۆناو فەرهەنگی وشەی سازکراو، بوون بە بەشێک لە چەندین وشەی نوێ، کە بە هاوبەشی وشە و پاشگرە خوازراوەکان سازکراوە، بۆ نموونە: (بێ ئیمان، بەخیرەت، فایلدار، گۆڵکەر، فیدراڵی، مەلایەتی، فیلمساز، هاککەر، یاریچی، چایچی، قوتابخانە، کوردۆلۆجی، شێتخانە، خێروبەرەکەت، ڕیفۆرمخواز، پلاندانان، زانامۆڵ، دژەتانک، کۆپیکردن ...هتد).

## ٥/٢-١-١-٣) فەرهەنگی وشەی خوازراو:

زمانی کوردی هەر لە کۆنەوە بەهۆی دراوسێیەتی و داگیرکاری و زانست و ئایین و هونەر و ڕۆشنبیری و...هتد)ەوە و لەم ساڵانەی دواییشدا بەهۆی ئاسانکارییەکانی هۆیەکانی هاتوچۆ و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بازرگانی و کۆچکردن و خوێندن و فیلم و وەرزش...هتد، وشەی لە زمانەکانی دیکەوە بە چەندین شێوازی جیاواز و لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە خواستووە، کە بەشێکی سەرەکی فەرهەنگی زمانی کوردی پێکدەهێنن، سەرەڕای ئەمەش بەشدارن لە سازکردنی چەندان وشەی نوێ، ژمارەیان بەردەوام لە زیادبووندایە (بڕوانە: (٣/٢) و (٤/٢).

## ٥/٢-١-٢) پێگەی وشەی خوازراو لەنێو ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا:

### ٥/٢-١-٢-١) داڕشتن:

بریتییە لە سازکردنی وشەیە، کە لە بناغەیەک و مۆرفێکی بەندی وشە داڕێژ، یان زیاتر، (ڕێگەیەکی چالاک و باوە لە گشت ئەو زمانانەی، کە سەر بە کۆمەڵەی زمانە نووساوەکانن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەم پۆلە زمانە ناتوانێت هەموو ئەو بیر و چەمکانەی خۆی بەهۆی وشەی سادەوە دەرببڕێت، لەبەرئەوەی زانین بێ پایانە و کەرەستەی دەوڵەمەندترین زمان لە چاویدا کەمە و کۆتایی هەیە (ئەحمەد،١٩٩٠:٧٢)، ئەم ڕێگەیە بریتییە لە زیادکردنی پێشگر یان پاشگر یان هەردووکیان بۆ سەر بناغە، یان ڕەگێک بۆ سازکردنی وشەیەکی نوێ بە واتای نوێوە. زمانی کوردی لەم ڕێگەیەوە وشەیەکی زۆری سازکردووە، لێرەدا پەیوەست بە کاری توێژینەوەکەوە، تەنها چۆنیەتی سازبوونی ئەو وشە داڕێژراوانە دەخرێنەڕوو، کە وشە یان پاشگر یان پێشگری خوازراو تێیدا بەشدارە، لەوانە:

١. پێشگری خۆماڵی + وشەی خوازراو

- بێ + ئیمان = بێئیمان

- بێ + تاقەت = بێتاقەت

- (بە/بێ) + خیرەت = بەخیرەت، بێخیرەت
- (بە/بێ) + تام = بەتام، بێتام

٢. پێشگری خوازراو+ە + وشەی خۆماڵی یان وشەی خوازراو:

- غەیرە+ کورد = غەیرەکورد
- غەیر+ ە + ئیسلام = غەیرە ئیسلام

٣. پێشگری خوازراو + وشەی خوازراو

- لا + شەڕ = لاشەڕ
- لا + دین = لادین

٤. وشەی خوازراو + پاشگری خۆماڵی

- ئیمان + دار = ئیماندار
- فایل + دار = فایلدار
- دوکان + دار = دوکاندار
- فیدراڵ+ی = فیدراڵی
- حیزب + ی = حیزبی
- مەلا + یەتی = مەلایەتی
- فیلم + ساز = فیلمساز

٥. وشەی خۆماڵی + پاشگری خوازراو :

- پینە + چی = پینەچی
- یاری + چی = یاریچی
- چێشت + خانە = چێشتخانە
- شێت + خانە = شێتخانە
- کورد + (ۆلۆژی/ۆلۆجی) = کوردۆلۆژی/ کوردۆلۆجی

٦. پاشگری خوازراو + وشەی خوازراو:

- شەرەف + سز = شەرەفسز
- دەماغ + سز = دەماخسز

٧. وشەی خوازراو + پاشگری خوازراو
- ئاڵتون + چی = ئاڵتونچی
- جام + چی = جامچی
- کونسوڵ + خانە = کونسوڵخانە
- کتێب + خانە = کتێبخانە
- قاوە + خانە = قاوەخانە

## ٢/٥-١-٢-٢) لێکدان/دووڕەگ:

بریتییە لەو وشە نوێیەی، کە لە (دوو وشەی واتاداری سەربەخۆ سازکراوە، کەرتێکی وشە نوێیەکە وشەی خوازراوە و کەرتەکەی دیکەشی وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکە خۆیەتی) (الخولی، ١٩٨٧: ٩٦)، وشە خوازراوەکانیش بە زۆری ئەوانەن، کە وەکو وشەیەکی سەربەخۆ لە زمانی وەرگردا چالاکن. زمانی کوردی بەهۆی بوونی وشەیەکی زۆری خوازراوی چالاک، بەم ڕێگەیە وشەیەکی زۆری سازکردووە، بەمشێوەیە:

١. وشەی خوازراو + وشەی خۆماڵی
- سێرچ + کردن = سێرچکردن
- کۆپی + کردن = کۆپیکردن
- جملە + فرۆش= جملەفرۆش
- عومر + کورت= عومرکورت
- ڕیفۆرم + خواز= ڕیفۆرمخواز
- قورئان + خوێن= قورئانخوێن
- زەکات + دان = زەکاتدان
- کفن + دوور = کفندوور
- سەبر + گرتن = سەبرگرتن
- پلان + دانان = پلاندانان
- دریم + بازاڕ = دریم بازاڕ

٢. وشەی خۆماڵی + وشەی خوازراو

- کورد + میدیا= کوردمیدیا
- کورد + فیلم= کوردفیلم
- جوت + ساید= جوتساید
- زانا + مۆڵ = زانامۆڵ

٣. وشەی خۆماڵی + ناوبەند (ە،و) + مۆرفێمی خوازراو

- دژ+ ە + تیرۆر= دژەتیرۆر
- دژ+ ە + تانک= دژەتانک
- شەرم+ و+ حەیا= شەرموحەیا

٤. وشەی خوازراو + ناوبەند(و)+ وشەی خوازراو

- قەسر+و+جەم= قەسروجەم
- قەتڵ+و+عام= قەتڵوعام
- خێر + و + بەرەکەت= خێروبەرەکەت

٥. وشەی خوازراو+ وشەی خوازراو (بە ئامادەکراوی خوازراون):

- داتا + شۆ = داتاشۆ
- داتا + بەیس = داتابەیس
- سۆفت + وێر = سۆفتوێر
- وۆرک + شۆپ = وۆرکشۆپ
- مایکرۆ + فۆن = مایکرۆفۆن

### ٥/٢-١-٢-٣) وشەی خوازراوی (تێکەڵاو/ئاوێتە):

بریتییە لە (پڕۆسەی خستنەتەکیەک و بەستنەوەی دوو فۆرمی سەربەخۆ بۆ بەرهەمهێنانی تاکە یەک وشەی نوێ، کە تێیدا پڕۆسەکە بە وەرگرتنی تەنها سەرەتای وشەی یەکێکیانەوە و لکاندنی بە کۆتایی وشەکەی دیکەوە دەکرێت (مەحویی، ٢٠١٠: ١٥٨)، یان لە تێکەڵکردنی فۆرمێکی سەربەخۆ و بەشێکی فۆرمێکی دیکە پێکدێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی (ڕۆڤار) (کە ناوی بڵاوکراوەیەکی وەرزییە.) بەم پڕۆسەیە لە (ڕۆ)ی سەرەتای وشەی (ڕۆژنامە) و (ڤار)ی کۆتایی

وشەی (گۆڤار)ەوە سازکراوە. زمانی کوردی چەند وشەیەکی لەم جۆرەی، بە یارمەتی وشە خوازراوەکان سازکردووە، وەکو:

- کوردستان + ساتەلایت = کورسات/کوردسات
- زانکۆ + ئینتەرنێت = زانکۆنێت
- زانکۆ + ئۆنلاین = زانکۆلاین
- تیشک + ئینتەرنێت = تیشکنێت

هەندێکی دیکەشی بە ئامادەکراوی لە زمانەکانی ترەوە خواستووە، وەکو:

- مۆرفێم + فۆنێم = مۆرفۆفۆنێم
- مۆرفۆلۆژی+ سینتاکس = مۆرفۆسینتاکس
- کافتریا + ئینتەرنێت = کافێ نێت
- تیلیفۆن + کۆمپانیا = تیلیکۆم

**٥/٢-١-٢-٤) کورتکردنەوە:**

**٥/٢-١-٢-٤-١) کورتکردنەوەی وشەیی:**

بریتییە لە (دروستکردنی وشەیەکی نوێ لە وشە و فریزەکان لە ڕێگەی داڕشتنی فۆرمی وشەیەک لە پیتە یەکەمەکانی هەر وشەیەکی فریزێک، بە زۆری ناونیشانی ڕێکخراوێک دروستدەکەن) (مەحویی، ٢٠١٠: ١٦٧-١٦٨)، بەبێ گەڕانەوە بۆ واتای کەرتە پێکهێنەرەکانی واتا دەبەخشن، لەڕووی فۆرمیشەوە وەکو وشەیەکی نوێی سەربەخۆی سازکراو دەخوێنرێنەوە و دەنووسرێن، زیاتر ناوی کەرەستە و کۆمپانیا و ڕێکخراوە جیهانییەکان دەنێن، بە زۆریش وەکو زاراوەی جیهانی دەردەکەون، زمانی کوردی چەند زاراوەیەکی لەم شێوەیەی خواستووە، بۆ نموونە:

- ناسا ( NASA ) (National Aeronautics and Space Administration)
- ناتۆ (NATO) (North Atlantic Treaty Organization)
- ئۆپیک (OPIC) (Overseas Private Investment Corporation)
- یونسکۆ(UNISCO) ( United Nation Children's Fund)
- لیزەر (Laser) ( light amplification by stimulated emission of radiation)
- داعش (الدولة الأسلامية في العيراق والشام)

**٥/٢-١-٢-٤-٢) کورتکردنەوە (تاک پیتی/ئەلفبێیی):**

بریتییە لە کورتکردنەوەی وشەیەک یان فرێزێک لە ڕێگەی وەرگرتنی پیتی یەکەمی هەر وشەیەکەوە، کە دەبنەناو بۆ کەرەستە یان کۆمپانیا یان ڕێکخراوێک، کە هەر بە ئەلفوبێکە دەخوێنرێتەوە و دەنووسرێت و وەکو وشەیەکی نوێ دەرناکەون، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

(ی.ن.ک) یەکێتی نیشتمانی کوردستان

(پ.ز) پێش زایین

(پ.م) پێشمەرگە

زمانی کوردی چەند کورتکراوەیەکی بە ئامادەکراوی لە زمانەکانی دیکەوە خواستووە، ئەمەش زیاتر ئەو کورتکراوانەن، کە بەجیهانیبوون و لە زۆربەی زمانەکاندا بە هەمان فۆرم و واتاوە بەکاردەهێنرێن، وەکو:

- ئێم ئەی جی (MAG) ← Mines Advisory Group
- دی ئێن ئەی (DNA) ← Deoxyribonucleic acid
- تی جی (TG) ← Triglyceride
- پی دی ئێف (PDF) ← Portable Document Format
- سی دی (CD) ← Compact disk
- دی ڤی دی (DVD) ← Digital Versatile Disc
- ڤی ئای پی (VIP) ← Very important person
- جی پی ئێس (GPS) ← Global Positioning System

**٥/٢-١-٢-٥) وردکردنەوە:**

بریتییە لەو پرۆسەیەی، کە (پارچەیەک، لە پێش یان لە کۆتایی وشەوە وەردەگیرێت و لە جیاتی فۆرمە گشتییەکەی بەکاردەهێنرێت، لە ئەنجامدا فۆرمێکی سەربەست دروست دەبێت) (قادر، ٢٠٠٢: ١٤)، کە لە جیاتی وشەکە یان فرێزەکە بەکاردەهێنرێت، زیاتر لە پرۆسەی ناوناندا بەکاردێت، کورتکردنەوە زیاتر پەیوەندی بە لایەنی ئیکۆنۆمی لە زماندا هەیە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

یەکێتی ⟵ یەکێتیی نیشتمانی کوردستان

پارتی ⟵ پارتی دیموکراتی کوردستان

زمانی کوردی چەندین وشە و فرێزی لەگەڵ وردکردنەوەکانیان خواستووە، نموونە:

| | | |
|---|---|---|
| - گاز (Gas) | ⟵ | Gasoline |
| - ماس (Math) | ⟵ | Mathematic |
| - مارکێت (Market) | ⟵ | Supermarket |
| - نێت (Net) | ⟵ | Network |
| - ترافیک (Traffic) | ⟵ | Traffic light |
| - لاب (Lab) | ⟵ | Laboratory |

### ٥/٢-١-٢-٦) گۆڕانی واتای وشەی خوازراو:

بریتییە لە گۆڕینی واتا، یان بەشێک لە نیشانە واتاییەکانی وشەی خوازراو لە زمانی وەرگردا، (هەموو وشەیەک لە توانایدا هەیە، واتای خۆی بگۆڕێت، ئەگەر هەلی بۆ ڕەخسا و بەپێی کات و سەردەم و چالاکی وشەکە و کێڵگەکەی، بەکارهێنان و چالاکی وشە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، لەگەڵ ناولێنراوەکە (حەسەن، ٢٠٠٨: ٥٢)، هەندێک لە وشە خوازراوەکانیش ئەو واتا و ڕۆڵەی لە زمانەکەی خویدا هەیبووە لە زمانی وەرگردا گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێت، ئەمەش پەیوەست بە پێویستی واتایی و کولتور و بیرکردنەوەی زمانی وەرگرەوە، ئەم گۆڕانەش چەند جۆرێکن:

### ٥/٢-١-٢-٦-١) تەسکبوونەوەی واتا:

بریتییە لەوەی، کە (وشەکە واز لە واتا گشتییەکەی خۆی بێنێت و پسپۆڕی لە واتایەکی تەسکتردا پەیدابکات) (فتاح، ٢٠١١: ١٢٨)، ئەم ڕێگەیەش لە هەموو زمانێکدا هەیە و بەپێی کات گۆڕانی واتایی بەسەر هەندێک لە وشەکانیدا هاتووە، هەندێک وشەی خوازراو لە زمانی وەرگردا واتاکەی تەسکبووەتەوە هەمبەر بەو واتا فراوان و گشتییەی، کە لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیدا هەیبووە، بۆ نموونە (وشەی (poison)ی ئینگلیزی بە واتای (ژەهر)، کە لە زمانی فەرەنسییەوە خوازراوە و بۆ واتای (ژەمێک لە هەر شلەیەک) بەکارهێنراوە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا تەنها ژەمە ژەهراوییەکان سەرنج ڕاکێش بوو، بەمەش واتاکەی تەسکبووەتەوە بۆ واتایەکی تایبەت بە ژەهر، بەمەش مەدلولی وشەکە سنوردارکرا) (ئۆڵمان، ١٩٨٧: ١٨٠)، لە زمانی کوردیشدا واتای چەندین وشەی خوازراوە تەسکراوەتەوە، بۆ نموونە:

- وشەی (شەراب)، کە لە زمانی عەرەبییەوە خوازراوە، بە واتای هەموو خواردنەوەیەک دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتاکەی تەسکبووەتەوە و تەنها بۆ ئەو خواردنەوانە بەکاردەهێنرێت، کە (کحول) یان تێدایە.

- وشەی خوازراوی (پارتی)، کە لە وشەی (party) ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لە زمانە بنەڕەتییەکەدا بۆ هەموو پارتێک بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتای فراوانەکەی بۆ واتایی تایبەتی تەسکبووەتەوە و بووەتەناو بۆ حزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان).

## ٥/٢-١-٢-٦-٢) فراوانبوونی واتا:

ڕێگەیەکی دیکەی گۆڕانی واتای وشەیە لە زماندا، بریتییە لەوەی، کە (وشەیەک بە تێپەڕبوونی کات واتایەکی فراوانتر پەیدادەکات و دیاریدەیەکی گەورەتر دەگرێتەوە) (فتاح، ٢٠١١: ١٢٨)، هەندێک وشەی خوازراو واتایەکی فراوانتر لە زمانی وەرگر پەیدادەکات هەمبەر بەو واتایەی لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیدا هەیبووە، بۆ نموونە (وشەی (arrive) ئینگلیزی کە بەرانبەر (arriver)ی فەڕەنسییە لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە (adripare) بە واتای (دەگاتە کەنار) و ئەمەی دوایی دەگەڕێتەوە بۆ (ripa) واتە (کەنار)، ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی دەریاوانی بووە و تەنها بە واتای گەیشتن بە بەندەر بەکاردەهێنرا، بەڵام ئێستا شێوەی بەکارهێنانی فراوانترە، کە جۆرگەلێکی زۆر لە گەیشتن دەگرێتەوە، گەر بەپێ یان هەر کەرەستەیەک لە کەرەستەکانی گواستنەوە بێت. بەمەش دەبینین وشەکە واتایەکی فراوان و گشتگیرتر دەبەخەشێت) (ئۆڵمان، ١٩٨٧: ١٨٠)، زمانی کوردی چەندین وشەی خواستووە، کە واتاکەی هەمبەر بەو واتایەی لە زمانە بنەڕەتییەکە هەیبووە، فراوانکراوە، بۆ نموونە:

- وشەی (فەقیر)، کە لە زمانی عەرەبییەوە خوازراوە، وەکو لەم دوو ڕستەیەی خوارەوە دەردەکەوێت، هەمبەر بە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆی، کە هەژارییە، واتای (بێدەنگ و داماو و بەستەزمان)یشی پەیداکردووە:
  أ. ژنەکە <u>فەقیرە</u>، خێری پێدەشێت. (هەژاری و دەستکورتی)
  ب. ژنەکە <u>فەقیرە</u>، هەقی بە کەسەوە نییە. (بێ دەنگی و داماوی و گێل)

- وشەی فۆرم (form)، کە لە زمانە بنەڕەتییەکەی بە واتای (شێوە/شکڵ) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتاکەی فراوانتر بووە، بۆ (فۆرمی خۆراک) و (فۆرمی دامەزراندن)...هتد) بەکاردێت.

– وشەی (تایت) لە زمانی کوردیدا تەنها مارکەی (پودرەی شتنی کارگەی تایت) نییە، بەڵکو بووە بە ناوێک بۆ گشت ئەو پۆدرانەی جلشتن، کە لە کارگەی جۆراوجۆردا بەرهەمهێنراون و مارکەی جیاوازیشیان هەیە (مەحویی، ٢٠١٠: ١٥٧).

### ٥/٢-١-٢-٦-٣) بەرزبوونەوەی واتا:

بریتییە لە وشەیەک لە کۆندا واتا بنەڕەتییەکەی بارودۆخێکی خراپ و ناخۆشی گەیاندبێت، بەڵام ئێستا گۆڕانی واتایی بەسەردا هاتووە و بووە بە فۆرم بۆ واتایەکی باش و پەسەند، بۆ نموونە (وشەی (شۆخ) کە ئێستا بە واتای (جوان) دێت، لە پێشتردا بۆ واتای (بێ حەیا) بەکارهاتووە (فتاح، ٢٠١١: ١٢٩)، وشە خوازراوەکانیش لەو گۆڕانە واتاییانە بەدەر نین و هەندێکیان کە هاتوونەتە زمانی کوردییەوە لەژێر کاریگەریی کولتوری کۆمەڵدا واتاکانیان هەمبەر بەو واتایەی، کە لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیدا هەیبووە، بەرزکراوەتەوە، یان واتای خراپی لێداماڵرێنراوە، بۆ نموونە:

– وشەی (حەزرەت) لە زمانی کوردیدا، کە بە کەسێک دەوترێت لە ئاستی پیاوچاکان و پێغەمبەراندا بێت، لە وشەی (حضرت)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای (بەرێز/ جەناب) وەکو (حضرة الرئیس) (جەنابی سەرۆک) دێت (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ٤٦).

– وشەی (کەپڵ) هەمبەر بە ئەو واتایەی لە زمانی ئینگلیزیدا هەڵیگرتووە، تاڕادەیەک واتاکەی بەرزکراوەتەوە، چونکە لە زمانی کوردیدا بۆ کوڕ و کچێک بەکاردەهێنرێت، کە تەنها پەیوەندییەکی سۆزداری خۆشەویستییان لە نێواندایە، بەزۆری پەیوەندییەکە نهێنییە و پێش قۆناغی دەزگیرانداریەتییە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ کوڕ و کچێک بەکاردەهێنرێت، کە (پەیوەندی سۆزداری و سێکسی)یان لە نێواندایە، بەبێ ئەوەی بە پرۆسەی هاوسەرگیریدا تێپەڕبووبن.

– واتای (ئەمن، سەیتەرە) لە پێش ڕاپەڕیندا واتای (ترس و کوشتن وبڕین و گرتن) گەیاندووە، لە دوای ڕاپەڕین واتاکانیان بۆ (ئەمن و ئاسایش و پارێزەرانی شار) بەرزکراوەتەوە.

### ٥/٢-١-٢-٦-٤) نزمبوونەوەی واتا:

بریتییە لە وشەیەک لە پێشوودا واتایەکی باش و پەسەند، یان بێلایەنی گەیاندبێت، بەڵام ئێستا وازی لەو واتایە هێناوە، یان واتایی دیکەی لێبارکراوە، کە هەمبەر بە واتا بنەڕەتییەکەی واتاکەی نزمکراوەتەوە، لە زمانی کوردیدا گۆڕان بەسەر واتای چەند وشەیەکی خوازراودا هێنراوە، یەکێک یان زیاتر لە نیشانە واتاییەکانی هەمبەر بەو واتایەی وشەکە لە زمانە بنەڕەتییەکە (زمانە بەخشەرە)کەیدا هەیبووە، نزمکراوەتەوە، بۆ نموونە:

- وشەی خوازراوی (عەیار)، کە بۆ بە نرخی جۆرەکانی ئاڵتوون لەڕووی ڕێژەی مادەی ئاڵتون تیایدا، وەکو ئاڵتوونی (عەیار١٨، عەیار٢١، عەیار٢٤...هتد) بەکاردەهێنرێت، لە پاڵ ئەم واتا ئاساییە، بۆ کچێکی منداڵ، کە (زۆرزان و وریا بە مەکروناز) بەکاردەهێنرێت، کە تاڕادەیەک واتایەکەی نزمکراوەتەوە.

- وشەی خوازراوی (دەلاڵ)، کە لە (دلال) عەرەبییەوە وەرگیراوە، واتاکەی نزمکراوەتەوە و لە واتای ڕێنیشاندەری عەرەبییەوە گۆڕاوە بۆ کەسێ، کارێک بەرامبەر بڕە پارەیەک ئەنجامدەدات (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ٤٦).

- هەردوو وشەی (جنس)ی زمانی عەرەبی و (سێکس)ی زمانی ئینگلیزی، لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیاندا بۆ هەردوو واتای جووتبوون و ڕەگەز (نێر، مێ) بەکاردەهێنرێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا واتاکانیان نزمکراوەتەوە و بۆ واتای (جووتبوون) بەکاردێن.

### ٥/٢-١-٢-٧) دروستبوونی فرەواتایی:

بریتییە لەو وشە و فرێز و ڕستانەی زمانێک، کە بەهەمان شێوە دەنووسرێن و دەخوێنرێنەوە، بەڵام لە واتایەک زیاتر دەبەخشن، (واتاکانیش لێکنزیکن و پەیوەندییان بەیەکەوە هەبێت، هەربۆیە لەکاتی بەکارهێنانی سیما واتاییەکاندا لە چەمکی مانا سەرەکییەکەدا هەردووکیان دوو کۆمەڵە سیمای لێک نزیک وەردەگرن) (قادر، ٢٠٠٠: ١٠)، ئەگەر فرەواتایی نەبوایە، دەبوو بۆ هەموو کەرەستە و چەمکێکی نوێ چی لەناو زمانەکە خۆی یان لە زمانەکانی دیکەوە بخوازرێت، فۆرمێکی نوێی بۆ سازبکرایە، یان بۆی بخوازرایە، یەکێک لە هۆیەکانی پەیدابوونی فرەواتایی خواستنی واتایە لە زمانەکانی دیکەوە، کە واتاکە لە وشەیەکی خۆماڵی زمانەکە یان وشەیەکی دیکەی خوازراو باردەکرێت، ئەمەش لەلایەکەوە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەنددەکات و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێگرە لە هاتنی فۆرمی خوازراو، وەکو:

١. خواستنی واتای نوێ و بارکردنی لە وشەیەکی خۆماڵی، وەکو:

پسپۆڕ ← کەسێکی شارەزا لە ئاژەڵداری
پسپۆڕ ← خەبیر(پسپۆڕی بواری زانستێک)

سەرچاوە ← سەرچاوەی ئاو
سەرچاوە ← سەرچاوەی داهات
سەرچاوە ← سەرچاوەی زانستی

٢. خواستنی واتای نوێ و بارکردنی لە وشەیەکی خوازراو، وەکو:

پۆست ← پۆستی پۆستە و گەیاندن
پۆست ← پۆستی حکومی
پۆست ← پۆستی فەیسبوک

باڵانس ← تەرازوو
باڵانس ← باڵانس و میزانییەی ئۆتۆمبیل
باڵانس ← باڵانسی هێز

کورسی ← کورسی دانیشتن
کورسی ← کورسی ڕامیاری (پەرلەمان، حکومەت...هتد)
کورسی ← کورسی خوێندن

## ٢/٥-٢) لایەنە نەرێنییەکانی خواستنی زمانیی:

### ٢/٥-٢-١) لایەنە نەرێنییەکانی ناوەوەی زمان:

### ٢/٥-٢-١-١) پەکخستنی یاساکانی وشەسازکردن:

تەنها پشتبەستن بە وشەخواستن بۆ پڕکردنەوەی پێویستییە زمانییەکان وەکو ڕێگەیەکی ئاسان و ئامادەکراو، دەبێتەهۆی پەکخستنی توانای زمان بۆ سازکردنی وشەی نوێ، چونکە هەموو زمانێک کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای بۆ سازکردنی وشەی نوێ هەیە و بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانی پشتیان پێدەبەستێت و بە بەردەوامی لە وشەکانی دیکەی زمانەکەوە وشەی نوێ بۆ کەرەستە و چەمکە نوێیەکان سازدەکات، لەم ڕێگەیەوە خۆشی نوێدەکاتەوە، بەرهەمەکەی بەشێکی زۆری فەرهەنگی زمانەکە پێکدەهێنێت، کە نیشانەی بەهێزی و لەکاردابوونی زمانەکەیە، (زمانی کوردی زمانێکە ئاسان وشەی بۆ دەتاشرێت و دادەڕێژرێت، بە پاشگر و پێشگر و لێکدانی وشە و ئامرازەکانی لە یەک بەستنەوە، با زمانەکەمان بەناوی جیهانگیرییەوە نەکەینە چێشتی سواڵکەر، تا ئێستا پارێزراوە با نەفەوتێت) (عەلی و حمەئەمین، ٢٠٠٦: ٦٤)). وەکو ئەم وشانەی خوارەوە (نوێژ، مووچە، فڕۆکە)، کە لە زمانی کوردیدا سازکراون، دووبارە بوون بە بناغە بۆ سازکردنی چەندین وشە و فرێزی نوێی دیکە، هەمبەر بە وشە خوازراوەکانی (تەیارە، سەلات، مەعاش، کۆمپیوتەر، سینەما، حەج، مەتعەم، زەواج...هتد)، وشە خوازراوەکان ئەو توانایەیان بۆ بوون بە بناغە بۆ سازکردنی وشەی نوێ لە زمانی کوردیدا نییە، بۆ نموونە:

-لە وشەی (نوێژ)، کە بەرانبەرە بە (prayer)ی زمانی ئینگلیزی و (صلاة)ی زمانی عەرەبییە، چەندین وشە و فرێزی نوێ سازکراوە، وەکو (بێنوێژ، بێنوێژی، بەنوێژ نوێژخوێن، پێشنوێژ، بەرنوێژی،

نوێژکەر، نوێژنەکەر، نوێژەبارانە، شەونوێژ، بەردەنوێژ، نوێژکردن، نوێژی مردوو، نوێژی فەرز، نوێژی سوننەت، نوێژی تەراویح، نوێژی جەژن...هتد).

– لە وشەی (موچە)وە، کە بەرانبەرە (stipend)ی زمانی ئینگلیزی و (راتب/معاش)ی زمانی عەرەب، چەندین وشە و فرێزی نوێ سازکراوە، وەکو: (موچە، بێموچە، سەرەموچە، بەرزەموچە، موچەخۆر، دووموچە، پاشەکەوتی موچە، لێبڕینی موچە، لێدزینی موچە، موچەبڕاو، نیوموچە، ڕوبعەموچە، موچەی تەواو، لیستی موچە، موچەی مانگانە/هەفتانە،...هتد). سازکراون.

–سازکردنی وشەی (فڕۆکە) لە ڕەگی چاوگی فڕین (فڕ)+ پاشگری /–ۆکە/ لە بەرامبەر(airplane)ی زمانی ئینگلیزی و (الطائرة)ی زمانی عەرەبی و (هواپیما) لە زمانی فارسیدا، بووەتە بناغە بۆ سازکردنی چەندین وشە و فرێز، بۆ نموونە:

فڕۆکە

| وشەی دارێژراو | وشەی لێکدراو | فرێز |
|---|---|---|
| فڕۆکە | دژەفڕۆکە | فڕۆکەی سەربازی |
| فڕۆکەوان | فڕۆکەهەڵگر | فڕۆکەی هاوکاری |
| فڕۆکەوانی | فڕۆکەشکێن | دەنگی فڕۆکە |
| فڕۆکەخانە | پۆلەفڕۆکە | فڕۆکەی جەنگی |
| بێفڕۆکەوان | باڵەفڕۆکە | فڕۆکەی مەدەنی |
| فڕگە | شەڕەفڕۆکە | فڕۆکەی نەفەرهەڵگر |
| | | فڕۆکەی کشتوکاڵی |
| | | فڕۆکەی هێرشبەر |
| | | فڕۆکەی چاودێری |
| | | فڕۆکەی گەشتیاری |
| | | فڕۆکەی ئاگرکوژێنەوە |
| | | تکتی فڕۆکە |
| | | فڕۆکەی چاودێری |

بۆیە ئەگەر لە جیاتی وشەی (فڕۆکە) وشەی زمانەکانی دیکەمان (airplane)، (الطائرة)، (هواپیما) بەکاربهێنایە، ئەوە ئەو وشە و فرێزانەی لێیانەوە سازکراوە، یان وەرگێراوە، هەر بە هەمان فۆرم و واتای زمانە بەخشەرەکە بەکاردەهێنران.

وەکو لە نموونەوە دەردەکەوێت، وشە خۆماڵییەکان بە بەرهەمترن بۆ سازکردنی وشەی نوێ، ئەگەر لە جیاتی وشەکانی (نوێژ، موچە، فڕۆکە )، وشە لە زمانەکانی دیکەوە بخوازرایە، ئەوە دەبوونەهۆی ڕاکێشانی چەندان وشەی دیکەی پەیوەست بە خۆیانەوە لە زمانەکانی دیکەوە.

## ٥/٢-٢-١-٢) پوکانەوەی وشە خۆماڵییەکان:


خواستنی ئەو وشانەی، کە پێویست نین و کەلێنێکی فەرهەنگی زمان پڕناکەنەوە، کاریگەری نەرێنی دەکەنەسەر زمان، (کارسکی) زمانناسی ڕووس، دەڵێت: (پێویست ناکات بەدوای وشەی زمانێکی تر(بێگانە)دا ڕاکەن، لە کاتێکدا لە زمانەکەی خۆماندا، وشەی پڕاوپڕی پاراومان هەیە، کە ئاسانتر و تەواوتر لێی تێدەگەین) (سدیق، ٢٠٢٠: ٣١)، چونکە (وشەی ڕەسەن و میراتی، بە پێچەوانەی وشەی وەرگیراوەوە، بزیو و چالاکن و هەموو پانتایی زمانیش داگیردەکەن) (هەرشەمیی، ٢٠٢٠: ٤١). وشە ڕەسەنەکان سەرمایەی فەرهەنگی زمانەکەن و بناغەی دروستبوونی چەندان وشەی دیکەن، پەیوەستن بە بیروبۆچوون و ئەزموونی ئاخێوەرانییەوە و لە فەرهەنگی ئاوەزییدا، سەرەڕای سیما واتاییە بنەڕەتییەکانیان چەندین سیمای لاوەکیشیان هەڵگرتووە، کە درکپێکردن و بە کارهێنانیان تایبەتە بە ئاخێوەرانی ئەو زمانە خۆیەوە، بۆ نموونە (زۆربەی فۆرمە فەرهەنگییەکان/یەک-لێکسیمەکانی زمانی کوردی مارکە لێنەدراون، چونکە زۆربەیان گشتێتی دەردەبڕن، ئەوەش وایکردووە، کە فۆرمی فەرهەنگیمان کەم و ناوەخن فراوان و دەوڵەمەندبن. بەوەش لە ڕێگای بەکارهێنان و پەیوەستکردنی یەک-لێکسیمەکانەوە ناوەخنە واتاییەکەیان دەردەخرێت و مەودای فەرهەنگییان فراوان دەکات) (مەعرووف، ٢٠١٤: ٩٧)، بە پێچەوانەوە زۆربەی وشە خوازراوەکانەوە، کە وەکو فۆرمی یەک-لێکسیمی لە زمانەکەدا دەردەکەون و مارکەلێدراون و تەنها بە نیشانە بنەڕەتییەکانیانەوە یان بەشێک لە نیشانەکانەوە بەکاردەهێنرێن و نیشانەی لاوەکییان نییە، وەکو (حکومەت، پەرلەمان، زەکات، حەج، تایت، ڤایرۆس، پاسەپۆرت، تۆتۆمبیل، ماتۆڕ، ئیمێڵ، سەفر،...هتد)، واتە ناوەخنی دەوڵەمەندییان نییە و تەنها بەو نیشانە واتاییانەی لە زمانە بنەڕەتییەکەی خۆیدا هەبیووە بەکاردەهێنرێن، تەنانەت ئەگەر نیشانەی لاوەکیشی هەبوویێت لەگەڵیدا نەهاتووە، چونکە نیشانە لاوەکییەکان زیاتر پەیوەستن بە توانای بیری ئاخێوەرانییەوە لە کولتورێکەوە بۆ کولتورێکی دیکە جیاوازن، بۆ نموونە بڕوانە نیشانە واتاییەکانی (پیاو) لە زمانی کوردیدا، کە مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا هەمان نیشانەی واتاییان هەبێت، بۆ نموونە:

– ئەو پیاوە باوکی ئەوینە.     {+مرۆڤ، +نێر، +هەراش، + ژنیهێناوە}

– نەسرین /ئازاد پیاوانە هەڵسوکەوتیان کرد. {+جوامێری، +بەهێزی، +چاکی...}

سەرەڕای ئەمانەش پەیداکردنی وشەی هاوواتا بۆ وشە ڕەسەنەکان لە زمانێکی دیکەوە و بەکارهێنانی شانبەشانی، ڕەنگە لە داهاتوودا وشە خۆماڵییەکە بەرەو پوکانەوە ببات، ئەمەش هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی فەرهەنگی زمان و گەشەنەکردنی. جاری وەها هەیە تەنها یەک وشەی خوازراو، چەند وشەیەکی ڕەسەنی زمانەکە بەیەکەوە ڕادەماڵێت، بۆ نموونە:

– خواستنی وشەی (زەواج)ی عەرەبی لەلایەن زمانی کوردییەوە، کەوتووەتە ململانێی سێ وشەی ڕەسەن و پڕواتای زمانەکە و لە بەکارهێناندا پێشیان کەوتووە و خەریکە بەتەواوەتی جێگەی هەرسێ وشەی پەیوەندار بە پرۆسەکەوە (هاوسەرگیری و ژنهێنان و شوکردن) دەگرێتەوە، بەمشێوەیە:




ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە وشەی (زەواج) لە زمانی بەخشەردا دۆخی ڕەگەزی پێوەیە، (زوج) بۆ نێر و (زوجة) بۆ مێیە، بەڵام کە هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، مۆرفیمەکانی دۆخی ڕەگەزی لێکراوەتەوە و (زەواج) بۆ هەردوو ڕەگەزەکە وەکو یەک بەکاردەهێنرێت.

– خواستنی وشەکانی (تەوالێت، WC) تەنگیان بە چەندین وشە و دەربڕاوی کوردی، وەکو (ئاودەست، سەرئاو، چوونەسەرئاو (عەدەب/عەدەبخانە)/(ئەدەب/ئەدەبخانە)، دەست بە ئاوگەیاندن...هتد) هەڵچنیوە و پێشیان کەوتوون و ڕەنگە لە داهاتوودا بە تەواوەتی جێگەیان بگرنەوە و ببنەهۆی پووکانەوەیان.

### ٢/٥-٢-١-٣) دروستبوونی هاوواتایی:

هەر زمانێک وشە و کەرەستەی پێویستی خۆی دەخاتە بەردەست ئاخێوەرانی، (هەرچەندە ئەمە بۆ وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی دیکە ڕێگرنابێت، هەروەها وشەکان دواتر دەبنە هاوواتای وشە ڕەسەنەکانی زمانەکە، ئەمەش دەشێت بۆ سەردەمێک بێت و دواتر ململانێ لەنێوان ئەو هاوواتایانەدا

بێتەئاراوە و لە ئاکامدا یەکێکیان هەڵی مانەوە و بەردەوامبوونیان دەبێت و لەمەشدا مەرج نییە، مانەوە بۆ وشە ڕەسەنەکە بێت، بەڵکو دەشێت وشە بێگانەکە وشە ڕەسەنەکە بخاتە پەراوێزەوە، ئەگەر نەتەوەی خاوەن زمان، خاوەنی سیاسەتی زمانی خۆی بێت، ئەوا هەمیشە مانەوە بۆ وشە ڕەسەنەکە دەبێت) (فەرەج، ٢٠١٢: ١١٣)، ئەو هاوواتایانەی بەهۆی خواستنی وشەوە دروستدەبن، کاریگەرییەکی نەرێنی دەکەنەسەر زمان، چونکە بارگرانییەکی زۆر دەخاتەسەر ئاخێوەرانی، لە کاتێکدا ئێستا بەهۆی جەنجاڵی مرۆڤ و جیهانگیری و شارستانییەتەوە ئاخێوەر زیاتر پێویستی بە ئابوریکردن لە دیاردە زمانییەکاندا هەیە، لە ئەنجامدا وشە خوازراوەکە دەکەوێتە ململانێی وشە خۆماڵییەکە و ڕەنگە جێگەی بگرێتەوە، یان شانبەشانی بەکاربهێنرێت، وەکو (بانگ و سەڵا، ڕێز و ئیحترام، فەقیر و هەژار، وەعد و پەیمان، کورت و موختەسەر، عەقڵ و هۆش...هتد). ئەم لایەنە نەرێنییەش بەهۆی ئەم هۆکارانەوە دێنەئاراوە:

١. خواستنی وشەی ناپێویست، کە لە زمانەکەدا وشەی گونجاو بۆ هەمان کەرەستە و چەمکەکە هەیە، یان وشەی بۆ سازکراوە، یان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە واتاکەی بە بێژەی خۆماڵی دەربڕاوە، بەڵام هەر وشە خوازراوەکەش بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| هاوسەرگیری | زەواج |
| چالاک | ئەکتیڤ |
| نامە | مەسج |
| تاقیگە | موختەبەر |
| نەشتەرگەری | عەمەلیات |
| پشکنین | فەحص |
| پەستانی خوێن | زەخت |
| ڕاپرسی | ڕیفراندۆم |
| چارەسەر | عیلاج |
| هۆش/بیر | عەقڵ |
| پێناس | جنسییە |
| دابەزاندن | داونلۆد |
| بەسەرچوون | ئێکسپایەر |
| گەیاندن | دلیڤەری |
| پێشینە | سلفە |
| جیابوونەوە | تەڵاق |

| بەرگری لەش | مەناعە |
| --- | --- |

خشتەی ژمارە (٢٨)

٢. زیاتر لە وشەیەک بۆ واتایەک لە چەند زمانێکی جیاوازەوە خوازراوە، بۆ نموونە:

-شلیک/ فراولە/توت فەرەنگی

-مۆندیال/ کاس عالەم

-پاسەپۆرت/ جەواز

-تانک/دەبابە

-پارت/حزب

-تیجارەت/بزنس

-ئۆتۆمبیل/سەیارە

-بالانس/وەحدە

-کۆمپانیا/شەریکە

زۆرێک لەو وشە هاوواتا خوازراوانەی، کە لە زمانە جیاوازەکانەوە دێنە زمانێکەوە، دوای ماوەیەک هەریەکەیان ڕێگەی جیاواز دەگرنەبەر و دەبنەناو بۆ بەشێک لە کەرەستە یان پرۆسەیەک و هەریەکەیان گوزارشت لە بەشێکی کەرەستەکە یان چەمکەکە دەکەن، بۆ نموونە لە سەرەتای پەیدابوونی ئامێری ئیستنساخ، وشەی (ئیستنساخ)یش بۆ کاری دەرکردنی شتێک لەسەر شتێکی دیکە لە زمانی عەرەبییەوە هاتەناو زمانی کوردییەوە، پاشان لەگەڵ پەیدابوونی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و پرینتەر...هتد، وشەی (copy)یش لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ هەمان مەبەست خوازراوە، سەرەڕای ئەوەی وشەی (لەبەرگرتنەوە)ش لە زمانی کوردیدا بۆ ئەو وشە خوازراوانە سازکرا، بەڵام ئێستا هەریەکەیان بۆ بەشێکی پرۆسەی دەرکردنی شتێک لەسەر شتێکی دیکە بەکاردەهێنرێن، وەکو لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:

پرۆسەی دەرکردن/ وینەگرتنی شتێک لەسەر شتێکی تر

| ئیستنساخ | کۆپی/COPY | لەبەرگرتنەوە |
|---|---|---|
| زیاتر ئەو پێناس و نووسراو و مامەڵانە بەکاردێت، کە لەسەر کاغەز نووسراون، وەکو:(ڕەگەزنامە، کارتی زانیاری، فۆرمی خۆراک ، ئەو مامەڵانەی ڕۆژانەی فەرمانگەکان، کە لە ڕێگەی کاغەزەوە ئەنجامدەدرێت. | زیاتر بۆ کۆپیکردنی ئەو نووسراو وێنە و شتانە بەکاردێت، کە پەیوەندییان بە ئامێرە نوێیەکانی وەکو کۆمپیوتەر و موبایل...هتد)ەوە هەیە، وەکو کۆپیکردنی شتێک بۆ سەر (CD، DVD، فایل، میمۆری ...هتد) بەکاردێت. | لەبەرگرتنەوە، کە وشەیەکی سازکراوە لە زمانی کوردیدا، زیاتر بۆ بابەتەکانی وەکو لەبەرگرتنەوەی (وێنە، کتێب، کلیپ...هتد) بەکاردەهێنرێت. |

هێڵکاریی ژمارە (١٣) دروستبوونی هاوواتای بەهۆی وشەی خوازراوەوە

### ٤-١-٢-٥/٢) دروستبوونی هاوبێژی:

بریتییە لە دوو فۆرمی هاوشێوە، کە واتای جیاوازیان هەیە و هیچ پەیوەندییەکی واتاییان لە نێواندا نییە و تەنها بە ڕێکەوت فۆرمەکانیان وەکو یەکە. وشەی خوازراو بە یەکێک لە هۆیەکانی پەیدابوونی هاوبێژی دادەنرێت، کاتێک وشەیەک دەخوازرێت بە ڕێکەوت هەمان فۆرمی وشەیەکی خۆماڵی هەیە، یان لە ئەنجامی گۆڕانی فۆنۆتاکتیکی وەکو فۆرمی وشەیەکی خۆماڵی لێدێت، (واتا جیاوازەکانی وشەی هاوبێژ، هەڵقولاوی یەک ڕەگەز و بنچینە نین و بۆ دوو بنچینەی جیاواز دەگەڕێنەوە) (برزو و محمد، ٢٠١٧: ٤٢٨)، هاوبێژی لایەنێکی نەرێنییە لە زماندا، چونکە (بەشێکی گرنگی زمان نییە و بەهیچ جۆرێک پێویست نییە لە زماندا هەبێت و بەبێ هاوبێژی زمان بە تواناترە) (فتاح، ٢٠١١: ١٧٤)، هەروەها (دەبنە مایەی کەمکردنەوەی چالاکی زمان و ئەرکێکی زۆر دەخاتە ئەستۆی ئەوانەی دەیانەوێ فێری زمانەکە ببن) (قادر، ٢٠٠٠: ٤٠). پەیدابوونی هاوبێژی بەهۆی وشەی خوازراوەوە بە چەند شێوەیەک دەبێت:

١. وشەیەکی خوازراو لە زمانی کوردیدا بە ڕێکەوت لەڕووی فۆرمەوە کوتومت وەکو وشەیەکی خۆماڵی دەردەبڕێت، وەکو:

- مۆڵ ← بۆ کۆکردنەوەی ئاژەڵ لە شوێنێکدا بەکاردێت، هەروەها لە وشەی (مۆڵ+گە)ش.
  ← بۆ پارە (پارەیەکی مۆڵی دەستکەوتووە.)
  ← (mall) بازاڕ، شوێنی فرۆشتن (فامیلی مۆڵ، زانا مۆڵ...هتد).

چەك-
- چەکی سەربازی
- چەکی پارە (check)

هەویَ
- دوو ژنی پیاوێک دەبن بە هەوێیەی یەکتری.
- پێناسی کەسی، ناسنامە

میل
- میل لە (دنگومیل)، کە بۆ وردکردنی دانەوێڵە و کوتانی کونجی و خورما بەکاردێت.
- یەکەیەکی پێوانەی دوورییە، کە دەکاتە (١،٦٠٩) مەتر.
- میلی کاتژمێر

٢. وشەیەکی خوازراو بەهۆی گۆڕانی فۆنۆتاکتیکییەوە وەکو وشەیەکی خۆماڵی دەردەبڕێت، وەکو:

سوچ
- سوچی ژوور، خانوو...هتد، (تەلەفزیۆنەکە لە سوچی ژوورەکە هەڵواسە.)
- (سوچ/سویچ)ی ئۆتۆمبیل (ignition key)، ((سوچ/سویچ)ی ئۆتۆمبیلەکە ونبووە.)
- گۆڕینی کارەبا (switch) لە (سوچ/سویچ پلاک)

بیر
- بیر وهۆش
- بیری ئاو (لە وشەی (بئر)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە).

فریز
- (فریز/چیمەن/هەرێز) لە زمانی کوردیدا، (فریزەکە ئاوبدە.)
- فرێز(freeze) بە واتای بەستن لە وشەی (فرێزەر) و (ئەنتی فرێز)دا.
- فرێز(phrase) لە پسپۆڕی زماندا (فرێزی ناوی، فرێزی کاری...هتد).

٣. دوو وشە یان زیاتری خوازراوی جیاواز لەڕووی فۆرمەوە بەهۆی گۆڕانی فۆنۆتاکتیکییەوە وەکو یەکیان لێدێت، وەکو:

پاس
- (bus) ناوە بۆ جۆرێکی ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی سەرنشین.
- (pass) دەرچوون لە تاقیکردنەوە.
- (pass) هەڵدانی تۆپ بۆ هاوڕێ لە یاریکردندا.

فرێز
- فرێز(freeze) بە واتای بەستن لە لە وشەی (فرێزەر) و (ئەنتی فرێز)دا.
- فرێز(phrase) لە پسپۆڕی زماندا (فرێزی ناوی، فرێزی کاری...هتد)

شۆرت ⟵ شۆرتی کارەبا
جلی کورت، کە لە وشەی (short)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

٤. دوو وشەی خوازراو بە ڕێکەوت هەمان فۆرمیان هەیە و وەکو یەک دەردەبڕێن، وەکو:

پاوەند/پاوەن ⟵ (pound) جۆرێکی دراوە هێمای (£) بۆ بەکاردەهێنرێت.
(Pound) جۆرێکی کێشە دەکاتە ( ٤٥٣٦گرام)، لە زمانی کوردیدا زیاتر ڕۆنگۆڕەکان بۆ پێوانەی هەوایی ناو تایەی ئۆتۆمبیل بەکاریدەهێنن.

٥. هێمایەکی خوازراو وەکو وشەیەکی خۆماڵی دەردەبڕێت، وەکو:

پەنجەرە ⟵ پەنجەرەی ژوور/خانوو
هێمای (#) لە موبایلدا

بلۆک ⟵
کەرەستەیەکی بیناسازییە. (خانووەکە بە بلۆک دروستکراوە.)
قەدەغەکردن لە تۆڕە کۆمەڵیەتییەکان...هتد. (لە فەیسبوک بلۆکم کردووە.)
بۆ پارە (بەستە. شەدە) (بلۆکێک پارەی بیست و پێنج هەزاری پێیە.)
بەشێک لە کۆڵانی(گەڕەکێک/ناوچەیەک)،(ماڵیان لە بلۆکی سێی گەڕەکی مامۆستایانە.)

٦. دوو وشەی خوازراو لە دوو بەشە ئاخاوتنی جیاوازەوە بەهۆی گۆڕانی فۆنۆتاکتیکییەوە وەکو یەک دەردەبڕێن، وەکو:

پاس ⟵ (bus) ناوە بۆ جۆرێکی ئۆتۆمبیلی گواستنەوەی سەرنشین.
(pass) کرداری دەرچوون لە تاقیکردنەوە.

## ٥/٢-٢-١-٥) خواستنی هێما و کورتکراوە و ئیمۆجییەکان:

دانانی هێما و کورتکراوەکان و بەکارهێنانی ئیمۆجییەکان، وەکو زاراوە بۆ شت و دەستەواژەکان، لایەنی نەرێنی هەیە و مەترسین لەسەر زمان، چونکە (ڕەنگە لە داهاتوودا ئەم زاراوە دەستکردانە ببنە کردار و ناو و ئاوەڵناو، بەمەش زمان دەگۆڕن بۆ کۆمەڵێک هێمای زمانی نامۆ بە یاسا و ڕێسا زمانییەکان، لە ئەنجامدا زمان لە ڕۆح و هزری نەتەوە دووردەخەنەوە و زمانەکان بۆ ڕەمز و هێما دەگۆڕن و تایبەتمەندییە زمانییەکان لەناودەچن (زفنکي، ٢٠٢١: ١٦٠)، لە زمانی کوردیدا بە لێشاو هێمای کورتکراوەی ناوی کەرەستە و چەمک و ناوی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان و بوارە زانستی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان وەرگیراون و بەکاردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی ئاخێوەری کورد بزانێت، ئەو کورتکراوانە لە چییەوە وەرگیراون و بە واتای چی دێن، وەکو: (Net، Lab، GPS، DNA، NASA، CD، NATO...هتد)، هەروەها بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەلایەتییەکانی وەکو

(فەیسبوک و ئینستگرام و یوتوب...هتد) بۆ گوزارشتکردن لە هەستەکانیان و خستنەڕووی بیروڕایان، لە جیاتی بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوە زمانییەکان، لەم ئیمۆجییانەی خوارەوە بەکاردەهێنن:



## ٥/٢-٢-١-٦) ڕێگری لە نوێبوونەوەی زمان:

زمانە بەرانبەر ناونانی ئەو چەمک و کەرەستە نوێیانەی، کە لە زمانەکەدا سەرهەڵدەدەن، یان دەخوازرێن دەستەوەستان نییە، ئەویش بە سازکردنی وشەی نوێ لە وشەکانی دیکەی زمانەکەوە یان زیندووکردنەوەی وشە کۆن و پووکاوەکانی زمان، کە ڕێگەیەکە بۆ گەشەکردنی فەرهەنگ و زیندوبوونی زمان، هەر وشەیەکیش پێویستبێت و کەلێنێکی زمانەکە پڕبکاتەوە لە زمانەکانی دیکەوە وەریدەگرێت، بەڵام خواستنی بە لێشاوی وشەی خوازراو و خۆماندونەکردن بە سازکردنی وشەی نوێ، دەبێتەهۆی لاوازکردنی زمان، بۆیە (زۆربەی زمانەکان لە ڕێگەی لایەنی پەیوەندار و شارەزا لە زمان، هەوڵدەدەن، کەمتر پشت بە کەرەستەی زمانەکانی دیکە ببەستن، واتە ویستی دانانی وشەی ڕەسەنی ناوخۆیی لە شوێنی ئەو وشانەی، کە هەن و خوازراون، ئەوا پێویستی بە دەستێوەردانی زێدەڕۆیی دەوڵەت هەیە لە ڕێی سەپاندنی ڕێنماییەکانییەوە) (کالفی، ٢٠١٢: ٢٥٦).

هەرچەندە زمانی کوردی وشەیەکی زۆریی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە (بڕوانە: (٤/٢)، بەڵام دەستەوەستان نییە لە سازکردنی وشەی نوێی بەرانبەریان، بە بەردەوامی هەوڵی دەرکردنی هەندێکیا دەدات، بۆ نموونە زمانی کوردی سەرەڕای پڕکردنەوەی بەشێکی پێویستییە فەرهەنگییەکەی لە ڕێگەی وشەی خوازراوەوە، درکی بە زیانەکانی بە لێشاوی وەرگرتنی وشەی زمانەکانی دیکە کردووە، بە بەردەوامی هەوڵی سازکردنی وشەی نوێیان بۆ دەدات، وەکو سازکردنی وشەکانی (هاتوو، ڕۆشتوو، هەناردە، هاوردە، گشتاندن، گەیاندن، ڕاپرسی، هەڵبژاردن، بەربژێر، پاڵاوتن، ناوبژیوان، یاریگا، دادگا، دادوەر، پارێزەر، ڕاگەیاندن، تاقیکردنەوە، پۆل، پشکنین، خزمەتگوزاری، بەڵگەنامە، بەسەرچوون، دابەشکردن، کۆکردنەوە، ئاڵنگاری، ڕۆژبوون...هتد) هەمبەر بە وشە خوازراوەکان، کە هەندێکیان بۆ ماوەیەکی درێژ لە زمانەکەدا بەکاردەهاتن، بۆ نموونە بەکارهێنانی وشەی خوازراوی (مەسج) لە بەرانبەر (نامە)دا، بێبەرهەمە وەکو بناغە لە سازکردنی وشەی نوێ هەمبەر بە وشەی خۆماڵی (نامە)، وەکو (نامەبەر، هەواڵنامە، نامیلکە، ڕۆژنامە، نامەنووس،

نامەخوێن...هتد)، بۆیە (زۆرجار ژەهراوییبوونی زمان لە هاتنی وشە بیانییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەو کاتەی کاریگەری لە عەقڵیەتی بەرهەمهێنی ئاخێوەری زمانەکە دەکات و وای لێدەکات، نەتوانێت ئانالۆژیی بیری خۆی دووبارە بکاتەوە، لەمکاتەشدا میللەتەکە دەبێتە بەکاربەری وشە و عەقڵیەتی بیانی) (سەعید، ٢٠١٥: ١١٤).

## ٥/٢-٢-٢) لایەنە نەرێنییەکانی دەرەوەی زمان:

### ٥/٢-٢-٢-١) ونبوونی تێڕوانین و پێشینەی ئاخێوەران:

زمان تەنها پێرەوێکی ڕیزکراو و لێکدراو نییە، بەڵکو پێرەوێکی بونیادی تایبەتە بۆ دەربڕینی هەست و شتەکان، ئەمانەش لە وشەکاندا هەڵگیراون و نەوە بۆ نەوە دەگوازرێتەوە، سیمای جیاکەرەوەیەتی لە زمانەکانی دیکە، (ئەو وشانەی، کە بە ڕێگاکانی وشەسازی، وشەی نوێیان پێکهێناوە، ڕەنگ و ڕووی نەتەوایەتی و چەشنی بیروباوەڕ و هەستکردن بە دەوروپشت و تێڕوانین بۆ سروشت، زیاتر بەم وشانەوە دیارن) (سدیق، ٢٠١١: ٤٨-٤٩)، واتە وشە خۆماڵییەکانی هەر زمانێک کۆمەڵێک نیشانەی واتایی سەرەکییان هەیە، کە جیاوازە لە هەمان وشە لە زمانەکانی تردا، سەرەڕای نیشانە لاوەکییەکان، بۆ نموونە بڕوانە وشە خۆماڵییەکانی وەکو (پیاوەتی، خۆشەویستی، نانەوا، ژن...هتد)، هەمبەر بە وشەکانی (سێکس، ڕێستۆرانت، سینەما...هتد)، واتە (وشەی وەرگیراو بە هەموو شێوە گۆڕاوەکانیش، تەنها هی زمانە بنچینەکەیە، زمانە وەرگرەکە لەو مێژووە ڕابردووەی وشەکە بێبەرییە، بەمەش وشەی وەرگیراو بێ ڕەگ و بێ مێژوو، یان بە ڕووت و قوتییەوە دەهێنرێتەناو زمانی دی) (هەرشەمی، ٢٠٢٠: ٣٤)، بۆیە وشەی خوازراو ئەگەر کەلێنێکی زمانەکە پڕنەکاتەوە، کار لە عەقڵییەت و دنیابینی و بەرهەمهێنی ئاخێوەری زمانەکە دەکات.

### ٥/٢-٢-٢-٢) دوورخستنەوەی زمان لە دەربڕینی زانست:

پشتبەستنی تەواو بە وشە خواستن لە بوارە زانستییەکاندا بە بیانووی جیهانگیرییەوە و ڕووکردنە وشەی زمانی وڵاتە پێشکەوتو و خاوەن داهێنەرەکان و پیشەسازییەکان، هۆکارێکە بۆ پەراوێزخستن و بەرەو لەناوچوون و مردنی زمان، چونکە زمان ئاوێنەی کۆمەڵەکەیەتی، دەربڕی پێشکەوتنی شارستانییەت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانە و لەگەڵیاندا هەنگاودەنێت، بە پێشکەوتنی پێشدەکەوێت، بە پێچەوانەشەوە، بۆیە پشتبەستن بە وشەی خوازراو لە زانستە جیاوازەکان، دەبێتەهۆی ئەوەی زمانەکە لە دەربڕین لە زانست دووربکەوێتەوە و زمانەکەش بێ توانا بکات، زمانی کوردی بەکارهێنانی لە دەربڕین و خوێندنی زانستدا، ڕووبەڕووی پشتگوێخستن بووەتەوە، بۆ نموونە لە زۆربەی زۆری بەشە زانستییەکانی کۆلێژەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان، زمانی کوردی پشتگوێخراوە، بە دەگمەن بابەتیان هەیە، کە بە زمانی کوردی بخوێنرێت، بۆیە هەمبەر بە بوارەکانی

دیکەی ڕۆشنبیری و ئەدەبی...هتد، فەرهەنگی وشە و زاراوە زانستییەکان چەقبەستووە و پێشکەوتنی فەرهەنگی زمان لەم بوارانەدا بەرەو پوکانەوە دەچێت، بە پێچەوانەوە ئەگەر خوێندن تیایاندا بە کوردی بوایە، پرۆسەکانی وشەسازکردن کارا دەبوون و چەندین زاراوە بۆ چەمکە زانستییەکان دادەنران.

## ٥/٢-٢-٢-٣) مەترسی لەسەر ناسنامەی نەتەوە:

هەستی نەتەوایەتی بۆ مانەوەی زمان هۆکارێکی گرنگە، زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەی، کە هەر لە کۆنەوە بەهۆی داگیرکاری و دراوسێیەتییەوە، فشاری زمانەکانی دیکەی لەسەر بووە، یان بەسەر ئاخێوەرانیدا سەپێنراوە، لە زۆربەی کایە گرنگەکانی ژیان وەکو (خوێندن، ڕامیاری، ڕۆشنبیری ...هتد) قەدەغەکراوە، لە هەمانکاتیشدا بەشێک بووە لە شۆڕشی نەتەوە دژ بە زمانەکانی دیکە ، وەکو چەکێک دژی داگیرکەران بەکارهێنراوە و هەستی نەتەوایەتی پێ بوژێنراوەتەوە، چونکە (پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان هەستی نەتەوەیی و زمانی نەتەوایەتییدا هەیە، تاوەکو هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر بێت، زمانی نەتەوەیی پتر بایەخی پێدەدرێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات. بەپێچەوانەوە، تا ئەم هەستە لاوازبێت، بایەخی زۆر بە زمانی نەتەوەیی نادرێت و دوادەکەوێت، چونکە زمانی نەتەوەیی هەستی نەتەوەیی دەبوژێنیتەوە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی، ئەوانەی زمانی نەتەوەیی خۆیان نازانن، هەستی نەتەوەییان کز و لاوازە) (عەبدولا، ٢٠١٣: ٢٠٦). لە هەموو زمانێکی قەرز وەرگردا، (کۆمەڵە کەسێک هەن، ناڕازین و هەستیارن بە دیاریدەی وشەخواستن و لەو بروایەدان، کە وشەی خوازراو زمان ناشیرین و لەکەدار و پیس دەکات، لەم ڕوانگەیەوە بەرگری لە زمانەکە دەکەن و لە هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە لێشاوی وشەی خوازراو، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش زۆربەی زمانەکان وشە دەبەخشن و وشەش دەخوازن) (باطنی، ١٣٧٣: ٨٠).

ئەو کەسانەی، کە سەرەڕای زانینی زمانی بێگانە لە کاتی پێویستدا نەبێت بە زمانی بێگانە قسەناکەن و بە زمانی دایکیان قسەدەکەن، بە تایبەتی ئەگەر زمانی بێگانە زمانی داگیرکەر بێت، ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئینتمای بۆ زمانەکەی خۆی و بەشێکیشە لە هەستی نەتەوایەتی و خۆشەویستییان بۆ زمانەکەیان، هەروەکو چۆن لە ڕابردوودا و لە سەردەمی دەسەڵاتی داگیرکەری حکومەتی بەعسی عێراقیدا دەیان ئاخێوەری کورد توشی زیندانی و کوشتن دەبوونەوە، تەنها بەهۆی ئاخاوتن بە زمانی کوردی، ئێستاش لە وڵاتی تورکیا بە هەمان شێوە چەندان سیاسەتمەدار و ڕۆژنامەوان و چالاکوان و هاووڵاتی لەسەر ئاخاوتن بە زمانی کوردی ڕووبەڕووی دادگا کراونەتەوە، بە هەمانشێوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، ئەو عەرەبانەی، کە ئاوارەی کوردستانن، بەشێکیان سەرەڕای فێربوون و زانینی زمانی کوردی، بەڵام هەر بە زمانی عەرەبی دەدوێن، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئینتیمایان بۆ زمان و نەتەوەکەیان زۆر بەهێزە (بڕوانە: (٤/٣).

### ٣) ڕەنگدانەوەی ژەهری زمانیی لە زمانی کوردیدا:

### ١/٣) ژەهری زمانیی لە ئاستەکانی زماندا:

### ١-١/٣) لە ئاستی دەنگسازیدا:

یەکەمین قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی وشەی خوازراو بە زمانی وەرگر، گونجاندن و گۆڕینی دەنگەکانێتی بەپێی یاسا و ڕێسا فۆنۆلۆژییەکان، بۆئەوەی لەڕووی دەنگەوە وەهای لێبکرێت، ئەندامەکانی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی بتوانن بە ئاسانی دەریبڕن، بۆیە زمانی وەرگر (کاتێک وشەیەک لە زمانێکی دیکەوە وەردەگرێت، وشەکە بە گوێرەی پێڕەوی دەنگەکانی (فۆنۆتاکتیکی) زمانەکەی وەریدەگرێت و دەریدەبڕێت) (مەحویی،٢٠١٠: ١٢٨). لەم پڕۆسەیەدا وشە خوازراوەکە لە هەر دەنگێکی نامۆی زمانە بەخشەرەکە دادەماڵدرێن و ڕێگە نادرێت لە دوو توێیانەوە دزەبکەنەناو ڕستی فۆنێمە تایبەتەکانی زمانەکەوە، بۆیە (دەستکاریکردنی وشەی بێگانە کارێکی گرنگ و پێویستە، چونکە دەبێتەهۆی پتەوبوون و ڕەگ داکوتانی لە زمانی کوردیدا، هەندێکیان بە جۆرێک پتەودەبن و ڕەگ دادەکوتن و جێی خۆیان دەکەنەوە و جێگیردەبن و دەچەسپێن و بەرگێکی کوردی وایان بە بەرداکراوە، لە ئەنجامی توێژینەوە هەست بەوە دەکرێت، کە وشەی ڕەسەنی زمانی کوردی نییە) (حاجی مارف، ١٩٧٥: ٤٣-٤٤)، وەکو گۆڕانی فۆرمی وشە بیانییەکانی (قرض، ظالم، خدمة، دولة، هلاک، معاملة، Lemon ،Pizza ،bus ،Salad ...هتد) بۆ فۆرمە کوردێنراوەکانی (قەرز، زاڵم، خزمەت، دەوڵەت، هیلاک، لیمۆ، مامەڵە، پیتزا، پاس، زەڵاتە...هتد). لەم بارەیەوە پەیوەست بە کاری توێژینەوەکەوە، خواستنی دەنگ و فۆنێمی زمانەکانی دیکە و کاریگەرییان لەسەر دەنگسازیی کوردی و ئەو هۆکارانەی، کە وەهایان کردووە ببنە ژەهری زمانیی دەخەینەڕوو:

### ١-١-١/٣) فۆنێمی خوازراو:

سەرەڕای ڕێگرییە فۆنۆتاکتیکییەکانی زمانی کوردی، بەهۆی (دراوسێیەتی و داگیرکاری و ئایینی و ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی و هونەری و سیاسی و ڕامیاری و بازرگانی و خوێندن و هۆیەکانی جیهانگیری...هتد)ەوە، زمانی کوردی چەندان سەدەیە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا بەتایبەتی (عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی) لە بەریەککەوتن و ململانێدایە، ئەو زمانانە کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی هەبووە و هەیە، شوێنەواریان لە زمانەکەدا بە جێماوە، بۆ نموونە لەڕووی فۆنۆلۆژییەوە زۆربەی زمانەوانەکان کۆکن لەسەرئەوەی چەند فۆنێمێکی زمانی کوردی ڕەسەن نیین و لە زمانەکانی دیکەوە لە دوو توێی وشە خوازراوەکانەوە خۆیان کردووە بە زمانەکەدا، بە تایبەتی فۆنێمەکانی (ع/غ/ح/ق)، لێرەدا بیروڕای هەندێک لە زمانەوانەکان دەربارەی فۆنێمی خوازراو لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو:


(محەمەدی مەحویی) دەڵێت: (فۆنۆلۆژیی عەرەبی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پێڕەوی فۆنۆلۆژیی کوردی هەبووە و هەیە، هاتنەناوەوە و خۆتێهەڵکێشکردنی کۆنسۆنانتە تایبەتەکانی زمانی عەرەبی وەک{ح، ع، ص، ق} بۆ ناو پێڕەوی فۆنیمەکانی زمانی کوردی، لە ڕێی ناوی کەسەکان و گەلێک سەرچاوەی جیهانی وەکو ناوی وڵات و شار و دەریا...هتدەوە، بووە) (٢٠١٠: ١٣٨)، (محەمەد ئەمین هەورامانی)یش پێیوایە (ئەم دەنگە بێگانانە {ع، غ، ح، ق}، کە قەرزکراون، سەرانسەری زارە کوردێکانی گرتوەتەوە) (١٩٧٤: ١٥٤)، بە بەڵگەی ئەوەی لە سەرەتادا ئەم دەنگانە {ح، ع، ق}، لە زمانە هیندۆئۆروپیەکان نەبوون و لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە) (ڕەسوڵ، ٢٠١٥: ٣٣٤)، (تۆفیق وەهبی)یش باوەڕیوایە، کە دەنگەکانی{ح، ع، ق} لە ئەسڵی کوردی نیین و لە عەرەبییەوە وەرگیراون، عەرەبەکان ئەم دەنگانە لەناو گەروەوە دەردەهێنن، بەڵام لە کوردیدا سوکتر دەردەهێنرێن) (١٩٥٦: ١١)، (زمانی عەرەبی هەردوو دەنگی {ح و ع} سەپاندووە بەسەر زمانی کوردیدا) ( رەحیمی، ١٣٨٨: ٢٨)، (کەمال فوئاد) هەمان بۆچوونی دەربڕیوە، کە (دەنگەکانی {غ، ح، ع} لە زمانی کوردیدا بنچینەیی نین و لە زمانی عەرەبییەوە هاتوون، لە وشەیەکی کەمی زمانی کوردیدا هەن، هەروەها ئەگۆڕێن بۆ دەنگەکانی {خ، هـ ئـ} بەبێ ئەوەی واتای وشەکان بگۆڕێن) (١٩٩٥: ٣٢). (فاروق عومەر سدیق)یش دەڵێت: (هەردوو فۆنیمی /ح Ḥ / و /ق Q/ کە لە کوردی ئەمڕۆدا، دوو فۆنیمی بە هەڵپە و بەرهەمدارن، لە دهۆکۆمێنتێکی مێژویی زمانە هیندۆئەوروپاییەکان بە گشتی و ئێرانییە کۆن و ناوڕاستەکاندا بە تایبەتی، توشیان نابین) (٢٠٢٠: ٦٣). فۆنیمە خوازراوەکانیش ئەمانەن:

### ١/٣-١-١-١) فۆنیمی /ح/:

ئەم فۆنیمە /ح/ لە زمانی عەرەبییەوە هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، بە بەڵگەی ئەوەی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هیندۆئەوروپییەکاندا، لە سەرەتادا ئەم دەنگە لەو کۆمەڵەزمانەدا نەبووە، (رسول، ٢٠٠٢: ٥)، (دەنگی {ح} کوردی نییە و لە زمانی هیندۆئەوروپییەکاندا بەکارنایەت، تەنها لە ژمارەیەکی کەمی ئەو وشانەدا هەیە، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە) (فەخری، ١٩٧٨: ١٨)، هەروەها (نەبوونی /ح/ وەک فۆنێم لە بەشە دیالێکتەکانی کوردی تورکمەنستان و ئازەربایجان و خوراساندا، نەگونجانی لەگەڵ زمانە ئێرانییەکاندا، ئەوە دەردەخەن، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە) (حاجی مارف، ١٩٧٦: ٤٨).

ئەم فۆنێمە /ح Ḥ/ لەم سەرچاوەکانەوە، کە بە هێڵکاریی ڕوونکراونەتەوە، هاتووەتەناو زمانی کوردیەوە (سدیق،٢٠٢٠: ٦٤-٦٥) :

سەرچاوەکانی هاتنەناوەوەی فۆنێمی /ح Ḫ /




هێڵکاریی ژمارە (١٤) سەرچاوەکانی هاتنەناوەوەی فۆنێمی /ح Ḫ/ بۆ ناو زمانی کوردی

بەڵگەیەکی دیکە بۆ نیشاندانی ئەوەی کۆنسۆنانتی {ح} لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیرابێت، ئەوەیە لە بەشە دیالێکتی کوردی ئەرمەنستان لە زۆر وشەدا {ح} لە زمانی بێگانەوە وەرگیرابن، یاخود بە ڕەسەن کوردی بن، دەنگی {ح} و {هـ} تێکەڵدەکرێن) (حاجی مارف، ١٩٧٦: ٤٨–٤٩)، لە زمانی کوردیدا لە زۆربەی زۆری ئەو وشانەی دەنگی /ح/ لە پێکهاتەکەیاندا هەیە، لە زمانی عەرەبییەوە خواستراون، بە دەگمەن لە پێکهاتەی وشەی کوردیی ڕەسەندا هەن، یەکێکە لە فۆنێمە بێبەرهەمەکان، لەو وشە نوێیانەی، کە لە زمانەکەدا سازکراون، یان دەکرێن، ئەم فۆنێمە لە پێکهاتەکەیاندا بەشدارنییە، لە هەندێ وشەی تردا کە فۆنێمی /ح/ لە پێکهاتەکەیدا بە فۆنێمی /هـ/ دەگۆڕدریتەوە، بەبێ ئەوە واتاکەی بگۆڕێت، وەکو:

حوشتر = وشتر

حەفتە = هەفتە

حەوت = هەفت (هەفتەغار)

حەسرەت = هەسرەت

حەساب = هەساب

خواستنی وشەی بێگانە بووەتەهۆی هاتنەناوەوەی ئەم فۆنێمە بۆ ناو ڕستی فۆنیمە کوردییەکان، ئەو وشە بێگانانەی، کە فۆنێمی /ح/ لە پێکهاتەکەیاندا هەیە، وەکو (حەج، حاجی، حەشیش، حەشارگە، حەواڵە، حەنەفی، حەپەساو، حەڵوا، حەشەرە، حکومەت، حزب، حەمام، حەرام، حەوز، حەفازە، حانوت، حوبر، حوجرە، حازر، حەوت، حەفتا، حیساب، حەشر، حاکم، حەوش، حەپ/حەب، حاشا، حۆری، حەڵاڵ، حەسیر، حەپە حەپ، حۆل، حول حولی، حوشتر، حەیوان، حاڵ، حەیران، حەسود، حەیزەران، حوت، حوزەیران، حەیف، حسێن، حەسەن، حەپسە، حەمید، حەلاو، حەنان، حەلاج، مەحکەمە، سیحر، بەحر، محەجەر، مەحروم، زەحمەت، محێدین، مەلیحە، محەمەد، ڕەحیم، محتاو، مورتاح، تیمساح، تەزبیح، مزراح، فتاح، سەباح،ساڵح...هتد).

### ١/٣-١-١-٢) فۆنێمی /ع/:

ئەم فۆنێمە لە بنەڕەتدا کوردی نییە، بەڵکو لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە، زیاتر لەو وشە عەرەبیەکاندا هەیە، (لە هەندێک وشەدا ئەگۆڕێت بە دەنگێکی گەرووی نزیک لە خۆی وەکو هەمزە(ئـ) (فوئاد، ١٩٩٥: ٢٤). (هەردوو دەنگی (ح، ع) جگە لەو وشانەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، لە زمانی کوردیدا، تاوەکو ئێستا وشەی ئەوتۆیان پێ دروستنەبووە، کە ئاڵوگۆڕیان ببێتەهۆی واتا گۆڕین، دەکرێ دەنگە (هـ) لە شوێنی هەردووکیان دابنرێت، بێ ئەوەی واتا بگۆڕێت، دەکرێت هەردووکیان بە ئەلۆفۆنی (هـ) دابنرێت) (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٢٧٠)، لە هەندێک وشەی دیکەدا کە دێنەناو زمانی کوردییەوە خۆی بە هیچ دەستورێکەوە نابەستنەوە، مانەوەی دەنگی /ع/ وەکو خۆی یان گۆڕانی بۆ دەنگێکی دیکە لە وشەیەکەوە بۆ وشەیەکی دیکە جیاواز ئەوەستێت، وەکو : (معنی = مانا ، طعنة = تانە، تعریف = تاریف ، معرفة = ماریفەت، عبدالله = ئەولا، عمر = ئۆمەر) (فوئاد، ١٩٩٥: ٢٦)، واتە ئەم فۆنێمە لە زمانی کوردیدا بنچینەیی نییە و دەتوانرێت لەگەل چەند دەنگێکی دیکەدا وەکو {ئـ ، هـ} بگۆڕدرێتەوە بەبێ ئەوەی واتاکەی تێکبچێت، وەکو:

عەبدولا = ئەولا

عارەق = ئارەق

عەقڵ = ئەقڵ

عاسمان = ئاسمان


عێراق = ئێراق

عومەر = هۆمەر

جێی باسە ئەو وشانەی، کە فۆنێمی /ع/ لە پێکهاتەکەیاندا هەیە، بە زۆری ئەوانەن، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوون، وەکو (عەمرە، عەمبە، عەسارە، عەفو، بایەع، عەرەبانە، عەبا، عەنبەر، عەجەم، عەیب، بەلوعە، عەقڵ، عود، علم، علمانییەت، عەمار، موعەتەر، عەمید، عەنتیکە، عەرەق، عەزێ، عەکسە، عامود، عەسکەر، عاشق، عەریزە، عەمار، عومان، عوسمان، عێراق، عەبدوڵا، عوسمان، عومەر، عەرەب، عیسا، مەعروف، عارف، عەفاو...هتد).

### ١/٣-١-١-٣) فۆنێمی /ق/:

فۆنێمی/ق/ کوردی نییە و لە زمانە هیندۆئەورپییەکاندا نییە، بەڵام لەئێستادا چووەتە ڕستی فۆنێمە کوردییەکانەوە، کە لە ڕێگەی ئەم سەرچاوانەوە هاتووە، کە لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە ڕونکراوەتەوە (سدیق،٢٠٢٠: ٦٩):




هێڵکاریی ژمارە (١٥) سەرچاوەکانی هاتنەناوەوەی فۆنێمی / ق Q / بۆ ناو زمانی کوردی

دوو ڕووداوی گەورە لە مێژودا، ڕۆڵی بەتین و کاریگەریان لە زیادکردنی توانا و نفوزی /ح/ /ق/ لە جێقایمکردن و پەلوپۆ هاویشتنی تەواو لەناو ڕستی پێکهاتەی فۆنێمەکانی زمانی کوردیدا، بینیوە (سەرچاوەی پێشوو: ٧١):

١. سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی دینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز، کە بە زمانی عەرەبی بوو، دواتریش خەلافەت و دەوڵەتە ئیسلامییەکان، ئەمەیان فاکتەری بەهێزبوونی /ح/ و /ق/بووە، وەکو ئەو وشانەی، کە بەزۆری دەچنەچوارچێوەی دینەوە، لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە: (تەڵاق، عەقڵ، (ڕزق/ڕسق)، قورعان، قەڵەم، قەبر، قیبلە، قیامەت، فەقیر، بەقاڵ، حەق، حەمید، ڕەحمان، ڕەحیم...هتد).
٢. دامەزراندن و بەردەوامبوونی دەوڵەتی عوسمانی بۆ چەندین سەدە، ئەمەیان فاکتەری بەهێزبوونی /ق/ بووە.

هەرچەندە ئەم فۆنێمە لە پێکهاتەی چەند وشەیەکی ڕەسەنی زمانی کوردیدا هەیە، وەکو: (ڕق، لەق لەق، بۆق، قیڕە، قاز، تەقە، قژ...هتد، لە هەندێکی دیکەشدا (ئەم فۆنێمە/ق Q/ لە خەباتی جێگیرکردنی خۆیدا، لە هەندێک وشەدا تەنگی بە فۆنێمە ڕەسەنەکان هەڵچنیوە و جێگەیانی گرتووەتەوە، بۆ نموونە بەرەنگاری فۆنێمی /ک k/ بوەتەوە و چۆتە شوێنی وەک: (لک لک > لەق لەق. بۆک > بۆق، کین > قین، کرتاندن > قرتاندن...هتد) (سەرچاوەی پێشوو: ٧٠)، بەڵام بەزۆری بە بەرهەمییەکەی لە پێکهاتەی ئەو وشانەدایە، کە لە زمانەکانی تورکی یان عەرەبییەوە وەرگیراون، وەکو (قاوە، قۆڵۆنیا، قۆزاخە، قوتابی، قەڵەو، قڵیش، قۆڕ، قسە، قاوغ، قەشە، قیمە، قەڕنابیت، قیر، قازانج، قوتو، قرژاڵ، قەفەس، قەساب، قرقێنە، قورس، قۆچ، قەبە، قازانج، قوماش، قۆری، قوڵاپ، قەشمەر، قاوەیی، قەراخ، قەرز، قاچاخ، قۆلانجە، قەد، قایم، قەبر، قەنەفە، قەروێڵە، قەواڵە، قەڵا، قەدەغە، قامیش، قەڵەم، قەمسەڵە، قۆناغ، قورمیش، قەرز، قەڵفان، قوم، قایل، قول، قەوزە، قانوون، قەزا، قەدەر، قبوڵ، قەیرە، قوڕگ، قوژبن، قوتابخانە، قایش، قاڵب، قەشەنگ، قۆڵ، سندوق، قەپ، قومار، قالۆنچە، قۆرخ، عەرەق، قەیسەری، قەبارە، قۆپچە، قەشمەر، قوتو، پرتەقاڵی، قارەمان، قووت، قاپ، دووفاقی، قۆڵۆن، قەرەخەرمان، قەڵەباڵغ، قاتر، قوزەڵقوت، قاپی، قۆناغ، قاچ، قۆپی، قەرەداغ، قەرەبڵاغ، قەرەچەم، قەرەتەپە، قەرەگۆل...هتد).

### ١/٣-١-١-٤) فۆنێمی /غ/:

فۆنێمی /غ/ یەکێکی دیکەیە لەو فۆنێمانەی لە پێشودا لە زمانی کوردیدا نەبووە و لەگەڵ شەپۆلی وشەی خوازراودا لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە، بە بەڵگەی ئەوەی (هەڵگرتنەوەی ئەو فۆرمانەی، کە دەنگی {خ} یان {غ} یان تێدایە لە زمانەکانی دراوسێوە، بوەتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی دابەشبوونی ئەم دوو دەنگە لە زاری سلێمانیدا، تا ماوەیەکی زۆر ئەم دوو دەنگە جێگەی خۆیان دەگۆڕییەوە بێ

ئەوەی واتای وشە بگۆڕن، تا ئێستا ئەم دیاریدەیە لە ناوڕاست و کۆتایی وشەدا تا ڕادەیەکی زۆر بەردەوامە، بڕوانە: (باخ = باغ، وەجاخ = وەجاغ، باخچە = باغچە...هتد)، بەڵام ئەو دوو دەنگە بوونەتە دوو فۆنێمی جیاواز، بڕوانە: (غار= خار)، بەمپێیە خواستنی وشە یەکەم جار دابەشبوونە دێرینەکەی هەڵوەشاندووەتەوە و لەدواییدا دەنگی {خ} و {غ}ی لە یەکتر ترازاندووە) (فتاح، ٢٠١١: ١٣٤-١٣٥)، هەروەها (لە دیوانە کۆنەکانی شاعیرە کلاسیکییەکاندا، زۆربەی وشەکان بە پیتی (غ) نووسراون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بەرەبەرە تا بەرەو سەردەمی نوێ بێین، ڕێژەی بەکارهێنانی دەنگی {خ} لە جیاتی دەنگی {غ} زۆرتر دەبێت، ئەمەش ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆئەوەی دەنگی {خ}، کە کپە لە گۆکردندا، سوکترە لە دەنگی {غ} کە گڕە) (ڕەسووڵ، ٢٠١٥: ٩٤). هۆکاری پەڕینەوەی دەنگی زمانەکانی دیکەی بۆناو زمانی کوردی بەهۆی (دەستکاری نەکردنی ڕێنووسی وشەی عەرەبی و وەرگرتنی بە دەستوری ڕینووسی خۆیەوە بووە، کە هەندی دەنگی نامۆی وەکو دەنگی {ع} و {غ} هێناوەتە کوردییەوە، بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە (فتاح، :١٩٨٢ ٢٥٩-٢٦٠):

١. ئەم دەنگە نامۆیانە، تا ئێستا لە کوردیدا نەچەسپاون و گێژاوێکیان لە یاسای دەنگیی زمانەکەدا ناوەتەوە بەوەدا، کە:

أ.جێگۆڕکێ دەکەن و لەگەڵ فۆنێمی دیکەدا بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕن، وەکو: لە وشەی (عاسمان=ئاسمان، عەرز=ئەرز، عاست=ئاست، وجاخ=وجاغ، باخچە=باغچە، غایەن=خائن)دا ئەبینین.

ب. ئەم دەنگانە لە کوردیدا، تا ئێستا ڕەوشتی فۆنێمی ناتەواویان هەیە، بەو واتایەی، کە لە زۆر شوێنی وشەدا نابینرێن، جگە لەوەی بڵاوییان کەمترە لە دەنگی دیکە لە زمانەکەدا، بۆ نموونە دەنگی {ع} ناچێتە کۆتایی وشە.

٢. زۆربەی ئەو وشانەی، کە ئەو دوو دەنگەیان تێدایە لە بنچینەدا عەرەبین.

ئەم فۆنێمە لە زمانی کوردیدا، یەکێکە لە فۆنێمە بێبەرهەمەکان و بە زۆری لە پێکهاتەی ئەو وشانەدا هەن، کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، وەکو: (غیرەت، غرام، غەزا، غایە، غەرب، غەڵەت، غەرەز، غەش، غەیبەت، غودە، غەریب، غەم، غەریزە، غوسڵ، غارغارێن، غەبغەبە، قۆناغ، غوبار، غاندی، نەغمە، نەغدە، غەفار...هتد).

## ٢-١-١/٣) دەربڕینی ئەو دەنگە بیانییانەی، کە پلەی فۆنێمیان پێنەدراوە:

هەژموونی زمانی بێگانە بووەتەهۆی وەرگرتنی چەندین وشەی بیگانە، کە کاریگەری کردووەتەسەر زمانەکەمان لەڕووی بوون و نەبوون و ڕەسەنایەتی و ناڕەسەنی هەندێ دەنگ، بۆ نموونە {ع، ص، ق، ح}، یان فۆنێمبوون و نەبوونی هەندێ دەنگەکانی {نگ، ئـ }، کە بوونەتەهۆی جێگیرنەبوونی ژمارەی فۆنێمەکانی زمانی کوردی (خضر و علی،٢٠٢٠: ٣٣٦-٣٣٧)، یان جیاوازی درکاندنی دەنگەکان بە کاریگەریی زمانی بیانی، چونکە گەر دەنگێک لە زمانی دایک و زمانی

دووەمیشدا هەبێت، بەڵام لەڕووی دركاندنیانەوە كوتومت لە وشەكانی ئەو زمانانە وەكو یەك دەرناچن و جیاوازدەبن لە كاتی وتنەوەیاندا، واتە لەڕووی ئاوازی دەبرِینیانەوە جیاوازدەبن، بۆ نموونە دەنگی {b}، كە بۆ دركاندنی پێویستی ڕێگە لە تەوژمی هەوا لە لێوەكانەوە بگیرێت، سەرەڕای بوونی ئەو دەنگە لە زمانەكانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و روسیدا، بەڵام برِی دەنگی بەرهەمهێنراو جیاوازە لە زمانێكیانەوە بۆ زمانێكی دیكەیان (MacKay,1965: 23)، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، كە (ئاخێوەر لە كاتی ئاخاوتنی بە زمانی دووەم كاریگەردەبێت بەو خووەی كە لە زمانی دایكیدا بۆ دەربرِینی دەنگی / b/ ڕاهاتووە، بەمەش جیاوازی دەنگی (فۆنەتیكی) ڕوودەدات) (القاسمی، ٢٠١٠: ٧٨)، هەروەها بەكاریگەریی ئەو وشە خوازراوانەی، كە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتەناو زمانی كوردییەوە و دەنگەكانی {ص، ط، ظ، ئ} لە پێكهاتەكەیاندایە، ئاخیوەرانی كورد بە دركاندنیان ڕاهاتوون و لە ئاخاوتندا ئەو دەنگانە دەردەبرِن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، كە پلەی فۆنێمیان لە زمانەكەدا پێنەدراوە و بە ئەلۆفۆنی فۆنێمی دیكە دانراون.

دەتوانین بڵێین (كاریگەریی تەوژمی زمانە دێرینەكان و زمانە دراوسێیەكان لە زارەكانی زمانی كوردیدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لە شێوەزاری بادینان ڤاوڵی درێژی {وو–u} كەم دەبیسترێت، لە شوێنی ئەو دیفتۆنگی {وی–ui} یان {ü} بەكاردێت، بەڵام لە ناوچەكانی سەرووتر لە جەزیرە و هەكاری زۆر بە ئاسایی وەكو ناوڕاست بەكاردێت، بە پێچەوانەشەوە لە زاری لوڕیدا ئەم ڤاوڵە وەكو ناوچەكانی بادینان بە دیفتۆنگی {ui} بەكاردێت، هەروەها ڤاوڵی {ۆ– o} لە بادینان كەم بەكاردێت و ڤاوڵی {و– u} زۆرتر لەبارە، بەڵام لەناوچەكانی سەرووودا ئەم دەنگە وەكو شێوەی ناوڕاست بەكاردێت) (ئەحمەد، ٢٠١١: ٦٣)، هەرئەم كاریگەرییەی دەنگی زمانەكانی دیكەیە وەهایكردووە، بە ئاشكرا هەست بە جیاوازی ئاوازی قسەكردن لە نێوان كوردزمانی (باشور و ڕۆژهەڵات)ی كوردستاندا بكرێت بە تایبەتی (سلێمانی و سنە)، هەرچەندە هەردوولایان بە دیالێكتی ناوڕاستی زمانی كوردی قسەدەكەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەریی دەنگسازی زمانی عەرەبی و فارسی لەسەریان. لێرەدا هەندێك لەو دەنگانەی لە ڕێگەی وشەی خوازراوەوە هاتوونەتەناو زمانی كوردییەوە دەخەینەڕوو:

### ١/٣-١-٢-١) دەنگی {ص} وەكو ئەلۆفۆنی فۆنێمی /س/:

هەندێك دەنگ لە زمانی كوردیدا لە دركاندندا هەیە، بەڵام لە ڕێنووسدا هێمای بۆ دانەنراوە، بۆ نموونە دەنگەكانی {ص، ط}، كە وەكو ئەلەفۆنی دەنگی دیكە دانراون، چونكە ئەم دەنگانە نابنەهۆی گۆڕانی واتا، بۆیە پلەی فۆنێمی سەربەخۆیان پێنەدراوە، چونكە (كۆمەڵە دەنگێكی جیاواز ئەگەر لەناو سیستەمی زمانێكدا یەك نرخ پیشانبدەن، ئەوە تەنها یەك فۆنێم ئەنوێنن (ئەمین، ٢٠٠٩: ١٠٨)، بەڵام لەڕووی دەنگەوە لە چەندین وشەدا بەسەرزارەوەیە و ئاخێوەرانی زمانی كوردی بە دەربرِینییەوە

ڕاهاتوون، هەرچەندە لە پێشودا زمانەوانەکان تەنها چەند وشەیەکی وەکو: (سەتڵ، ساڵ، سەگ، سەد، سەوزە...هتد)یان دیاریکردبوو، کە ئەم دەنگانە لە پێکهاتەکەیدا هەیە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا لەگەڵ زیادبوونی وشەی خوازراو بە دەیان وشەی دیکە، کە ئەم دەنگە لە پێکهاتەکەیدا هەیە خۆیانکردووە بە زمانی کوردیدا و لە دەربڕیندا بە هەمان ئەو دەنگەی لە زمانی بنەڕەتییەکەی خۆیدا هەیبووە، دەردەبڕدرێن، واتە ئەم دەنگە بووە بە هۆکاری پەلکێشکردنی وشەی بیانی بۆ ناو زمانی کوردی، وەکو (گەص، صاص، پاص، صالۆن، صالانصە، صەموون، صابوون، صندوق، صەنع، صەلات، صاڵە، صبوغ، صاحب، صەدر، صەحەفی، صەمام، حەی صەناعە، صورە، صومعە، صەحەت، صاروخ، صیام، صەریح، صەبر، صەیدەلی، صەحنی سەترلایت، صەلیب، نەخۆشی صەدەف، صەرف، صادرە، صەدمە، صاروغ، صەحرا، صمود، صەدا، صەنیا، صەمفۆنسیا، صالَح، صەبر، صاڵە...هتد).

سەرەڕای ئەوەی کە دەنگی {ص} لە زمانی کوردیدا بە فۆنێم دانەنراوە و بە ئەلۆفۆنی /س/ دانراوە، بەڵام لە پرۆسەی ناونانی کەرەستە و کۆمپانیا و شوێنەکاندا، کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەنددەکرێن و ڕیگەیان پێدەدرێت، وەکو خۆی لە ناونانەکاندا دەنووسرێن، وەکو:

- صاصی سلێمانی
- صەمونخانەی بنار
- صەیدەلییەی ئۆرزی

## ١/٣-١-٢-٢) دەنگەکانی {ط، ظ}:

ئەم دوو دەنگە هەرچەندە لە زمانی کوردیدا پلەی فۆنێمیان پێنەدراوە و تەنها ئەلۆفۆنن، بەڵام لە چەند وشەیەکی خوازراودا، کە ئەو فۆنێمیانە لە پێکهاتنیاندا هەیە، دەردەبڕێت، (پەیدابوونی {ط،ظ} لە هەندێک لە زارەکانی سەرووی کوردیدا، کە بەهۆی خواستنی ژمارەیەکی زۆری وشەی عەرەبییەوە بووە، کە ئەم دەنگانەی تێدایە، بۆ نموونە دەنگی {ط} لە زاری ناوەڕاستی زمانی کوردیدا لە وشەکانی (طۆز، طاسە)، کە لەگەڵ وشەی عەرەبیدا خۆی کردووە بە زمانی کوردیدا و جیاوازە لە ئەلۆفۆنێکی دەنگی {ت} کە لە {ط} عەرەبییەوە نزیکە بەهۆی گردبوونەوەی دەنگی {ت} لەگەڵ دەنگی {ڵ} یان {ڕ} لە وشەکانی (تاڵ، تەڕ) (فتاح، ٢٠١١: ١٣٤)، هەروەها (لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەهۆی خوێندن بە زمانی عەرەبی و شارەزایی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە زمانی عەرەبی، لەڕووی گۆکردن و ئاواز و سازگەکانیانەوە، هەندێک لە دەنگەکانی زمانی عەرەبی دزەیانکردووەتەناو دەنگەکانی زمانی کوردییەوە، بۆیە هەندێک لە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە کاتی گۆکردنی وشە عەرەبییەکاندا هەمان سازگە و گۆکردنی دەنگەکانی زمانی عەرەبی دەگرنەبەر، بۆ نموونە لە کاتی گۆکردنی وشەکانی (منطقة، محافظة، موظفة، ریاض، مصلی، اطفاء، ظروف...هتد)،

هەمان ئەو دەنگانەی زمانی عەرەبی {ظ،ط،ص،ض}، کە نامۆن بە پێڕەوی دەنگی زمانی کوردی، وەکو خۆیان دەردەبڕن) (سلێمان، ٢٠١٤: ١٢٠)، بە هەمان شێوە لەژێر کاریگەریی زمانەکانی دیکە (کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنگی {ڤ} لە هەندێک وشە بە {و} دەریدەبڕن و لە باکوردا دەنگی {ح} و {ک} بە {هـ} و{ق} دەردەبڕن، لە باشوری کوردستانیش چەندین وشە بە کاریگەری دەنگسازی عەرەبی دەردەبڕێت، بۆ نموونە (شیشان، سین، صابر) لە جیاتی (چیچان .چین .سابیر) دەدەبڕن) (شوانی، ٢٠٠٨: ١٠٣).

### ٣-١-١-١/٣) دەنگی هەمزە{ئـ}:

هەمزە، کە فۆنێمە لە زمانی عەرەبیدا، چەند کێشەکی لە پێڕەوی فۆنۆلۆژی لە زمانی کوردیدا ناوەتەوە، لەلایەکەوە بەکارهێنانی هێماکەی (ى)، لەلایەکی ترەوە دانان، یان دانەنانی بە فۆنێم، ئەم دەنگە (سروشتی نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی پیتی (ئـ)ی بە سەر زمانی کوردیدا سەپاندووە) (ئەمین، ٢٠٠٩: ١٨)، بۆیە (ڕەوانییە، لە نووسیندا هێمایەکی وەکو پیت بۆ هەمزە (ئـ) دابنرێت، چونکە ئەم دەنگە فونێم نییە، لە نووسینەکانی پێش ساڵی (١٩٩١) نیگاری هەمزە نەدەنووسرا، بەڵام لە دواییدا بە لاسایکردنەوەی سەر و ژێر و بۆر (فتحة، کسرة، ضمة)ی عەرەبییە یەکەمجار لە شێوەی (أ) و دواییش لە شێوەی (ئـ) لە نووسینی کوردیدا پەیدابوە)، هەمزە {ئـ} لە زمانی کوردیدا پلەی فۆنێمی پینەدراوە، بەڵکو بە دیاریدەیەکی فۆنۆلۆژی دانراوە، کە دەنگێکە پێویستی هێناویەتییەئاراوە، بەوەی کە لە پێش چەند ڤاولێکی سەرەتای بڕگەوە دێ، وەکو: (ئەو، ئێوە، ئاو، ئیش، ئۆین، ئووتو، ئیدریس...هتد).

ئەو وشانەی لە زمانی عەرەبییەوە خوازراون، لەژێر کاریگەریی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا دەنگی هەمزە {ئـ} بە دەنگێکی دیکەی زمانی کوردی گۆڕدراوەتەوە، یان وەکو خۆیان ماونەتەوە، وەکو:

- لابردنی هەمزەکە، وەکو: (إسماعیل) بۆ (سمایل)، (دعاء) بۆ (دوعا)...هتد.
- گۆڕینی هەمزە {ئـ} بۆ دەنگەکانی {ع، هـ}، وەکو: (أرض) بۆ (عەرز)، (أحوال) بۆ (هەواڵ)...هتد.
- مانەوەی هەمزەکە وەکو خۆی: (مؤمن) = (موئمین)

سەرەڕای ئەو دەنگانە، بەهۆی بەردەوامی هاتنەناوەوەی وشەی خوازراوەوە، دەنگی نامۆ و شێوازی دەربڕینی جیاواز ڕووبەڕووی سیستەمی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردی بووەتەوە، بۆ نموونە بەهۆی خواستنی وشەکانی (workshop, word, work,...)، کە بە دەنگی بزوێن (ڤاوڵ) دەستپێدەکەن، بەهۆی نەخوێندنەوەی نەبزوێنەکان (کۆنسۆنانەت)ی سەرەتای وشەکانەوە، بە ڕێنووسی جیاواز دەنووسرێت، ئەمەش بەهۆی ئەوەی لە پێڕەوی فۆنۆلۆژی زمانی کوردیدا بزوێن لەسەرەتای وشەوە نایەت، وەکو:

- هۆرک شۆپ، ئۆرک شۆپ، وۆرک شۆپ (ۆرک شۆپ)
- هۆرد، ئۆرد وۆرد (ۆرد)

بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی زمانەوانە کوردەکان کۆکن لەسەرئەوەی، کە زمانی کوردی چەندین دەنگ و فۆنێمی لە زمانەکانی دیکەوە خواستووە و جێگەی خۆیان لە ڕستی فۆنێمەکانی زمانەکە کردووەتەوە، بۆ ئەمەش چەندین بەڵگەیان خستووەتەڕوو، لە چەند ڕوانگەیەکەوە کێشەکانی ئەم دەنگ و فۆنێمانەیان لە زمانەکەدا دیاریکردووە، کە دەکرێت وەکو ژەهری زمانیی لە سیستەمی دەنگسازی کوردیدا دابنرێت، بەهۆی ئەوەی:

١. لە پێشوودا لە ڕستی دەنگەکانی زمانە هیندۆئەورپییەکاندا نەبوون.
٢. گۆڕانیان بە دەنگێکی ڕەسەنی زمانەکە، بەبێ ئەوەی واتا بگۆڕین، ئەمەش دەبێتەهۆی جێلەقکردنی فۆنێمە خۆماڵییەکان.
٣. بێ بەرهەمن لە پێکهاتەی وشەی سازکراوی نوێدا، واتە بە دەگمەن لە پێکهاتەی وشەی ڕەسەنی زمانی کوردیدا هەن.
٤. بەزۆری لە پێکهاتەی ئەو وشانەدا هەن، کە لە زمانی دیکەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە.
٥. زۆربەی ئەو وشانەی، کە لە پێکهاتەکانیاندا ئەم دەنگانەی تێدایە ناون، بە دەگمەن لە پێکهاتەی (کردار، ئاوەڵناو، ئاوەلکار)دا هەن.
٦. هۆکاری پەلکێشکردنی وشەی بیانین بۆ ناو زمانەکە.
٧. گرانی دەربڕینیان بۆ ئاخێوەرانی کوردزمان.
٨. تاڕادەیەک گۆڕانی دەرچەی درکاندنیان هەمبەر بە زمانە ڕەسەنەکەیان.
٩. تاوەکو ئێستا نەتوانراوە کێشەی چەند دەنگێکیان لە ڕووی ئەوەی فۆنێمن، یان فۆنێم نین لە زمانی کوردیدا، یەکلابکرێتەوە.

**٢-١/٣) لە ئاستی وشەسازیدا:**

دزەکردن و هاتنەناوەوەی وشە و زاراوە جیهانییەکان و ئەو دەربڕین و بیرۆکە و وێناکردن و چەمک و مۆرفێمانەی پێیانەوە بەندن، هەرچەندە (لەلایەکەوە بەهۆکاری بەهێزی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان دادەنرێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە هەڕەشەن لەسەر بنەما و یاسا و ڕێسا و مۆرفێمەکانی زمانە خۆماڵییەکان، بۆیە ڕاستترە وەربگێڕێنەسەر زمانە جیاوازەکان، بۆ نزیککردنەوەی بیر و لێکدانەوەکان و پارێزگاریکردن لە ناسنامەی نیشتمانی ئەو زمانە) (ئەبوزەید، ٢٠٠٥: ٢٥)، چونکە (هەر زمانێک بۆ داهێنان و بەکارهێنانی وشە، پلان و ڕێ و شوێنی تایبەت دەگرێتەبەر و کۆمەڵێک سەرمەشق و پێڕەوی هەیە، کە بە شێوەیەکی یاسامەند پێڕەوییان لێوە دەکات) (کەرەمی، ١٣٩٦: ٣٣)، یەکێک لەوانە ((پێڕەوی مۆرفۆلۆژییە، کە چەسپاوترین پێڕەوە لە زماندا و بەرگریی تەواوی لە زۆرانبازیی زماندا هەیە و بە تواناترینیانە لە خۆپاراستندا)) (مەحویی،٢٠١٠: ١٣٥)، سەرەڕای ئەمەش ئەم چەسپاوییە، لە ململانێی زمانەکاندا کەرەستەی ئەم ئاستە ئاڵوگۆڕیان پێوەدەکرێت، بە تایبەتی مۆرفێمە بەندەکان، کە (ڕاستەوخۆ و بەسەربەخۆیی، ناچێتە زمانێکیترەوە، بەڵکو ئەمیش لە چوارچێوەی وشە و پێکهاتەی زمانییەوە دەپەڕێتەوە بۆ لایەکیتر) (سدیق، ٢٠٢٠: ٧٢).

هاتنەناوەی مۆرفێمی زمانەکانی دیکە بۆ ناو ڕستی مۆرفێمە ڕەسەن و تایبەتەکانی زمانی کوردی، یەکێکی دیکەن لە هۆیەکانی ژەهراویکردنی زمانەکە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی:

١. ئەو مۆرفێمانەی، کە لەزمانی دیکەوە وەرگیراوە، واتاکانیان ڕوون نییە و لێڵن (خۆشناو، ٢٠١٦: ٣٤) و سنوری واتایی بۆ ئێمە بە تەواوەتی ئاشکرا نییە (ئەحمەد، ٢٠١٠: ٧٨)).
٢. هەمبەر بە مۆرفێمە خۆماڵییەکان، کەمترین دووبارە بوونەوەیان هەیە و بێ بەرهەمترن.
٣. سنوری بەکارهێنانیان فراوان نییە و بە پێچەوانەی مۆرفێمە خۆماڵییەکانەوە، زیاتر لەگەڵ وشە خوازراوەکاندا دەردەکەون، بۆ نموونە مۆرفێمی /-چی/ بەزۆری دەچێتەسەر ئەو بنکانەی وشەی بیانیین، وەکو: (ئاڵتونچی، چایچی، تەنەکەچی، کەبابچی، تۆڕنەچی...هتد)، ئەم ئەرکەی مۆرفێمە بیانییەکان لە زمانەکانی دیکەشدا وەهان، بۆیە هەر بەنامۆی و بێ بەرهەمی لە زمانەکەدا دەمێننەوە، بۆ نموونە (پاشگری /ant-/ی زمانی فەرەنسی لە زمانی ئینگلیزدا، زیاتر دەچێتەسەر ئەو بنکانەی بیانیین، وەکو: (participant, *buildant)، بە پێچەوانەی پاشگری ڕەسەنی /hood-/ی زمانی ئینگلیزی، کە دەچێتەسەر بنکەی ڕەسەن و بیانیش، وەکو: (nationhood , boy-hood) (katamba, 1993: 76--77)، بەڵام مۆرفێمی خۆماڵییەکان بەبێ جیاوازی دەچنە سەر بنکەی وشەی ڕەسەن و بیانیش، وەکو: (گیاندار، ئاودار، دوکاندار، ئیماندار، دانساز، کلیلساز، چەخماخساز...هتد).

٤. هۆكاری پەلكێشكردنی وشەی بیانین، زۆربەی زۆری ئەو وشانەی ئەم مۆرفێمانە لە پێكهاتەكەیاندا، بنكەكانیان وشەی بیانیین و پێكەوە هاتونەتەناو زمانی كوردییەوە، وەكو (كەمالیات، تەسجیلات، شوشەوات، تۆڕنەچی، جامچی...هتد).

٥. ڕۆڵیان لە لاوازكردنی توانای مۆرفێمە خۆماڵییەكاندا هەیە لە سازكردنی وشەی نوێدا، ئەویش بە جێگرتنەوەی مۆرفێمە خۆماڵییەكان و ڕاپەڕاندنی هەمان ئەرك، وەكو (ڕاوكەر = ڕاوچی، یاریزان=یاریچی ، بەعسایەتی = بەعسییەت...هتد).

٦. بەهۆی حازربەدەستیانەوە، ڕۆڵیان لە لاوازكردنی توانای بیری ئاخێوەرانی زمانەكەدا هەیە، لە سازكردنی وشەی نوێ.

### مۆرفێمە بەندە خوازراوەكانیش، ئەمانەن:

### ١/٣-٢-١) پاشگری /-ات/ی نیشانەی كۆی زمانی عەرەبی:

پاشگری كۆی مێینەیە لە زمانی عەرەبیدا، هەرچەندە چەند ناوێكی لە زمانی كوردیدا پێ كۆكراوەتەوە، وەكو: (باخات، ماڵات...هتد)، بەڵام زیاتر لەگەڵ وشەخوازراوەكاندا دەردەكەون، بە زۆریش ڕۆڵی كۆكردنەوەیان لە دەستداوە، (مۆرفێمی/- آت at-/ لە زمانی سامی و حامییەكاندا، كە زمانی عەرەبیش یەكێكە لەوان، كۆكەرەوەی ناوی مێینەیە، بەڵام لە كوردیدا لەو ڕووەوە نەزۆكە، كاتێكیش كە لە چوارچێوەی وشەی لە بابەتی : (رسومات، تەعینات، عقوبات، حسابات، حەشامات، مەڕوماڵات، خێروخێرات، وردەواڵات، كارەبایات، چەرەسات، ترشیات...هتد)دا بەرگوێ دەكەون، ئەوا حسابی یەک وشەی تاكیان بۆ دەكرێت و لە سیمانتیكدا، گرتتنەوە (Hyponym) دەگەیەنن) (سدیق، ٢٠٢٠: ٧٣)، وەرگرتنی فۆرمەكانی دیكەی وەكو /-جات/ و /-هات/ و /-وات/یش، بە دەرئەنجامی وەرگرتنی مۆرفێمی /-ات/ی زمانی عەرەبی دادەنرێت، دوای ئەوەی هەریەكە لە دەنگەكانی {هـ، ج، و} پەیدابوون (برزو و حەمید، ٢٠١٧: ٢٥١)،، واتە چەند ئەلۆمۆرفێكی دیكەی مۆرفێمی /-ات/ یان لە زمانی كوردیدا زیادكرد، وەكو:/-وات/ : شوشەوات، سەوزەوات، پوخڵەوات، ئاغاوات...هتد.

-/-جات/ : میوەجات، موناجات، سەوزەجات...هتد.

-/-هات/: میوەهات، دێهات...هتد.

-/-یات/: كەمالیات، موبیلیات...هتد.

واتە (هەندێک وشەی خوازراوە لە زمانی دیكەوە، كاتێک دێنەناو زمانی كوردییەوە، بە مۆرفێمی ڕێزمانییەوە دێن، بەڵام لەناو زمانەكەدا، مۆرفێمە ڕێزمانییەكە دەگۆڕێت بۆ بەشێكی فەرهەنگی

وشەکەوە و لێی جیانابێتەوە و چەمکە ڕێزمانییەکەی لە دەستدەدات، بۆ نموونە مۆرفێمی کۆی زمانی عەرەبی /–ات/، کە لە زمانی کوردیدا بەکاردێت) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٤٥)، وەکو: (ڕۆتینات، چەرەزات، میلاکات، عەقارات، خێرات، مەعلومات، ئیشارات، تەجمیلات، پاسات...هتد، مۆرفێمی /–ات/ی عەرەبی گەیاندنی واتای کۆی لە زمانی کوردیدا لە دەستداوە، بەڵام ناوەڕۆکی کۆیان پێوەماوە، کە بە ناوی کۆمەڵ ناسراوە و بریتییە لەو ناوەی، کە لە ڕواڵەتدا تاک و لە ناوەڕۆکدا کۆ نیشاندەدات، زیاتریش لە زمانی کوردیدا بەو ناوەڕۆکەوە بەکاردەهێنرێن، هەروەها لە زمانی کوردیدا بەهۆی مۆرفێمی کۆی /–ان/ کۆدەکرێنەوە، وەکو (مەعلوماتەکان، ئیشاراتەکان، ڕۆتیناتەکان، چەرەزاتەکان...هتد)، بەڵام لە هەندێک لە وشەکاندا مۆرفێمی /–ات/ ڕۆڵی کۆکردنەوە دەبینێت، بۆ نموونە:

–ئەو شتانەم بۆ حساب بکە. (تاک)

–حساباتمان گەیشتووەتە چەند؟ (کۆ)

–گرووپی یەکەم تاقیکردنەوە ئەنجام دەدەن. (تاک)

–تاقیکردنەوەکە بە گرووپات ئەنجامدەدرێت. (کۆ)

### ١/٣–٢–٢) /–ها، –ەها/ی نیشانەی کۆی زمانی فارسی:

پاشگری سەرەکی کۆکردنەوەی ناوە لە زمانی فارسیدا، یەکێکی دیکەیە لە پاشگرە خوازراوەکان لە زمانی کوردی، (دەیەها، هەزارەها، سەدەها، ساڵەها...هتد)، چونکە (بە سەرنجدان بە گۆرانی و دەقە کۆن و فۆلکلۆرەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کە /–ها، –ەها/ی نیشانەی کۆ(ساڵەها، دەردەها، چەندەها) لە زمانی فارسییەوە وەرگیراوە، بەڵام لەمرۆدا ئەم نیشانەیە ناچالاک و بێ بەرهەمە، ئاخێوەری کورد بۆ کۆکردنەوە بەکاری ناهێنێت) (کەرەمی، ١٣٩٦: ٤٥)، بەمپێیە (لە پرۆسە ڕێزمانییەکانی وەکو کۆکردنەوەی ناو بەهۆی پاشگرەکانی: /–هات/، /–وات/، /–جات/، /–ەها/، /–ها/، بە بەراود بە بەرهەمی مۆرفێمێکی وەک /–ان/ی کۆ ئەوا بەرهەمیان زۆر کەم و سنورردارە و دەتوانین وەک مۆرفێمی بێ بەرهەم بیانخەینەڕوو) (مستەفا، ٢٠١٩: ٤٤).

### ١/٣–٢–٣) بەکارهێنانی تای تەئنیسی /– ە/ی زمانی عەرەبی:

بەکارهێنانی (دکتۆرە) بۆ بانگکردنی ڕەگەزی مێ و (دکتۆر) بۆ ڕەگەزی نێر، بەهۆی تای تەئنیس /–ە/ی زمانی عەرەبییەوە، جیاوازە لە مۆرفێمی بانگکردنی /–ە/، کە لە ئێستای زمانی کوردیدا، بۆ تاکی نێر و مێ بەبێ جیاوازی بەکاردەهێنرێت، وەکو:

- – بۆ ناوی نێر: (باوکە، خاڵە، کاکە، کوڕە، باپیرە ...هتد).

- – بۆ ناوی مێ: (دایکە، دادە، خوشکە، داپیرە ...هتد).

مۆرفێمی/–ە/ی بانگکردن لە زمانی کوردیدا بەهیچ شێوەیەک ناچێتەسەر ناوی دوولایەن و لە جێگای /ینە/ بەکارناهێنرێت.

## ١/٣-٢-٤) پاشگری /–یەت/ی عەرەبی و /–یزم/ی ئینگلیزی:

لە پرۆسەی وشە خواستندا، پێویستە ئەو مۆرفیمە بەندە فەرهەنگییانەی لە پێکهاتەی وشە خوازراوەکەدا هەن، بگۆڕدرێن بۆ مۆرفێمی بەرامبەری لە زمانی وەرگردا، کە هەمان واتا دەگەیەنن، بەپێچەوانەوە، هەندێک مۆرفێم ڕاستەوخۆ لەگەڵ وشە خوازراوەکاندا دێنەناو زمانەکەوە، کە ڕەنگە دواتر لە زمانە نوێیەکەدا چالاک ببن و بۆ گەیاندنی هەمان واتا، بکەونە ململانێی مۆرفێمە خۆماڵییەکە، بۆ نموونە بۆ گەیاندنی واتای ڕێبازێک لە شتێکدا، زمانی کوردی پاشگری (–ایەتی، –ێتی، –گەر...هتد) بەکارهێناوە، وەکو:

– (کوردایەتی، بەعسایەتی، حزبایەتی، سۆفیگەری...هتد).

لەگەڵ ئەمەشدا مۆفێمی /–یەت/ی لە دوو توێی وشەکانەوە لە زمانی عەرەبییەوە خواستووە، وەکو:

– (فیدراڵییەت، مەدەنییەت، سۆفیەت، شوعیەت...هتد).

هاوکات بۆ گەیاندنی هەمان واتا، مۆرفێمی /یزم–ism/یش لەگەڵ وشە خوازراوەکاندا، هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، وەکو:

– فیدراڵیزم، کلاسیزم، ڕیالیزم، نازیزم...هتد).

دواتر ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا چالاکییان پەیداکردووە، لەلایەکەوە چوونەتەسەر ئەو وشانەی کوردین، یان ڕێبازەکە بەرهەمی عەقڵ و بیروبۆچوونی کورد خۆیەتی، بەهەمان ئەو واتایەی، کە لە زمانە بنەڕەتییەکان خۆیاندا هەبووە، واتای ڕێبازیان لە شتێکدا گەیاندووە، وەکو:

– کوردیزم، بەعسیزم، نەوشیروانیزم، جەلالیزم، پارتیزم...هتد.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم پاشگرە خوازراوانە، جێگەیان بە مۆرفێمە خۆماڵییەکان لەقکردووە و خۆیان چوونەتە جێگەیان، وەکو:

–کوردایەتی ← کوردیزم

-بەعسایەتی ← بەعسیزم

-سۆفیگەری ← سۆفیزم

سەرەڕای نەگونجانی پاشگرە خۆماڵییەکان لەگەڵ هەندێک وشەدا، دەکرێت لە پێکهاتەی فرێزدا هەمان واتا بە بەکارهێنانی وشەی (ڕێباز) وەکو دیارخراو بگەیەنرێت:

-ڕێبازی کوردایەتی

-ڕێبازی کلاسیکی

-ڕێبازی ڕیالیزم

-ڕێبازی مام جەلال

-ڕێبازی نەوشیروان

## ١/٣-٢-٥)/غەیرە-/ و /لا-/ی نەرێی زمانی عەرەبی:

ئەم مۆرفێمانە، وەکو ئاوەڵکاری نەرێ لە زمانی عەرەبیدا بەکاردێن، لە هەندێک نموونەدا بەهەمان چەمک هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە و چەمکی نەرێ بە دەستەوە دەدەن، وەکو: (غەیرەدین، غەیرەموسوڵمان، لادین، ...هتد)، پاشان چالاکییان پەیداکردووە و چوونەتەسەر پێش هەندێ بنکەی وشەی کوردی واتای نەرێنی پیشاندەدەن) ( خۆشناو، ٢٠١٦: ١٨٢-١٨٣)، وەکو:

- غەیرەکورد، غەیرەنوێژ...هتد.

- لازیان...هتد.

## ١/٣-٢-٦) پاشگری /-چی/ زمانی تورکی:

مۆرفێمی /-چی/، وەکو مۆرفێمە خوازراوەکانی دیکە، سەرەتا لە ڕێگەی وشەی خوازراوەوە، هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، بۆیە بە بەرهەمترن لەگەڵ بناغەی وشە بیانییەکان، وەکو (تۆپچی، ئێشکچی، توتنچی، سەمونچی، پاقلاوەچی، کەبابچی، عەرەبانەچی، ئۆتێلچی، پۆستەچی، لەحیمچی، تەزویرچی، سوعبەتچی، مەسڵەحەتچی، تەنەکەچی، کۆشنچی، بەلوعەچی، حەمامچی، کەبابچی، بۆیاخچی، دەڕابچی، عەرەبانەچی، جامچی، خومچی، ساختەچی، قومارچی...هتد).

هەرچەندە لەسەر چەند بناغەیەکی وشەی زمانی کوردی دەرکەوتووە، وەکو: (ڕاوچی، ئاژاوەچی، پینەچی، کرێچی...هتد)، بەڵام بێ بەرهەمترن هەمبەر بە بناغە بیانییەکان، ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگری پاشگرە خۆماڵییەکانی (/-(ەوان،وان)/،/-گەر/، /-ساز/، /-ەر/، /-بەند/...هتد)، کە بۆ مەبەستی سازکردنی ناوی پیشەیە بەکاردێن و چالاکترن، وەکو: (مەلەوان، ئاسنگەر، دانساز، ناڵبەند، ڕاوکەر...هتد)، سەرەڕای ئەم ڕێگریانەش، لە هەندێک وشەدا تەنگی بە مۆرفێمە خۆماڵییەکان هەڵچنیوەوە و چوونەتە جێگەیان، وەکو:

-پینەدۆز = پینەچی

-یاریزان = یاریچی

-تالانکەر = تالانچی

-تەنەکەساز = تەنەکەچی

-قومارباز = قومارچی

-ئاژەوگێڕ = ئاژاوەچی

-ڕاوکەر = ڕاوچی

-ئێشکگر = ئێشکچی

ئەم پاشگرە بە بەرهەمییەکەی بەردەوامە و لە ئێستاشدا زیاتر دەچێتەسەر ئەو بناغە بیانییانەی، کە لەم ساڵانەی دوایدا لەگەڵ دروستبوونی پیشە نوێیەکاندا سەریان هەڵداوە، وەکو (ئەنفالچی، سەتەلایتچی، دکتچی، مەعرەزچی...هتد).

### ١/٣-٢-٧) پاشگری /-باش/ی زمانی تورکی:

ئەم پاشگرە لە زمانی تورکییەوە هاتووتەناو زمانی کوردییەوە، کە بە واتای سەر یان مەزن دێت و دەچێتەسەر ناو، وەکو لە وشەی (شاباش)دا هەیە (عمر، ٢٠٠٥: ٤٩).

### ١/٣-٢-٨) پاشگری /-ۆلۆژی/ (ology-)، /-لۆژی/logy-/:

یەکێکی دیکەیە لە مۆرفێمە خوازراوەکان لە زمانی کوردیدا، لە ڕێگەی ناوی پسپۆڕیی و ڕێبازەکانەوە هاتووەتەناو زمانەکەوە، کە (بە مانای قسەوتن و باس و گوتار دێت، دەگەڕێتەوە بۆ گیرەکی /logia-/ی زمانی لاتینی، بۆ ئەو ناوانە زیاددەکرێ لە بواری لێکۆڵینەوە یان پێڕەوێک بەکاردەهێنرێن، ئەم پاشگرە لە ڕێگەی وشەی خوازراوەوە هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، دواتر لەسەر وشەی ڕەسەنی زمانەکەش دەرکەوتووە، وەکو: (کوردۆلۆژی، هێمالۆژی...هتد) (خۆشناو،

٢٠١٦: ١٢٦–١٢٧)، سەرەڕای نەبوونی مۆرفێمی بەرانبەری لە زمانی کوردیدا، دەکرێت بەهۆی ڕەگی کارەکانی (ناسین) و(زانین)، لەگەڵ پاشگری (ی) خاوەنداریەتی، هەمان واتا دەرببڕێت، وەکو: (زیندەوەرزانی، دەرونزانی، کوردناسی، هێماناسی، پەڕناسی، کۆمەڵناسی، واتاناسی...هتد).

**١/٣-٢-٩) /-خانە/ی زمانی فارسی:**

ئەم مۆرفێمە، لە زمانی فارسییەوە هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، واتایی شوێنێک دەگەیەنێت، کە مرۆڤ دەستی لە دروستکردیدا هەیە، وەکو: (کەبابخانە، کتێبخانە، دەرمانخانە، بەنزینخانە، خەستەخانە، میوانخانە، قونسوڵخانە، مەیخانە، شێتخانە، فرۆکەخانە، قوتابخانە، تەمبەڵخانە، زبڵەخانە...هتد).

**١/٣-٢-١٠) /باشیی/ زمانی فارسی:**

مۆرفێمی /باشی/ی لە فریزی (ئامادەباشیی)دا، لە زمانی فارسییەوە هاتووتەناو زمانی کوردییەوە، بە زۆری ڕۆژنامەوانەکانی شاری هەولێر لە سلێمانی ئارەزووی وشەی فارسی و دەبراوەکانیان دەکەن و دەربڕاوی وەک (ئامادەباش) وەرناگرن، بەڵکو هەڵگوێزراوی وەک (ئامادەباشیی)یان بەلاوە پەسەندە (مەحویی،٢٠١٠: ١٣٤–١٣٦).

**١/٣-٢-١١) پاشگری (-سز)ی زمانی تورکی:**

یەکێکە لەو پاشگرانەی لە زمانی تورکییەوە هاتووتەناو زمانی کوردییەوە و لە جێگەی پاشگری /-بێ/ زمانی کوردی بەکاردێت، زیاتر واتای نەرێنی وەکو جنێو دەگەیەنێت (عمر، ٢٠٠٥: ٨٠)، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا پێشگری (-بێ) مان بۆ واتای نەرێنی هەبێت، وەکو: (بەشەرەف- بێشەرەف)، (بەدەماغ- بێدەماغ) بۆچی پاشگری /-سز/ بۆ هەمان واتا بەکاربهێنین (عەبدولا، ٢٠١٣: ٢٧٥)، وەکو: (شەرەفسز، عەقڵسز، ئەدەبسز، دەماغسز، ئیمانسز، دینسز، ئەخلاقسز...هتد).

**١/٣-٢-١٢) پێشگری /-نە،-نا/ لە ئەرکی نوێدا بە کاریگەریی زمانی عەرەبی:**

پێشگرەکانی /-نە،-نا/ لە زمانی کوردیدا، وەکو مۆرفێمی وشەدارێژ دەچنە پێش ئاوەڵناوە و واتای نەرێکردن دەگەیەنن، وەکو: (نەخۆش، ناپاک، ناخۆش...هتد)، بەڵام (بەکارهێنانی ئەم پێشگرانە /-نە،-نا/ لە پێش ناوبە هەمان واتای نەرێکردن، بە کاریگەریی زمانەکانی دیکەوەیە، وەکو (فتاح، ٢٠١١: ١٤٠):

-نامرۆڤایەتی= اللاانسانیة

-ناحەزێتی= العداوة

### ٣-١/٣) لە ئاستی ڕستەسازیدا:

زمانی کوردی ئەو وشە و فریز و دەربڕاونەی لە زمانی بێگانەوە وەریگرتووە، زۆربەی یاسا و ڕێسا دەنگیی و ڕێزمانییەکانی زمانەکەی بەسەردا سەپاندوون، لەگەڵ ئەمەشدا چەندین کەرەستە و یاسا و ڕێسای بونیادی زمانەکانی دیکە، خۆیان خزاندووەتەناو زمانی کوردییەوە، بە تایبەتی (لەسەرەتای هاتنەئارای ڕستەسازی زمانی کوردی و دانانی سەرچاوەکانی ڕێزمانی کوردی، زمانەوانەکان کەوتنەژێر کاریگەری ڕێزمانی عەرەبی و زۆر یاسا و ڕێسای عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا سەپێنرا، کە تاوەکو ئێستاش کاریگەرییان بەسەر ڕێزمانزانەکانەوە ماوە، کە زۆرێک لە یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکانی زمانی عەرەبیان وەرگرت و لەسەر ڕێزمانی کوردی فۆتۆکۆپییان کرد) (ڕەسوڵ، ٢٠١٥: ٢٥١ )، هەروەها بەهۆی خوێندن بە زمانی بیانی لە کوردستاندا، یەکێکی دیکە بووە لە هۆکارەکانی گوێزانەی هەندێک دەنگ و کەرەستە و یاسای ڕیزمانیی بۆ ناو زمانی کوردی، (ئەو هاوبەشییەی زمانە جوداکان لە گەلێک سەرەباسی ڕێزمانیدا یەکێکە لەو هۆکارانەی وا دەکات گەلێک لە ڕێزماننناسەکانمان دەستوورەکانی زمانێکی وەکو ئینگلیزی یان ڕوسی یان عەرەبی بگوێزنەوە بۆ ناو ڕێزمانی کوردی، ئیتر وردەوردە لایەنە تایبەتییەکانی زمانی کوردیش بخەنەژێر حوکمی ئەو دەستورانەوە، کە خزمایەتییان لەگەڵ زمانی کوردیدا نییە) (محەمەد، ١٩٧٦: ٤–٥). جۆرەکانی خواستن لە ئاستی ڕستەسازیدا، بە زۆری ئەمانەن:

### ١-٣-١/٣) خواستنی بۆتەی ڕستە:

### ١. خواستنی یاسای (کار+بە+ناو)ی زمانی عەرەبی:

زمانی کوردی سەرەڕای هاوبەشی لە کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای ڕیزمانی هاوبەش لەگەڵ زمانەکانی دیکە، کۆمەڵێک یاسای ڕێزمانی تایبەت بەخۆی هەیە، کە لە زمانەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، بۆ نموونە زمانی کوردی لە دروستکردنی پێکهاتەی ڕستەدا، یاسای (S.O.V) پەیڕەودەکات، بەڵام زمانی عەرەبی یاسای (V.S.O) و زمانی ئینگلیزیش یاسای (S.V.O) پەیڕەودەکەن، لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی کاریگەریی زمانەکانی دیکە لەسەر زمانی کوردی، کۆمەڵێک بۆتەی ڕێزمانی کەوتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، بۆ نموونە (زمانی کوردی ئەم بۆتە ڕێزمانییە (کار+بە+ناو)ی لە زمانی عەرەبییەوە خواستووە، کە لە جیاتی بۆتە (ناو+کار) ئاساییەکەی خۆی یان شان بە شانی ئەو بەکاردێت) (فتاح، ٢٠١١: ١٤٠)، وەکو:

- هەستا بە ئەنجامدانی (ئاهەنگێک/ شاییەک/ بەزمێک/ سەیرانێک/ (فیستیڤاڵێک/ سیمینارێک/ چالاکییەک، شاییەک/ سەیرانێک/ ئۆپراسیۆنێک/ کۆڕێک/ کۆبوونەوەیەک/ نان خواردنێک/ ڕێکخستنی گەشتێک/ ئێوارەخوانێک...هتد)، واتە (دەربڕاوی (هەستاون بە) دەربڕاوێکی کوردی نییە، بەڵکو وەرگێڕاوی دەقاودەقی (قام)ی زمانی عەرەبییە) (جراد، ٢٠١٣: ٢٨٣–٢٨٤).

**٢. پێشخستنی (کار) بە کاریگەریی زمانی عەرەبی:**

کاریگەریی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لەسەر زمانی کوردی لە ئاخاوتنی ناوچەکانی کەرکوک و گەرمیاندا دەردەکەوێت، ئەویش بەهێنانە پێشەوەی (کار) لە ڕستەدا، وەکو ( سلێمان، ٢٠١٤: ١٢٢):

- بکەوە پێشم.
- کتێبەکەی دا پێم.
- قوڕکرایە سەرمان.

بە پێچەوانەوە لە زمانی کوردیدا (بکەر) پێش (کار) دەکەوێت و ڕستەکان دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

- پێشم بکەوە.
- کتێبەکەی پێمدا.
- قوڕ بەسەرماندا کرا.

لە زمانی کوردیدا ئەو کردارە لێکدراوانەی، کە کەرتدەبن، لەکاتێکدا کەرەستەی دیکە بچێتە نێوانیانەوە، ئەوە دەچێتەپێش کەرتی دووەمی کردارەکەوە، بەڵام دەربڕینی ئەم ڕستانەی خوارەوە، کە کردارەکە کەوتووەتە پێشەوەی ڕستەکە، بە کاریگەریی زمانی عەرەبی داڕێژراوە:

- دەستم کرد بە دروستکردنی خانووەکە.
- دەستم کرد بە نووسینی ئەم کتێبە.

لە زمانی کوردیدا دەبێت ئەو دوو ڕستەیەی سەرەوە بەم جۆرە دەرببڕدرێن:


- دەستم بە دروستکردنی خانووەکە کرد.
- دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد.

## ٢-٣-١/٣) ڕێزبوونی کەرەستە لە فرێزدا:

**١. خواستنی یاسای (سەرسەرەتا)ی دروستەی فرێزی زمانی ئینگلیزی:**

بەهۆی هۆیەکانی جیهانگیری و بایەخی خوێندنەوە بەتایبەتی لە لاسایکردنەوەی پرۆسەی ناوناندا، ڕێزبوونی یاسای (سەرسەرەتا)ی دروستەی فرێزی زمانی ئینگلیزی هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، لەکاتێکدا (لە سینتاکسدا زمانی کوردی ڕێسای (سەرهکۆتا)یی جێبەجێدەکات، ئەوەش بۆ ئاخێوەری زمانە کە زانیارییەکی سینتاکسییە و لە هەموو دروستە سینتاکسییەکاندا (ڕستە و فرێز) پەیڕەوی دەکات) (مەعرووف، ٢٠١٤: ٩٢)، وەکو لە دروستەی فرێزەکانی (سلێمانی پالاس، سەردار

گروپ، هێمن کار، سلێمانی ئەلەمنیۆم...هتد)دا دەردەکەوێت، کە دەبوایە دروستەی فریزەکان لە زمانی کوردیدا بەم ڕیزبەندییە (پالاسی سلێمانی، گروپی سەردار، کاری هێمن، ئەلەمنیۆمی سلێمانی...هتد) ببووایە، وەکو لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە:




هێڵکاریی ژمارە (١٦) خواستنی بۆتەی فریز

### ٢. ڕیزبەندی کەرەستەکانی فریزی ناویی فراوانکراو:

لە دروستەی فریزی فراوانکراودا، لە ڕێزمانی کوردیدا ناوی دیارخەر دەکەوێتە کۆتایی فریزەکەوە، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە ناوەڕاستەوە، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشدا دەکەوێتە سەرەتاوە، وەکو:

-قوتابخانەی نێودەوڵەتی <u>کەلار</u>

-مدرسة <u>كلار</u> الدولي

-<u>Kalar</u> International School -

بەڵام لە کاتی وەرگێڕانی هەندێک دروستەی فریزدا، بە تایبەتی لە ناوناندا، یاسا ڕێزمانییەکانی ئەو زمانانە پەیڕەوکراوە، ئەمەش بووتەهۆی ئەوەی هەم لەڕووی دروستە و هەمیش لەڕووی گەیاندنی واتاوە، بە ئاخێوەرانی کوردزمان نامۆبن، وەکو لە ڕێزبەندی کەرەستەکانی ئەم فریزانەدا دەردەکەوێت:

- قوتابخانەی بەمۆی بنەڕەتی
- خولی پەرلەمانی پێنجەم
- فرۆکەخانەی هەولێری نێودەوڵەتی

بەپێی یاساکانی فرێز لە زمانی کوردیدا، کەرەستە پێکهێنەرەکانی فریزەکان دەبێت بەمشێوازانە ڕیزبکرێن:

- قوتابخانەی بنەڕەتیی بەمۆ

- خولی پێنجەمی پەرلەمان

- فرۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر

یان وەرگرتنی ڕێزبەندی پێکهاتەی زمانی عەرەبی بۆ ناونانی دوکان و کۆمپانیا و شوێنەکەمان، وەکو:

- کۆمپانیای حاجی دارا بۆ حەج و عەمرە

- فرۆشگای کەیوان بۆ جل و بەرگ

- نووسینگەی سلێمانی بۆ گەشتوگوزار

- کارگەی چیا بۆ دروستکردنی دەرگا و پەنجەرە

بەپێی یاسای ڕێزمانی کوردی دەبێت لەڕووی ڕیزبەندی کەرەستە پێکهێنەرەکانییەوە، بەمجۆرە ڕیزبکرێن، وەکو:

- کۆمپانیای حەج و عەمرەی حاجی دارا

- فرۆشگای جل و بەرگی کەیوان

- نووسینگەی گەشتوگوزاری سلێمانی

- کارگەی دروستکردنی دەرگا و پەنجەرەی چیا

**٣. فراوانکردنی فرێزی ناوی بەهۆی ئاوەڵناوی پلەییەوە:**

لە زمانی کوردیدا ئاوەڵناوی ژمارەی پلەیی لە دیارخەری ناودا، دەکەوێتە پیشەوەی ناوە دیارخراوەکەوە و پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری (ی) نییە، بە پێچەوانەوە لە زمانی عەرەبیدا دەکەوێتە دوای ناوە دیارخراوەکەوە، بەڵام لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بە کاریگەریی زمانی عەرەبی، گۆڕان لە ڕێزبەندی فرێزەکاندا، کراوە، وەکو:

- جەنگی جیهانی یەکەم

- الحرب العالمية الاولى

-First World War

کە بەپێی پێڕەوی سینتاکسی زمانی کوردی دەبێت دروستەی فرێزەکە بەمشێوەیە بێت:

- جەنگی یەکەمی جیهانی

- یەکەمین جەنگی جیهانی

**٤. لابردنی ئامرازی خستنەسەری (ی) لە دروستی فرێزی ناویدا:**

لە زمانی کوردیدا لە دروستەی فرێزی ناویدا، کاتێک ناوێک دەبێت بە دیارخەری ناوێکی دیکە، ئەوە پێویستی بە ئامرازی خستنەسەری (ی) دەبێت، بەڵام بە کاریگەریی زمانی عەرەبی بە تایبەتی لەو ناوچانەی فرەزمانن، یان بەهۆکاری دراوسێییەتی وەکو ناوچەکانی (کەرکوک، خانەقین، گەرمیان...هتد)، ئامرازی خستنەسەری (ی) لە فرێزەکان دەرناکەوێت، وەکو:

- دەچم بۆ (ماڵ مامەم/ماڵ دایکم/ دایک ئازاد).

بەڵام بە پێی یاسا و ڕێساکانی پێکهاتەی فرێز لە زمانی کوردیدا، بەمشێوەیە بێت:

- دەچم بۆ (ماڵی مامەم/ ماڵی دایکم/ دایکی ئازاد).

**٥. بەکارهێنانی ئامرازی دانەپاڵی (ە) لە نێوان دووناودا:**

لە زمانی کوردیدا لە کاتێکدا ئامرازی دانەپاڵ (ە) بەکاردێت، کە ئاوەڵناوێکی چۆنیەتی ببێت بە دیارخەری ناوێکی ناسراو یان کۆی ناسراو، نیشانەی ناسراو یان کۆی ناسراویەکە دەچێت بۆ کۆتایی فریزەکە و دەکەوێتەسەر ئاوەڵناوەکە، وەکو:

| |
|---|
| دیارخراو(ناوی ناسراو/ کۆی ناسراو) + ئامرازی خستنەسەر(ە) + دیارخەر (ئاوەڵناوی چۆنیەتی) (-ەکە، -ەکان) |

- هەنارەگەورەکان (هەنار + ە + گەورە (ەکان)
- مەڕەلاوازەکە (مەڕ + ە + لاواز (ەکە)

بەڵام بە کاریگەریی زمانەکانی دیکە، ئامرازی خستنەسەری (ە) لەو فرێزانەشدا بەکارهێنراوە، کە ناوێک بووە بە دیارخەری ناوێکی ناسراو، وەکو:

- هەواڵە وەرزشییەکان

- سەرچاوە ئاوییەکان

- پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکان

کە بەپێی یاساکانی فرێز لە زمانی کوردیدا، ئامرازی خستنەسەر (ی) لە نێوان ناوە دیارخراو و ناوە دیارخەرەکەدا بەکاردێت و نیشانەی ناسراویش لە شوێنی خۆی ناجوڵێت، بەمجۆرە:

- هەواڵەکانی وەرزش

- سەرچاوەکانی ئاو

- پارتەکانی ئۆپۆزیسیۆن

### ٦. هاوەڵناوی پلەی باڵا لە ڕۆڵی دیارخەری ناوی تاکی نەناسراودا:

لە زمانی کوردیدا هاوەڵناوێکی پلەی باڵا نابێت بە دیارخەری ناوێکی تاکی نەناسراو، بە پێچەوانەوە لە زمانی فارسیدا دەبێت بە دیارخەری، وەکو: (بهترین فرصتی، عجیبترین نامەای، بزرگترین شهری ...هتد)، کاریگەریی ئەم یاسایەی زمانی فارسی ڕەنگدانەوەی لە چەندین فرێزی زمانی کوردیدا هەیە (حەسەن،٢٠١٠: ٧٠-٧١)، وەکو (باشترین کەسانێک، باشترین نووسەرێک، خراپترین حزبێک...هتد)، هەروەکو لەم ڕستانەشدا دەردەکەوێت، کە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە:

أ. تهران بزرگترین شهری است، کە من دیدەام.

ب. تاران گەورەترین شارێک بوو، کە من بینیومە.

أ. این عجیبترین نامەای بوود، کە تا کنون بە دستش رسیدەبود.

ب. ئەمە ناوازەترین نامەیەک بوو، کە تا ئێستا بە دەستی گەیشتبوو.

أ. این بهترین فرصتی است برای شخصی مثل شما.

ب. ئەمە باشترین هەلێکە بۆ مرۆڤێکی وەکو تۆ.

بەپێی سینتاکسی زمانی کوردی دەبێت ڕستەکان بەم شێوەیە بن:

- تاران گەورەترین شارە، کە من بینیومە.
- ئەمە ناوازەترین نامەیە، کە تا ئێستا بە دەستی گەیشتبوو.
- ئەمە باشترین هەلە بۆ مرۆڤێکی وەکو تۆ.

### ٧. کۆکردنەوەی مۆرفیمی کۆ/-ان/+ مۆرفیمی نەناسراوی/-ێک/ لە وشەیەکدا:

لە زمانی کوردیدا هەرگیز مۆرفیمی /-ان/ی کۆکردنەوە و مۆرفیمی /-ێک/ی نەناسراوی پێکەوە دەرناکەون (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٠١)، واتا (تایبەتێتیی نیشانەی نەناسراویی/-ێک/ زمانی کوردی لەوەدایە، کە جگە لە نەناسراوی، تاکایەتیش نیشاندەدات) (حاجی مارف، ٢٠١٤: ٢١٢)، کەچی (بە کارتێکەری زمانی فارسی هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە) (حەسەن، ٢٠١٠، ٧١-٧٢)، وەکو لە دەربڕاوەکانی (کەسانێک، سیاسەتمەدارانێک، نووسەرانێک ...هتد)، لە زمانی فارسیدا هەردوو مۆرفیمەکە پێکەوە دێن، وەکو: (سوالاتی، کتابهایی، زنانی، پسرهایی...هتد).

- کەسانێک هەن، کە خۆبەخشانە خزمەتی ئاژەڵە کێوییەکان دەکەن.
- ئێمە بە شتانێکەوە سەرقاڵین، کە تەنها کات کوشتنە.
- سیاسەتمەدارانێک پەیدابوون، کە کار بۆ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکە دەکەن.

بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ دیاریکردن و جیاکردنەوەی کۆمەڵە کەسێک یان شتێک لەناو کۆمەڵە کەس و شتێکی دیکە، ڕادە (هەندێک، گەلێک...هتد) بەکاردەهێنرێت، وەکو:

- هەندێک کەس هەن، تەنها بەرژەوەندی خۆیانیان بەلاوە گرنگە.

- ئیمە بە گەلێک شتەوە سەرقاڵین، کە تەنها کات کوشتنە.

## ٣-٣-١/٣) خواستنی فرێزی کاری:

### ١. بەکارهێنانی فرێزی کاری (بوونی هەیە/نییە):

یەکێک لەو فرێزانەی، کە لە زمانی کوردیدا بە فراوانی بەکاردەهێنرێت، فرێزی کاری (بوونی هەیە/نییە)یە، کە لە فرێزی کاری (وجود دارد/ ندارد)ی زمانی فارسی وەرگیراوە. کاری ڕانەبردووی (هەیە) لە چاوگی (بوون)ەوە وەرگیراوە، لە هیچ فرێزێکی کاری دیکەی زمانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێت، کە چاوگەکە و ئەو کارەی لێوە دروستکراوە، پێکەوەبێن، وەکو لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت:

- هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان بوونی نییە.
- مەترسی داعش لەسەر حکومەتی عێراق بوونی هەیە.

دەبێت لە زمانی کوردیدا ڕستەکە بەمشێوەیە دەرببڕدرێت:

- هیچ مەترسییەک لەسەر هەرێمی کوردستان نییە.
- مەترسی داعش لەسەر حکومەتی عێراق هەیە.

### ٢. وەرگرتنی چەندین فرێزی زمانی فارسی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە:

هەندێک فرێزی کاری بە وەرگێڕانی فرێزی کاری زمانی فارسی هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە، (حەسەن، ٢٠١٠: ٧٧)، وەکو:

| فرێزی زمانی فارسی | وەرگێڕانی بۆ زمانی کوردیدا | هەمبەری لە زمانی کوردیدا |
|---|---|---|
| زندگی کردن | ژیان کردن | ژیان |
| وجود دارد | بوونی هەیە | هەیە |
| لذت بردن | چێژبردن | چێژوەرگرتن/چێژ لێ بینین |
| به چاپ رسیدن | بە چاپ گەیشتن | چاپکردن/ چاپبوون/ چاپکران |
| دروست می گوید | دروست دەڵێ | ڕاستدەکات |
| دیر شب | درەنگانێکی شەو | شەو درەنگ |

خشتەی ژمارە (٢٩)

## ٢/٣) کاریگەریی ژەهری زمانیی لەسەر بیر و کولتور و پرۆسەی ناونان لە زمانی کوردیدا:

### ٢/٣-١) ژەهری زمانیی و بیر:

زمان تەنها پێڕەوێکی ڕێزکراو و لێکدراو نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی پاشخانێکی ڕۆشنبیری و شارستانی و بیری ئاخێوەرانێتی، (هەر زمانێکیش خاوەن پێڕەوێکی بونیادی تایبەتە بۆ دەربڕینی هەست و شتەکان، ڕەنگدانەوەی واقیعی جیهانە بە ڕێگەیەکی جیاواز، جۆری بیرکردنەوەی هەر نەتەویەکی خاوەن زمان لە وشەکانیاندایە و بە شێوازی ئاخاوتن دەری دەبڕن و بۆ نەوەکانیان دەیگوازنەوە) (زفنکي، ٢٠٢١: ٨٥-٨٦)، واتە (زمان ئەنسترومێنتێکە لە سەرتاپایدا، واتە لە هەموو ئاستەکانیدا، کار بە یاسا و ڕێسا دەکات، کە ئەنجامی ئەزموون وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی دوور و درێژی کارەکی و بەرجەستەی ژیانەوە هەڵهێنجراون و کەڵەکەبوون و لە بیر و هۆشی مرۆڤدا، پارێزراون و بە پەیڕەوی و حوکمکردنی ئەوان، زمان بەڕێوەدەچێت) (سدیق، ٢٠١١: ٦٥)، (ئەو پاشخانە زمانییەی (بە تایبەتی ڕێزمان)، کە لە هەر زمانێکدا هەیە، بەرهەمێکی کەرەستەیی نییە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکان، بەڵکو لە قاڵبدانی بیرۆکەکانیشە، ئەمیش ڕێنیشاندەرێکە، یان پرۆگرامێکە بۆ چالاکی مێشکی تاکەکان، لەهەمانکاتدا ڕێگەیەکە بۆ شیکردنەوەی بیرۆبۆچوونەکان) (فەرەج، ٢٠١١: ٣٦). واتە (بونیادی زمان، یان دروستەی زمانیی بیر دیاریدەکات و دەسەڵاتی تەواوی بەسەریدا هەیە، کۆزانیاریی زمانی مرۆڤ لەم جیهانەدا، کە ئەزموون و بۆچوون و هەڵوێستەکانیانە بەپێی بونیادی ئەو زمانەی، کە قسەپێدەکەن دەگۆڕێت، بەم شێوەیەش جیهانبینی مرۆڤەکان بەپێی زمانی ئاخاوتنیان دەگۆڕێت) (خرما، ١٩٧٨: ١٧٧)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمان دەستی لە ئاڕاستەکردن و دەستکاریکردن بیری ئاخیوەرانی هەیە، ئاخێوەرانیش لەڕێگەی زمانەوە بیرەکانیان دەردەبڕن.

وشە و دەربڕاوەکانیش، کە بۆ پەیوەندیگرتن و تێگەیشتن لە جیهان بەکاریاندەهێنین، لە بنەڕەتدا لە زمانی دایکییەوەیە، بۆیە ئەوانەی بە زمانی جیاواز ئاخاوتن دەکەن بە شێوەیەکی جیاواز لە جیهان دەگەن و تێگەیشتنی جیاوازیشیان بۆ دەوروبەر و سروشت و جیهان هەیە (عەلی، ٢٠١١: ٢٠)، (وۆرف)ی زمانەوان پێیوایە (پێڕەوە ڕێزمانییە جیاوازەکان، بەکارهێنەرانیان ئاڕاستەدەکەن بۆ جۆر و شێوەی جیاواز لە تێبینیکردن و هەڵسەنگاندنی ڕووداوە دەرەکییە هاوشێوەکان، بۆیە پێڕەوە جیاوازەکان یەکسان و هاوشێوە نابن لە تێبینیکردن و تێگەیشتن لە دەوروبەر، بەمەش جیهانبینی جیاوازییان دەبێت، واتە مرۆڤەکان، جیهان بە یەک شێوە نابین و بەهەمانشێوە بیرناکەنەوە، بەڵکو زمان (بەتایبەتی زمانی دایک) وابەستەیان دەکات بە شێوەی دیاریکراوی (تێگەیشتن) و (بیرکردنەوە) لە ژیان و دەوروبەر و ئەو ژینگەیەی تێیدادەژین، بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەی نموونەی (کات/تێنس) بۆ شێوە جیاوازەکانی کات (ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتوو) لە نێوان زمانە ئەوروپییەکان و زمانی خێڵەکانی (هۆپی)ی هیندی لە ئەمریکای باکور بەراوردکردووە، ئەوەی دەرخستووە، کە هیچ

مۆرفیمێک و ئامرازێک، یان دانەیەکی زمانی لە زمانی خێڵەکانی هۆپی نییە، کە دەربڕین لە (کات/تێنس)ە جیاوازەکان بکات، هۆکاری ئەمە بۆ سروشتی خودی زمانەکە دەگەڕێتەوە، پێیوایە زمانی ئەم کۆمەڵە وایکردووە نەتوانن بیر لە دیاردەی (کات) ی ڕێزمانی بکەنەوە) (سەعید و ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٨٠)، واتە (زمان کاریگەریی زۆری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە هەیە، کە قسەی پێدەکەن، جیاوازە لە شێوازی بیرکردنەوەی ئەندامانی کۆمەڵگایەکی دیکە، کە بە زمانێکی دیکە قسەدەکەن) (خرما، ١٩٧٨: ١٧٧).

بەمپێیە زمان و بیر بەیەکەوە بەستراون، (بیر لە مێشکدایە و زمانیش هەڵسوکەوتە، زمان (ڕێزمان و فەرهەنگەکەی) دەربڕی بیرن، کە لە شێوەی واتادا لە هێماکاندا هەڵگیراون) (مەحویی، ٢٠٠٦: ٤٦)، واتە (زمان دەفری بیرە، دەیپارێزێت و دەریدەبڕێت، بە پەرسەندنی پەرەدەسێنێت، کاتێک بیر گەشەدەکات و پەرەدەسێنێت، ئەویش پەرە بە زمان دەدات و گەشەی پێبدات، چونکە بیر پێویستی بە زمانە پەیامەکەی بگەیەنێت، تاوەکو شیاوی دەربڕینی ئەو بیرە بێت، کە دەریدەبڕێت) (الضامن، ١٩٨٩: ١٤٥)، (زمانیش بە پلەی یەکەم ڕۆڵی هەڵگری بیری هەیە، چونکە توانای بیرکردنەوە سەرەتا پێویستی بە زمانێکە بۆ بیرکردنەوە) (الخلاف، ٢٠١١: ٢٧٩). بەشێوەیەکی گشتی (پێشکەشکردنی شێوازبەندی ڕێکخستن لە بیردا جۆری تێڕوانینی ئاخێوەرانی زمانێک، کە باوەڕیان پێیەتی ڕووندەکاتەوە و شێوازی ئەو پێڕەوەی ژیانیانی پێڕێکدەخەن، دەردەخات، هەربۆیە دیاریکردنی ئەم چەشنەی شێوازبەندییە دەبێتەهۆی (مەحموود، ٢٠١٢: ١٣٠-١٣١):

١. دەرخستنی چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی زمانێک، چونکە گوتەکانمان گوزارشت لەو بیرانە دەکەن، کە باوەڕمان پێیەتی یاخود گوێگر باوەڕی پێیەتی.
٢. خوێندنەوەی دونیابینی ئاخێوەرانی زمانێک دەردەخات، لەبەرئەوەی ڕێکخستن و پاشوپێشخستن و بەکارهێنانی زاراوەی دیاریکراو نەخشە بۆ ئەو جیهانە دەکێشێت، کە ئاخێوەر باوەڕی پێیەتی، لەبەرئەوەی ئاوەزمەندێتی میللەتێک لە توێی (وشە،ڕستە/دەربڕاو)ەکانیدا هەڵگیراوە و لە ڕێی دەربڕینەوە گوزارشت لە بوونی خۆی و باوەڕەکانی دەکات.

هەر زمانێک کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە دەنگ و پێکهاتەی ڕێزمانی هەیە، کە شێوازی بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی لەسەر بونیاددەنرێت، واتە (پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان چۆنیەتی بیرکردنەوەی مێشک و کارکردن و داڕشتنی زمان هەیە، هەموو شێوە و زمانەکانی جیهان هەمان ئەرک بە هەمان پەیڕەو بەجێ دەهێنن، ئەویش گواستنەوەی ئەو بیر و خەیاڵانەی لە مێشکدا پارێزراوە بۆ بەرامبەرەکەی بە هۆی ئەو دەنگانەی بە ئەندامانی ئاخاوتن دروست ئەکرێن) (ئەمین، ٢٠١١: ١٠٢)، (بیرەکان توانای مرۆڤ پیشاندەدەن سەبارەت بە پۆلێنکردن و ڕەمزکردنی ئەزموونەکانیان و پاراستنیان لە فەرهەنگدا، دواتر بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی داهێنەرانەی وا کە لە

سنوری پێڕەوێکی زمانی دیاریکراو جێگەی شیاوی خۆیان وەربگرن) (احمد، ٢٠١٦: ١٩٥)، بۆیە (ئەو زمانەی بە باشی گوزارشت لە بیر بکات، زمانێکە دەوڵەمەندە و خاوەنی تایبەتمەندییەکانی زمانە گرنگ و زیندووەکانە، بە پێچەوانەوە زمانێک لەو ئاستەدا نەبێت، ناتوانێت ببێت بە گوزارشتکەری سیفاتە شاراوەکانی شتەکان، وەکو ئەوەی لە بیری خاوەنەکەی دەگوزەرێت، بەوەش خاوەنەکەی ناچاردەبێت، کە زمانەکەی جێبیلێت و بە زمانێکی دیکەی بێگانە، گوزارشت لە بیروبۆچوون و خەیاڵی بکات) (مستەفا، ٢٠١٢: ٣٠).

لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی و پێکەوە پەیوەستییەی لە نێوان بونیادی زمانی و بیرکردنەوەی ئاخێوەرانیدا هەیە، ژەهراوییبوونی زمان، کە بە ژەهراوییبوونی بونیادی زمانەکە دەستپێدەکات، بیرکردنەوەی ئاخێوەرانیشی ژەهراویدەکات و زمانەکە لەسەر ئاڕاستەی بنچینەیی خۆی لادەدات و بەرەو لەناوچوون و گۆڕین ئاڕاستەی دەکات، ئەگەر بیرێک بە وشەی خوازراو و دەنگ و پێکهاتەی ڕێزمانی زمانێکی دیکە دەربېڕێت، کوتومت یان نزیک لە ئاخێوەرانی ئەو زمانە بیردەکەنەوە، کە کەرەستەی زمانی لێوە وەرگیراوە، چونکە (ئەو وشانەی بە شێوەیەکی هەستپێنەکراو دێنەناو زمانەکەتەوە و وردەوردە دەچنەناو نەستی ئاخێوەری زمانەکەوە، کە چووشە ناو نەستەوە، ئەوا ئاخێوەر بەردەوام ئاخاوتنەکانی بەو وشانە دەبێت، چونکە سەرچاوەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ نەستە، بەمەش مرۆڤ تەنها گوتەکانی بەو وشە بێگانانە نابێت، بەڵکو بیرکردنەوەکانیشی هەر بە چەمکی ئەو وشە بێگانانە دەبێت، بۆ نموونە تاکێکی کورد وەک مرۆڤە بێگانەکە/داگیرکەرەکە بیردەکاتەوە زۆرجاریش هەوڵدەدات و زۆر لەخۆی دەکات، کە ئەو بیر و چەمکی بێگانانە بە زمانەکەی خۆی دەربېڕێت، کە لەمبارەشدا زۆر بە سانایی ئەو ژەهرە زمانییە درکیی پێدەکرێت، کە مرۆڤە ڕەسەنەکە و ئاوەزی و زمانەکەی تووشی بووە) (قادر، ٢٠١٨-٢٠١٩: ٣٣).

فەیلەسوفی ئەڵمانی (هێردەر) دەڵێت: (هەر گەلێک پاشخانێکی تایبەت لە بیرکردنەوەی هەیە، کاتێک دەکرێن بە هێما، زمانی نەتەوەیی پێکدێنن، پێیوایە شێوە و فۆرمی زمان تەنها بۆ گەیاندنی واتانین، بەڵکو تایبەتمەندیش دەدات بە واتا لە زمانەکەدا، بۆیە لای ئەو (خواستن و میتافۆر) لە زمانە جیاوازەکاندا ناکەونەژێر هەمان بنەما و کاریگەریی، بەڵکو هەر زمانە و خاوەنی شێوە و فۆرمێکی تایبەتە لەگەڵ سروشتی زمانەکە دەگونجێت) (سەعید و ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٧٦)، بۆ نموونە (زۆرێک لە بنەماکانی درکپێکردنی مرۆڤی کورد و چۆنیەتی تێڕامان و ڕوانینی لە خودی خۆی و ژینگەکەی و کۆمەڵەکەی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان هەبووە و هەیە لە داڕشتنی کرۆک و شێوەی ڕێزمانی زمانەکەیدا) (قادر، ٢٠١٢: ٩٩)، ((هەمبۆڵت) جەختیکردووەتەوە لەسەر تایبەتمەندییەتی زمانە جیاوازەکان لە هەردوو لایەنی (فۆرم و بونیاد) و (ناوەڕۆک و ڕۆشنبیری)، پێیوایە ڕوحی هەر گەلێک زمانەکەیەتی، کە بیرو هۆشی دیاریدەکات، بیرو هۆشی هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەیەتی) (سەعید و

ئەحمەد، ٢٠١٧: ١٧٦)، (ئەگەر لە ڕێزمانی کوردی وردبینەوە، دەتوانرێت درک بەو ڕادە و ڕێژەی هاوشێوەبوونە بکرێت، کە مرۆڤی کورد کردویەتی لە نێوان شت و ڕودانی ڕوداوەکان لە واقعی جیهان لەگەڵ چۆنیەتی بە چەمککردن و ڕەنگدانەوە و هەڵگرتنیان لە دەربڕاوە زمانییەکانی زمانەکەمان و بونیادی ڕێزمانەکەیدا، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ڕێکخستنی زنجیرەیی ڕووداوەکانی ئەم دوو ڕستەیە بکەین (قادر، ٢٠١٢: ١٠٢-١٠٤):

١. نەسرین شویکرد و منداڵی بوو.
٢. *نەسرین منداڵی بو و شویکردبوو.

لە هەردوو ڕستەکە بەهۆی گۆڕانی زنجیرەیی فرێزەکانی ڕستەی لێکدراوەکانەوە، ڕیزبەندی ڕووداوی جیاوازمان دەستکەوتووە، لە ڕستەی (١)دا هاوشێوەبوون لە نێوان ڕووداوە کاتییەکان و واقعی ڕیزبەندی ڕوودانی ڕووداوەکە لە واقعدا درکپێدەکرێت، ئەمەش ڕاستی و دروستی واتای ڕستەکە لە کولتوری کوردیدا دەردەخات، بەڵام لە ڕستەی (٢)دا گۆڕان لە ڕێکخستنی زنجیرەیی فرێزەکانی ڕستەکەدا ڕوویداوە، بەمەش ئەو هاوشێوەبوونەی لەنێوان ڕوودانی کاتی ڕووداوەکە و ڕیزبەندی ڕوودانی ڕووداوەکە لە واقعدا درکپێناکرێت، بەمەش گومان دەکەوێتەسەر ڕاستی و دروستی واتای ڕستەکە، ئەگەرچی دەکرێت لە هەندێک بارودۆخدا لە کولتورێکی دەرەوەی کولتوری کوردەواریدا، ڕاست و دروست بێت.

لەو دوو ڕستەیەی سەرەوە ئامرازی لێکدەری (و) هیچ ئەرکێکی واتایی لەو درکپێکردنەوەی ڕستەکانی سەرەوەدا ناخاتەڕوو، ڕاستی ئەم ڕۆڵ نەبینینەش ئەزمونبەند دەکرێت، بەهۆی گۆڕینی ئەم ئامرازە بە ئامرازی لێکدەری کاتیی وەک {(پێش) و (پاش)}، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە لێکدانەوە و درکپێکردنی واتای ڕستەکان، چونکە بەهۆی ئەم دوو ئامرازەوە دەتوانرێت درکپێکردنێکی وێنەییانە بۆ ڕووداوەکە بهێنرێتەوە، وەکو:

١. نەسرین شویکردبو {پێش} ئەوەی منداڵی ببێت.
٢. نەسرین منداڵی بو {پاش} ئەوەی شویکرد.

## ٢-٢/٣) ژەهری زمانیی و کولتور:

هەر زمانێک بارودۆخی تایبەتی کۆمەڵەکەی پیشاندەدات، کۆمەڵیش لە ڕێگەی زمانەوە تێڕوانین و دنیابینی خۆیان تۆماردەکەن و بۆ نەوەکانی دواتر دەیگوێزنەوە، ئەمەش لەلایەکەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە زمان دەستنیشانی ئەو ڕێگەیە دەکات، کە ئاخێوەری زمانەکە چ جۆرە وێناکردنێک بەرانبەر بە جیهانی دەوروبەری دروستدەکات، لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی بەو یاسا و ڕێسایانەوە هەیە، کە کار لە بەڕێوەبردنی ئیش و کاری ڕۆژانەی کۆمەڵ دەکەن، کە ئەمەیان کولتورە، (ئەو کۆمەڵەی کولتوری باوی تێدا پەیڕەودەکرێت، ئەوە دەستنیشانکەری ئەوەیە، کەچی جۆرە شێوازێکی ئاخاوتنی تێدا بەکاربهێنرێت، پلەی زیادکردن و کزبوون و نەمانی ئەم شێوازەی ئاخاوتنیش بەستراوەتەوە بە جۆر و چەشنی ئەو کولتورەی کە لە بیر و هۆشی ئەندامانی ئاخێوەرانی میللەتێکدا هەیە) (فەرەج، ٢٠١١: ٢٧-٢٨). (ساپیر) بەوشێوەیە سەیری پەیوەندی نێوان زمان و کولتور دەکات، کە (زمان فاکتەرێکی کاریگەرە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەو زمانەی، کە لە ژینگەیەکدا دروستدەبێت، کارا دەبێت و لە چوارچێوەیەکدا دەبێت، کە ئەو چوارچێوەیە بۆ جیهانی دەوروبەر بونیادنراوە، بەمەش بیرەکانمان ڕێکدەخات و هاریکارمان دەکات لە گونجانی لایەنەکانی وێنەکردنمان بۆ جیهان، بەمەش پەیوەندییەکەی نێوان زمان و کولتور پەیوەندیەکی جێگۆڕ و کاریگەرە لەوەی زمان کاریگەری دەکەوێتەسەر لە ئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵ لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە لە واقعی کۆمەڵدا کاردەکات و دەبێت بە نیشانە بۆ ئەو کۆمەڵە) (سلیم، ٢٠١٠: ١٢)، (مالینۆفسکی)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: (بە پشتگوێ خستنی پێشینە و کولتور و ڕەنگدانەوەیان لە زماندا ناکرێت لە زمان بکۆڵینەوە (عەلی و حمەئەمین، ٢٠٠٦: ٣٢)، واتە (زمان ڕەنگدانەوەی کولتوری کۆمەڵێکە و بۆخۆشی کاریگەریی لەسەر کولتوری ئەو کۆمەڵە هەیە، کولتوریش، کە ڕەنگدانەوەی هزری کۆمەڵە و کاریگەریی لەسەر زمان هەیە) (عەلی، ٢٠١١: ١٥-١٦)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (ئەرکی زمان تەنها لەسەر ڕاگەیاندندا (پەیوەندیگرتن و تێگەیشتن) کورتنابێتەوە، بەڵکو ئەرکی لەخۆگرتنی بیرەکان و پاراستنی کولتوری نەتەوەیی و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی دواتر دەگرێتەئەستۆ) (احمد، ٢٠١٦: ٢١٥).

بەهۆی ئەو سنوورەی کولتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ ئەندامەکانی دیاریکردووە، ناچاری جێبەجێکردنی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکانی کردوون، ئەمەش بووەتەهۆی ئەوەی ئاخێوەرانی بەپێی ڕەگەز و تەمەن و پێگەی کۆمەڵایەتی و کاروپیشەی جیاواز...هتد، لە بۆنە و بوارەکۆمەڵایەتییەکان و دەوروبەری ئاخاوتن، هەریەکەیان تێڕوانینێکی جیاوازیان بۆ ژیان هەبێت و بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە یەکتر شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری لەبەرچاوبگرن، چونکە گۆڕینی دابونەریتەکانی ڕەفتار و

ئاخاوتنەکان کاریکی دژوارە، بەڵام لە بەرانبەردا ڕێزگرتن لە بیروڕا و شێوازەکانی ئاخاوتنی یەکتری کاریکی ئاسانترە. پەیوەست بە کولتوری کوردی دەڵێن (فەرەج، ٢٠١١: ٢٧–٢٨):

١. میللەتی کورد هاوشێوەی میللەتەکانی دیکە کۆمەڵێک ڕێسای خۆنەریت و جێخۆشکردنی هەیە، کە لە بۆنە جیاوازەکاندا بە کاریدەهێنێت، بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی ئەم بۆنانە ئایینی، یان نەتەوەیی، یان خێزانی... هتد، بێت.

٢. ئەگەر بە شێوەیەکی ئاسۆیی بڕوانرێتە خۆنەریتەکان، دەبینرێت لەو بۆنانەدا دەربڕینی زمانی جیاواز بە جیاوازی بۆنەکان بەکاردەهێنرێت، ئەمەش مرۆڤی کورد پابەنددەکات جۆری دەربڕینەکانی بە پێی جۆری بۆنەکان هەمەڕەنگبێت، ئەگەر بە شێوەیی ستونی بڕوانرێت بۆ ئەم خۆنەریتانە، دەبینرێت ڕێساکانی بە گۆڕانی کات دەگۆڕێت، واتە بە پێی گۆڕانی بیروبۆچوونی سەردەمەکان و پێوەرە هاوچەرخەکان و شارستانیبوون ئەم ڕێسایانە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە مەرج نییە جێگیربێت.

یەکێک لە بۆچوونەکانی (وۆرف) ئەوەیە، (بونیادی زمان ئەو ڕێگەیە دیاریدەکات، کە ئاخێوەری ئەو زمانە دنیاپێدەبینێت، زمان پێش بیرکردنەوە دێت و کاردەکاتەسەر بیرکردنەوە و کولتوریش) (احمد، ٢٠١٦: ١٨٣)، بۆیە (جیاوازی زمانی کاریکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو هاوواتایە بۆ ئەو ڕاستییەی ئاماژەی بۆ دەکات، بۆ نموونە لە زمانە جیاوازەکاندا بیرە بنەڕەتی و بنچینییەکان بە هەمانشێوە دەرنابڕدرێن، بەڵکو ڕێگای جیاواز دەگرنەبەر بە مەبەستی باسکردنی بارودۆخەکان و لکاندنی زنجیرەی زۆر تایبەت لە پێکهێنەرەکان، بەپێی دنیابینی و واقعی دەوروبەر، بۆ نموونە هەمان کاری (خواردن/ eat) بە هەمان فۆرم و ناوەڕۆک بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ لە نێوان زمانەکان جیاوازە، لە زمانی کوردی و ئینگلیزی و سویدی، هەردوو بیری مرۆڤ و ئاژەڵ لە خۆدەگرێت (منداڵەکە/ سەگەکە.... نانەکەی خوارد.)، بەڵام لە زمانی ئەڵمانیدا، ئەگەر بکەری کاری خواردن مرۆڤ بێت، ئەوە وشەی (essen) بەکاردێت و ئەگەر بکەری کاری خواردن ئاژەڵ بێت، ئەو وشەی (fressen) بەکاردێت) (احمد، ٢٠١٦: ٢٠٨). کاتێک (بنەما کولتوریەکانی کۆمەڵگایەکی باڵا و پێشکەوتوو لەڕووی (ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی ...هتد) پێشڕەوی دەکاتەناو فەرهەنگی زمانی کولتوری کۆمەڵگایەکی دواکەوتووەوە، هەندێک کەرەستەی کولتوری و مادی لە کۆمەڵگایەکی دیکەوە وەردەگرێت) (باتنی، ٢٠١١: ٢٤)، (بەتێپەڕبوونی کات ئاخێوەرانی زمانی دایک (دونیابینی) و پێڕەوی بیری جیا و تایبەت بە خۆوە دەگرن، هەموو ئەوانە بە مەبەستی ڕێکخستنی ئەزموونەکانیان و پەیوەست بەو دەوروبەری ئەزموون و تاقیکردنەوەکانیان تیایدا سەرهەڵدەدات، بەو جۆرە دوو لایەنی بەرانبەر بە یەک، دەبێت لەبەرچاوبگیرێت، ئەوانەش جیاوازی بنیاتی لە نێوان پێڕەوی زمانەکان بەرانبەر دەبێت بە جیاوازی زانیاری سروشتی و زگماکی نا–زمانی لە زمانی جووت زمانیدا. دواتر دەبینی جیاوازی لە پێڕەوی بیری جیاواز، کولتور و زمانی جیاواز بەرهەمدێت) (احمد، ٢٠١٦: ١٧٩).

دەرکەوتنی وشە و بونیادی زمانێکی بیانی لەناو زمانێکی دیکەدا تەنها پەیوەندی بە لایەنی زمانەوانییەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە بیرکردنەوە و کولتوری خاوەن زمانەکەوە، واتە وشەکانی زمان، داهێنانی ئەزموون و ناوی کەرەستە و دیاریدە و ڕووداوەکانن، واقعی کۆمەڵ دەردەخەن، پەیوەستن بە کولتوری ئەو کۆمەڵەوە و بوون بە ناسنامەی زمانەکە، پێویستی کۆمەڵ و گۆڕانی کولتورەکەی بڕیاری بەکارنەهێنانی وشەکان و وەرگرتنی وشە لە زمانەکانی دیکەوە دەدەن، بۆیە خواستنی بە لێشاوی وشە لە زمانەکانی دیکەوە، بە تایبەتی ئەوانەی، کە پێویست نیین و جێگەی وشە خۆماڵییە چالاک و تەمەن درێژەکان دەگرنەوە، زمانەکە بەرەو شێوان و لەناوچوون دەبەن، چونکە وشەکانی زمان بە پێی کولتورە جیاوازەکان، هەریەکەیان سەرەڕای سیما واتاییە بنەڕەتییەکان، چەندین سیمای لاوەکیشیان هەیە، کە تەنها ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەتوانن بەکاریبهێنن، بە پێچەوانەی وشە خوازراوەکانەوە، کە زیاتر تەنها بە سیما واتاییە بنەڕەتییەکانیانەوە، یان بەشێک لەو سیمایانەوە دێنەناو زمانەوە، هەر کولتوریشە ناچارمان دەکات، زمان چۆن بەکاربهێنین و دونیابینینمان بۆ دەوروبەر چۆن بەکاربهێنین، واتە (زمان و کولتور یەک چوارچێوەی تێگەیشتنیان هەیە و لە یەکتر جیانابنەوە، بۆیە زۆرجار واتای ڕستەکان، تەنها لە ڕیزبوونی وشەکان و ڕێزمان بە دەرناکەون، بەڵکو واتاکەیان پەیوەستە بە سیاق و ناسنامەی ئاخێوەرەوە) (سلیم، ٢٠١٠: ١٣٦-١٣٧)، (کاتێک مرۆڤ لە دایکدەبێت لە چوارچێوەری کولتوری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا و بە پشتبەستن بە زمان و دانە فەرهەنگییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، بیری نوێ فێردەبێت و وەردەگریت) (سەعید و ئەحمەد، ٢٠١٧ : ١٩٢)، بۆ نموونە (سەرجەم تێڕامان و سەرنجدان و بیرکردنەوە و شارەزاییە ئاوەزیی و کولتوری و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە ڕێزمانی زمانەکەیدا بە چەمککراوە و ڕاستەوخۆ لە ڕێزماندا ڕەنگیداوەتەوە) (قادر، ٢٠١٢: ٩٩-١٠٠)، ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیری وەکو نموونە وەربگریت، دەبینین چەندین وشەو دەربڕاوی تایبەت بەکاردەهێنرێن، کە دەرخەری کولتوری کۆمەڵی کوردین و پەیوەستە بە جۆری ژیان و ئەزموونی کۆمەڵەوە، وەکو:

| بۆ کوڕ | بۆ کچ | بۆ هەردووکیان(پرۆسەکە) |
|---|---|---|
| ژنهێنان | شوکردن | هاوسەرگیری/ زەواج |
| داوایکرد | داواکرا | داواکردن |
| دیاریکرد | دیاریکرا | دیاریکردن |
| مارەیکرد | مارەکرا | مارەکردن |
| هەڵقەی لە دەستکرد | هەڵقەی لە دەستکرا | هەڵقەگۆڕینەوە |
| شەکراوی خواردەوە | شەکراوی خورایەوە | شەکراوخواردنەوە |
| ژنم هێنا | شومکرد | دەزگیراندار |

| گواستنەوە | گواستراومەتەوە | گواستمەوە |
|---|---|---|
| چووە ماڵی خۆی | بردیان | بردی |
| گ...کردن/جوتبوون/پێکەوەخەوتن | گ...دا | گ...کرد |
| تەڵاقدان/جیابوونەوە | تەڵاقدرا | تەڵاقیدا |

خشتەی ژمارە (٣٠)

وەکو لە نموونەکانی سەرەوە دەردەکەوێت، کە دونیابینی کولتوری کوردی بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری بۆ هەریەکە لە کوڕ و کچ جیاوازە، ئەمەش پەیوەستە بە ئەزموون و لایەنی کۆمەڵایەتی و دارایی و شێوازی ژیان و ئایینەوە، کە جیاوازبێت لە کولتوری کۆمەڵەکانی دیکە، وەکو کۆمەڵی ئەوروپییەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە کوڕ لە کولتوری کوردیدا لە پرۆسەی هاوسەرگیریەکەدا خەرجی لایەنی دارایی و پێویستییەکانی ژیانی دەکەوێتەسەر، لە بەرانبەردا ژن بۆ ناو بنەماڵەکەی خۆی ڕادەکێشێت و دواتریش منداڵەکان هەر بە ناوی باوک و بنەماڵەکەیەوە دەناسرێن. بەکارهێنانی هەریەکە لەو وشە و دەربڕاوانە دەکەوێتەسەر دنیابینی بیری هەریەکە لە کوڕ و کچ بۆ پرۆسەکە، ئەمەش دنیابینی تاکەکان لە چوارچێوەی کولتورێکدا دەردەخەکات، کە ئاماژەن بۆ گۆڕانی کولتور و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانیان، واتە وشە و دەربڕاوی زمانەکان پەیوەستن بە کولتورێکی تایبەت بەو کۆمەڵەوە و چالاکبوونی ئەو فۆرمە تایبەتە بە خودی کۆمەڵەکە خۆیەوە، بۆ نموونە وشەی (ژنبەژن) وەکو یەکێک لە جۆرەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری، هەمبەر بە کولتوری ڕۆژئاوایی، تایبەتە بە کولتوری کوردەواری، پرۆسەی هاوسەرگیری (سیغە)ش تایبەت بە مەزهەبی شیعە و (هاوڕەگەز)ی تایبەتە بە کولتوری ڕۆژئاوایی، هەروەها هاوسەرگیری (مسیار)یش تایبەتە بە (سونە) مەزهەب، بەپێی گۆڕانی بیرکردنەوەی کۆمەڵیش ئەگەری گۆڕانی ئەم پرۆسانە لە نێوان کۆمەڵە جیاوازەکاندا هەیە، یان (ئەگەر کوردێک بە گەشتیارێکی ئەمریکی یان ئینگلیزی بڵێت (ئەحواڵت چۆنە؟)، گوێگر وا بیردەکاتەوە، کە پرسیار لەبارەی تەندروستییەوە دەکرێت، بۆیە ناتوانێت بە دروستی وەڵامبداتەوە، چونکە سەر بە یەک کولتور نیین (سلیم، ٢٠١٠: ١٣٧).

### ٣-٢/٣) ژەهری زمانیی و ناونان:

هەر کۆمەڵێکی دیاریکراو بۆ ناسین و لێکجیاکردنەوەی کەرەستە و شتەکانی دەوروبەری و بیرە ئەبستراکتەکان، بە ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتی و بە کاریگەریی بیرکردنەوەی ئەو کۆمەڵە پەیوەست بە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئایینی...هتد، ناویان لێدەنێن و مۆری تایبەتی ئەو کۆمەڵەیەی لێدەدەن، هەر زمانێکیش بۆ ئەم پرۆسەی ناونانە، چەندین یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەیە، (ئەو نیشانە تایبەتیانەی کە دەبن بە بەردی بناغە لە پرۆسەی ناوناندا، لە میلەتێکەوە بۆ میلەتێکی دیکە، دەگۆڕێت، دیارە، ئەمەش بەستراوە بە جیاوازی بیروڕا و تێڕوانین و لە سروشت دەوروبەر و

پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ کە لە هەر میلەتێکدا، تەماشای بکەین لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکدا هەیە، چونکە هەموو میللەتێک ڕەوتی ژیان و ئەو قۆناغە مێژوویانەی پێیاندا، تێپەڕدەبێت، تاییەتە تەنها بە خۆیەوە، ئەگەرچی ئەو میللەتانەی کە دراوسێی یەکترن، لە هەندێ بیروباوەڕدا، نزیکن لە یەکەوە، یا لەسەریەک دینن، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، خاڵی هاوبەش بەدیدەکرێت) (سدیق، ٢٠١١: ٣٣-٣٤)، بۆیە پشتبەستن بە خواستنی وشەی بیانی بۆ ناونانی کەرەستە نوێیەکانی دەوروبەرمان و پشتکردن لە سازکردنی وشەی نوێ، هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی توانای زمان، هەموو زمانێک توانای سازکردنی وشەی نوێی بە کەرەستەکانی دیکەی زمانەکەی هەیە و زیندوێتی و توانای ئاخێوەکانی پیشاندەدات، ئەمەش سەرەڕای پاراستنی یاسا و ڕێساکانی زمانەکە و بەکارهێنانیان، مۆرکی ڕەسەنایەتی ئەو زمانەش دەپارێزێت، توانای عەقڵیەتی خاوەن زمانەکەش پیشاندەدات.

بیروباوەڕ و بیرکردنەوە لە ناونان ڕەنگدەداتەوە، چونکە کاتێک مرۆڤ ناو لە شتێک یان کەسێک یان ڕووداوێک دەنێت، چۆنی دەبینێت ئاوا ناوی لێدەنێت (دزەیی، ٢٠١٠: ٩٣)، واتە (زمانی هەر میلەتێک بە جیاوازی بیرکردنەوە و کولتوری میللەتەکەی لە زمانێکی دیکە جیاوازە و هەڵقوڵاوی دەوروبەر و ژینگەی خۆیەتی) (غولام، ٢٠١٦: ٨)، بۆیە (لە ناونان‌دا، زمانەکان لە یەکتر جیادەبنەوە و هەریەکەیان بەپێی ئەو نیشانە، گرنگ و بەرچاوانەی، کە بە گوێرەی بیرکردنەوە و تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆیان، درکیان پێکردووە، ناویان لێ ناوە، واتە هەر زمانێک، تەنیا نیشانەیەکی کردووە بە بناغەی ناونانەکەی، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە هەموو شت و دیاریدەیەک لە سروشتدا لە چەند نیشانەیەک، زیاتر دەگرێتەخۆی، بەڵام لە پرۆسەی ناونان‌دا، تەنیا یەکێکیان کە لەبەرچاو بێت، هەڵدەبژێرێت) (سدیق، ٢٠١١: ٤١)، واتە (ناونانی کەرەستەکانی دەوروبەر لە زمانە جیاوازەکاندا، کاریگەریی ژینگە و کۆمەڵ و باری دەرونی و ڕامیاری و ئابوری ناوچەی ئاخێوەرانی لەسەرە، بۆ نموونە تاکی کورد بە کاریگەریی بیری خودی تاکەکانی ناوی لە کەرەستەکانی چواردەوری ناوە) (غولام، ٢٠١٦: ٢٠)

خواستنی وشە و لاسایکردنەوەی زمانەکانی دیکە بۆ ناونانی کەرەستە و بیرەکان، کە لایەنێکی گەورەی خواستنی کەرەستەی زمانییە، زمان لاواز و بێتوانا دەکات، وەهای لێدەکات، مۆرکی ئاخێوەرانی پێوە نەمێنێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ونبوونی ئەولایەنە تایبەتیانەی زمانێکی دیاریکراو بۆ ناونان لەبەرچاویدەگرن، کە پەیوەستە بە بیر و تێڕوانینی ئاخێوەرانی بۆ سروشت و دەوروبەر، هەروەها دەبێتەهۆی ئەوەی مۆرکێکی بێگانە بەو ناوە بدرێت، بەمەش زمانەکە بە کاریگەریی بیر و کولتوری زمانەکانی دیکە ژەهراوی دەبێت و تێڕوانین و بیرکردنەوەی تاکەکانی بۆ دەوروبەرییان دەشێوێت و دەکەونە بە کاریگەریی زمانە بیانییەکان، بۆ نموونە (لە زمانی (توڤانی) ی سبیرییدا بەمار

دەگوترێت (ماسیی زەوی) ڕوانینی ئەوان بۆ مار ئەوەیە، کە لە ماسی دەچێت، بەڵام لە ئاودا ناژێت) (کەمەرێ و دایەمەند و ...، ٢٠٠٧: ٩٩)، هەروەها (لەناونانی جنسی (ژن) بەپێی تێڕوانینی میللەتە جیاوازەکان، نیشانەیەکی تایبەتی بۆ ناونانی لەبەرچاو گیراوە، لە لاتینیدا ناوی (femina)ی لێنراوە، کە چەمکی (بەخێوکەر)ی گەیاندووە، لە زمانی هندی کۆندا ناوی (stri)ە، کە چەمکی (بەرهەمدار)ییە، لە زمانی گریکیدا ناوی (potnia)ی لێنراوە، کە چەمکی (کەی بانوو)ە و لە زمانی ئەڵمانیدا ناوی (weib)ی لێنراوە، کە چەمکی (ڕەنجدەر یان ئیشکەر) دەگەیەنێت) (سدیق، ٢٠١١: ٣٨).

گرنگی و بایەخی ناو وایکردووە، داگیرکەران بە درێژایی مێژو، لە هەوڵی سڕینەوەی ناوی ڕەسەنی نەتەوە داگیرکراوەکاندا بن، چونکە (ناونانی مرۆڤەکان یان شوێن و دامەزراوەکان، بەشێکی گرنگە لە جیهانبینی و هەڵوێستی نەتەوەیی مرۆڤ خۆی، ڕێزگرتنە لە نرخ و مێژو و کولتوری خۆی، هەر میللەتێک وەک چۆن زمانی تایبەتی خۆی هەیە، ئاوا ناوی تایبەت بە خۆی هەیە و دەبێت بە کاریببهێنێت، چونکە میللەتێکی بێ ناو ناتوانێت ناونیشانێک دروستبکات) (ڕەحمان، ٢٠١٧: ٦٠)، بۆ نموونە (مۆسۆلینی) لە ساڵی ١٩٢٥ لە ناوچەی (خال داوست)، کە فێرکردن بە زمانی فەرەنسی بوو، چەند ناوێکی ئیتاڵی لە شوێنی ناوی ئەو شوێنانە دانا، کە خەڵکەکەیان بە فەرەنسی قسەیان دەکرد، هەروەها وشەی بیانی لە لافیتەکاندا بە سەپاندنی سزای دارایی قەدەغەکرد، لە ئیسپانیا و لە سەردەمی (فرانکۆ)دا چەند دەقێکی یاسایی دەرچوو بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی وشەی نا ئیسپانی لە لافیتە و ناوی کۆمپانیاکاندا، هەروەها نووسینی ناوی بنەماڵە بەبێ بەکارهێنانی زمانی ئیسپانی لە فەرمانگەکانی باری شارستانی قەدەغەکرد، ئەمەش ڕێ و شوێنی ئاڕاستەکراو بۆ داکۆکیکردن لە زمانی کەتەلۆنیا و باسک، لە ئەڵمانیاش ناوی پەتی بۆ شوێنە نا ئەڵمانیەکان لە کەرتی بومیرانیا و سیلیزیا دەستنیشانکران و شوێنی ناوەکانی پێشوویان گرتەوە( کالفی، ٢٠١٢: ٢٥٨)، بە هەمانشێوە بە مەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەی کورد و لەناوبردنی زمانەکەی، داگیرکەران هەوڵیانداوە زمانی کوردی لە پرۆسەی ناونان دووربخەنەوە و ناوی زمانەکانی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن، بۆ نموونە (لە باکوری کوردستان لە سەردەمی (ئەتاتورک)ەوە، دەستیانکرد بە گۆڕینی ناوی شار و شارۆچکە و گوند و ڕووبار و لوتکەی شاخەکان لە ناوی کوردییەوە بۆ ناوی تورکی، بە تایبەتی لەدوای کودەتای (١٢)ی ئەیلولی (١٩٨٠) لە تورکیا، زیاتر لە (٨٠ %)ی ناوی شار و گوندەکانی ناوچە کوردییەکانی باکوری کوردستان لە کوردییەوە گۆڕدران بە ناوی تورکی، لە کۆی (٣٥٢٤) گوند، ناوی (٢٨٤٢) لە کوردییەوە کران بە تورکی) (تەنیا، ٢٠٠٨: ٨-٩)، هەروەها لە باشوری کوردستانیش، بۆ سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونی ناوچەکان، دەستیان دەکرد بە گۆڕینی ناوی قوتابخانە و شوێنە پیرۆز و شوێنەوارەکان و شار و گەڕەک و ناوچەکان، وەکو ئەوەی حکومەتی بەعسی عێراق لە کەرکوک و خانەقین و ناوچەکانی دیکە جێبەجێی کردووە، بۆ نموونە (لە شاری کەرکوک ناوی گەڕەکەکانی (ڕەحیماو، موسەللا، گاورباخی، حەمام عەلی بەگ، ئازادی، پیریادی) گۆڕدران بۆ ناوە

عەرەبییەکانی (حي الاندلس، حي خلفاء، حي عدنان، حي الفارس و حي الأمراء، حي النخوة، حي الصفا). ناوی مزگەوتەکانی (مەلا سەعیدی ڕۆژبەیانی، سەید ئەحمەدی خانەقا، ئیبراهیم پاشا، عەلی بەگ، مەلا ئەحمەدی زەند، ئەحمەد ئاغا، وەلی پاشا) گۆڕدران بە ناوە عەرەبییەکانی (حارث بن زید، القادسیة، القعقاع، عباس بن عبدالمطلب، عمر بن عاص، سهیل بن عمر، قعقاع بن عمر التمیمي)، هەروەها ناوی قوتابخانەکانی (پیرەمێرد، مەولەوی، هەڵمەت، بێکەس) کرانە (ئیدرسي، العراقیة، ئوم ایمەن، ئەلحەسەن ئیبن ئەلهەیسەم) (تەنیا، ٢٠٠٨: ١٢-١٣).

هەرچەند بەپێی دەستوری نوێی عێراق، زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی دەوڵەتی عێراق ناسێنراوە، بەڵام بە هۆکاری سیاسی هەر کار بە دەستور نەکراوە، زمانی عەرەبی کاریگەر و زاڵکراوە بەسەر زمانی کوردیدا، بەتایبەتی سەپاندنی زمانی عەرەبی لە کاروبارە ڕامیارییەکاندا، وەکو (دراو و ڕەگەزنامە و باری شارستی و فۆرمی خۆراک و مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل و سالآنەی ئۆتۆمبیل...هتد)، کە بە ڕێنووسی زمانی عەرەبی دەنووسرێت، ئەمەش سەرەڕای سەپاندنی زمانی زمانی عەرەبی، چەندین هەڵە لە ڕێنووس و واتایی لێکەوتووەتەوە، بەتایبەتی لە پرۆسەی ناونانی کەسەکاندا، ئەمەش بەهۆی جیاوازیی فۆنۆلۆژی زمانی عەرەبی لە زمانی کوردی، بۆ نموونە زۆربەی ئەو مندالآنەی بەناوی (دانیار)ی زمانی کوردی ناونراون، لە پێناسەکانیاندا بە ڕێنووسی (دانیال) دەنووسرێن، کە ناوێکی باوی زمانی عەرەبییە و ناوی یەکێکە لە پێغەمبەران، هەروەها ناوی کچانەی وەکو (خەولە) کراوە بە (خولە)، کە هەمان فۆرمی کورتکراوەی ناوی (مەحموود)ە، ئەمەش بووتەهۆی ئەوەی زۆرجار کەسەکە ڕووبەڕووی توانج و گاڵتە پێکردن ببێتەوە، هەروەها چەندین ناوی دیکەی کوردی لە ڕووی ڕێنووسەوە بە هەڵە تۆمارکراوە، وەکو:

- (ژیان) بە (زیان) تۆمارکراوە.
- (پێشکەوت) بە (بیشکوت) تۆمارکراوە.
- (گەڵا) بە (کەلا) تۆمارکراوە.
- (گوڵە) بە (کولە) تۆمارکراوە.
- (کەژاڵ) بە (کزال) تۆمارکراوە.

لە هەندێک ناوی دیکەشدا لەبەرئەوەی زمانی کوردی ناڕاستەوخۆ لە زمانی عەرەبییەوە ناوەکەی خواستووە، کاریگەریی فۆنۆتاکتیکی زمانی عەرەبییان لەسەر ماوە، بۆ نموونە:

- (ژاپۆن) = (یابان)
- (چین) = (سین)
- (ڤاتیکان) = (فاتیکان)

- (چیچان) = (شیشان)
- (پورتوگال) = (پورتغاڵ)

زۆرجار بەهۆی لاسایکردنەوەی ناونانەوە، گۆڕان بەسەر واتای ناوەکاندا دێت، بۆ نموونە (بە هۆی نەبوونی پیتەکانی (ث، ط، ظ، ذ) لە زمانی کوردیدا گۆڕان بەسەر ڕەگ و ڕیشە و واتای ناوەکەدا دێت، بۆ نموونە ناوی (ثامر) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (بە بەرهەم) دێت، بەڵام کە بە کوردی دەنووسرێت، یان دەردەبڕێت (سامر) واتاکەی دەبێت بە (شەوبێری)، هەروەها ناوی (حافظ) لە زمانی عەرەبیدا لە (پاراستن)ەوە هاتووە، بەڵام کە دەکرێتە کوردی (حافز) بە واتای (کوێر) دێت (تەنیا، ٢٠٠٨: ١٧).

لە ڕێگەی خواستنی ناو لە زمانەکانی دیکەوە بۆ ناونانی کەرەستە و شوێنەکان، چەندین ناو و ڕێنووسی و یاسا و ڕێسای زمانیی زمانەکانی دیکە، دزەیانکردووە بۆ ناو زمانی کوردییەوە و زمانەکەیان ژەهراویکردووە، لەوانە:

١. ئەو ناوانەی، کە وشەی خوازراوی بیانین و بەپێی یاسا و ڕێنووسی زمانی بیانیش ناونراون، وەکو:

- Smile Mates
- Roma Bazar
- RODI MALL PLUS
- MRF City

٢. ئەو ناوانەی، کە بە وشەی بیانی و بە پێی یاسای بیانی و ڕێنووسی کوردی ناونراون، ئەم ناوانە زیاتر ناوی پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون و ناوی کۆمپانیا و شوێنە بازرگانییەکانن، وەکو:

- نوڤا تاوەرز
- ڤارپارک
- گرین وۆرد
- ئەکوا پارک
- نیوستی
- مۆدێرن ستی
- دریم ستی
- دریم لاند

- هەپی لاند ستی
- ڕۆیا تاوەر
- ئیمپایەر وۆڵد
- پارک ڤیو
- دریم لاند
- ڤیدیۆستۆری
- نۆڤس سەنتر
- گەیم سەنتر

٣. ئەو ناوانەی، کە بە وشەی کوردی ناونراون و یاسای زمانی بیانی بەکارهێنراون:

- شار کەلوپەل
- کورد بازاڕ
- هێمن کار

٤. ئەو ناوانەی، کە وشەی تیکەڵاوی کوردی و بیانیین و یاسای زمانی بیانی بەکارهێنراون:

-- خەون ستی
- کورد پۆست
- دەوار میدیا
- نۆژین ستی
- هەنار مارکێت
- موڵک نیوز
- سەردار گروپ

٥. ئەو ناوانەی، کە وشەی تێکەڵاوی کوردی و بیانین و یاسای زمانی کوردی بەکارهێنراون:

- شوقەکانی ئیسکان
- عەقاراتی ڕۆژ
- سەنتەری شار
- گوندی ڤیتاڵ
- چاڤی لاند
- کارمەندی گارسۆن

- کارمەندی دلیڤەری
- ئینستتیوتی ژیار
٦. ئەو ناوانەی، کە بە وشەی بیانی ناونراون و یاسای زمانی کوردی بەکارهێنراوە:
- ڕێستۆرانتی ڤێۆلا
- کافێی پاریس
- کۆمپانیای زیرۆ
- کۆمپانیای ئۆنلاین
- جۆزەی کارەبا
- فامیلی مۆڵ
- ڕێستۆرانتی دریم
٧. ناونان بە هێما و پیتە بیانییەکان:

-4G

-C4

-H&H MODA

-4YOU

٨. ناونان بە ناوی عەرەبی، کە دوو جۆرن:

أ. نەتەوەی کورد لەڕووی مێژووییەوە چەندین ئایینی جیاوازی هەبووە، هەریەکە لەم ئایینانە کاریگەرییان لە پرۆسەی ناوناندا هەبووە، بە تایبەتی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، کە بووە سەرچاوەی ناونان لەناو ئەو گروپ و نەتەوانەی، کە بڕوایان بە ئایینەکە هێنا، ئەویش بەهۆی پیرۆزی ئەو ناوانەی لە ئایینەکەدا هاتوون، یان ناوەکانی خوای گەورە و سیفاتەکانی، هەروەها ناوی ئەندامانی بنەماڵەی پێغەمبەران و شوێنکەوتووانی، نەتەوەی کوردیش وەکو زۆربەی ئەو نەتەوانەی بوون بە ئیسلام، لە پرۆسەی ناوناندا زۆربەی منداڵەکان بە ناوە ئایینییەکان ناونراوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، وەکو: (فاتمە، زەینەب، ماریا، مریەم، زارا، عایشە، زەهرا، شوکریە، کەوسەر، لیا، بیلال، عەلی، عومەر، عەبدوڵا، محەمەد، عوسمان، موسا، عیسا، بنیامین، لاوی، دانیال، نوح، ئەیمەن، ئیبراهیم/برایم، حسین، ئیسماعیل، جەبار، مەجید، ...هتد).
ب. ئەو ناوانەن، کە زیاتر لە ڕێگەی دراوسێیەتی و هونەر و فیلمەوە هاتوونەناو زمانی کوردیەوە، وەکو: (دیانە، سەمیرە، نەوال، نەعیمە، مەلیحە، ئەنەس، ئەمیرە، سومەیە، مەروا، کازم، حاتەم، شەهاب، حیدەر...هتد).

٩. ناونانی منداڵ بە ناوی فارسی:

بەهۆی دراوسێیەتی و کاریگەریی گۆرانی و فیلمە دۆبلاژکراوە فارسییەکانەوە، چەندین منداڵ بە ناوی هونەرمەند و ئەکتەرە ئێرانییەکان ناونراون، وەکو: (ئارش، ستایش، شهرام، ئارینا، سیتا، مەستی، مانی، پەرەستو، مەیلی، بانو، ڕامین، سیما، میهرەبان...هتد).

١٠. ناونانی منداڵ بە ناوی تورکی:

ناوی هونەرمەند و ئەکتەرە تورکییەکان لە ڕێگەی گۆرانی و فیلمەوە، کاریگەرییان لەسەر ناونانی منداڵی کورد بە ناوی تورکی هەبووە، وەکو: (موراد، بۆراک، لۆهان، هەزاڵ، ئالین، لەمیس...هتد).

١١. ناونانی منداڵ بە ناوی زمانەکانی دیکە ، وەکو: باسکال، ئەرەستۆ، جولی، ڕامۆس، کارلۆس...هتد).

١٢. زۆرێک لە ناوی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەرنامەکانیان بە ناوی بیانی یان بە تێکەڵاوی لەگەڵ وشەی کوردیدا ناونراون:

أ. ناوی کەناڵە کوردییەکان، وەکو: (کوردماکس، سپیدە دراما، ژیان میدیا، کورد ماکس، کوردسات نیوز، نیگا مۆڤس، نیگا فامیلی، مید مۆزیک، کەناڵ4، NET TV، PELISANK، BMC، NEW LINE...هتد).

ب. ناوی بەرنامەی کەناڵە کوردییەکان، وەکو: ( پۆرترەیت، مەگەزین،، پانۆراما، ستراتیژ، ترافیک، دیبەیت، باک ستەیج، سینەما24، بوولتەنی ڕووداو، پانۆراما، دۆکیۆمێنتاری، دیاسپۆرا، سپێشەڵ ڕیپۆرت، مەید ئین کوردستان، سایکۆ، ستادیۆم، GK FLASH، GPS ،..هتد).

١٣. خواستنی چەندین دەربڕاو لە زمانەکانی دیکەوە، وەکو : (عەزابی قەبر، حەرامزادە، OK، YES، NO، Hallo، By، I love you، Happy birthday، Thank you، Happy day، Good morning ، Mercy...هتد).

## ٣/٣) ڕێگاکانی هێنانەئارای ژەهری زمانیی لە زمانی کوردیدا:

### ٣/٣-١) وەرگێڕان:

وەرگێڕان بە ڕێگایەکی سەرەکەی هێنانەناوەوەی یاسا و ڕێسا و چونیەتی ڕێزبوونی کەرەستەکانی بۆ ناو زمانی کوردی دادەنرێت، کە بریتییە لە (پرۆسەی گۆڕینی بابەتێکە لە زمانی بەکارهاتووی نووسینی بابەتێکەوە بۆ سەر زمانێکی دیکە، بە جۆرێک کە بتوانێت تا ڕادەیەکی نزیک ناوەڕۆک و واتا و مەبەستی بەرهەمە وەرگیراوەکە بۆ زمانە وەرگرەکەدا ڕەچاوبکات) (حسەین، ٢٠٠٧: ١٠٢)، یان بریتییە لە زانیارییەک، کە لە قاڵبی پێڕەوێکدا بێت و بخرێتە قاڵبی پێڕەوی زمانێکی دیکەوە (ئەمین، ٢٠١١: ٨٧)، واتە وەرگێڕان (پرۆسەیەکی زمانییە تێیدا وەرگێر هەوڵدەدات دەقێک لە زمانەکەی خۆیدا دووبارە بونیادبنێتەوە وەکو دەقە بنچینەیەکە لە ڕووی بیر و واتاوە) (اسماء، ٢٠١٨: ١٦٥). لەبەرئەوەی هەر زمانێک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی زمانیی خۆی هەیە، بۆ پاراستنیان لە شێواندن بەهۆی هاتنەناوەی بیر و کەرەستە و یاسا و ڕێسای زمانەکانی دیکە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، پێویستە وەرگێڕ شارەزاییەکی تەواوی لە یاسا و ڕێسا و وشە و زاراوەکانی زمانی دەقی بنەڕەتییەکە و زمانە بۆ وەرگێڕاوەکە هەبێت، بۆئەوەی لەڕووی واتا و ڕێساوە وەرگێڕانەکەی تەواوبێت و زیان لە پەیامی دەقە بنەڕەتییەکە و زمانە بۆ وەرگێڕاوەکە نەدات، چونکە (وەرگێڕ کاتێک زاراوەیەک یان دەستەواژەیەک وەردەگێڕێت، یاسا و ڕێسای زمانی سەرچاوە لە زمانی مەبەستدا بەکاردەهێنێت، تاوەکو وای لێدێت، کە بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی کات، لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی زمانی مەبەستدا تێکەڵدەبن و دەبنەهۆی ژاهراوییوونی زمانەکە، بەوەی زاراوەیەک یان دەستەواژەیەک وەردەگێرێت و قاڵب یان یاسا و ڕێسای زمانی سەرچاوە لە زمانی مەبەستدا بەکاردەهێنێت، تاوەکو وای لێدێت، کە بەرەبەرە بە تێپەڕبوونی کات، ئەو قاڵبانە لەگەڵ زمانی مەبەستدا تێکەڵدەبن و دەبنەهۆی ژەهراوییوونی زمان) (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ٩٢-٩٣). زمانی کوردی بە کاریگەریی وەرگێڕان لەڕووی فۆرم و واتاوە، کۆمەڵێک گیروگرفتی ڕووبەڕووبووەتەوە، لەوانە:

١. لەڕووی واتاوە:

وەرگێڕان تەنها گۆڕینی وشەیەک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە نییە، یان ڕستەیەک بۆ ڕستەیەکی دیکە، بەڵکو گوێزانەوەی وێنە و ڕووداوەکانە بە هەموو دۆخ و واتا و ئاماژە و ڕوکار و ئەگەرەکانییەوە، بە جۆرێک ئەو وێنەیە بەرجەستە بکات، کە لە زمانە بنەڕەتییەکەدا کێشراوە (حسەین، ٢٠٠٧: ١٠٢)، لەبەرئەوەی ڕەنگدانەوەی کولتوری کۆمەڵ لە زماندا، ڕۆڵێکی سەرەکی لە پێدانی واتایی زمانی بە وشەکانی زمانێکی دیاریکراو دەبینێت، وەرگێڕیش زۆرجار ناتوانێت بە تەواوەتی پەی بەو واتایانە ببات، کە لە ناوەوەی وشە یان دەربڕاوەکاندا حەشاردراوە، واتە (هەندێک وشە هەن، تایبەتمەندیی چۆنییەتی بیرکردنەوە و دنیابینی ئەو کۆمەڵە زمانییەیە و لەوانی دیکەدا نییە،

تایبەتمەندیی زمانی ئەو کۆمەڵەیەیە، کە قسەی پێدەکەن) (نەریمان، ٢٠١٣: ١٤–١٥)، بۆیە (بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و بیر و کولتوری نەتەوەدا هەیە، ناتوانرێت ڕستەیە بە تەواوەتی کوتومت وەکو ئەوەی لە زمانە بنەڕەتییەکە هەیە بۆ زمانێکی دیکە وەربگێڕدرێت) (اسماء، ٢٠١٨: ٨١).

زۆرجار لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە ناتوانرێت بیرێک بە هەموو نیشانە واتاییەکانییەوە بهێنرێتەناو زمانی مەبەستەوە، بە جۆرێک واتایەکی زمانی وەرگر بەرامبەر بە واتای وشەی خوازراو بە کاردەهێنرێت، کە هەمان واتای وشە خوازراوەکە ناگەیەنێت، وەکو دانانی (وشەی (خۆپیشاندان) لە زمانی کوردیدا لە بەرامبەر وشەی (مظاهرە)ی زمانی عەرەبی، لە کاتێکدا وشەی (مظاهرە) لە زمانی عەرەبیدا بە واتای (پشتگیریکردن) دێت نەک (خۆپیشاندان) (عەبدولغەنی، ٢٠١٩: ٩٦)، یان وەرگێڕانی وشە بە وشەی زاراوەی (علم النفس)ی زمانی عەرەبی بۆ (زانستی دەرونی)، لەکاتێکدا بەپێی یاسا و ڕێساکانی زمانی کوردی دەبێتە (دەروونناسی) یان (دەروونزانی)، هەروەها (ئیدیۆمی (پشکی شێر) دەقاودەق لە (حصة الأسد)ی عەرببییەوە وەرگیراوە، کە لە زمانی کوردیدا دەبێت بگوترێت (بەشی زۆرینە یان زۆرترین بەش) (سەعید، ٢٠١٩: ١٦٠)، واتە (چەندین گوزارشتکردن لە واتا بە هەڵە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسییەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، وەکو (خوێندنەوەم بۆ مێژو...)، کە وەرگێڕانی هەڵەی (قرائتی للتاریخ)ە، ئەوە دەگەیەنێت، کە من بۆ مێژو شت دەخوێنمەوە، نەک مێژو دەخوێنمەوە، بەڵام کورد شتی وا ناڵێت، بەڵکو دەڵێت: (خوێندنەوەی مێژو لەلایەن منەوە، مێژو خوێندنەوەم) (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٤٢)، یان وەرگێڕانی ڕستەی (پرسیارێکی ئاڕاستەکردم) لە (وجه الي سؤالآ)ی زمانی عەرببییەوە، کە لە زمانی کوردیدا دەوترێت: (پرسیارێکی کرد.) یان (پرسیارێکی لێکردم.) (رەسوڵ، ٢٠٠٥: ١٨٨)، هەروەها (دانانی وشەی کۆنی زمانی کوردی (نۆژەن) بەرامبەر بە وشەی (تعمیری) عەرەبی، یەکێکی دیکەیە لەو هەڵانەی بەکاردەهێنرێت، چونکە وشەی (نۆژەن) لە زمانی کوردیدا بۆ دۆیەکی نوێ، کە تازە ژەنرابێت بەکاردەهێنرێن، نەک دۆیەک پێشتر ژەنرابێت و سەرلەنوێ بژەنرێتەوە، بۆیە دەبێت وشەی (نوێکردنەوە) بە کاربهێنرێت) (سەعید، ٢٠١٩: ١٦٠).

٢. لەڕووی هینانەناوەوەی کەرەستە و یاسا و ڕێسای زمانیی:

وەرگێڕان ڕۆڵێکی نەرێنی لە بەلاوەخستنی یاساکانی وشەسازکردن و توانای ئاخێوەرانی زمان بۆ سازکردنی وشەی نوێ هەیە، لە زمانی کوردیدا چەندین بۆتەی ڕستە و فرێز و مۆرفیمەکانی زمانەکانی دیکە بەدیدەکرێت، کە زۆربەیان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هاتوونەناو زمانەکەوە (بڕوانە: (٣/١–٢) و (٣/١–٣)، بۆ نموونە:

– زمانی کوردی ئەم بۆتە ڕێزمانییە (کار+بە+ناو)ی لە زمانی عەرەبییەوە خواستووە، وەکو لە ڕستەی (هەستاین بە ئەنجامدانی سیمینارێک.).

– بەکارهێنانی فریزی (خولی پەرلەمانی پێنجەم) لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە، وەرگێڕانی وشە بە وشەی فریزی (الدورة النيابية الخامسة)ی زمانی عەرەبییە، لە کاتێکدا بەپێی یاسا و ڕێساکانی فریز لە زمانی کوردیدا، دەبێت (پێنجەمین خولی پەرلەمان).

– (دانیشتن) هەموو جۆرە کارەکانی لێوە دروستدەکرێت، ئیتر پێویستناکات بە کاریگەریی زمانەکانی دیکە، دەربڕاوی وەکو (با دانشتنێک بکەین، دانشتنێکمان کرد)بەکاربهێنین، بەڵکو لە زمانی کوردیدا دەگوترێت (با دابنشین، دانشتین) (رەسوڵ، ٢٠٠٥: ١٨٥).

– بەکارهێنانی دەربڕاوی (هەروەک وتی) لە زمانی کوردیدا، وەرگێڕانی (كما قال)ی زمانی عەرەبییە، لەکاتێکدا لە زمانی کوردیدا دەگوترێت (وتی) (جراد، ٢٠١٣: ٢٨٥)

– بەکارهێنانی فریزی (لەئێستادا) بە کاریگەری زمانی عەرەبی هاتووتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەگینا تەنها فریزی هاوەڵکاری کاتیی (ئێستا) دەتوانێت واتاکە بگەیەنێت، بۆ نموونە:

– نرخی شتومەک لە ئێستادا زۆر گرانە.

– نرخی شتومەک ئێستا زۆر گرانە.

ئێستا بەهۆی ئەنتەرنێتەوە وەرگێڕانی ئامێریی (ئۆتۆماتیکی) بایەخێکی زۆری پەیداکردووە، ئەمەش (ڕۆڵێکی گەورەی لە شێواندنی تایبەتمەندییەکانی زماندا هەیە، بە تایبەتی لە نێوان ئەو زمانانەی، کە سەر بە خێزانی جیاوازن، چونکە گەورەترین ئەو کێشانەی، کە سیستەمەکانی وەرگێڕانی ئامێری پێوە دەناڵێنێت، ئاشنانەبوونە بە تەواوەتی یاسا جیاوازەکانی زمانە جیاوازەکان و دیاردە زمانییەکان، سەرەڕای ئەمەش کارکردن لەسەر وەرگێڕانی ڕستە بەس نییە بۆ تێگەیشتنی دەقەکان، واتە زمان تەنها بریتیی نییە لە ڕیزکردنی کۆمەڵە ڕستەیەک بە دوای یەکدا، بەڵکو دەبێت دەق وەکو یەکەیەکی زانستی تەواو ئیشی لەسەر بکرێت، تاوەکو ئێستاش یاساگەلێکی تایبەتمان نییە بۆ نووسینەوەی دەقەکان بەگشتی بە شێوەیەک کۆمپیوتەر لێی تێبگات (زفنكي، ٢٠٢١: ٨٩).

## ٢-٣/٢)ڕاگەیاندن:

ئەو گەشە خێراییەی، کە کۆمەڵی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە بە خۆیەوە بینی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر زمانی کوردی دروستکردووە، وەکو پەیدابوونی کەناڵی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو، کە کاریگەرییەکی زۆری ئەرێنی و نەرێنی کردووەتەسەر زمانی کوردی، چونکە (ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە، دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر ژیانی مرۆڤەوە هەیە، لەپێش هەمووشیانەوە بەسەر زمانەوە، چونکە دەچێتەناو هەموو ماڵێکەوە و بەئاسانی کار لە هزر و فەرهەنگی زمانی وەرگردەکات) (جراد، ٢٠١٣: ٣٦)، واتە (هۆیەکانی ڕاگەیاندن لەناو کۆمەڵەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ڕێگەی زمانەوە زانیارییەکان دەگەیەنێتە خوێنەر و کاریگەریی لەسەر دادەنێت) (برزو، ٢٠٢٠: ٧٢). ئاشکراشە (تەواوی پرۆسەی پەیوەندیکردیی جەماوەری بەهۆی زمانەوە بەڕێوە دەچێت، بێ بوونی

زمان، زۆر ئەستەمە هۆیەکانی ڕاگەیاندن هیچ ڕۆڵێکیان هەبێت، پەیوەندیی نێوان زمان و ڕاگەیاندن پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، زمان وەک خاکێکی بەپیت وایە بۆ ڕاگەیاندن، ئەو بوارەیە، کە هەموو چالاکییەکانی خۆی تێدا بەڕێوەدەبات و بەهۆیەوە بیروڕاکان دەگوازێتەوە، زمانیش ناتوانێت دەستبەرداری هۆیەکانی ڕاگەیاندن ببێت، چونکە هەموویان ئامراز و کەرەستەی پەیوەندیکرنن لە نێوان تاک و کۆمەڵدا، یارمەتی زمان دەدەن بۆ گەشەکردن (جراد، ٢٠١٣: ٢١-٢٢).

ڕاگەیاندن پەیوەست بە زمانەوە دوو ئاڕاستەی دژ بە یەکی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، لەلایەکەوە ڕۆڵێکی گەورە و گرنگی لە گەشەسەندن و پێشخستنی زماندا هەیە بەوەی، کە زمان لە فەوتان دەپارێزێت و پاک و ڕەوانی دەکاتەوە لە وشە و دەربڕاوی هەڵە و ناپەسەند و بەکارهێنانی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییەکان لە شوێنی خۆیاندا، لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر بە شێوازی زانستی بەکارنەهێنرێت، دەبێتەهۆی شێواندنی زمان و تێکدانی لەڕووی بێبایەخکردنی وشە ڕەسەنەکانی زمان و بە لێشاو خواستنی وشەی بیانی و تیکدانی یاسا و ڕێسا زمانییەکان لە دووتوێی وەرگێڕانی هەواڵ و بابەتەکانیانەوە، واتە (ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورەی نەرێنی هەیە لە گواستنەوەی کەرەستە و نموونەی زمانەکانی دیکە بۆ ناو زمانی بۆ وەرگیراو، چونکە کاتێک هەواڵساز و ڕۆژنامەوانەکان هەواڵە جیهانییەکان وەردەگێڕن، کۆمەڵێک دەستەواژە و کەرەستەی زمانیی ئامادەکراو دەگوازنەوە بۆ ناو زمانەکانیان) (اسماء، ٢٠١٨: ٨١)، بۆ نموونە:

- بەکارهێنانی چەند وشەیەکی جیاواز بۆ کەرەستە یا بیرێک، وەکو (ئێستا، نها، گەرماوگەرم، هەرئێستا، بەپەلە، بلەز، ڕاستەوخۆ) بەرانبەر (المباشر)ی زمانی عەرەبی و (زندە)ی زمانی فارسی و (live)ی زمانی ئینگلیزی.
- بەکارهێنانی هاوەڵکاری (ڕۆژی ڕابردوو) لە وەرگێڕانی (یوم الامس)ی زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە کاتێکدا لە زمانی کوردیدا ئاوەڵکاری (دوێنێ)مان هەیە (جراد، ٢٠١٣: ٢٨٤)، وەکو لەم دوو ڕستەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:
- چالاکییەکانی ڕۆژی ڕابردووی زانکۆکەمان.

- چالاکییەکانی دوێنێی زانکۆکەمان.

## ٣-٣/٣) فرەزمانی:

ئاخاوتنی ئاخێوەرانی ئەو کۆمەڵانەیە، کە بە دوو زمان یان زیاتر دەدوێن، یەکەمیان زمانی دایکە، کە لە بوارە فەرمییەکاندا، وەکو (خوێندن و کاروباری ڕامیاری و ڕاگەیاندن...هتد)، بەکاریدەهێنن، زمانی دووەمیان زمانێکی بیانییە، کە بۆ پەیوەندی و لێگەیشتنی نێوانیان بەکاریدەهێنن، یان بە پێچەوانەوە (لحلوحی، ٢٠١٨: ٥٢)، کە هۆکارێکی دیکەی هێنانەئارایی کەرەستەی زمانییە بۆ

ناو زمان، واتا (ئەو وڵاتانەی فرەزمانن، بەڵام زمانی فەرمیی یان هاوبەش پێکەویان دەبەستێتەوە، ئەو ئەگەری خواستنی دەنگ زیاترە، چونکە ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان لە کاتی خوێندن و فێربوونی زمانە فەرمییەکە دەبنە دووزمانی، دەنگەکانی بۆ زمانەکەی خۆیان دەخوازن) (مدرسی، ١٣٩١: ٩٧)، چونکە (هەرزمانێک پێڕەوی فۆنۆلۆژی تایبەتی خۆی هەیە و ئاخێوەرانی بە کارامەییەوە بەکاریدەهێنن و دیاریدە و یاساکانی دەناسنەوە و لەم حاڵەتەدا فێرخوازانی زمانی دووەم تووشی پێکەوە نەهاتنی ڕیکخستنی پێڕەوی دەنگییەکەی خۆیان و پێڕەوە دەنگییەکەی زمانی دووەم دەبن، چونکە پێڕەوە دەنگییەکەی زمانی یەکەم چالاکە، ئەمەش وا دەکات لەکاتی ئاخاوتن هەڵەبکەن و پێڕەوی زمانی یەکەمیان یان ئەو زمانەی زیاتر چالاکە لەلایان زاڵبێت، بۆ نموونە ئەو منداڵە کوردانەی سەرەتا بە زمانی کوردی زمانیان پژاوە و دواتر فێری زمانەکانی (ئەڵمانی،هۆڵندی، سویدی، ئینگلیزی)بوون، کاریگەری ژینگەی زمانی دووەم بەسەر زمانی یەکەمیاندا زاڵبووە و یاسا دەنگییەکانی زمانی دووەم بەسەر یاسا دەنگییەکانی زمانی یەکەمدا زاڵ و چالاکتربووە، وەرگرتنی چەند داتایەک لە خوێندکاری سەرەتایی لە کۆمەڵی فرەزمانیدا کێشەیان لە دەربڕینی چەند دەنگێکدا هەبووە، بەهۆی چالاکبوونی یاسە دەنگی زمانی دووەمەوە، لەوانە (فەرەج و مەحموود، ٢٠١٣: ٩١) :

١. زمانی هۆڵندی بۆ کوردی: /ح/ گۆڕینی بۆ /خ/، وەک مزراح = مزارخ
٢. زمانی سویدی بۆ کوردی/ نەتوانینی دەربڕینی /ئـ/
٣. زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی وەک فرەزمانی: نەتوانینی دەربڕینی /غ/،/ق/،/هـ/
٤. زمانی ئەڵمانی بۆ کوردی: نەتوانینی دەبڕینی /ڵ/، /ئـ/)

بۆ کەسی فرەزمان ئەو یاسا سینتاکسیانە زیاتر لەلای چالاکن، کە ڕۆژانە زۆرترین بەکارهینانی بۆی هەیە، بۆ نموونە کەسێک، کە بە زمانەکانی کوردی و ئەڵمانی فرەزمانە و ئەڵمانییەکەی زیاتر بەکاردەهینێت، ڕستەی (من نان دەخۆم.) لە شیوەی (من دەخۆن نانەکە.) بەکاردەهینێت، لێرەدا پێڕەوی سینتاکسی زمانی ئەڵمانی چالاککردووەتەوە، بەڵام بە وشەی زمانی کوردی (سەرچاوەی پێشوو: ٩١)، (هەتاوەکو تا جیاوازی دوو زمانەکە لەڕووی ڕێزمان و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەوە زیاتربێت، خواستن کەمتر دەبێت، چونکە کەرەستە خوازراوەکان لەگەڵ وشە بنەڕەتییەکانی زمانەکەدا ناڕوات و بە نامۆیی دەمێنێتەوە تا فڕێ دەدرێت، هەروەها دووری ئەو کولتورانەی کە دوو زمان تێدا بەکاردێت، دیسانەوە ئەو باری ڕۆشنبیرییەی، کە دوو زمانەکە کاری تێدەکەن جیاوازبن لە یەکتری، دیاریدەی فۆرم خواستن کەمتر ڕوودەدات) (فتاح، ٢٠١١: ١٣٦).

### ٤-٣/٣) کۆد تێکەڵکردن:

بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو زار یان دوو کۆد لە زمانێک یان دوو زمانی جودا یان زیاتر لە یەک دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا (عەبدولا، ٢٠١٦: ٩٩)، (دیاردەیەکی بڵاوە لە نێوان ئەو کۆمەڵانەدا، کە دوو

زمان یان زیاتریان تێدا بەکاردێت، بەتایبەتی لە ئاستی ڕستەسازیدا) (سابیر، ٢٠١٣: ٧-٨)، واتە کاتێک تاکی دوو زمان، کە یەکێکیان زمانی دایکە و ئەویترشیان زمانی دووەم، لەکاتی ئاخاوتندا زمانەکەی بگۆڕێتەوە، بە شێوەیەکی ئاگایانە بێت بۆ مەبەستێک لە مەبەستەکان، یان بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە) (القاسمی،٢٠١٠: ٨٣)، واتە دوو جۆر زمان تێکەڵکردن هەیە (عبدالله، ٢٠١٥: ١٠١):

١. زمان تێکەڵکردنی خۆکرد: ئەم جۆرە تێکەڵکردنە بە ویستی ئاخێوەرە.

٢. زمان تێکەڵکردنی خۆنەکرد: ئەم جۆرە تێکەڵکردنە بە ویستی ئاخێوەر نییە.

لەم زمانگۆڕینەوە کەرەستە و یاسا و ڕێسای هەردوو زمانەکە تێکەڵدەکەن، بە جۆرێک سەردەکێشێت بۆ هێنانەناوەوەی یاسا و ڕێسای زمانی دووەم بۆ زمانی دایک، وەکو بەهۆی بەکارهێنانی هەردوو زمانی کوردی و تورکمانی لە شاری هەولێر و زمانی کوردی و عەرەبی لە شاری کەرکوک، چەندین کەرەستە و یاسای ڕێزمانی بە تێکەڵاوی لە نێوان زمانەکاندا بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە (زمانی تورکمانی لە شاری هەولێر زۆربەی ئامرازە کوردییەکان بەکاردەهێنێت، بەهۆی تێکەڵبوونی دوورخایانی ئەو دوو زمانە، ئەمەش دەکرێت لە چوارچێوەی ململانێی نێوان زمانەکان لەسەر بنەمای چەندایەتی و چۆنایەتی و شیکردنەوە و لێکدانەوەی بکرێت، وەکو (فتاح و قادر، ٢٠٠٨: ١٤١):

- ئەگەر گیدسەن مەند گیالیرەم.

- ئۆغلانەکەم

هەندێکجار تێکەڵبوونی زمانی بە جۆرێک دەبێت لە ڕستەیەکدا ئامرازەکان هی زمانێک و بەرکار هی زمانەکەی دیکەیە، یان بەکارهێنانی فۆرمی ئامرازی دوو زمانی جیاواز بۆ جێبەجێکردنی یەک ئەرکی ڕێزمانی، وەکو بەیەکەوە هاتنی ئامرازی ناسراوی زمانی عەرەبی و کوردی بەیەکەوە (سابیر، ٢٠١٣: ٧٢):

- ئەو بلشباک.

- الکۆڵانەکە ڕۆیشت.


یان دەکرێت تێکەڵبوونی زمانیی ڕوودات لەنێوان دوو زمان، کە جیاوازبن لە ڕێکخستنی ڕۆنانی سەرەوەیاندا، وەکو تێکەڵبوون لە نێوان تەواوکەر و کاری سەرەکی ڕستە لە زمانی کوردی و عەرەبیدا (فتاح و قادر، ٢٠٠٨: ١٥١-١٥٢)، وەکو: (أشرب الماي+ ئاو دەخۆیتەوە= ئاو ئشرەب/ دەخۆیتەوە ئاو.

### ٥-٣/٣) فێربوونی زمانی دووەم:

لە سەردەمی جیهانگیریدا بە هۆی فرەیی کەناڵەکانی پەیوەندی و تێکەڵاوی کۆمەڵگە جیاوازەکان، زمانەکان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە لەڕووی خواستنی وشە و فێربوونی زمانی دووەمەوە، چونکە (فێربوونی زمانی بیانی ناوەستێت و بەری پێناگیرێت، بەردەوام لە نێوان هەمان پسپۆڕی و پسپۆڕییە جیاوازەکاندا قسەی پێدەکرێت، هەروەها لە نووسینی توێژینەوە زانستییەکاندا و بیرەوەرییەکان بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیشدا زمانی فەرمییە یان بەشداری پێدەکرێت) (البیان، ١٤٢٧:: ١٥)، بەریەککەوتنی زمانەکان بەهۆی فێربوونی زمانی دیکەوە دەبێتەهۆی هاتنەناوەوەی وشە و کەرەستەی خوازراو، ئەمەش هۆکارە بۆ لەناوچوونی وشەکانی زمان یان کاریگەری ڕێزمانی زمانی دووەم لەسەر ڕێزمانی زمانی دایک، بە تایبەتی لەڕووی ڕێزکردنی کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستەدا و جێناوەکان و مۆرفۆسینتاکسەکانەوە دەردەکەوێت.

لای فێرخوازانی زمانی دووەم، دوو جۆر کۆزانیاریی پێشینە جیاکراوەتەوە، کۆزانیاری یەکەمیان، تێکڕای کۆزانیاری پێشینەی فێرخواز لەسەر زمانی یەکەم/زمانی دایکی دەگرێتەوە و کۆزانیاری دووەمیشیان زیاتر ئەو زانیارییە بەرایییە، کە فێرخواز لەسەر بنەمای کۆزانیاریی زمانی یەکەم و تێڕوانینی لە زمانی دووەم بۆی دروستدەبێت (قادر، ٢٠١٤: ١٢٦)، (بەپێی تەمەنی ئەو کەسەی زمانی دووەم وەردەگرێت، گەنجینەکردنی یەکە زمانییەکانی زمانی یەکەم و دووەم...هتد بەهەمان شێوە و هەمان میکانیزمە کۆناکرێنەوە و گەنجناکرێن، بەڵکو لە هەرێمی جیا و خانەی مێشکی جیا و تایبەتمەند هەر یەک لەو زمانانە لە خۆ دەگرێت. لە توێژینەوەیەکدا لە سەنتەری ( the Memorial Sloan-Kettering cancer center) ی ئەمریکی لە نیویۆرک لەسەر (١٢) خۆبەخشی فرەزمانی ئەنجامدراوە، دەرکەوتووە، کە ئەوانەی لە تەمەنی منداڵیدا فێری زمانی دووەم دەبن، یەکە زمانیەکانی زمانی دووەمیان لە هەرێم و یادگەی زمانی دایکیاندا گەنجدەکرێن، لە کاتێکدا ئەوانەی لە تەمەنی پێگەیشتووەدا زمانی دووەم فێردەبن، یەکە زمانییەکانی زمانی دووەمیان لە هەرێمی دیکەی مێشکییان گەنجدەکرێن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە مێشکی مرۆڤ زمانەکان بە شێوەی جیاکراوە لە هەرێمەکاندا هەڵدەگرێت) (قادر، ٢٠٢١: ٢١٦).

خستنەڕووی چالاکردنی فۆرمە زمانییەکانی نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەم لە ڕێگەی ئەم هێڵکارییەوە دەردەکەوێت (فەرەج و مەحموود،٢٠١٣: ٨٧):




هێڵکاریی ژمارە (١٧) پەیوەندی نێوان کەرەستەکانی فرەزمانی

ئەو هەڵە زمانییانەی فێرخواز لەکاتی بەرهەمهێنانی زمانی دووەمدا دەیکات بەهۆی گواستنەوە و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی درکپێکردنە پەیپێبراوەکانی زمانی یەکەمەوە دەبێت، کە هەڵەکان زیاتر لەسەر ئاستی زمانی (فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی و فەرهەنگی) ڕوودەدەن) (قادر، ٢٠١٤: ١٣٧)، چونکە (فێرخوازی زمانی دووەم بەهۆی ڕاهاتنییەوە پێکهاتەکانی ڕێزمانی زمانەکەی، وەکو جێناو و ئامراز و ڕیزبەندی پێکهاتەکانی فرێز و ڕستە، بەبێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی زمانەکان لە زمانی دووەمدا بەکاردەهێنێت) (القاسمی، ٢٠١٠: ٧٨)، واتە لە کاتی فێربوونی زمانی دووەم، فێرخواز ئەو کۆزانیارییەی، کە لەسەر زمانی دایک هەیەتی و لە ئاوەزیدا هەڵگیراوە، لەبارەی جۆری کەرەستە و ڕستە و مۆرفیم و دەنگەکان و چۆنیەتی ڕیزبوون و پێکەوەهاتنی کەرەستەکان لە تەک یەکدا، دەگوێزێتەوە بۆ زمانی دووەم، لەم کاتەدا دوو پێڕەوی زمانی بەناویەکدا دەچن، ڕێژەی سەرکەوتن و هەڵەی فێرخواز دەکەوێتەسەر توانای لە هەمبەرکردنی ئەو پێشنە زمانییانەی هەیەتی، بە پێچەوانەوە کەرەستە و ڕستەو وچۆنیەتی ڕیزبوون و پێکەوەهاتنی کەرەستەکان دەگوێزێتەوە بۆ زمانەکەی دیکە.

دوو جۆر لە هۆکاری زمانەوانی هەیە، کە لە وێرانکردن و لەناوبردنی ڕێزمانی زمانی یەکەمدا ڕۆڵدەبینن (حسێن، ٢٠٢١: ٢٧٣-٢٧٤):

١. دیاردەکانی وەرگرتن، ئاڵوگۆڕکردن، نزیککردنەوە و کاریگەریی زمانەوانی ئاڵوگۆڕکراو لە خۆدەگرێت، کە ئەمەش بە کاریگەرییە دەرەکییەکان ناوبراوە، کە یاسای گشتاندن لەخۆدەگرێت.

منداڵ ڕێزمانی زمانی دووەم فراواندەکات و واڕێکیدەخات ڕێزمانی زمانی یەکەمیش بگرێتەوە و دێت ڕێزمانی زمانی دووەم بە هەڵە بەسەر ڕێزمانی زمانی یەکەمدا جێبەجێدەکات، ئەمەش لە ڕێگەی خواستن و وەرگرتنی زاراوەی بیانی، تێکەڵکردنی هێماکانەوە دەبێت.

٢. بریتیە لە یاسای ڕێککاری شێوەی زمانەوانی زمانی دایک، کە لە بنەڕەتدا لەناوبردنی زمانەکەیە وەک گشتاندن، ئاسانکردن، هەموارکردن، کە بە هۆکارە ناوەکییەکان ناوبراوە، لەمەوە منداڵ وایلێدێت، کە ناتوانێت بۆچوونەکانی بە تەواوی بە زمانی دایک دەربڕێت، لەباتی ئەوەی زمانی فێرکردن لە جیاتی زمانی دایکی دەوڵەمەندبکات و پەرەپێبدات، تێکیدەدات و لەناوی دەبات.

بۆ نموونە لەبەرئەوەی زۆربەی شاعیرانی کورد لە خوێندنگە ئایینییەکانی مزگەوت و حوجرەکانی پێگەیشتبوون، کاریگەری زمان و ئەدەبی عەرەبییان بەسەرەوە بووە، بە هەمان پێوەر و قاڵبەکانی قەسیدەی عەرەبی دیوانی شیعرەکانیان هۆنیوەتەوە و هەوڵیانداوە، وەکو ئەوان سەروای هەموو پیتەکان و کێشی هەموو بەحرەکانی عەروزی عەرەبییان هەبێت، ئەمەش بۆ سیستەمی زمانی کوردی کارێکی گرانبوو، بۆیە ناچاربوون هەندێکجار قاڵبی ڕستەی کوردی بشکێنن و جێگەی کەرەستە سەرەکییەکانی (بکەر، بەرکار، کار) ئاڵوگۆڕبکەن) (ڕەسوڵ، ٢٠١٥: ٢٥٢)، یان بەهۆی جیاوازی زمانەکان لە ڕیزبوونی سەرە و دیارخەر لە پێکهاتەی فرێزدا، دەبێتەهۆی ئەوەی بە یاساکانی زمانی دووەم، ڕستە لە زمانی دایکدا بەرهەمبهێنرێت، وەکو (عبدالله، ٢٠١٥: ٩١):

- سامی عبدالرەحمان پارک (یاسای ڕیزبوونی زمانی دووەم- زمانی ئینگلیزی)

-- پارکی سامی عبدالرەحمان (یاسای ڕیزبوونی زمانی دایک - زمانی کوردی)

ئەگەر فێرخواز نەیتوانی بە باشی یان تاڕادەیەک فێری زمانی دووەم ببێت، ئەوە لەم کاتەدا بە زمانێکی تێکشکاو قسەدەکات، کە لە ڕووی ڕێزمانەوە هەر ڕێزمانی زمانی یەکەمی خۆیەتی، بەڵام دەشێت هەندێک وشەی فەرهەنگی و کەرەستەی ڕێزمانی زمانی دووەمی تێهەڵکێش بکات و لێیان بگۆڕێتەوە بە کۆدە کوردییەکان، وەکو (قادر، ٢٠١٤: ١٣٩):

- Very swpas

- وەڵڵا کلێنەر

-- کلۆزی کە

- هایی و سەلام و عەلەیکم

زۆرجار بەهۆی فێربوونی زمانی دووەمەوە، هەڵەی واتایی و کولتوریش ڕوودەدات، بۆ نموونە (کاتێک واتای وشەیەک لە زمانی یەکەم و دووەمدا جیاواز دەبن، فێرخوازی زمانی یەکەم بەو واتایە بەکاریدەهێنێت، کە لە زمانی یەکەمدا بە بەکارهێنانییەوە ڕاهاتووە، وەکو وشەی (Location) لە زمانی فەرەنسی، کە بە واتای (بە کرێگرتن) دێت، بەڵام هەمان وشە لە زمانی ئینگلیزیدا واتای (پێگە/شوێن) دەگەیەنێت) (القاسمی، ٢٠١٠: ٧٩)، یان وشەی (قاچ)، کە لە زمانی تورکیدا بە واتای (ڕاکردن) دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بۆ واتای (بەشێک لە ئەندامی لەشی مرۆڤ) بەکاردەهێنرێت، هەروەها لە هەڵەی کولتوریشدا بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشەی (تۆپی) بۆ هەموو ئەو گیانەوەرانی گۆشیان ناخورێت، بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوانەشی گۆشتیان دەخورێن، وشەی (مرداربوونەوە) بەکاردەهێنرێت، بۆ مرۆڤیش (مردن)، بەڵام لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ هەرسێ جۆرەکەی مردن، وشەی (died) بەکاردەهێنرێت، وەکو:

| | |
|---|---|
| -سەگەکە تۆپی. | -The dog has died. |
| -مەڕەکە مرداربووەوە. | -The sheep has died. |
| -پیاوەکە مرد. | The man has died. |

## ٤/٣) ژەهری زمانیی و داخورانی زمانی دایک:

داخورانی زمانیی لە ئەنجامی فەوتانی هەمەکی، یان کەمەکی زمانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بریتییە لە فەوتان و لەناوچوونی هەندێک لە کەرەستە زمانییەکان، کە لە نەتوانینی بەرهەمهێنان و درککردن و ناسینەوەی یاسا و تایبەتەکانی زمانەکە و کەرەستە فەرهەنگییەکان و چەمکەکان و جیاکردنەوەی پۆلەڕەگەزەکان دەبینرێت بەهۆی زمانی دووەمە، کە کاریگەریی نەرێنی و خراپی لەسەر زمان هەیە و بە پلەیەک لە پلەکانی لەناوچوونی زمانی دایک و فەرامۆشکردنی ناسێنراوە (حسێن، ٢٠٢١: ٢٦٧)، چونکە زمان ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندییە بیرییەکانی کۆمەڵەکەیەتی، کە بە درککردن و تێگەیشتنیان لە سروشتی دەوروبەر و ئەزموونکردن لەگەڵیاندا بەدەستیانهێناوە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لە کولتور و ڕادەی ڕۆشنبیری و چۆنیەتی تێڕوانیان بۆ ژیان ڕەنگدەداتەوە، هەموو ئەمانەش لە زمانی دایکدا تۆمارکراوە، (گرنگیەکی سەرەکی زمانی دایک ئەوەیە، کە دەبێتەهۆی ڕەنگدانەوەی فێربوونی ئاخاوتن لە نموونە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکاندا، لەڕووی کەسێتی، زمانی

یەکەمی هەر منداڵێک پێویستییەکی سەرەکییە بۆ ناسنامەی، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کاتێ زمانێکی زگماکی ناپارێزرێت، پێوەندییە گرنگەکانی بە خێزان و ئەندامانی دیکەی کۆمەڵەی زمانیی لەوانەیە لە دەستبدات) (سورخی، ٢٠١٣: ٩)، هەروەها (خوێندن بە زمانی دایک ئەنجامی باشی دەبێت لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، یارمەتیدەری لە بنیادنانی کەسایەتی و سەرکەوتنی خوێندندا، چونکە کەمتر ڕووبەڕووی تەنگەژەی ڕۆشنبیری دەبێتەوە، هەروەها دەبێتەهۆی بەهێزبوونی هەستکردن بە بەهای خودی و هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی) (عبدوالله،٢٠١٥: ١٧٧). (کاتێک زمانی دایکیی منداڵ تێکدەشکێنین، لەگەڵیدا کولتور و دابونەریت و بەها و ڕەسەنایەتی و کۆزانیاری و توانا و لێهاتوویی و چۆنێتی بیر و بیرکردنەوەی و...هتد، لەناودەبەین) (حسێن، ٢٠٢١: ٢٦١)، چونکە (بەشی زۆری مێژو و کولتوری هەر کۆمەڵێک لەناو زمانەکەیدایە، بۆیە بە لەناوچوونی هەر زمانێک سەرمایەیەکی ڕۆشنبیری و هونەری و زانیاریش لەناودەچێت) (کەمەری و دایەمەند، ٢٠٠٧: ٨٩–٩٠).

پەیوەندییەکی بەتین، لەنێوان هەستی نەتەوەیی و زمانی نەتەوایەتییدا هەیە، تاوەکو هەستی نەتەوایەتی بەهێزتر بێت، زمانی نەتەوەیی پتر بایەخی پێدەدرێت و بەرەو پێشەوە دەڕوات. بەپێچەوانەوە، تا ئەم هەستە لاوازبێت، بایەخی زۆر بە زمانی نەتەوەیی نادرێت و دوادەکەوێت، چونکە زمانی نەتەوەیی هەستی نەتەوەیی دەبوژێنیتەوە، بۆیە بە شێوەیەکی گشتی، ئەوانەی زمانی نەتەوەیی خۆیان نازانن، هەستی نەتەوەییان کزولاوازە (عەبدولا، ٢٠١٣: ٢٠٦)، (زمانی نەتەوەیش بریتییە لە زمانی فەرمی نەتەوەیەک، کە لە ڕێیەوە گوزارشت لە شوناس و کولتور و شارستانییەت و مێژووی خۆی دەکات و زمانێکە بە هێما و شوناسی نەتەوە ناودەبرێت (برزو، ٢٠٢٠: ١٩)، زمانی نەتەوایەتی سێ ئامانجی گەورە ئەنجامدەدات، کە ئەمانەن (فتاح، ٢٠١٠: ٣٥٧):

١. بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕی و پەروەردەیی و تەندروستی و و کۆمەڵایەتی.

٢. گەشەپێدانی کولتوری هاوبەش، کە خەڵکی کۆدەکاتەوە.

٣. پتەوکردنی گیانی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەستی هاوڵاتێتی بۆ گرێدانی خەڵک بەیەکەوە.

واتە زمان تەنها ئامرازی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو ڕێگەیەکی بەهێزیش بۆ لێک جیاکردنەوەی گروپە جیاوازەکان، یان دەرخستنی ناسنامەی گروپێک، (گەر زمان لەڕووی هەستی و ویژدانییەوە ڕۆحی نەتەوە بێت و لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە ئامرازی گواستنەوەی بیر و نەریت و ئەزموونەکان بێت و لە ڕێگەی نەوە یەک لە دوای یەکەکان گوێزەرەوەی مێژو و کولتوربێت، هەروەها لەڕووی ڕامیارییەوە نیشانەی سنوری ڕاستەقینەی جوگرافی نیشتیمانی و نەتەوایەتی بێت و لەڕووی سیادییەوە گرنگترین بناغەکانی ناسنامەی کەسێتی و یەکگرتوویی نیشتیمانی بێت، کەواتە زمان

شادەماری ژیانە) (لحلوحی، ٢٠١٨: ٥٣)، بۆیە (هەموو خاوەن زمانێک لە ترسی فەوتان و لەناوچوون، لە هەوڵی پاراستنی زمانەکەیدایە، هەوڵیش بۆ بەرەو پێشچوونی دەدات، چونکە خۆشەویستی زمانەکەی بەشێکە لە خۆشەویستی نەتەوە و خاک و وڵات) (حسن، ٢٠٠٨: ١٥). (خۆشویستنی زمانی زگماک و باش زانینی و چاک بەکارهێنانی...هتد، ئەرکی سەرەکی سەرشانی مرۆڤە و مایەی کامەرانییەتی، ناسین و زانینی وشە و شارەزایی تێدا پەیداکردن، کارێکی بەرز و پێویستە) (حاجی مارف، ٢٠٠٠: ٤).

هەستی نەتەوایەتی هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ مانەوەی زمانی کوردی، کە هەر لە مێژەوە بەهۆی داگیرکاری و دراوسێیەتییەوە فشاری زمانەکانی دیکەی لەسەر بووە، ئەویش لە ڕێی سەپاندنی زمانەکانی خۆیان و قەدەغەکردنی لە زۆربەی کایە گرنگەکانی ژیان وەکو خوێندن و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و...هتد، لە هەمان کاتیشدا بەشێک بووە لە شۆڕشی ڕووبەڕوونەوەی نەتەوە و زمانەکانی دیکە، زۆرجار وەکو چەکێک دژی داگیرکەران بەکارهێنراوە و هەستی نەتەوەیەتی پێ بوژێنراوەتەوە. گرنگی زمانی دایک بۆ نەتەوەی کورد لەمانەدایە (نیزامەدین، ٢٠٠١: ٥٢-٥٣):

١. کورد بەهۆی زمانەوە لە نەتەوەکانی دیکە جیا دەکریتەوە.

٢. دروستبوون و گەشەسەندنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی، کە دەبنە چاوگی بزووتنەوەی ڕزگاری.

٣. هەستکردن بە یەکێتی کورد و یەک پارچەیی کوردستان.

٤. چێژوەرگرتن لە سامانی کەلەپوری نەتەوەییمان وەک داستان، بەیت و ویژە، هەڵبەستی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان لەگەڵ گەلێک مەبەست و ئامانجی دیکەدا.

هاتنەناوەوەی بە لێشاوی وشە و زاراوە جیهانییەکان  بۆ زمانە نیشتمانییەکان مەترسیدارە، چونکە وشەکان بنەماکانی ئەو ڕۆشنبیرییە هەڵدەگرن، کە بەشێکی ئەم وشە و زاراوانەیان پێکهێناوە، بڵاوبوونەوەیان بەواتای بڵاوبوونەوەی بنەماکان و بیرۆکە و وێناکردن و چەمکەکان و بەهاکانی ئەو ڕۆشنبیرییە دەگەیەنێت، بەمەش ئەو ڕۆشنبیرییەی ئەو چەمک و زاراوانە وەردەگرێت، دەبێتە ملکەچی دەسەڵاتی ئەو ڕۆشنبیرییەی لێیەوەی وەرگرتووە (ئەبوزەید، ٢٠٠٥: ٢٥)، بۆ نموونە وەکو لە وشە خوازراوەکانی (زەواج، سینەما، سێکس، کونسوڵخانە، ئەنتەرنێت، سۆپەرمارکێت...هتد) لە زمانی کوردیدا، دەردەکەوێت، بۆیە (دەبێت شارەزایانی زمانی کورد هەوڵی بە کوردی کردنی وشە و زاراوەی زمانەکانی دیکە بدەن، نابێت زمانی کوردی بە زمانەکانی (تورکی و فارسی) بەراوردبکرێت، کە لە وشە و زاراوەی بیان پڕن، چونکە زمانی ئەو نەتەوانە قەوارەی سیاسیی خۆیان هەیە و مەترسی بۆ سەر نەتەوەکەیان دروستناکات) (نیزامەدین، ٢٠٠١: ٥٢).

بۆ پارێزگاری لێکردن و پێشخستنی و دەوڵەمەنکردنی زمان، پێویستە گەلی خاوەن زمان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، قوتابیان بە زمانی دایک بخوێنن، بە پێچەوانەوە لەلایەکەوە زمانەکەیان تەنها لە چوارچێوەی ئاخاوتنی ڕۆژانەدا دەمێنێتەوە و بەمەش بواری بەکارهێنانی بەرتەسکدەبێتەوە و هەستی بەکەم سەیرکردنی زمان لەلای ئاخێوەرانی دروستدەبێت، لەلایەکی دیکەشەوە کولتور و ئەزموون و جیهانبینی ئەو گەلە ناگات بە نەوەکانی دواتر، بەمەش ناوەخن و کرۆکی زمانەکە دەپوکێتەوە، چونکە (زمانی دایک تاکە هۆکارە، کە پێیەکی لە مێشک و ئاوەزی مرۆڤدایە و پێیەکەی دیکەشی لە دەرەوەی مرۆڤدایە و ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەز و جیهانی دەرەوەیە بەیەکترییەوە، لەبەرئەوەی زمان هەم هۆکار و هەم سەرچاوەی مرۆڤسازی و ژیانسازییە و ئەرکی گەورە دەگێڕێت، بەوەی زانستی بنیاتنانی کەسێتی، کە بابەتێکە دەکەوێتەسەر چۆنیەتی بەکاربردنی پێکهێنەرەکانی، کە گرنگترینیان پێکهێنەری بیرە) (حسێن، ٢٠٢١: ٢٦٠-٢٦١). (ئەگەر هەر نەتەوەیەک بە شێوەیەکی زانستییانە و چالاکانە لەسەر زمان بە تایبەتی لە بواری وشەسازی کارنەکات، ڕەنگە لە داهاتوودا زمانەکەی نەزۆک بکەوێتەوە و وردەوردە پرۆسەی نەمان و فەوتاندنی دەستپێبکات، ئەم مەترسییە تایبەتترە بۆ ئەو نەتەوانەی بێ سنور و بێ دەسەڵاتی سیاسیین و هەروەها خاوەن پەروەردە و فێرکاری گشتی نین و لەگەڵ گەلانی دیکەدا تێکەڵن) (رەحیمی، ١٣٨٨: ٤٥).

زمانی کوردی لە چەندین لاوە داخوراوە، لەلایەکەوە بەهۆی کاریگەریی زمانەکانی دیکە لەسەری، کە بە هۆکارەکانی (دراوسییەتی و داگیرکاری و هۆیەکانی جیهانگیری...هتد)یەوە بە لیشاوە وشە و کەرەستە و یاسا و ڕێسای ڕێزمانی و بیریان خستووەتەناو زمانەکەوە و لە چەند لایەکەوە ژەهراوییان کردووە (بڕوانە: (٤/٢) و (١/٣) و (٢/٣)، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی بایەخدان بە خوێندنی زمانی دووەم و پشتکردن لە زمانی دایک و نە گواستنەوەی بۆ نەوەکانی دواتر و دوورخستنەوەی لە بابەتە زانستییەکان لە دیارترین ئەو هۆکارانەن، کە مەترسیی داخورانیان لەسەر زمانی کوردی دروستکردووە. زمانی پەروەردە هۆکاری گرنگە بۆ پێشخستنی زمان بە گشتی و پەرەپێدان و پێشخستنی زمانی منداڵ وەکو میراتگری زمان بە تایبەتی، بۆیە (گەلان لە چوارچێوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا گرنگییەکی ڕەها بە زمان دەدەن لە پرۆسەی فێرکردن و لە دارشتنی بەرنامەی خوێندنیش بە تایبەتی و هەوڵێکی بێوچان دەدەن بۆ زمانی دایک، چونکە زمان ئامرازی کارلێککردن و پەیوەندیگرتنی نێوان تاکەکانە، جگە لەوەی پارێزەری کولتور و کەلەپور و شارەزایی گەلە) (مستەفا، ٢٠١٣: ١٤٦)، چونکە ئەگەر (جڤاتە ئاخاوتنییەکان بە چ زمانێک پەروەردەبکرێن و بخوێنن هەر ئەو زمانەش دەبەنەوەناو کۆمەڵە فراوانەکانی دیکە، بەمەش جۆراوجۆری زمانی لە خوێندکارەکانەوە دادەبەزێتەسەر خێزان و کۆمەڵ) (مەحموود، ٢٠١٣: ٢٣). (بە فێربوونی زمانی یەکەم لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندندا متمانە و توانا و پلە و گرنگی زمانی ستاندارد لای قوتابی

پەرەدەسێنێت، بەڵام کاتێک قوتابی بە زمانی دووەم و سێیەم فێردەبێت و دەخوێنێت و دەنووسێت، وا دەکات ئەو زمانەی لا پەسەندبێت و بە زمانی زانست و فێربون و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن و کۆزانیاری بزانێت و کێشە و گیروگرفتەکانی هەر بەم زمانە چارەسەربکات) (ئەمین، ٢٠٢٢: ١٠٢)، بۆیە (خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتاکانی تەمەندا بە تایبەتی پێش (٩) ساڵی کاریگەریی خراپی بۆ سەر زمانی دایک هەیە، پێویستە لە پێناو پاراستنی زمانی دایکدا، خوێندن بە زمانی دووەم دوابخرێت بۆ دوای پۆلی چوارەمی بنەڕەتی (عبدوالله، ٢٠١٥: ١٧٧).

پرۆگرامی خوێندن بە زمانی دایک، پەرەپێدەری ئەو لێهاتوویی و کۆزانیارییانەن، کە تاک لە ڕێی زمانی دایکییەوە وەریگرتوون و لە خێزانەوە لەگەڵ خۆی هێناونی، لەبەرئەوە پێویستە زۆر هەستیارانە و بە ئاگایانە و ژیرانە ئەم پرۆگرامە دابڕێژرێت، چونکە تێکشکاندنی زمانی دایکی تاک، بەواتا تێکشکاندن و داخوراندنی کولتور و کۆزانیاری و لێهاتوویی و بیرکردنەوەی (حسێن، ٢٠٢١: ٢٦٥–٢٦٦)، لە دوای زمانپژان قوتابخانە یەکەم دەروازەیە، کە منداڵ زمانی دایکی تێدا فێردەکرێت و هەر لە ڕێگەی زمانەوە لە دوو توێی پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان و کولتور و مێژو و شارستانییەت و ڕۆشنبیری و هونەری کۆمەڵەکەی خۆی فێردەبێت، بۆیە خوێندن بە زمانی دایک، بە واتە فێربوون و تێگەیشتن لە تێڕوانین و ئەو کۆزانیارییە کەڵەکەبو و ئەزموونکراوەی، کە کۆمەڵەکەی لە ڕابردوودا بۆ سروشت و ئەو واقعەی تێیدا دەژین، بەدەستیانهێناوە، بەمەش هەم زمان و هەم پاشخانی کۆمەڵ پارێزراودەبێت. (قۆناغی سەرەتایی بۆ منداڵ قۆناغێکی گرنگ و بنەڕەتە و کەسایەتی و توانا و بیر و هزری قوتابی و کۆزانیاری قۆناغەکانی دواتری خوێندن پشت بە سەرەتای خوێندنی منداڵ دەبەستێت، کە بنەما و بناغەی قۆناغەکانی دواترە) (ئەمین، ٢٠٢٢: ١٠٢).

ئەو منداڵانەی بە جووتزمانی دەخوێنن دەبنەهۆی هێنانەناوەوەی مۆرفێم و یاسا و ڕێسای زمانەکانی دیکە، چونکە لە سەرەتای خوێندنەوەی هەوڵدەدات، زمانی دووەم بخەنەژێر یاساکانی زمانی یەکەمەوە، دواتر بۆی دەردەکەوێت، کە هەر زمانە و یاسا و ڕێسا و ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیە، سەرەتا دەیەوێت پارێزگاری لە هەردووکیان وەکو خۆی بکات، بەڵام (بەردەوامی فێرکردن بە زمانی دووەم و بەکارهێنانی زۆر و دوبارە و سێبارەکردنەوەی لە قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵ و ڕاگەیاندندا وا لە منداڵ دەکات زمانی دایکی ملکەچبکات بۆ زمانی دووەم و هەژمونی زمانی دووەم سەربخات بەسەر دروستەی ژێری و زمانەوانی زمانی یەکەم، بەمەش زمانی دایک بەرەو سستبون و لەناوچون دەڕوات و شوێنەوارەکانی فێربوونی زمانی دووەم لە چەند ڕوویەکەوە دەردەکەوێت) (سەرچاوەی پێشوو: ١٨١–١٨٢):

١. له ڕووی سۆزدارییەوە، وەکو سستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، سستی ڕێزگرتن، سستی پەیوەندیگرتن، دەربڕینی خۆشەویستی.

٢. له ڕووی فێرکردنەوە لە چەند لایەنێکەوەیە:

أ. بەردەوام بەکارهێنانی زمانی دووەم لە پەروەردەدا.

ب. له نێوان قوتابی خۆیان و مامۆستا و ستافی بەڕێوەبردن، هەر زمانی دووەم بەکاردەهێنرێت.

پ.-وا لە خێزان دەکات هەر بەو زمانە منداڵەکانیان فێربکەن و هەوڵیان لەگەڵدا بدەن، بەمەش زمانی دووەم دەبێت بە سەرەکی و زمانی یەکەم گرنگی خۆی لە دەستدەدات.

٣. بەکارهێنانی زمانی دووەم لە بواری ئابوری و پێداویستی و ناونانی شتەکان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا زیندوو ڕاگرتنی زمانی یەکەم ناهێڵێت.

٤. کاریگەریی دەکاتەسەر خودی زمان و دروستە و پێکهاتەی زمانی دایک، کە ڕێزمانەکەیەتی.

پشتکردن لە خوێندن بە زمانی دایک، دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی ژمارەی ئاخێوەرانی زمانەکەوە و نە گوێزانەوەی بۆ نەوەی داهاتوو، کە بە گەورەترین مەترسی بۆ سەر زمان دادەنرێت، چونکە نەخوێندن بە زمانی دایک ڕەنگە نەوەیەک بەرهەمبهێنێت، بیرکردنەوەیان جیاوازبێت و تەنها زمانی کوردی لە ماڵ و بازاڕدا بەکاربهێنن، بە تایبەتی ئەو منداڵانەی، کە هەر لە باخچەی ساوایانەوە بە زمانی بیانی دەخوێنن، هەڵوێستیان بەرامبەر زمانی کوردی خراپدەبێت و بە کەمبەها و لاواز دایدەنێن، هەروەها ئەگەر هەر زمانێک بەشداری بەرهەمهێنانی زانیین و زانست و داهێنان و ڕۆشنبیری و سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان نەکات و نەتوانێت خۆی لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەت و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بگونجێنێت، ناتوانێت دەربڕی بیرکردنەوەی تاکەکانی بێت، بەمەش یەکێک لە پایە گەورە و گرنگەکانی زمانەکە دەکەوێت و وەهای لێدەکات تەنها لە ماڵان و بازاڕدا بەکاربهێنرێت و لە زمانی زانست و داهێنان دووربکەویتەوە.

یەکێکە لەو کێشانەی ڕووبەڕووی زمانی کوردی بووەتەوە، لە داهاتوودا کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر زمانی کوردی، هەندێک ئاخێوەر بە ئارەزوو دەستبەرداری زمانی کوردی دەبن و زمانی دیکە هەڵدەبژێرن و منداڵەکانیشیان فێری زمانی نوێ دەکەن، پێیانوایە زمانە نوێیەکە پلەوپاییەی باشتریان لەڕووی دەستکەوتنی کار و گەیشتن بە پیشەی باڵا بۆ مسۆگەردەکات، بەهۆی ئەوەی لە زۆربەی ڕاگەیاندنی هەلی کارەکاندا زانینی زمانی دیکە بە مەرجێکی سەرەکی دادەنرێت، هەروەها بۆ وەرگرتنی پۆستە باڵا ڕامیاری و زانستییەکانیش زانینی زمانی دیکە مەرجێکی سەرەکییە، هەروەها


دانانی مەرجی زمانی ئینگلیزی بۆ وەرگیران لە چەندین بەش لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بۆیە بەشێک لە کورد زمانەکان پێیانوایە فێربوونی زمانی دیکە بە تایبەتی زمانەکانی ئینگلیزی و عەرەبی بۆ ئایندەی نەوەکانیان باشترە، بۆیە بە بەردەوامی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە تایبەتەکان، کە بەزمانی دووەم وانە دەخوێنن لە هەڵکشاندایە. بۆ نموونە بەپێی بەراوردکردنی ئەو داتایانەی دەربارەی ژمارەی ئەو قوتابیانیان لە قوتابخانە حکومییەکان و قوتابخانە ناحکومییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی* حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەردوو ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) و (٢٠٢١-٢٠٢٢) بە دەستهێنراوە، ژمارەی ئەو قوتابیانەی دەچنە قوتابخانە ناحکومییەکان هەمبەر بە ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە ناحکومییەکان لە زیادبوندایە، ئەمەش بە واتای زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابیانەی، کە بە زمانی دووەم دەخوێنن هەمبەر بە خوێندن بە زمانی یەکەم، چونکە خوێندن لە قوتابخانە ناحکومییەکان بە زمانی دووەمە بە تایبەتی زمانەکانی (ئینگلیزی و تورکی و فەڕەنسی)، سەرجەم پرۆگرامەکان جگە لە بابەتی زمانی کوردی بە زمانی بیانی دەخوێنرێن، بە پێچەوانەوە لە قوتابخانە حکومییەکان هەموو بابەتەکان بە زمانی کوردی دەخوێنرێت، جگە لە بابەتەکانی زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبی، وەکو لەم ئامارانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

| سڵی خوێندن | قوتابی قوتابخانە ناحکومییەکان | قوتابی قوتابخانە حکومییەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٨-٢٠١٩ | ٧٦٥٧١ | ١٧٠٧٢٤٩ | ١٧٨٣٨٢٠ |
| ٢٠٢١-٢٠٢٢ | ١٣٦١١٠ | ١٨٠٠٢٣٢ | ١٩٣٦٣٤٢ |

خشتەی ژمارە (٣١)


بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) ژمارەی قوتابی قوتابخانە ناحکومییەکان (٧٦٥٧١) هەزار قوتابی بووە، کە تەنها ڕێژەی (٤,٢٩%)ی کۆی گشتی قوتابیانی هەرێمی کوردستانی پێکدەهێنا، ئەمەش یەکسانە بە ژمارەی ئەو قوتابیانەی، کە بە زمانی دووەم دەیانخوێند **(بڕوانەهێڵکاریی ژمارە(١٨)**.

* ئەو ئامارانەی، کە لە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە دەستهێنراون، ژمارەی سەرجەم قوتابیانی قوتابخانە حکومیی و قوتابخانە ناحکومییەکانی وەزارەتی پەروەردەن، لەبەرئەوەی قوتابخانە ناحکومییەکان بە زمانی بیانی دەخوێنن، لە توێژینەوەکەدا بە ئەو قوتابییانە دانراون، کە بە زمانی دووەم دەخوێنن، چونکە هیچ ئامارێکی ورد لە وەزارەتی پەروەردە لە بەردەستدانەبوو، کە ئەوە دەربخات ژمارەی ئەو قوتابیانەی بە زمانی یەکەم و دووەم دەخوێنن چەندە.





هێڵكاریی ژمارە (١٨) خستنەڕووی ڕێژەی ئەو قوتابیانەی بە زمانی یەکەم یان بە زمانی دووەم خوێندوویانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩)دا

بەڵام بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)، ڕێژەی قوتابیانی قوتابخانە ناحکومییەکان بۆ (١٣٦١١٠)هەزار قوتابی بەرزبووتەوە، کە دەکاتە ڕێژەی (%٧,٠٣)ی کۆی گشتی قوتابیانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش زیادبوونی ڕێژەی خوێندن بە زمانی دووەم دەردەخات **(بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (١٩)**.




هێڵكاریی ژمارە (١٩) خستنەڕووی ڕێژەی ئەو قوتابییانەی بە زمانی یەکەم یان بە زمانی دووەم خوێندوویانە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)دا

لەم ساڵانەی دواییدا بایەخدان بە خوێندن بە زمانی دووەم ڕووی لە هەڵکشانکردووە، ئەگەر بەراوردی ڕێژەی زیادبوونی ژمارەی قوتابیان لە نێوان ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢) بکەین، کە لەو ماوەیەدا بە گشتی (١٥٢٥٢٢) هەزار قوتابی زیادیکردووە، لەو ڕێژەیە (٩٧٩٩٣) هەزار قوتابی چووە بۆ قوتابخانە حکومییەکان، کە دەکاتە ڕێژەی (٦٤,٢٥%)، هەروەها (٥٤٥٢٩) هەزار قوتابیش چووە بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان، کە دەکاتە (٣٥, ٧٥ %)، ئەمەش گەورەترین مەترسییە لەسەر داهاتووی زمانی کوردی، چونکە بەپێی توێژینەوەکانی ڕێکخراوی یونسکۆ (هەر زمانێک ڕێژەی (٣٠%)ی منداڵانی سەر بەو زمانە کەمتر قسەی پێ بکەن، ئەوا ئەو زمانە لەسەر ڕێڕەوی مردن دەجوڵێت و وردە وردە بەرەو لەناوچوونی دەبات) (مستەفا، ٢٠١٢: ٥٤) **(بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢٠)**:




هێڵکاریی ژمارە (٢٠) زیادبوونی ژمارەی ئەو قوتابییانەی بە زمانی دووەم دەخوێنن لە نێوان ساڵی (٢٠١٨-٢٠١٩) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢)


لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، کە ئەوکاتە بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان هەمبەر بە عێراق لە پێشتر بوو، هەلی خوێندن و دامەزراندن لە کوردستان زیاتربوو، سەرەڕای هەڵوێستی نەتەوەیی، کە ماوەیەکی کەمبوو لە ژێر دەستی ڕژێمی بەعس ڕزگاربووبوون، کوردانی دانیشتووی ناوچەکانی کەرکوک و خانەقین و...هتد، بە لێشاوە منداڵەکانیان دەناردە قوتابخانە کوردییەکان، بەڵام لەم ساڵانەی دوایییدا بەهۆی ئەو بارودۆخە دارایی و ڕامیارییەی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، هاوکێشەکە پێچەوانەبووەتەوە و زۆرێک لە هاوڵاتییانی کوردزمان بە ویستی خۆیان قوتابییەکانیان دەگوێزنەوە بۆ قوتابخانە عەرەبییەکان، ساڵبەساڵیش ئەم دیاریدەیە لە زیادبووندایە، بە پێی ئەو ئامارانەی، کە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکانی کەرکوک و خانەقینەوە وەرگیراون، دیاردەی پشتکردن لە خوێندن بە زمانی کوردی دەردەکەوێت، ئەگەر بەم

شێوەیە بەردەوامبێت لە چەند ساڵی داهاتوودا خویندن بە زمانی کوردی لە ئەو ناوچانە بە تەواوەتی کەمدەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە ژمارەی ئەو قوتابیانەی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانن و بە زمانی کوردی دەخوێنین، وەردبیینەوە، ساڵبەساڵ ژمارەیان کەمدەبێتەوە، ئەمەش لەلایەکەوە بەهۆی ئەوەی ئەو منداڵە کوردانەی بۆ یەکەمجار دەخرێنە بەر خوێندن لەلایەن خێزانەکانیانەوە لە قوتابخانە عەرەبییەکان تۆماردەکرێن و خوێندنیان بە زمانی عەرەبی بۆ هەڵدەبژێرن، لەلایەکی دیکەشەوە گواستنەوەی ئارەزومەندانەی قوتابیانی قۆناغەکانی دیکەی قوتابخانە کوردییەکانی سەر بە وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قوتابخانە عەرەبییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراق، بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی ژمارەی قوتابیانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوکی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی خوێندنی (٢٠١٢-٢٠١٣) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢) بکەین، وەکو لەم ئامارانەوە دەردەکەوێت:

| ساڵانی خوێندن | ژمارەی قوتابی |
|---|---|
| ٢٠١٢ _ ٢٠١٣ | ١٠٤٢٧٢ |
| ٢٠١٣ _ ٢٠١٤ | ٩٥٧٤١ |
| ٢٠١٤ _ ٢٠١٥ | ٩٢١١٧ |
| ٢٠١٥ _ ٢٠١٦ | ٩٢٥٤٤ |
| ٢٠١٦ _ ٢٠١٧ | ٩١٦٠٠ |
| ٢٠١٧ _ ٢٠١٨ | ٨٩٩٨٠ |
| ٢٠١٨ _ ٢٠١٩ | ٨٩٨٩٠ |
| ٢٠١٩ _ ٢٠٢٠ | ٨٩٢٧٥ |
| ٢٠٢٠ _ ٢٠٢١ | ٨٦٠٥٦ |
| ٢٠٢١ _ ٢٠٢٢ | ٨٥٢٠٠ |

خشتەی ژمارە (٣٢)

وەکو لە ئامارەکانی سەرەوەوە دەردەکەوێت، ساڵبەساڵ ڕێژەی قوتابیان کەمدەکات، بە جۆرێک لە ماوەی (٩) ساڵدا نزیکەی (١٩٠٧٢) نۆزدە هەزار و حەفتا و دوو قوتابی لە قوتابخانە کوردییەکان کەمیکردووە، کە دەکاتە (١٩.٣%)ی کۆی گشتی قوتابیان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە بەپێی گەشەی دانیشتوان، دەبوایە نزیکەی چەند هەزار قوتابییەک زیادی بکردایە **(بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٢١)**.




هێڵکاریی ژمارە (٢١) کەمکردنی ژمارەی قوتابییانی قوتابخانە کوردییەکانی شاری کەرکوک لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٣) بۆ (٢٠٢١-٢٠٢٢)

بەپێی ئەو ئامارانەی، کە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیانەوە بە دەستهێنراوە، کە سەرپەرشتی خوێندنی کوردی لە شاری خانەقین دەکات، هاوڵاتیانی نەتەوەی کورد بە لێشاو پشت لە خوێندن بە زمانی کوردی دەکەن و منداڵەکان دەنێرنە قوتابخانە عەرەبییەکان، تەنانەت زۆرینەیان فشاردەکان بۆ ڕێگەدان بە گواستنەوەی منداڵەکان بۆ خستنەبەر خوێندن بە زمانی عەرەبی، ئەمەش نەک تەنها پشتکردن لە زمانی دایک دەگەیەنێت، بەڵکو بەکەم سەیرکردنی زمانی کوردیش بەدواوە هاتووە، بڕوانە ئەم ئامارانەی خوارەوە:

| ساڵی خوێندن | کۆی گشتی قوتابی |
|---|---|
| ٢٠١٩ _٢٠٢٠ | ٤٨٣٦ |
| ٢٠٢٠_٢٠٢١ | ٤٢٦٠ |
| ٢٠٢١_٢٠٢٢ | ٤٢٤٥ |
| ٢٠٢٢_٢٠٢٣ | ٤٢١٦ |

خشتەی ژمارە (٣٣)


وەکو لە ئامارەکانەوە دەردەکەوێت، ساڵبەساڵ ژمارەی ئەو قوتابیانەی، کە بە زمانی کوردی دەخوێنن، کەمدەبنەوە، ئەمەش بەهۆی گواستنەوەیان لەلایەن خێزانەکانیانەوە بۆ سەر ئەو قوتابخانانەی بە زمانی عەرەبی دەخوێنن و سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی عێراقن، بە جۆرێک تەنها لە ماوەی (٤) ساڵی خوێندندا (٦٢٠) قوتابی کەمیکردووە، کە دەبوایە بە پێچەوانەوە هاوتەریب لەگەڵ گەشەی دانیشتوان، چەند هەزار خوێندکارێک زیادی بکردایە، هەروەکو

سەرپەرشتیارانی پەروەردەی ئەو شارە ئاماژەی پێدەکەن، ئەگەر ڕێگری لەم دیاریدەیە نەکرایە، ئێستا ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە کوردییەکان زۆر لەو ژمارەیە زیاتر کەمدەبوویەوە، هەروەها زۆرینەی هاوڵاتیانی نەتەوەی کورد لە شاری خانەقین ئامادەنین ئەو منداڵانەی، کە بۆ یەکەمجار دەچنە بەر خوێندن، بیانخەنەبەر خوێندن بە زمانی کوردی، بەپێی ئامارە بە دەستهاتووەکان ژمارەی قوتابیانی بازنەی یەکەم، کە پۆلەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)ی قۆناغی سەرەتایی دەگرێتەوە، هێندە کەمیکردووە، کە ڕەنگە لە چەند ساڵی داهاتوودا، گواستنەوەی زمانی دایک بۆ نەوەکانی داهاتوو لە ڕێگەی قوتابخانەوە لە شاری خانەقین بەتەواوەتی کەمببێتەوە، هەروەکو لەم خشتەیەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە:

| ساڵی خوێندن- | پۆلی یەکەم | پۆلی دووەم | پۆلی سێیەم | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٩ _ ٢٠٢٠ | ٦٨٥ | ٨٦٤ | ٦٢٤ | ٢١٧٤ |
| ٢٠٢٠ _ ٢٠١٢ | ٣٦٠ | ٤٢٠ | ٥٦٠ | ١٣٤٠ |
| ٢٠٢١_ ٢٠٢٢ | ١٧٤ | ١٧٩ | ٢٢٩ | ٥٨٢ |
| ٢٠٢٢-_ ٢٠٢٣ | ١٩٩ | ١٧٧ | ١٨١ | ٥٥١ |

خشتەی ژمارە (٣٤)

هەروەکو دەردەکەوێت، تۆمارکردنی ژمارەی قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە شاری خانەقین بەڕێژەیەکی زۆر ساڵانە ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات، کە دەبوایە بە پێچەوانەوە هەمبەر بە ڕێژەی گەشەی دانیشتوان، ژمارەیان زیادی کردایە، بۆ نموونە بۆ ساڵی خوێندن (٢٠٢٢-٢٠٢٣)، تەنها (١٩٩) قوتابی نوێ لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تۆمارکراوە، بە بەراورد بە ساڵی خوێندنی (٢٠١٩-٢٠٢٠)، کە (٦٨٥) قوتابی بوو، بە ڕێژەی (٧١%) کەمیکردووە **(بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢٢).**




هێڵكاریی ژمارە (٢٢) كەمكردنی ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە كوردییەكانی شاری خانەقین (بازنەی یەكەم) لە نێوان سالآنی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بۆ (٢٠٢٢-٢٠٢٣)

جێی باسە كۆمەڵێك پاڵنەر هەن، كە خێزانە كوردەكانی ناچاركردووە منداڵەكانیان بخەنەبەر خوێندنی زمانی عەرەبی، لەوانە:

١. بۆ وەرگیران لە زانكۆ و پەیمانگاكانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، پێویستە قوتابی لە قوتابخانەكانی وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە خوێندبێتی.

٢. بە پێچەوانەی وەزارەتی خوێندنی باڵای حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، مەرجی ڕێژەی نمرەی پێویست بۆ وەرگرتن لە زانكۆ و پەیمانگاكانی وەزارەتی خوێندنی باڵای حكومەتی عێراق دانەناراوە، تەنها مەرجی دەرچوون كراوە بە پێوەر، قوتابی دەتوانێت بە پێی ڕێژەی ئەو نمرەیەی بە دەستیهێناوە بێ بەرانبەر بەشێك لە زانكۆ یان پەیمانگایەك تەواوبكات، بەڵام بۆ وەرگیران لە زانكۆ و پەیمانگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان، دەبێت قوتابی كۆنمرەی (%٥٥) كەمتر نەبێت، هەروەها هەموو قوتابییەك ناتوانێت بێ بەرانبەر درێژە بە خوێندن بدات، بۆیە زۆرێكیان ناچار بە خوێندنی پاراڵێل دەكرێن.

٣. هەلی دامەزراندنی ئەو قوتابیانەی، كە زانكۆ و پەیمانگاكانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵای حكومەتی عێراق تەواودەكەن زیاترە هەمبەر بەو قوتابیانەی، كە زانكۆ و پەیمانگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستانیان تەواوكردووە، چونكە چەند ساڵێكە پرۆسەی دامەزراندن لە هەرێمی كوردستان سنوورداركراوە.

٤. هەلی كار یەكێكی دیكەیە لەو پاڵنەرانەی، كە قوتابیانی نەتەوەی كورد خوێندن بە زمانی عەرەبی هەڵدەبژێرن، چونكە لە زۆربەی زۆری ئەو هەلی كارانەی لە هەرێمی كوردستاندا ڕادەگەیەنرێت، مەرجی زانینی زمانی دیكە بە تایبەتی زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی) دانراوە

# ئەنجامەکان

١. زمانی کوردی بەهۆی هۆکارەکانی جیهانگیریی زمانییەوە، لەڕووی زۆربوونی ژمارەی ئاخێوەری زمانەکانی دیکە و باڵا دەستییان بەسەر بازاڕی کار و خوێندن و فێربوونی زانستدا مەترسی کەوتووەتەسەر، بە تایبەتی هەژموونی زمانی ئینگلیزی، کە ئێستا زمانی کوردی زۆربەی وشەکانی لەو زمانەوە. یان لە ڕێگەی ئەوەوە دەخوازێت.

٢. هەروەک چۆن هاوەردەکردنی کەرەستە و کاڵا بیانییەکان بازاڕەکانیان تەنیوە، بەهەمانشێوە سەدان وشە و زاراوە و دەربڕاوی زمانی خاوەن بەرهەمەکان هاتووەتەناو زمانی کوردییەوە.

٣. زمانی کوردی بە هەموو جۆرەکانی خواستنی زمانیی، کەرەستە و یاسا و ڕێسای لە زمانەکانی دیکەوە خواستووە.

٤. زمانی کوردی بە زۆری بە پاڵنەر پێویستیی زمانیی و بە تەرزەکانی هاوردە/بەبێ دەستکاری و وەرگێڕان و لە ڕێگەی (داهێنانی زانستی، خوێندن، ڕاگەیاندن، ڕامیاری، جوڵەی ئابوری. وەرزش، بوارە پزیشکییەکان)، وشەکانی خواستووە.

٥. وشەی خوازراو ڕۆڵی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر زمانی کوردی هەیە، بەهۆی ئەوەی:

أ. وشە خوازراوەکان سەرەڕای ئەوەی بەشێکی گرنگی فەرهەنگی زمانی کوردی پێکدێنن و بەشێکی پێویستییە زمانییەکانی ئاخیوەرانیان پڕکردووەتەوە، پێگەیەکی گرنگیشیان لەنێو ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگدا هەیە، بەوەی بوونە بە بناغە بۆ سازکردنی چەندین وشەی نوێ.

ب. لەلایەکی دیکەشەوە کۆمەڵێک لایەنی نەرێنییان لەسەر زمانی کوردی هەیە، لەوانە (پەکخستنی یاساکانی وشەسازکردن، پوکانەوەی وشە خۆماڵییەکان، دروستکردنی هاوواتای و هاوبیژی، ڕێگری لە نوێبوونەوەی زمان، ونبوونی تێڕوانین و پێشینەی ئاخێوەران، مەترسی لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی).

٦. زمانی کوردی چەندین فۆنیم و دەنگ و شێوازی دەربرینی لە زمانەکانی دیکەوە خواستووە، کە سەرەڕای کێشە فۆنۆلۆژییەکانیان لە زمانەکەدا، هۆکاری پەلکێشکردنی ئەو وشانەی زمانەکانی دیکەن، کە لە پێکهاتەکەیاندا هەن.

٧. چەندین بۆتەی ڕستە و شێوازی ڕێزبەندی کەرەستە پێکهێنەرەکانی فرێز و مۆرفێمی ڕێزمانی لە زمانەکانی دیکەوە هاتوونەتەناو زمانی کوردییەوە، لەوانە: (یاسای (کار+بە+ناو)ی زمانی عەرەبی، یاسای (سەرسەرەتا)ی فرێزی زمانی ئینگلیزی، پاشگری /-ات/ی نیشانەی کۆی زمانی عەرەبی، (/-ها/،/-ەها/ی نیشانەی کۆی زمانی فارسی، پاشگری /-یەت/ی عەرەبی و /-یزم/ی ئینگلیزی، پێشگرسی/غەیرە-/، /لا-/ی ئامرازی نەرێی زمانی عەرەبی، پاشگری /-چی/ زمانی تورکی، پاشگری (سز)ی زمانی تورکی...هتد)، کە بوونەتەهۆکاری جێلەقکردنی یاسا و مۆرفێمە خۆماڵییەکان، بەهۆی

ئەوەی هەندێکیان لە زمانەکەدا چالاکییان پەیداکردووە و وشەی نوێ لە ڕێگەی ئەم مۆرفێمانەوە سازکراوە.

٨ سەرەڕای ڕەنگدانەوەی ژەهری زمانیی وەکو دزەکردنی دەنگ و مۆرێم و یاسا و ڕێسای زمانەکانی دیکە بۆناو زمانی کوردی، بەڵام زمانەکە بە تەواوەتی ژەهراوینەبووە و تایبەتمەندییە زمانییەکانی خۆی پاراستووە و مۆرفێم و یاساکانی پێڕەودەکرێت.

٩. زمانی کوردی لە چەندین ڕووەوە توشی داخوران بووەتەوە، کە مەترسی گەورەی ئێستای سەر زمانی کوردییە، لە ڕووی زۆربوونی ژمارەی ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە لەسەر زەویی جوگرافیای تایبەتی زمانەکە، ڕەنگە لە داهاتوودا شانبەشانی زمانی کوردی بەکاربهێنرێن، بەهۆی ئەوەی:

أ. زمانی بەشێکی زۆری پرۆگرامی خوێندن لە زانکۆکان و پەیمانگاکان بە زمانی ئینگلیزییە، ئەمەش بووەتەهۆی دوورخستنەوەی زمانەکە لە دەربڕین و فێربوون و خوێندنی زانست.

ب. زمانی یەکەمی ئەو منداڵانەی، کە لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە ناحکومییەکان دەخوێنن، زمانەکانی (ئینگلیزی و تورکی و فەڕەنسی)یە.

پ.-مەرجی سەرەکی لە بەدەستهێنانی زۆربەی هەلی کار و پۆستە باڵاکانی ڕامیاری و زانستییەکان، زانینی زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزییە.

١٠. ژمارەی ئەو قوتابیانەی بە زمانی کوردی لەناوچە کێشە لەسەرەکان دەخوێنن، ساڵبەساڵ ڕوو لە کەمبوونەوە دەکات بەتایبەتی لە شارەکانی کەرکوک و خانەقین.

١١. پشتکردن لە خویندن بە زمانی دایک لەلایەن نەتەوەی کورد لە ناوچە کیشە لەسەرەکان، تەنها پەیوەست نییە بە بابەتی زمانەوانییەوە، بەڵکو گەورەترین مەترسییە لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی و مەترسی لە دەستدانی خاکی لێدەکرێت.

# پێشنیاز

١. ناچارکردنی کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی کاڵاکان بە زیادکردنی زمانی کوردی بۆ لیستی زمانی زانیارییەکانی سەر کەرەستە و کەلوپەلە هاوردەکراوەکان بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەش لەلایەکەوە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی زمانەکە و ناساندنی لە بازاڕی کاردا، لەلایەکی دیکەشەوە بۆ ئاسانکاری تێگەیشتن لە پێکهاتە و شێوازی بەکارهێنان و سود و زیانی کاڵاکان.

٢. ڕێگەنەدان بە ناونانی پرۆژە نیشتەجێبوونەکان و دوکان و مۆڵ و شوێنە بازرگانی و گەشتیاری و وەرزشییەکان...هتد)، بە ناو و ڕێنووس و یاسا و ڕێسای زمانیی بیانی.

٣. گۆڕینی تابلۆی سەرجەم شوێن و بازاڕ و باڵەخانە و پرۆژەکانی نیشتەجێبوون بۆ زمانی کوردی، ئەگەر بە زمانەکانی دیکەش نووسران، دەبێت لای خوارەوە بە ڕێنووسی قەبارە بچووکتر بنووسرێت.

٤. چالاککردن و ڕاسپاردنی لایەنە پەیوەندیدارەکانی زمانەوانی وەکو بەشی کوردیی زانکۆکان و دەزگا و ناوەندە ئەکادیمی و زمانەوانییەکان، بۆ سازکردنی وشە بۆ هەندێک لە زاراوە خوازراوەکان و ڕێگریکردن لە هاتنەناوەوەی بێ پاساوی زاراوەی زمانەکانی دیکە.

٥. چاودێریکردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کاری وەرگێڕان، بەجۆرێک هەموو کارێکیان بە پاڵاوگەی پسپۆڕی زماندا تێپەڕێت، چونکە دوو هۆکاری گەورەی هێنانەئارایی ژەهری زمانیین.

٦. هۆشیارکردنەوەی تاکی کورد لە گرنگی و بایەخی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ نەوەکانیان، هەروەها خستنەڕووی مەترسییەکانی پشتکردن لە زمانەکە و خوێندن بە زمانی دووەم لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و گۆڕینی بیر و کولتوری کوردەواری.

٧. سنوردارکردنی کردنەوەی بە لێشاوی باخچە و قوتابخانە ناحکومییەکان، هەروەها سەپاندنی بەشە وانەی زمانی کوردی لە خشتەی هەفتانەدا هاوشیوەی قوتابخانە حکومییەکان، بە جۆرێک لە بازنەی یەکەم کە پۆلەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم) دەگرێتەوە، هەفتانە (٨بۆ٩) وانەی زمانی کوردی بخوێنرێت.

٨. قەدەغەکردنی بێپلانی مەرجی زانینی زمانەکانی دیکە و پشتگوێخستنی زمانی کوردی لە بە دەستهێنانی هەلی کاردا، تەنها بۆ ئەو هەلی کارانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زانینی زمانی دیکەوە هەیە مەرجداربێت.

٩. لە ڕێگەی پلانی زمانییەوە هەوڵبدرێت ڕێگری لە دیاریدەی چوونە بەر خوێندن بە زمانی عەرەبی و پشتکردن لە خوێندن بە زمانی کوردی لەلایەن خێزانە کوردەکانەوە لە ناوچە کیشە لەسەرەکان بە تایبەتی کەرکوک و خانەقین بگیرێت، ئەویش بە ڕەخساندنی هەلی خویندن و کار و دامەزراندن لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

# سەرچاوەکان

## ١)کتێب:

### ١/١) زمانی کوردی:


١. ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، هەولێر. چاپخانەی ئاراس.

٢. ـــــــــــــــ (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

٣. ئەمین، هەوار عومەر فەقێ (٢٠٢٢)، بنەماکانی زمانی پەروەردەیی لە پرۆگرامەکانی خوێندنا، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی تاران.

٤. باتنی، محەمەد ڕەزا (٢٠١١)، چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، وەرگێڕانی هێرش کەریم حەمید، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٥. برزو، ئومێد بەرزان (٢٠٢٠)، توێژینەوە زمانەوانییەکان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ئێران، چاپخانەی جنگل-تاران.

٦. پ.هانتینگتۆن، سامۆیل (٢٠٠٥)، پێکدادانی شارستانییەکان، وەرگێڕانی مامەند ڕۆژە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)،.

٧. تاهیر، شەهاب شێخ تەیب (٢٠١٢)، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٨. تەنیا، ئیسماعیل (٢٠٠٨)، بزربوونی ناوی کوردی لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٩. جراد، چۆلی ئەسعەد (٢٠١٣)، زمان لە ڕاگەیاندنی بینراودا، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

١٠. حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر (٢٠٠٧)، چەشنە ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسییەکان و ڕەنگدانەوەیان لە (ژیان و ژین)دا، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین.

١١. حسێن، شیلان عومەر (٢٠٢١)، زانستی زمانی کارەکیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد.

١٢. حەسەن، سەمیر ئیبرایم (٢٠١١)، کولتور و کۆمەڵگا، وەرگێڕانی عەبدوڵا مەحمود زەنگەنە، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

١٣. حمەڕەش، سۆران (٢٠١٣)، کورد کێیە؟، چاپی یەکەم، چاپخانەی (YPS-Publishing)، لەندەن.

١٤. خۆشناو، شێروان حسێن (٢٠١٦)، توانای مۆرفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

١٥. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵا (٢٠١٦)، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٦. خۆشناو، نەریمان و مستەفا، ئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٠)، کوردۆلۆجی، چاپی شەشەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٧. دزەیی، د.عەبدولواحید موشیر(٢٠١٠)، واتاسازی وشە و ڕستە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

١٨. رەحیمی، کامەران (١٣٨٨)، بنەماکانی وشەسازی و وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، سەقز، نشر گوتار، کۆڕزانیاری زمانی کوردی-ئێران.
١٩. رەسولّ، عیزەدین مستەفا (٢٠٠٥)، بۆ زمان، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
٢٠. ڕەسوول، عەبدوڵلا حوسێن (٢٠١٥)، چەند باسێکی وردی زمانەوانی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر چاپخانەی هێڤی.
٢١. سابیر، ڕەفیق (٢٠١٣)، بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
٢٢. سالّح، دەروون عبالرحمن (٢٠١٢)، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
٢٣. سدیق، فاروق عومەر (٢٠١١)، لە دایکبوونی وشە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
٢٤. ___________ (٢٠٢٠)، قەرزی وشە، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
٢٥. سورخی، رحیم قادر (٢٠١٣)، یادکردنەوەی ڕۆژی زمانی دایک، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، لە بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.
٢٦. شوانی، ڕەفیق (٢٠٠٨)، زمانی کوردی شوێنی لەناو زمانەکانی جیهاندا، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.

٢٧. عمر، فاضل (٢٠٠٥)، گیرەکێن زمانێ کوردی، بەلاڤکوین کۆری زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٢٨. عەبدولا، ڕۆژان نوری (٢٠١٣)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
٢٩. عەزیز، حوسێن محەمەد (٢٠٠٥)، سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی کارۆ.
٣٠. عەلی، بەکر عومەر و حمەئەمین، شێرکۆ (٢٠٠٦)، زار و شێوەزار، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
٣١. فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانم، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حوسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
٣٢. ___________ (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم، ٢٠١١.
٣٣. فەرەج، هۆگر مەحمود (٢٠١٢)، چەردەیەک، دەنگ، مۆرفێم، وشەی جوداییساز، هەولێر، لە کۆنفرانسی زانستی زمان.
٣٤. فوئاد، کەمال (١٩٩٥)، فۆنێمەکانی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، سوید.
٣٥. فەخری، نەسرین محەمەد (١٩٨٧)، ڕێنووسی کوردی، فەسڵی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

٣٦. کالفی، لویس جان (٢٠١٢)، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.
٣٧. کریستاڵ، دیڤید (٢٠٢٠)، کورتەیەک لە مێژووی زمان، وەرگێڕانی سەربەست جیهاد، چاپی یەکەم، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
٣٨. کەرەمی، سەعید (١٣٩٦)، وشەناسیی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، پەخشانگای زانستگای کوردستان.
٣٩. کەلاری، محەمەد عەبدوڵڵا (٢٠٠٩)، جیهانگیریی میدیا، چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانی.
٤٠. کەمریێ، بێرنارد و دایەمەند، جێردید و واڵن، دەوگ و هارس، ک.دەیڤید (٢٠٠٧)، زمان، وەرگێڕانی کامیل محەمەد قەرەداخی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان.
٤١. کۆمەڵێک زمانەوان (٢٠٠٩)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی محەمەدی مەحوی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
٤٢. حاجی مارف، ئەورەحمان (١٩٧٥)، وشەسازی زمانی کوردی، بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
٤٣. ــــــــــــــــــ (١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد.
٤٤. ــــــــــــــــــ (١٩٩٨)، سەرەتایێکی زمانناسی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٤٥. ــــــــــــــــــ (٢٠٠٠)، بنج و بناوانی هەندێ وشە، بەشی یەکەم، بەغداد، مکتب الصفار الأستنساخ.
٤٦. ــــــــــــــــــ (٢٠٠٠)، زمانی کوردی و خەوشی هەندێ وشە و زاراوەی نوێ، بەغداد، مکتب السفار للأستنساخ.
٤٧. ــــــــــــــــــ (٢٠١٤)، ڕێزمانی کوردی - بەرگی یەکەم (وشەسازی)-بەشی یەکەم (ناو)، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٤٨. محەمەد، دارا حەمید (٢٠١٠)، واتاسازی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپەمەنی ژیر.
٤٩. مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٢)، پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، سلێمانی چاپخانەی لەریا، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٥٠. مەحویی، محەمەدی (٢٠٠٦)، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆک_وابەستە، سلێمانی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زانکۆی سلێمانی.
٥١. ــــــــــــــــــ (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان، بەرگی یەکهەم، سلێمانیی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، زانکۆی سلێمانیی.
٥٢. ناوخۆش، سەلام (٢٠١٢)، زمانی ئایینی، چاپی سێیەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
٥٣. ــــــــــــــــــ (٢٠١٣)، چارەنووسی زمانی کوردی و ئەزموونی زمانەوانی نەرویج و یۆغسلافیا و چیک-سلۆڤاکیا، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
٥٤. هەرشەمی، شاسوار (٢٠٠٩)، هەندێ زانیاری گشتی لەبارەی زمانەوە، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.

٥٥. ــــــــــــــــــ (٢٠٢٠)، زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی لە زمانە هیندۆرپیەکاندا (میتۆدێک بۆ دیاریکردنی بنەچەی زمانی کوردی)، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبیی عەبدولڕەحمان زەبیحی.
٥٦. وەهبی، تۆفیق (١٩٥٦)، دەستووری زمانی کوردی، الجزء الأول، بیروت، مطبعة المليك.
٥٧. یانسۆن، توورە (٢٠١٩)، مێژووی زمان کنەکردن بەناو کات و شوێندا، وەرگێڕانی نوری کەریم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ناوەندی ڕەهەند.
٥٨. یەعقووبی، حسێن (٢٠٠٧)، زمان و وەرگێڕان و پێوەندیی کولتورەکان، وەرگێڕانی ئیسماعیل زارعی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی دەزگای ئاراس، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

## ٢/١) زمانی عەرەبی:

٥٩. إفيتش، ميليكا (٢٠٠٠)، اتجاهات البحث اللسانى، ترجمة سعد عبدالعزيز مصلوح–وفاء كامل فايد، الطبعة الثانية، المجلس الاعلا للثقافة.
٦٠. أنيس، ابراهيم (١٩٦٦)، من اسرار اللغة، الطبعة الثالث، القاهرة، مكتبة انجلو المصرية.
٦١. بريفو، جان و سابليرو، فرانسوا(٢٠١٠)، المولد–دراسة في بناء الالفاظ، ترجمة خالد جهيمة، الطبعة الاولى، بيروت، النظمة العربية للترجمة.
٦٢. البيان، ابراهيم بن على (١٤٢٧)، الصراع اللغوى، القاهره، دار النشر: جامعة القاهرة.
٦٣. جاه الله، كمال محمد و عبدالمولى، مبارک محمد (٢٠٠٧)، ظاهره الاقتراض بين اللغات الالفاظ العربيه المقترضه فى لغه الفور انموذجا، دار جامعه افريقيا العالميه للطباعه.
٦٤. خرما، نايف (١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، الكويت علم المعرفة.
٦٥. الخولى، محمد على (١٩٨٧)، الحياة مح لغتي(الثنائية اللغوية)، الطابيع الأول، الرياض، جامعة الملك سعود.
٦٦. زفنكي، صافية (٢٠٢١)، أثر الاقتراض اللغوي فى اللغة العربية، الطبعة الأولى، المانيا/برلين. المركز الديمقراطى العربى للدراسات الاستراتيجيه والسياسيه والاقتصاديه.
٦٧. الضامن، حاتم صالح (١٩٨٩)، علم اللغة، بغداد، طبع بمطبعة التعليم العالي.
٦٨. عبدالتواب، رمضان (١٩٩٧)، التطور اللغوي– مظاهره و علله و قوانينه، الطبعة الثالثة، القاهره، مكتبة الخانجي.
٦٩. فندريس.ج(١٩٥٠)، اللغة، ترجمه عبدالحميد الدواخلي و مجمد القصاص، القاهرة، مكتبة الأنجلو المصرية.
٧٠. محمد، محمد داود (٢٠١٦)، اللغه كيف تحيا؟ ومتى تموت؟، مصر، دار نهضة مصر.
٧١. معاذ، مها محمد فوزى(٢٠٠٩)، انثروبولوجيا اللغة، مصر، دار المعرفة الجامعية.
٧٢. هدسون (١٩٨٧)، علم اللغة الأجتماعى، ترجمة د.محمود عبدالغى عياد، بغداد، وزارة الثقافه والأعلام، دار الشون الثقافية العامة.
٧٣. وافى، على عبدالواحد (١٩٥٦)، فقه اللغة، الطابعه الرابعة، لجنة البيان العربي.
٧٤. ــــــــــــــ (١٩٨٣)، اللغة والمجتمع، مطبعة نهضة بمصر، الطبعة الرابع.

٧٥. ـــــــــــــــــ (٢٠٠٤)، علم اللغة، الطبعة التاسعة، مصر، نهضة مصر–للطباعة و النشر و التوزيع.
٧٦. ئۆلمان، ستيڤان (١٩٨٧)، دوور الكلمة فى اللغة، ترجمهة كمال محمد بشير، القاهرة، مكتبة الشباب.

## ٣/١) زمان فارسی:

٧٧. باطنی، محمد رضا (١٣٧٣)، زبان و تفكر، چاپ پنجم، تهران، فرهنگ معاصر.
٧٨. شقاقی، ویدا (١٣٩٢)، مبانی صرف، چاپ ششم، تهران، سازمان سمت.
٧٩. مدرسی، یحی (١٣٩١)، در أمدی بر جامعەشناسی زبان، چاپ سوم، تهران، چاپ و صحافی فرشیوه.

## ٤/١) زمانی ئینگلیزی:

80. Crystal, David (2003), Language Death, Cambridge: Cambridge University Press.
81. Curnow, T.J. (2001), What language features can be "borrowed", Areal diffusion and genetic inheritance: problem in comparative linguistics.
82. George, Yule (2010), the study of language Fourth Edition, Cambridge university press.
83. Haspelmath, M and Tadmor, U. ( 2009), Loanwords in the world's languages: a comparative handbook. Walter de Gruyter.
84. Katamba, Francis (1993), Modern Linguistics Morphology, New York, First Edition, St. Martin's Press.
85. Langacker, Ronald W.( 1973), Language and its structure; some fundamental linguistic concepts, New York: Harcourt. Bract and World- INC.
86. MacKey, William Francis, Teaching language Analysis, 1965 , Longman: London.
87. Pei, Mario(1966), Glossary of Linguistics Terminology, New York: Anchor Books.
88. Richards, Jack C. and Schmidt, Richard (2002), Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics, Third edition.

## ٢) نامەی زانكۆیی:

## ١/٢) زمانی كوردی:

٨٩. ئەحمەد، مزگین عەبدورەحمان (٢٠١١)، گەردانكردنی كار لە زمانی پەهلەوی و كوردیدا–كرمانجی سەروو، نامەی دكتۆرا، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەددین.
٩٠. ئەحمەد، محەمەد حوسێن (٢٠١٦)، ململانێی زارەكان (زاری ناوڕاست و ژوورو) وەک نمونە، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی.
٩١. ئەحمەد، نەرمین عومەر (٢٠١٠)، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆژیی كوردییدا، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٩٢. حەسەن، تابان محەمەد سەعید (٢٠٠٨)، گەشەسەندن و پوكانەوەی گەنجینەی وشە لە زمانی كوردیدا، نامەی ماجستێر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.
٩٣. حەسەن، مستەفا قادر (٢٠١٠)، كارتێكردنی هەندێ لایەنی سینتاكسی زمانی فارسی لەسەر زمانی كوردی، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین.

٩٤. حەمید، ساکار ئەنوەر (٢٠٠٩)، وشەخواستن لە زمانی کوردیدا (لێکۆڵینەوەیەکی ئیتیمۆلۆجییە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
٩٥. ڕەحمان، سەرکەوت مەجید (٢٠١٧)، فراوانبوونی وشەی زمانی کوردی لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
٩٦. سابیر، شادان شوکر (٢٠١٣)، زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا (شاری هەولێر بەنموونە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
٩٧. سلیم، پەیمان حسن محمد (٢٠١٠)، پەیوەندی نێوان زمان و کولتور لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی-شیکارییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
٩٨. سلێمان، ئازاد عەزیز (٢٠١٤)، ململانێی زمان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.
٩٩. سەعید، محەمەد مەجید (٢٠١٥)، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، نامەی ماستەر، سکولی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٠٠. عارف، زوبێر علی (٢٠١٢)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٠١. عبدالله، دڵنیا نوری (٢٠١٥)، ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم (خوێندنی بنەڕەتی بە نموونە)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین.
١٠٢. عەبدولڕەحیم، عوسمان کەریم(٢٠١٤)، وشەی زمانی کوردی و ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٠٣. عەبدولغەنی، سۆزان سەعدوڵلا (٢٠١٩)، وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نووسیندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
١٠٤. عەلی، بێستون ئەبوبەکر (٢٠١٥)، دەرکەوتەی دوو دیوی زمانی لە کۆمەلە ئاخاوتنییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
١٠٥. عەلی، د.ئازاد ڕەمەزان (٢٠٠٥)، بنەما زمانییەکانی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژنامە کوردییەکاندا لە نێوان سالانی (١٩٩١-٢٠٠٠)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین.
١٠٦. عەبدوڵا، نەسرین نوری (٢٠١٦)، کاریگەری زمانیی دراوسێکان لەسەر شێوەزاری خانەقین، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
١٠٧. عەلی، کسپە ئەبوبەکر (٢٠١١)، پەیوەندی بیر و زمان لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٠٨. غولام، هێژا کمال محەمەد (٢٠١٦)، سەنگ و بەهای بیر لە یەکگرتنی ناولێنراو بە ناولێنەرەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٠٩. فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١١)، تابۆ وەک نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١١٠. فەرەج، هۆگر محموود (٢٠٠٠)، پراگماتیک و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١١١. قادر، شێرکۆ حەمەئەمین (٢٠٠٢)، مۆرفێمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا، نامەی ماجسێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١٢.  قادر، صباح ڕەشید (٢٠٠٠)، هاوبێژی و فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١١٣.  محەمەد، پێشکەوت مەجید (٢٠١٣)، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
١١٤.  مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠١٩)، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکی وسستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
١١٥.  نەریمان، بەهمەن تاهیر (٢٠١٣)، کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.


## ٢/٢) زمانی عەرەبی:


١١٦. اسماء، بلعبدي (٢٠١٨)، اثر التعددية اللغوية والترجمة في اللغة العربية بالجزائر – جانب المصطلح، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة وهران.
١١٧. الخلاف، مسعوده (٢٠١١)، التعليمية واشكالية التعريب فى الجزائر، العلوم الاقتصادية انموذجا، اطروحة دكتوراه، جامعه منتورى قسنطينه، الجزائير.

١١٨. الشافعي، مفتاح (٢٠٠٩)، استخدام المفردات المقترضة من اللغة العربية في اللغة الاندونيسية لتعليم الاصوات العربية (بالتطبيق على المدرسة المتوسطة الاسلامية الحكومية الثانية بالانجكاريا)، بحث تكميلي لنيل درجة الماجستير في تعليم اللغة العربية، ، كلية الدراسات العليا، قسم تعليم اللغة العربية، جامعة مولانا مالك ابراهيم الاسلامية الحكومية بمالانج.


## ٣) گۆڤارەکان:

## ١/٣) زمانی کوردی:


١١٩. احمد، محمود فەتحوالله (٢٠١٦)، ناوبەن پەیوەندی لە نێوان کلتور، زمان و بیرکردنەوەدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٣)، ژمارە (٧).
١٢٠.  ئەبوزەید، ئەحمەد (٢٠٠٥)، ئایە یەک زمانی جیهانی دادەمەزرێت؟، وەرگێڕانی: ڕۆشنا ئەحمەد، گۆڤاری زانستی سەردەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ژمارە(٢٣).
١٢١.  برزو، ئومێد بەرزان و محمد، شادان حمەئەمین (٢٠١٧)، مۆرفێمە هاوبێژ و فرەواتاکان لە زمانی کوردیدا (شێوازی ئاخاوتنی گەرمیان وەک نموونە)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
١٢٢. برزو، ئومێد بەرزان و محەمەد، کەژاڵ جهانبخش (٢٠١٩)، جیهانگیری زمانی و کاریگەری لەسەر داهاتوی شوناسی نەتەوەیی و فێرکردنی زمانی کوردی، پێنجەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
١٢٣. برزو، ئومێد بەرزان و حەمید، هێرش کەریم (٢٠١٧)، بەریەککەوتنی زمانەکان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانیی، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (١٣).
١٢٤.  بەرزنجی، فەریدوون عەبدوول و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠١٣)، بڵاوبوونەوەی زار و زمان لە ژێر ڕۆشنایی تیۆری شەپۆلەکاندا، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە (٢٦).

١٢٥. جامباز، تارق (٢٠١١)، زمانپارێزی سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە (١٩).
١٢٦. حیلمی، پاکیزە ڕەفیق (١٩٧٥)، بوژاندنەوەی زمان، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
١٢٧. خضر، ڕێبین خالد و علی، طالب حسێن (٢٠٢٠)، دەنگی هەمزە لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، بەرگی (٧)، ژمارە (١).
١٢٨. ڕەسوڵ، سوداد (٢٠١٤)، مردنی زمان، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (١٥).
١٢٩. سەعید، ئەحمەد قادر (٢٠١٩)، ڕاستکردنەوەی هەڵەی چەند دەستەواژەیەک، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٦٧).
١٣٠. سەعید، یوسف شەریف و ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان (٢٠١٧)، پەیوەندی نێوان زمان و بیر لە چوارچێوەی تیۆری ڕێژەیی زمانی، گۆڤارا زانکۆیا دهۆک، پەربەندە (٢٠)، ژمارەیە (١).
١٣١. عبدواللە، مهاباد کامل (٢٠١٥)، زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەدا، گۆڤاری زانکۆ ڕاپەڕین، بەرگی (٢)، ژمارە (٥).
١٣٢. عمر، نەوزاد ئەنوەر و عمر، تەلار صباح (٢٠١٧)، ململانێ و بەریەککەوتنی زمانەکان و کاریگەرییان لەسەر زمانی دایک، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٤٣).
١٣٣. فتاح، محمد معروف (١٩٨٢)، ڕێنووسی کوردی لە ڕووانگەی فۆنەتیکەوە، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، بەرگی نۆیەم، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.
١٣٤. فتاح، محەمەد مەعروف و قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٨)، زمان تێکەڵکردن لە ئاخاوتندا، گۆڤاری ئەکادیمای کوردی، ژمارە (٩).
١٣٥. فەرەج، شاخەوان جەلال و مەحموود، ئاڤێستا کەمال (٢٠١٣)، ڕێکخستنەوە و چالاککردنەوەی فۆرمەزمانییەکان لە نێوان پرۆسەکانی بەکارهێنانی زمانی یەکەم و دووهەم، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی –بەشی B، ژمارە (٤٣).
١٣٦. قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٢١)، فەرهەنگی ئاوەزی(عەقڵی) و ئەو بوارانەی شیکردنەوە لەبارەیەوە دەکەن، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، بەرگی (٨)، ژمارە (٣).
١٣٧. قادر، کاروان عومەر (٢٠١٢)، سیستەمی درکپێکردن وەک بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی-B، ژمارە (٣٤).
١٣٨. محمد، هیدایت عبداللە (٢٠٠٧)، وشە و زاراوەی خوازراو و سەپێنراو لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی (B)، ژمارە (٢١).
١٣٩. مستەفا، ئیدریس عەبدوڵا (٢٠١٢)، واقیعی زمانی کوردی لە نێوان پێوەرەکانی زمانی زیندو و ئەو هۆکارانەی زمان دەمرێنن، گۆڤاری ئەکادیمیا، ژمارە (٢٢).
١٤٠. مەعرووف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٤)، زانیاریی زمانیی و پێڕەوی نیشانەکردن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی-B، ژمارە (٥).
١٤١. موحسین، بەهزاد (٢٠٠٨)، کۆزمانەوانی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٢٩)
١٤٢. نیزامەدین، فازل (٢٠٠١)، سیمینارێکی ئەکادیمی سەبارەت بە فەرهەنگی کوردی، هەولێر، نووسەری نوێ، ژمارە (١٩).

١٤٣. نيِلْدە، پيتەر هانز (٢٠١٠)، ململانێی زمان، وەرگێڕانی د. هۆشەنگ فاروق، گۆڤاری ئەكاديمی، چاپخانەی سپيريز ,ژمارە (١٥).
١٤٤. هەورامانی، محەمەد ئەمين ١٩٧٤، تەماشاكردنێكی سەرپێيانەی زاری سۆرانی و زاری هەورامی، گۆڤاری كۆڕی زانياری كورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، بەغدا، چاپخانەی كۆڕی زانياری كورد.

## ٢/٣)زمانی عەرەبی:

١٤٥. بن يونس، شهرزاد (٢٠٢٠)، الاقتراض اللغوي بين العربية واللغات الاجنبية (المستوى المفرداتي في اللغتين الانجليزية والتركية انموذجا)، كلية الاداب واللغات، جامعة الاخوة منتوري قسنطينة١\الجزائر، مجلة الانسانية، المجلد (٣١)، العدد (٣).
١٤٦. الزيادي، حاكم مالك و سلمان، علي جاسم (٢٠٠٠)،الاقتراض اللغوي، مجلة المورد، العدد (٤).
١٤٧. عبدالعاني، عزالدين أحمد (٢٠١٦)، الصراع اللغوى بين اللغات (اللغة العربية أنموذجا)، مجلة شمال جنوب، العدد الثامن.
١٤٨. القاسمى، على (٢٠١٠)، التداخل اللغوي و التحول اللغوي، الجزاير، مجلة الممارسات اللغوية، مخبر الممارسات اللغوي، جامعة مولود معمرى تيزى وزو، دار المنظومه، المجلد/العدد (ع١).
١٤٩. كايد، ابراهيم محمود (٢٠٠٢)، ازدواجية اللغة. المجلة العلمية لجامعة مليك الفيصل(العلوم الأنسانية و الأدارية)، المجلد الثالث، العدد الاول.
١٥٠. لحلوحى، صالح (٢٠١٨)، اللغة العربية في الجامعة الجزائرية بين التلوث اللغوي والرطانة ولحن العامة مقاربة لسانية، مجلة جامعة القدس المفتوحة للبحوث الإنسانية والاجتماعية، الجزء الأول، العدد (٤٣).

## ٣/٣) زمانی فارسی:

١٥١. محمدی، فاطمه عزيز (١٣٨٢)، بررسی برخی فرايندهای رايج قرض گيری در زبان فارسی، پژوهشنامه پردازش و مديريت اطلاعات، شماره (٣-٤).

## ٤/٣)زمان ئينگليزی:

152. Haugen, E. (1950), The Analysis of Linguistic Borrowing, journal of the Linguistic society of America, VOL(26), NO(2).
153. Isa, Baba Zanna, Ahmed, HajjaKaru and Grem,Yagana (2014), Language Death and Endangered Language , ISOR journal of Humanities And Social Science (ISRO -JHSS) volume (19), issue (10).

## ٤) وانەی زانكۆيی:

١٥٤. قادر، كاروان عومەر (٢٠١٨-٢٠١٩)، وانەی زانستی زمانی كۆمەڵايەتيی، بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی زمان، زانكۆی سلێمانی.

# الملخص

الاطروحة الموسومة (الإقتراض اللغوي في اللغة الكوردية (السموم اللغوي) إنموذجا)، محاولة في توضيح تلك التغييرات والتأثيرات التي تعرضت لها اللغة الكوردية بسبب إقتراض الوسائل اللغوية. فالتطورات والتغييرات في فكر وثقافة الفرد والمجتمع وتأثير الدين والجوار والإحتلال وعوامل الإقتصاد والعولمة، وتسرب مجموعة من الوسائل والمفاهيم الجديدة من اللغات الأخرى إلى اللغة الكوردية، كانت لها الأثر الواضح في تغيير مستمر وخلق وسائل ومفاهيم حديثة فيها، ولتسمية وتعريف تلك الوسائل و الأفكار الجديدة، تسلك طرق متنوعة، من جهة بالاعتماد على الذات تتهيئ المفردات الجديدة، ومن جهة أخرى تقترض الكلمة من اللغات الأخرى. الكلمات المقترضة من اللغات الأخرى تحتل جزء واسع في اللغة الكوردية، كانت لها الأثر الجلي في إثراء اللغة الكوردي من ناحية، ومن ناحية أخرى أضافت أصوات و أمثال وقوانين وقواعد اللغات الأخرى إلى اللغة المذكورة، حيث تسببت تلك الإضافات في إيجاد سموم اللغة في اللغة الكوردية وأدت إلى الإحساس بالخطورة على مستقبلها. اعتمدت الدراسة المنهج (الوصفي التحليلي) والكلمات المقترضة التي تستخدم الآن في اللغة الكوردية وخضعتها للتحليل.

وقد قسمت الاطروحة إلى المقدمة والنتيجة والاقتراح و قائمة المصادر، وتتكون من ثلاثة فصول:

الفصل الأول جاء بعنوان (التغيير والصراع وموت اللغات)، وينقسم إلى عدد من المباحث ، المبحث الأول يتناول الحديث حول العلاقة بين لغة المجموعة، وتغيير اللغة وتلك الأسباب التي تأتي بالتغيير على اللغة، وفي المبحث الثاني في الحديث حول عولمة اللغة وخطورة ولادة اللغة العالمية (لغة العولمة)، ثم المبحث الثالث تحدثنا حول صراع اللغات وأسباب ظهورها و وحددت موقع اللغة الكوردية في تلك الصراعات. والمبحث الرابع حدد نوع لغات العالم وطريقة موت اللغة و أسبابها.

وعنوان الفصل الثاني (إقتراض اللغوي في اللغة الكوردية)، وهو من خمسة مباحث أيضا، المبحث الأول نتناول عن أنواع الإقتراض اللغوي في اللغة الكوردية، وفي المبحث الثاني يدور الحديث عن تحديد الأسباب والدوافع التي من وراء إقتراض الوسائل اللغوية، وأيضا في المبحث الثالث الحديث عن تلك الأساليب التي تستعملها اللغة الكوردية في عملية إقتراض الكلمة. والمبحث الرابع يحدد تلك الطرق التي من خلالها تدخل كلمات اللغات الأخرى إلى اللغة الكوردية، وفي المبحث الخامس يعين ويحدد الجوانب الإيجابية والسلبية لإستعارة الكلمة في تلك اللغة.

أما الفصل الثالث (انعكاسة سموم اللغة في اللغة الكوردية) وينقسم إلى عدد من المباحث، المبحث الأول يحدد انعكاسة سموم اللغة في مستويات اللغة الكوردية، والمبحث الثاني يدور الحديث حول تأثير سموم اللغة في التفكير والتراث و التسمية، والمبحث الثالث تم بحث طرق إيجاد سموم اللغة في اللغة

الكوردية. وفي المبحث الرابع يدور الحديث عن انهيار لغة الأم، ومن هذا الجانب الأخطار على اللغة الكوردية بسبب اهتمام باللغة الثانية والابتعاد عن لغة الأم، وحدد هذا الموضوع بالدليل والاحصاء.


## Abstract

The study is titled (Linguistic Borrowing in Kurdish Language (Linguistic toxicity) as an example). The study aims to demonstrate the linguistic changes and impacts resulting from adopting linguistic elements in the Kurdish language. Like all other languages, Kurdish is evolving as well. This is due to neighborhood, conquest, enlightenment, religion, economy, etc., as well as progress and a change in how people think in their society. To label and categorize these new aspects and ideas, new concepts and linguistics elements continue to come to exist in the language or do so via other languages. This can be accomplished in a variety of ways, either by individuals creating new terms on their own or by borrowing words from other languages. The borrowed words make up a significant portion of the dictionary for the Kurdish language. On the one hand, they contributed to expanding the Kurdish language's lexicon. On the other, they introduced their own phonetics, morphology, rules, and formulas into the grammar of the Kurdish language. Because of this, linguistic toxicity is spread, and the language's future is jeopardized. The research takes an analytical approach, and the borrowed terms that are now being used in Kurdish are being investigated and analyzed as part of the project.

The research is divided into three chapters, in addition to the introduction, conclusion, suggestions, and reference list.

The first chapter is entitled (change, Conflicts, and the death of language). It is broken up into several sections. The link between language and society is covered and language change and its causes are the main topics in the first section. Global language and the dangers that come with its development are discussed in the second section. The language-related disputes, their causes, and the place of the Kurdish

within these conflicts are all listed in section three. The varieties of languages in the world, how they die, and the reasons why they die are all described in section four.

The title of the second chapter is (Linguistic borrowing in Kurdish). It is divided into various parts. The first section discusses types of linguistic borrowings in Kurdish. The second section examines the causes of language borrowing. The borrowing patterns that the Kurdish language utilized to acquire words are all listed in section three. Section four lists how vocabulary from other languages is incorporated into Kurdish. The positive and negative effects of word borrowing in the language are all detailed in section five.

Chapter Three is about ( The reflection of linguistic toxicity on the Kurdish language). It is broken up into different parts. The first section demonstrates how linguistic toxicity can manifest in various Kurdish language levels. The second section discusses the effects of linguistic toxicity in the Kurdish language on the thinking process, culture, and naming processes. section three shows the ways that leads to lingustic toxicity in kurdish language. In the fourth section, the topic of the loss of one's mother tongue is discussed. Still, within this section, the dangers to the Kurdish language that can result from focusing on one's second language while neglecting one's mother tongue are illustrated with documents and statistics.